ئەرکو پێویستی سەرشانمان زیادکردنی تەقەللای ئەوێت بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی شۆڕش لەناوچەی نۆتۆنۆمی و ڕەخساندنی خواست و ئاواتەکانی گەلی کوردمان لە پاڵ پەرەپێدانی فراوانی ئەم بەشە ئازیزەی نیشتمانەکەمان ٠

سەرۆکی فەرماندە | احمد حسن البکر

● الاثنين ٧ تشرين الثاني العدد ٣٩٤ ●

هاوکاری

٢٥ فلسە

٨ لاپەڕە

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە

هەرگەی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
مەیدان، الطلاق، شەقامی «الجمهوریة»
بەرامبەر مۆبیلیا ژ ٤٠ ت ١٤١٤ تەلەفۆن ٢/٦٨٢١١

سەرنووسەر: محمد امین محمد

● دوو شەممە ٧ی تشرینی دووەم ژمارە ٣٩٤ ●

هاوڕێ البکر سیرۆزبایی یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆشیالیست ئەکا

هاوڕێ احمد حسن البکر جێگری ئەمینداری گشتی و ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست سەرکۆماری عیراق بروسکەیەکی پیرۆزبایی بەبۆنەی بیرەوەری شەستەمینی شۆڕشی ئۆکتۆبەردەوە بۆ سەرکردەکانی سۆفیەت نارد ... ئەمەش دەقی بروسکەکەیەتی :

هاوڕێ لیونید بریجنێف سکرتێری گشتی لیژنەی مەرکەزی حزبی کۆمۆنیستی سۆفیەت سەرەك دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی باڵای سۆفیەت ٠

هاوڕێ ئەلەکسی کۆسیگن سەرەك ئەنجوومەنی وەزیران ٠٠ مۆسکۆ ٠٠

بەبۆنەی بیرەوەری شەستەمینی شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆشیالیسی یەوە خۆم بە پێخۆشحال ئەزانم بەناوی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و بەناوی گەل و حکومەتی عیراقەوە بەناوی شەخسی خۆمەوە جوانترین پیرۆزبایی و باشترین خواست بۆ ئێوەی بەڕێزو بۆ گەلانی یەکێتی سۆفیەتی دۆست بنێرم ٠

بەو بۆنەیەوە ئەوەی باوەڕی تەواوم دەربڕم کە پەیوەندیی دۆستایەتی و هاوکاری کە لە نێوان هەرردوو وڵاتماندا دامەزراوەو پەیمانی عیراقی و سۆفیەتی بناغەکەی بۆ داناوە ، لەپێناو هێنانەدی بەرژەوەندی ئالوگۆڕی هەردوو گەلی دۆستمان و لەپێناو جێگیربوونی ئاسایش و ئاشتی یەکی دادپەروەرانە لەجیهاندا هەربەردەوام ئەبێتو تادێ زیاتر ئەچەسپێ ٠

تکامەوایە باشترین خواستم بە تەندروستباشی و بەختیاری بەڕێزتان و گەشانەوەو پێشکەوتنێکی زیاتر بۆ گەلانی یەکێتی کۆماری سۆفیەتی دۆست قبول بکەن ٠

أحمد حسن البکر
جێگری ئەمینداری گشتی و ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست سەرۆکی کۆمار

کۆمەڵەی دۆستایەتی عیراق لەگەڵ گەلانی یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆشیالیست ئەکاتەوە

هاوڕێ عبدالفتاح محمد أمین ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش سەرۆکی یەکێتی کۆمەڵانی دۆستایەتی عیراق لەگەڵ گەلاندا ئەوەی دووپات کردەوە کە یەکگرتنی تێکۆشان لە نێوان گەلانی وڵاتانی سۆشیالیست و پێشکەوتوخوازدا یەکگرتنی چارەنووسە ٠

هەروەها لەو ووتارەدا کە دوێنێ ئێوارە لە ئاهەنگی تایبەتی ڕۆژانی دۆستایەتی عیراق و سۆفیەت بە بۆنەی بیرەوەری شەست ساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە لەهۆڵی گەل خوێندیەوەو بەڕێز روستەم بیك یوسف بیکوف جێگری سەرەك وەزیرانی کۆماری طاجکستانی سۆفیەتی تیا ئامادەبوو ووتی : پەیمانی دۆستایەتی عیراق و سۆفیەت کە لە ئێزی نیسانی ١٩٧٢دا مۆرکرا هەنگاوێکی نوێبوو بەرەو دۆستایەتی پتەوی ستراتیجی نێوان هەردوو وڵاتی دۆست ٠

هاوڕێ محمد أمین ووتی : شۆڕش ئۆکتۆبەری سۆشیالیستی لە ڕووداوە گەورەکانی مێژووە کە لێنێکی گەورەی خستەناو ڕژێمە سەرمایەدارەکان ئاسۆیەکی نوێی بۆ خەباتی گەلان لە بیناوی سەربەستی و سەربەخۆییدا کردەوە ٠

هاوڕێ ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حزب دەستی بۆ ئەوە کێشا کە ڕۆژگاری ئێستا لەجیهاندا قۆناغی گواستنەوەیە لە سەرمایەداریەوە بەرەو سۆشیالیستی ئەم قۆناغەش بێویست بە یەکێتی زیاتری تێکۆشانی نیشتمانی و نەتەوەیی گەلانی چەوساوەیە، وەووتی لە دایك بوونی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دەربڕێکی زیندووی ڕاستەقینەی تێکۆشانی نەتەوەی عەرەبمانە وە هەوڵدانی بەردەوامە لەپێناوی سەربەستی یاو شوێنی خۆی لەناو نەتەوەکاندا ٠

هاوڕێ محمد أمین مەدحی هەڵوێستەکانی یەکێتی سۆفیەت و وڵاتانی سۆشیالیستی کرد کە هەڵوێستی پشتگیریە بۆ وڵاتە پێشکەوتوو خوازەکان ، وەووتی یەکێتی سۆفیەت لە ماوەی هەڵوێستی مەبدەئیەوە بەرامبەر خەباتی نەتەوەی عەرەبمان نزیکترین وەڵاتی پێشکەوتووخوازە لە ئێمەوە چونکە شۆڕشەکانی گەلان لەڕێگای سەربەستی و پێشکەوتنا لەیەك چوارچێوەدا یەکئەگرنەوە ئەوەیش بزوتنەوەی شۆڕش جیهانیە٠

لە کۆتاییدا هاوڕێ ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حزب بەم بۆنەیەوە سڵاوی ئاراستەی گەلانی یەکێتی سۆفیەت و وڵاتانی سۆشیالیستی کرد ٠

دوێنێ بەیانی هاوڕێ دکتۆر منیف الرزاز یارمەتیدەری ئەمینداری گشتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ، بەڕێرسیاری مەکتەبی پەیوەندیی دەرەوە لە مەکتەبی خۆی لە سەرکردایەتی نەتەوەیی حیزبجاوی بە وەفدی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی سویسرا کەوتبە سەرۆکایەتی بەڕێز دۆنیس بایۆ ٠

هاوڕێ منیف الرزاز چاوی بەوەفدی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی سویسرا ئەکەوێ

هاوڕێ دکتۆر الرزاز لە چاوپێکەوتنەکەدا بوختەیەکی ئەدیولۆجیەتی حزبو ڕێبازی نەتەوەیی ئاراستەکراوی بۆ بنیادنانی مرۆڤی عەرەبو ڕزگاری کردنی لە هۆکانی دواکەوتن خستەروو هەروەها لەو بارە جیاکاریەش دواکەنەتەوەی عەرەبی پێدا تێئەپەڕێ . لەئەنجامیشدا مەیدانکاریانەشدا کە ڕووبەڕووی ئەبنەوە ٠

هاوڕێ یارمەتیدەری ئەمینداری گشتی حزب دەربارەی مەسەلەی قەلەستینیش دواو ڕەفزکردنی مەبدەئیانەی حزبی بەرامبەر زایۆنیەت دووپات کردەوە ، بەوەی کە بزوتنەوەیەکە بۆ ڕوخاندنی نادەمیزادو ئاشتی خستنە بەر مەترسی کاردەکا٠

وە وتی ، کۆمەڵەی ڕاستەقینەی بەردەم مەسەلەی گەلی عەرەبی قەلەستین خۆی لە دۆخی دەست درێژی کەرانەی قەوارەی زایۆنیدا ئەنوێنێ ، کە زەوی داگیر کەکاو چەبەلترین هۆزی ڕاوستەم جەور دەرحەق بە خەباتکەرە قەلەستینیەکان ئەکا ٠

هەروەها وتی ، تاکە چارەی مەسەلەکە لە وەدایە کە مەترسانە بکرێتە سەر ڕێبازی شۆڕشگێڕانە وەك شێوازێك بۆ ڕووبەڕوبونەوەی قەلەستین ٠

هاوڕێی یارمەتیدەری ئەمینداری گشتی حزب بەئەجەی بۆ هەوڵو کۆششی سەرکردایەتی سیاسی حزبو شۆڕشیش لە وڵاتدا کێشا بۆ پشتگیری کردنو فووکردنەوەی لایەنە یەکیەتیەو خوازەکانو خوڵقاندنی مرۆڤی نوێی عەرەبی و بێکەیاندنی بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە ٠

ئەمەو بەڕێز دۆنیس بایۆ سەرۆکی وەفدەکە پشتگیریی ماف خوازەکانی سویسرای بەرامبەر ئەو تێکۆشانە ڕەوایە دەربڕی کە گەلی عەرەبی قەلەستین لەپێناو سەربەستی و گەڕانەوەیا بۆ خاکی خۆی بۆی ئەجەنگێ ٠

دەقی تەواوی وتارەکەی فەریق ڕوکنی یەکەم صدام حسین لە ئاهەنگی دەرچوونی دەورەی ئەرکانی ٤٣ پێدا . لە لاپەڕەی دووی ئەم ژمارەیەدا بخوێنەرەوە ٠

فراوان بوونی بزوتنەوەی میللی لە خاکی زەوتکراودا

لە دوێنێوە مانگرتن و خۆپیشاندان زوربەی ژۆری کەرتە ئابوری و خزمەتگوزاریەکانی فەلەستینی زەوتکراوی گرتۆتەوە بۆتارەزایی و دەربڕین بەرامبەر باری تێکچووی ئابوری ٠

ڕادیۆی دوژمن دائی بەوە داناوە کە کرێکارو مووچەخۆرەکانی شارەوانی قدس و حیفا مانیان لە ئیشوکار گرتووە هەروەها ژۆربەی دام و دەزگا سەردکیەکانی بەندەری عسقلان لە ئیشوکار وەستاوون بەهۆی مانگرتنی ئیشکەکانیەوە ٠

تەم مانگرتنانە هەووی نیشانەی زیادبوونی بزوتنەوەی میللییە دژی دەسەڵاندارێتی دوژمن لە خاکی زەوتکراودا ٠

چین پیرۆزبایی بیرەوەری شۆڕشی ئۆکتۆبەری کردوە

دوێنێ چین بروسکەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی یەکێتی سۆفیەت کردوە بە بۆنەی بیرەوەری شەست ساڵەی شۆڕشی سۆشیالیستی ئۆکتۆبەرەوە ٠

بروسکەکە کە ئاژانسی دەنگوباسی چینی توێ بڵاوی کردەوە هیوای چاك بوونی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو وڵاتی دەربڕیوە ٠

ئەم بروسکەیە لەلایەن لیژنەی هەمیشەیی ئەنجوومەنی گەلی چینو ئەنجومەنی دەوڵەتەوە ئاراستەی دەزگای سەرکردایەتی ئەنجومەنی بەرزی سۆفیەتو ئەنجومەنی وەزیران کراوە ٠

ڕاوێژکاری ئەنەمانیای ڕۆژئاوا سەر لە قاهیرە ئەدا

قاهیرە ـ تشرینی دووەم ـ ئا٠د٠ع :

دوێنێ لەقاهیرە بڵاوکرایەوە کە هیلمۆت شمیت ڕاوێژکاری ئەلەمانیای ڕۆژئاوا لە ٢١ی کانونی یەکەمی داهاتووداو دەست بەسەردانێکی ڕەسمی ئەکا بۆ میسرو سەردانەکەشی چەند ڕۆژێك ئەخایەنێ ٠

شمیت لە سەردانەکەیدا سەبارەت بە نوێکردنەوەی کۆنگرەی زنێف کە تایبەتە بەکارسازاندن لەنێوان ئەورژیمە عەرەبیانەدا کە بەئەنکیەوەنو لەنێوان قەوارەی زایۆنیدا ، وە سەبارەت بە بەیوەندیی دووقۆلی هەردوولاش گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆکی میسر انور السادات‌دا ئەکا ٠

هێزەکانی ئەرتیریا بەندەری تینوا ڕزگار ئەکەن

بغداد ـ ٦ی تشرینی‌دووەم ـ ئا٠د٠ع :

هێزەکانی شۆڕشی ئەریتریا بەندەری « تینوا » یان ڕزگاکرد کە ئەکەوێتە ناوچەی بنگالیا لەنێوان بەندەری مصوع و عصبدا ، ئەمەش دوای شەڕێکی کوشندە کە دژی هێزەداگیرکاریەکانی ئەسیوبیا لەودوایەدا گێڕایان ٠ ڕاگەیەنەرێکی سەربازی وتی ، لەوشەڕەدا «١٤» سەربازی ئەسیوبیایی کوژراوەو دەی برینداری کراوەو «٩٢» سەربازیشی بەدیل گیراوە ٠

هەروەها ڕاگەیەنەرەکەوتی ، لیژنە شۆڕشگێڕیەکان کە شۆڕش پێکی هێناون ، دەستیان کردووە بە بەڕێوەبردنی کاروباری هاووڵاتیەکانی ئەوبەندەرە ، دوای ئەوەی کە هێمنی بۆ گەڕاوەتەوە ٠

بەرەڵلاکردنی «کابوچی» ی تێکۆشەر

دوێنێ شەو حکومەتی دوژمن «هیلاریون کابوچی»ی تێکۆشەری گەورەی فەشەکانی روم کاثولیکی لە فەلەستینی داگیرکراو بەرەڵلاکرد دوای ئەوەی سێ ساڵی تەواوی لە بەندیخانەکانی دوژمن‌دا بەسەربرد ٠

ئەوەی شایانی باسە قەشە کابوچی بەهۆی هاریکاریەوە لەگەڵ بزوتنەوەی بەرگری فەلەستین فەرمانی دیلکردنی دوانزە سالەی بەسەرا درابوو ٠

دوای بەرەڵلاکردنی برایە فرۆکەخانەی «اللد» بۆ ئەوەی بەرەو ڕۆما بنێردرێت لە فرۆکەخانە دانەوی و ئەرزەکەی ماچکرد وەك دەربڕینی خۆشەویستی بەرامبەر خاکی پیرۆز ٠ وە دوژمن لەکاتی ناردیناندا قەدەغەکردوە ڕۆژنامە نووسەکان لێی نزیکبنەوە ٠

سەرۆکی ئەمەریکا جیمی کارتەر مافی ڤیتۆ بەکار ئەهێنێ

دوێنێ شەوی ڕابوردوو بۆ یەکەم جار سەرۆکی ئەمەریکا جیمی کارتەر مافی ڤیتۆی دژی بڕۆژەی دامەزراندنی ئامێری ئەتۆمی لەیەکێ لە ولایەتەکانی ئەمەریکادا بەکارهێنا ٠

کارتەر بیانووی بۆ ئەو هەڵوێستەی هێنایەوەو وتی ، ئەو پاسایە سنوور بۆ توانای ئەمەریکا دائەنێ سەبارەت بەزامنکردنی ئەمبارکردنی ئەو سووتەمەنیەی لەئامێرە ئەتۆمیەکاندا بەکارهێزاوە ٠

ئەو بڕیارەی کارتەر لەو کاتەدا دێ کە بانگەوازی جیهان ئەکا بۆ قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی چەکی کوشندە ٠

بێدەنگی دوژمن سەبارەت بەبڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی دەوڵەتان

مۆسکۆ ـ ٦ی تشرینی‌دووەم ـ ئا٠د٠ع :

ئاژانسی دەنگوباسی‌تاسی سۆفیەتی ڕای‌گەیاند کە ئەو بێدەنگیەی حکومەتی‌زایۆنی دوژمن سەبارەت بە بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی‌دەوڵەتان بۆ ئەناردنی چەك بۆ خوارووی ئەفریقیا ، کرتوویەتەبەر ، مانای ئەوەیە کە بابەندی بەجێهێنانی ئەوبڕیارە نابێ ٠

ئاژانسەکە باوەڕی خۆیوا دەبڕی کە ئەو جۆرە هەڵوێستەی قەوارەی زایۆنی‌مایەی سەر سوڕمان نییە ، چونکە ئێگەیشتنێکی تەواولە مەیانی سەربازیدا لە نێوان هەردوولایاندا هەیە ٠

هەروەها وتی ، بێدەنگی، دوژمن ، مانای خۆی هەیە ، چونکە ئەترسێ کە ئەناردنی چەك بۆ ڕژێمی ڕەگەزپەرستی بریتۆریا یەکەم‌هەنگاوبێت بەرەو ئەناردنی چەك بۆ « خۆشی » ٠

ئا٠د٠ع

مەلیك حسین سەر لە ولاتی عەرەبی سعودی ومیسرئەدا

عەممان ـ ٥ی تشرینی دووەم ـ ئا٠د٠ع

ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو مەلیك حسین مەلیکی ئەردەن بە سەردانێکی ڕەسمی لە وڵاتی عەرەبی سعودی بەرەو ریاض کەوتە ڕێ ، لەو سەردانەیدا سەبارەت بە دوا ئاڵگۆڕی دۆخو باری ناوچەی عەرەبی گفتوگۆ لە گەڵ مەلیك خالیددا ئەکا ٠

ئەوەی شایانی باسە دوای کۆتایی هاتنی سەردانەکەی لە وڵاتی عەرەبی سعودی ، بەرەو میسر ئەکەوێتە ڕێ بۆ گفتوگۆکردن لە هەمان ڕووەوە لە گەڵ سەرۆکی میسر أنور السادات‌دا ٠

لە دووی ئەومانگەشدا مەلیك حسین سەری لە دیمەشق دابوو لە سەردانەکەیدا لە گەڵ سەرۆکی ڕژیمی سوریا کۆبووبۆوە بۆ یەکخستنی هەڵوێستی هەردوو لایان سەبارەت بە نوێکردنەوەی کۆنگرەی زنێف بۆ کارسازاندن لە نێوان ڕژێمە مەبەسدارەکانی عەرەبدا ٠

دواهەواڵی باری بیابانی ڕۆژئاوا

دوێنێ عبدالسلام جلود ئەندامی ئەمانەتی گشتی کۆنگرەی میللی لە جەماوەری لیبی لە جزائرەوە گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی دوای گفتوگۆ کردنی لەگەڵ هەواری بومدین سەرۆکی جزائر کە لەو گفتوگۆیانەدا ئەنجامی سەردانەکەی بۆ پاریس پێڕاگەیاندبو ٠

ئەوەی شایانی باسە جلود دوێنێ شەو دوای کۆبونەوەی لەگەڵ ڤالیری جیسکار دیستان سەرۆکی فەرەنسا بۆ گفتوگۆکردنی لەگەڵیا دەربارەی باری بیابانی ڕۆژئاوا چووبو بۆ جزائر ٠

ضیاءالحق ئەگەڕێتەوە بۆ پاکستان

ڕوالبەندی ـ تشرینی دووەم ـ ئا٠د٠ع :

دوێنێ شەوی ڕابوردوو فەریقی یەکەم ضیا الحق حاکمی گشتی سوپایی پاکستان دوای گەشتێك کە حەفتەیەکی خایاندو تیا سەری لەکوێتو تورکیاو لیبیاو ئوردونداو ڕۆژئیکیش لە وڵاتی عەرەبی سعودی‌دا وەستا ٠٠ گەڕایەوە بۆ ڕوالبەندی ٠

فەریقی یەکەم ضیاء الحق گەشتەکەی ڕاوەسفکرد کە بەسوودو بەردار بووە ٠

ڕۆیتەر ـ ئا٠د٠ع

شای ئێران دوێنێ لە تاران چاوی بە ئەمیر نایف بن عبدالعزیز وەزیری ناوخۆی‌سعودیە کەوتوە کە ئێستا لە سەردانی ڕەسمی ئێرانە ٠

وێنە بە ڕادیۆ بەتایبەت بۆ «ئا٠د٠ع»

Institut kurde de Paris

دەقی
ئەواوی
وتارەکەی

فەریق روکنی یەکەم
صدام حسین
لەئاهەنگی دەرچوانی دەورەی ئەرکانی ٤٣ دا

هاوڕێینە ...

بەناوی خەباتگێڕی فەرماندە احمد حسن بکر سلاوتان لێ ئەکەم .. پیرۆزبایی لە دەرچوانی دەورەکە ئەکەم کە لەقەبی ئەفسەری روکنیان لەهێزی چەکداردا وەرگرت .. هیوادارم سەرکەوتوبن لە خزمەتکردنی ئامانجەکانی ئەتەوە جوامێرەکەتاندا .

ئامانجەکانی ئەتەوەی عەرەب ئامانجەکانی گەلەکەمانە لە سودان .. ئامانجەکانی گەلەکەمانە لەعیراق و ئامانجەکانی گەلەکەمانە لەمیسر و سوریا . بەڵام ئامانجەکانی ئەتەوەی عەرەب ئەنجامی کۆکردنەوەی ئامانجی هەرئیمەکانی عەرەب نیە ، بەڵکو دوا دەرەنجامی کارتێکردنە لەگەڵ دۆخە ناوخۆییەکانی وڵاتانی عەرەب و ناوچەکە لە ئامانجە ستراتیجەکانا لەبنیاتنانی کۆمەڵگای عەرەبدا .

لەسەرەتاوە ئەمانەوێ لایەنێك لە بەهاکانی شۆڕشەکەتان ڕوون بکەینەوە .. عەرەب و عیراقی بن بەعسی بن یان بەعسی نەبن . لەدیاردەیەك لەدیاردەکانی کاری شۆڕشەوە دەست پێ ئەکەین .

صدام حسین دەرچووی کۆلێجی حقوق ئەبێ بە فەریق روکنی یەکەم لە لەشکری عیراقدا .

بۆچی ؟

ئایا ئەمە مەسەلەیەکی ڕوخساریە ؟

ئایا بەمە ویستراوە ڕێز لە خودی صدام حسین بگیرێ لەلایەن سەرۆکی ئەرماندە احمد حسن بکرو هاوڕێیانی تێکۆشەر لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرکردایەتی حزب دا ، ڕێزلێنانەکەش بەم شێوەیە لەڕێگای هێزی چەکدارەوە بێ ؟

یاخود مەبەستی شتێکی تر بووە ، کە فراوانترو قوڵترو ئەنسیرو مەودا دوورودرێژتر بوە ؟ پرۆسیسی ڕەسەن کە ویژدانی گەل دەرئەبڕێ .. هاوڕێینە .. ئەبێ پێش هەموو شتێك ئەرێتی (تقالید) دێرینی هەبێ ئەم ئەریتانەش لەدوتوێی مێژوودا هەڵئەهێنجرێن و لەبواری ئەرکی تێکۆشان و تەفەللای ڕۆلەکانی لە قۆناخە یەك بەدوای یەکتری داهاتوەکانەوە تازە ئەبنەوە .

لەم بابەتەدا دەستپێشکاری یەکەی باوکی فەرماندە احمد حسن بکرو سەرکردایەتی شوڕش و حزب بەمەبەستی بنیاتنانی ئەریتی نوێبوە کە گیانی کۆمەڵی نوێو ئاکاری (اخلاق) ئەتەوە دەرئەبڕێ . بۆیە ئەمە لە چوارچێوەی ئەم مەفهومانەدا ئەبێ ئەك لە چوارچێوەی مەفهومی ڕێزگرتنی کەسایەتی یاخود لە کاری ڕوخساریی لەبەخشینی پلەی فەریق ڕوکنی یەکەم لە لەشکری عیراقدا بە صدام حسین .

پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب وا تێئەگات کە پیوستە لەسەر هەمووان پسپۆڕی یەکی (اختصاص) گشتی و پسپۆڕی یەکی تایبەتیان هەبێ ، واتە ئەبێ پسپۆڕی یەکی گشتی و لەهەمانکاتدا پسپۆڕی یەکی دەستنیشان کراوی لەمەیانێکی دیاری کراودا هەبێ .

گرنگترین مەسەلە لە پسپۆڕی گشتیدا ئەوەیە لە مەسەلەکانی گەلدا پسپۆڕ بێت .. پسپۆڕ بێ لە بڕواو زانینی ئەو بیروباوەڕانەدا کە لەسەر ڕێگای تێکۆشانی درێژو بەئاستی ئامانجە ستراتیجە دوورترەکانی لەناخەوە خزمەتی گەل ئەکەن .

بەم پێیە بڕوامان وایە کە هەموو هاوولاتیەك لەکۆڕو مەیانە جۆربەجۆرەکانی ژیاندا ئەگەر لەکاروباری گەلدا پسپۆڕ نەبێ و ئەمە وا دانانێ بنچینەیەو ئەبێ هەنگاوی لێوە بهاوێژێ و پسپۆڕیەتیە لقیەکانی تری لەسەر وەستاون ، ئەوسا ئەو هاوولاتیە پسپۆڕێکی تایبەتی باش نابێت لە پسپۆڕیە لقیەکانی تردا .. پسپۆڕی تایبەتی پسپۆڕێکی باش نابێت ئەگەر لە کاروباری گەلدا پسپۆڕ نەبێ .

واتە لەئامانجە ناوەندییەکانی گەل بگاتو بڕوای پێیان بێتو وەریانگرێت .. وەرئگا ناوەندییەکان بزانێت بۆ ئەوەی پێیان بگاتو پەیڕەویان بکات .

عەسکەریو ئابوریناس و هی تر ، هەر پلەیەکی هەبێتو چەندە شارەزابێتو زانستەکەی چەندەبێت ناتوانێ خزمەتێکی پەرەسەندوی نوێو داهێنراوو ورد پشکەش بەئەتەوەبکات ئەگەر ، یەکەم ، پسپۆڕێکی گشتیو ئنجا پسپۆڕێکی تایبەتی نەبێت .

هەر یەکێك لەئێوە .. براینە .. دەرچوانی دەورەکە .. پێویستە هەمیشە ئەوەی لەبیر بێت کە یەکەم : لەخزمەتکردنی گەلەکەیداو لەزانینی قانونە بنچینەییەکانی جوڵانەوەو پەرەسەندنی کۆمەڵدا پسپۆڕێکی گشتی یە ... هەروەها ئەوکەسە پسپۆڕێکی تایبەتی یە لەشوێنە فەنی یەکەیەوە لەخزمەتکردنی پسپۆڕییە گشتی یەکەی .. لەسەر بنچینەی ئەم تێگەیشتنە شۆڕش پلەی عەسکەری بەمەدەنی یەك یاخود بەچەند مەدەنی یەك ئەبەخشێ لەمانەش صدام حسین .. هەروەك چۆن عەسکەری یەك ئەکرێ بەسەرپەرشتی کار یاخود لێپرسراوی کەرتێکی ئابوری یان پەروەردەیی .. هاوڕێی مەدەنی تر هەن کە لەمەوبەر لە لەشکری عیراقدا پلەیان پێ بەخشراوە بەڵام لەم پلەیە کەمتربوە ، یاخود لەمەیدانیتر لەهێزی چەکداردا .

ئەمەش ئەو پەیڕەوەمانی ئەشێواندوە کە بریتی یە لە دووپات کردنەوەی بایەخی ڕێزلێنانی ئەریتە عەسکەرییەکانو گەشەپێدانیان ، بگرە ئەمەی بە پەیڕەوێکی نوێو ڕێگایەکی تازە جێگیرو پتەوتر کردوە . بۆیە ئەبینین کە لە سەرکردایەتی خزبمانو لەشوێنیتردا عەسکەریی پسپۆڕ لەکاروباری لەشکردا هەیە لەگەڵ ئەمەشدا ئەرکی سەرشانیان جێبەجێ ئەکەن لەخزمەتکردنی کۆمەڵدا ئەم ئەرکەش بەپەوەندی بە پسپۆڕییە تایبەتیەکانیانەوە نی یە .

ئەبینن کە باوکی فەرماندە احمد حسن بکر پسپۆڕێکی گشتی یە زیاتر لەوەی لەپیشە عەسکەری یەکەیدا پسپۆری تایبەتی بێ ، وە ئاراستەکردنە ناوەندییەکانی گۆڕینی کۆمەڵ بەرەوپێشەوە بەپێی ئامانجەکانی شۆڕش لەمەیانەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا زۆرباش ئەزانێ .

لێرەوە سەیری پسپۆڕییە تایبەتیەکەی ئەکاتو بۆ بەرژەوەندی پسپۆڕیی گشتی ئەرخانی کردوە .. هەروەها هاوڕێیانی تریش هەمان شت ئەکەن .

بەمشێوەیە .. هاوڕێیانی عەرەب ، ئەریتەکان بنیات ئەنرێنو بێویستە بەمبارەدا ئەریتەکان دابنرێن . ئەریتو ڕەوشتی ئیمە وایە کە عەریەکێك پلەو شوێنی چەندەبێت لەهێزی چەکداردا و شوێنی لەدەزگاکانی تری دەوڵەتا هەرچەند بێت ، هەر لە بلندترین پلە یاخود پایەوە تا ئەکانە بچوکترین شانەی کارگەر لەکۆمەڵدا .. لەهەموو مەیانەکانی ژیاندا ، بەپسپۆڕی تایبەتی ، ئەوکەسە لەشوێنی خۆیەوە فەرماندەیە .. خزمەتگوزاری گەلە لەشوێنی خۆیەوە ..

لەبۆچوونی ئێمەدا هیچ جۆرە ئاتەبایی و ناکۆکی یەك لەنێوان ئەوەدا نی یە ئادەمیزاد خزمەتگوزاری گەلو فەرماندەبێت . بگرە ئێمە وا ئەبینین کە ئەگەر مرۆڤێك بێ بە فەرماندەی گەل وابیویست ئەکات کە خزمەتگوزاری گەل بێت بەبڕوایەکی جەوهەری ڕاستەقینەوە کە لە ڕەفتاری ڕۆژانەو ئەخشەو چالاکی یەکانیترو لەهەموو مەیانەکاندا دەری ئەبڕێ .

براینە .. کەلەبەر لەمەفهومانەدا یەکێك بوە لە هۆ ئاوەندی یەکانی تێشکانەکانی ئەتەوەی عەرەب لەچەرخی نوێدا . لەبەر ئەوە لەوشتانەی بەتیکرایی لێمان داوا ئەکرێت ئەوەیە کە ئەبێ هەموومان پسپۆڕی گشتیو پسپۆڕی تایبەتی بین .. وە ئەبێ ئەوکەسە خزمەتگوزاری گەل بێت لەهەمانکاتدا کە فەرماندەیەتی .

کرێکار تێکۆشەرو فەرماندەیە ..

جوتیار تێکۆشەرو فەرماندەیە ..

بێویستە فەرماندەی بەرەی شەڕ بزانێ کە بەیوەندییەکی گرێدراوی ئۆرگانیکیو توندوتۆل هەیە لەنێوان جێبەجێ کردنی ئەرکەکەی لەبەرەداو بالادەستی بەسەردوژمن و سەرکەوتنی بەسەریا ، لەگەڵ کاری جوتیارێك لەناوچەرگەی لادێی عەرەبدا . لەنێوان ئەخشە ڕووبازاری یەکانیدا بەگشتی .. وە لەنێوان بەرهەمی کرێکار لەهەموو مەیانەکانیتردا .. لەنێوان توانای ئابوری و عەسکەریدا .. ئامانەش هەموویان لەژێر سایەی ئەخشە سیاسی یە ئاوەندی یەکانو ئاراستەکردنی لەلایەن فەرماندەکەیەوە ئەبێ .

بەبۆچونی ئێمە پرکردنەوەی ئەم کەلەبەرە کارێك نی یە لەکردن ئەیەت .. بەڵام بێگومان کارێکی قورسە .. لەگەڵ ئەوەشدا تەوژمەکە (التیار) خزمەتی ئەکاتو زەمەن لەخزمەتی دایە .

مەبەستیشم لەمە زەمەنی ڕووت (المجرد) نی یە بەڵکو مەبەستم خواستو توانای ئەتەوەیە کە بەپێی ئەم بیروباوەڕانە بەرەوپێش ئەچێ .

لەمانە مەبەستم تەنیا بیروباوەڕەکانی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب نی یە بەڵکو بیروباوەڕەکانی خەباتو کارکردنی ئەتەوەیی پێشکەوتنخوازە بەتیکرایی بەبێ گوێدانە ئەو ئیجتیهادانەی لەڕێگای تایبەتی یەوەو لە بۆچونی مەفاهیمە ناوەندی یەکانەوە هەڵئەبژێردرێن .

ئێمە بیروڕای لەشکری پیشەیی هەروەك ڕاستڕەوان تێی ئەگەنو کاری پێ ئەکەن ، ڕەفزی ئەکەین .. وە بە بیلانێکی دانەنیین کە دژی ئەتەوەیە . لەشکرەکەمان بەومانایە پیشەییە کە پسپۆڕێکی تایبەتی یە لەچوارچێوەی پسپۆڕی گشتیدا .

پیشەیی بوون ، بەمانای تەنیا بریتی بوون لەپسپۆڕی تایبەتیو تێئەگەیشتن لەپسپۆڕی گشتی ، واتە بایەخ ئەدان بەکاروباری گەل ، کارو تێگەیشتنێکی تێکدەرانەیە .

ئەوەی پێویستە بەگوێرەی کاربکەین ، چەوکردنی بەیوەندی یە بەبێی بیروباوەڕەکانی کاری شۆڕشگێڕانە لەنێوان کاری کۆمەڵو کاری هێزی چەکداردا لەخزمەتکردنی گەلو ئامانجەکانی ئەتەوەدا .. پەیڕەونەکردنی ، بەمەفهومانە ، ئەبێتە مایەی بیلانگێڕان دژی گەلو ئەتەوە .. ئیرەوە ئێمە ڕەفزی ئەکەین ، وای دانەنێین کە دروشمی ، هێزی چەکدار دەست لە سیاسەت نەدات ، دروشمێکی ساماناکەو بریتی یە لە بیلانێکی ئیمپریالیزو کۆنەپەرستان دژی ئەتەوەو دژی گەل .

بەم دروشمە ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستو ڕاستڕەوان ئەیانەوێ ، هەندێك هەر بە پسپۆڕی گشتی بێئەوە ، سەرەڕای پسپۆڕی یە تایبەتی یەکەیان .. بەڵام بۆ خزمەتکردنی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستی یو ڕاستڕەوی بیرۆکرات .. وە ئەیانەوێ زوربەی کارگێڕان لەهێزی چەکداری عەرەبو هەموو وڵاتانی سێیەمی جیهان لەپسپۆڕی گشتی بەدووری بمێننەوە .. واتە لە مەسەلەکانی کەلەکانیانو مەسەلەکانی ئەتەوەکانیانەوە بەدووری بمێننەوە .

لەناوچەکەماندا .. ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست .. هەروەها لەناوچەکانیتردا لەئاسیاو ئەفریقاو ئەمەریکای لاتینیدا لەشکری پیشەیی هەیە .. بەڵام ئایا لەسیاسەتەوە دوورن .. نە، وانی یە .. بەڵام لەجیاتی ئەوەی خزمەتی ئامانجەکانی گەلو نیشتمان بکات .. هەندێکیان بۆ خزمەتی ئامانجەکانی ئیمپریالیزمو دەستوبێوەندانی بەکارهێنراونو هەندێکیان وایانلێهاتوە بۆ بەرژەوەندی ئەم ئامانجانە هەر ڕۆژەی لەکودەتایەکدا بەشدار ببن .

تاقی کردنەوەکان نیشانمان ئەدەن کە بانگ ڕاهێشتن بۆ پسپۆڕی تایبەتی بەمەبەستی دووخستنەوەی هێزی چەکدار لەگەڵ ، وە بۆ سیاسەت پێ کردنیەتی لەچوارچێوەی بۆچوونو بوارەکانی ئەخشەکانی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستی یو ئالقەلەگوێکانی .. بۆیە ئەبینین کە فلانە لەشکر بەهێزی بازو حکومەت ئەگۆڕێ .. وە فیسارە لەشکر داوای یەك خستنی بەرلەمان ئەکات .. ئایا ئەمە دەست لە سیاسەتەوە وەردان نی یە ؟ بە چ شێوەیەك ئەتوانین لە دەست خستنە سیاسەت بکەین ؟ وە ئایا شێوەیەکی لەمە ئاشکراو لەڕووتر هەیە دەربارەی دەستخستنەناو سیاسەتەوە ؟ وە کامیان سەر دەست خستنەناو سیاسەت ئەگەیەنێ ؟ تێگەیشتنی زیانی گریکارو چۆن گوزەران ئەکاتو جوتیار چۆن کلۆل ئەبێ و مەلەزار ئەبێ چۆن بێ ؟ یاخود گۆڕینی دەسەڵات بەزەبری هێزوبازوو لە بەرزترین مەلبەندەکانی دەستوریەوە ؟

ئێمە وای دائەنێین کە هەموو کارگێڕان لەهێزی چەکداری عیراق سیاسی و پسپۆڕی گشتین لەکاروباری گەلدا ، سەرەڕای پسپۆڕی یە عەسکەری یەکەیان .. ئەوان لەشوێنی خۆیانەوە بەشداری بنیاتنانی کۆمەڵ ئەکەن لەوکاتەدا کە دەورێکی بنچینەییان ئەبێ لەپاراستنی شۆڕشو نیشتمانو هەر یەکە لەجێگای خۆیەوە بەشداری ئەخشەکانی دەولەتو دوا دەرەنجامەکانی ئەکات بەهۆی کارگوزاری کارتێکردنی دیموکراتیانە لەنێوان خوارەوەو سەرەوەو بەپێی پلەو دەسەڵاتە تایبەتی یەکان لەدەولەتو حزب لە خوارەوەترین شانەدا .. بەرەو بەرزترین سەرکردایەتی لەدەولەتو حزبدا .

لەعیراقی وڵاتاندا بچوکمان ڕێزی گەورە ئەگرێت چ لە تەمەندا یان لە پلەو پایە یاخود لە وەزیفەدا .. بچوك بەتوندی ڕەخنە لە گەورە ئەگرێو ئەگەر هەڵەی کرد بۆی ڕاست ئەکاتەوە .. ئەگەرچی بە تەمەنو پلەو شوێن لەوگەورەتر یاخود بەرزتر بێ .. ئێمە هیچ ناتەبایی یاخود ناکۆکی یەك نابینین لەنێوان ڕێزگرتنی جەوهەری بەپێی ئەم بۆچوونانەو ڕەخنەگرتنو ڕاست کردنەوەو ڕەقابە بۆ ڕاستکردنەوەو ئاراستەکردن .

لەسەر ئەم بنچینەیە ئێمە ئەئەرکی هێزی چەکدارو هەموو پسپۆڕی یەکانیتر لەدەولەتو کۆمەڵدا ئەگەین .. لەم چوارچێوەیەوە هێزی چەکدارو دەزگا پسپۆڕی یەکانیتر ئاراستە ئەکەین ، وە هەموو دیاردەیەك ڕەفز ئەکەین کە لەسنوری ئەم بۆچوونانە بچێتە دەرەوەو بەهوشیار کردنەوەو ئامۆژگاریو ئاراستەکردنو ڕەقابەو هەنگاوی بەلایەکاخەرانە ڕاستی ئەکەینەوە .

براینە ..

ئەو دیاردانەی ئێستا کە ئەیانبینن وانیشان دەدەن کە ئیمپریالیزمو زایۆنیزمی دوژمن بالا دەستن بەسەر عەرەبدا .. دۆخی ئێستاش زۆر مەلبەندو نیشانەی شێواوی لەژیانی ئەتەوە نیشان ئەدەن .

بۆچی ؟

ئایا لەبەر ئەوەیە کە ئێستا گەلی عەرەب کەمتر هوشیارە لەوەی سالی ١٩٥٦و سالی ١٩٥٨ .

نە .. هاوڕێینە :

گەلی عەرەبمان لەهەموو جێگایەكو ئەتەوەی عەرەبمانو گەلانی وڵاتانی سێیەمی جیهان لەهەموو جێگایەکدا .. ئەوان .. ئێستا کە پتر هوشیارترنو ئیداراکیان زیاترەو لە ئامانجەکانی تایبەتی گشتی یانو لەسەر ڕێگای تێکۆشانی گشتیو تایبەتیاندا پتر شارەزان .

بەڵام شتە نوێیەکە ئەوەیە ، ئیمپریالیزمو زایۆنیزم دەرکیان بەوە بردوە کە ئەتەوەی عەرەب ئێستا لەقۆناخی ژانگرتنێکی تەواوەتی دایە بۆ لەدایك بوونی کۆمەڵێکی نوێ کە هەموویان ڕەفز ئەکات .

بۆیە ئەیانبینین کە توندتر بوون ، وە ئەم جارەیان بەشێوەی ـ داکۆکی لەخۆکردن ـ واتە داکۆکی کردن لەبەرژەوەندی ستراتیجییان .. لەکاتی کاول کردن یاخود لەرزاندنەوەی ئەمەیاندا هەر ئەبێ شوێنەواری ناڵەبار ـ سلبی ـ لەدۆخو بەرژەوەندی یەکانیاندا دەربخات لەناو وڵاتەکانیاندا .. چونکە ئەوان ڕاهاتوون کە لەسەر ئارەق و خوێنو سامانی ڕۆڵەی ئەتەوەکانی تر بژین .

ئێمە لەبواری کەلەکۆمەکەی ئیمپریالیستی یانەداو تەنانەت لەبواری دیاردەی وەستاندا ، کە ئێستا لەهەندێ بەشی نیشتمانی عەرەبدا هەیە ، پاشەڕۆژی پرشنگدار بەدەست ئەهێنین .

نوێ لەکۆن لەدایك ئەبێو جێگاکەی ئەگرێتەوەو لەوبێشکەوتوتر ئەبێو لەبنیاتنانی ئەتەوەی نوێدا بەتەواوەتی بەبێچەوانەیەوە ـ نقیض ـ ئەبێت .. لەسەر ئەم بنچینەیە ئیمپریالیزمو زایۆنیستەکان لەڕاپەڕینی ئەتەوەی عەرەب ئەترسن . هەر لەسەر ئەم بنچینەیە ئەیانبینین بەهەموو شێوازیك هەوڵئەدەن کە پاشەکەوتەیەکی ئازیزیان بخەنەکار کە لەمەوبەر بەکار ئەئەهێزا .

هاوڕێینە کەواببو لەخەباتی ئەتەوەی عەرەبدا دژی دوژمنانی پاشەڕۆژ هەر بۆ ئێمەیە وە یەکگرتنی ئەتەوەی عەرەب دێتە دی هەرچەندەش هەموو دیاردەکانی شێواوی و دووبەرەکی دیارین ، کە ئیمپریالیستو ئالقەلەگوێکانیان هەڵپەی دروست کردنیانە لەناوچەکەدا ، وە لەو هۆ سەرەکی یانەی وای لێ کردون ئەم هەڵپەیە بکەن هەست کردنیانە بەوەی گەلی عەرەب سورە لەسەر وەدیهێنانی یەکگرتنی عەرەبو بڕوای بەمە هەیەو لەم ڕێگایەدا خەبات ئەکاتو سورە لەسەر ڕیشە هەڵکێشانی چەپەلیەتی و چەوسانەوەو ڕزگاربوون لە دەست بەسەراگرتنو خۆبەسەرداسەپاندن .

هیوادارین کە برایانو هاوڕێیانی عەرەبو هاوڕێیان لەقوتری عیراق نەپەشۆکێنو وا نەزانن کە دوژمن لە چوارچێوەی مێژوویی پرۆسێسی پێشکەوتنداو بەرەوپێش ئەچێ .

بەرەوپێش چوونی دوژمنو بەرەوپێش چوونی ڕاستڕەوان بەرەوپێش چوونی جەبهەییە .. ئەمەش بەڵایەکاخەرانە (حاسم) و کۆتایی نی یە .. ئەتەوە دوا ئەنجامی خەباتو شەڕ بەدەست ئەهێنێ .. ئامانجەکانی وەدی ئەهێنێ .. چونکە تێکۆشەرانی عەرەب هەوڵئەدەن کە هەر یەکێك لەڕۆڵەکانی ئەتەوە لەجێگای خۆیەوە ببێ بەفەرماندەو خزمەتگوزاری گەل ..

هیوادارم سەرکەوتووبن .. سوپاسی گەرمی ئەندامانی دەستەی دەرس وتنەوەو سەرکردەکانی لەشکر ئەکەین بەرامبەر بەو بایەخە جەوهەرییەی بەلەشکرە دلیرەکەمانیان داوە .. کە کەرەسە بنچینەکانی دلێرییەکەی لەوەوە وەرئەگرێ کە بەراستگۆیی و کاریگەریی خزمەتی ئەتەوەی عەرەب ئەکات .

لەبیرەوەری شەست ساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆشیالستدا

ئەمڕۆ ، حەوتی تشرینی دووەم (بیستوپێنجی ئۆکتۆبەر بەگوێرەی تەقویمی کۆن) شەست ساڵی تەواو بەسەر بەرپابوونی شۆڕشی سۆشیالیستی ئۆکتۆبەردا تێدەپەڕێ . گەلانی یەکیەتی سۆڤیەتو لەگەڵ ئەوانیشدا بەرەی وڵاتانی سۆشیالیستی و دەوڵەتە پێشکەوتووەکانو هێزە نیشتمانیەکانی جیهان بەڕێزو حورمەتەوە یادی ئەوروداوە مێژوویە دەکەنەوەو بەوبۆنەوە ئاهەنگ دەگێڕن .

شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەوشۆڕشە کۆمەڵایەتیە قووڵەبوو کە درەندەترین هێزی ئیمپریالیستی لەشەشی یەکی کورەی زەویدا تێکڕووخاندو بۆیەکەمجار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەسەڵاتی سیاسی دایەدەست چینە چەوساوەکانو دوایی بەهەموو جۆرەکانی چەوسانەوەی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ هێنا .

شۆڕشی ئۆکتۆبەر پێوەندێکی برایانەی ئەوەندە پتەوی لە نێوان زەحمەتکێشانی ئەتەوە جۆربەجۆرەکانی وڵاتی گەورەی سۆڤیەتدا پێك هێناکە توانیان سەرەڕای ئەو هەموو مەرگو مالوێرانیە کەشەڕی یەکەمی جیهانیو بەدوای ئەویشدا شەڕی دووەمم بەسەر ئەووڵاتەیان هێنا ، لەماوەیەکی کەمدا بەریامەتیو هاوکاری یەکتر هەموو برینەکان سارێژبکەنەوەو بەتەواوی شوێنەوارەکانی ئەو دووشەڕەمالوێرانکەرە لەوڵاتەکەیان بسڕنەوە .

هیچ سەیر نیە کە مرۆڤایەتی پێشکەوتنخواز لە هەموو کەلێن وقوژبنێکی ئەمجیهانەدا بەرێزەوە سەیری بیرەوەری شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەکەن ، چونکە لەڕاستیدا ئەو شۆڕشە تەنیا شۆڕشی ڕووسیانەبوو ، بەڵکوو ڕێگایەکی تازەی لەبەردەم هەموو جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی جیهانیدا کردەوە تیشکی ئەزموونو تاقیکردنەوەکانی ئۆکتۆبەر بەچواردەوری دابڵاوبۆوە .

ئەگەر شەست ساڵ لەمەوبەر شۆڕشی ئۆکتۆبەر تاقیکردنەوەیەکی ساوا بوو کەلەچواردەورە لەژێر مەترسی بەلامارییەکی هێزەکۆنەپەرستو ئیمپریالیستیەکاندابوو ، ئەمڕۆ ڕێبازی ئۆکتۆبەر بۆتەسیستەمێکی بەهێزی جیهانیو بەیارمەتیو هاوکاری وڵاتانی بێلایەنو دەوڵەتە دێموکراتیو پێشکەوتووەکان

بروانە ـ ل ۷

Institut kurde de Paris

محـمـد سـعـيـد بـريـفـكـى

ستيرا پرگەش و بلقدار زانين و هۆزانا

عبدالرحمن مزوری

محمد سعید بریفکی ، ئینکە ژ کەنکەنەو بلیمەتو گەرناسیت مللەتێ کورد ٠٠ ژ لایەکی‌ڤە زاناو دانایەکێ ئولیێ پایەبەرزو ژیهاتی‌بو ، خودانێ مشە پەرتوکو نڤیسینایە دوی بابەتی‌دا ٠٠ ژلایەکێ دی‌ڤە ، مێژوفانەکێ شەرەزاو رێناس‌بو ، نەیێ زڕ بەهرو بێ‌پشکە ژ نڤیسین‌و پەرتوکێت مێژوئێ ٠٠ ژبل پەلەوانی‌و چەتیانی‌یا وی دڕستن‌و ڤەماندنا هۆزانێت نازك‌و لەزگین ، بهەرسێ ئەزمانان : کوردی‌و عەرەبی‌و فارسی ٠٠ مینا دێ بومە خۆیا بیت ، دڤان رێزگێت داهاتی‌دا ٠

ئەم دڤێ گوتارێدا نکارین‌و نەشێین هەمی بزاڤو پابەتو دەرگەهێت هۆزانڤانی قوتاین، بێگڤە پاژوین‌و پێشڤە ببەین٠٠ لەورا ئەڤ گوتارە بەس دێ لخان‌و قۆناغا هۆزانڤانی‌یا وی، راوەستێت‌و بێناخۆ ئەدەت ٠٠ لهیڤیا دورین‌و چنینا بابەتێت دی ٠٠ دبەروکەکا دی‌دا ٠

ژیانا وی :

هێژا محمد سعید بریفکی ، کوڕێ زانایێ مەزن مەلا یاسین بریفکی‌یە ٠٠ ئەوێ گەلەك گوندو بەرگوندێت بادینان داینە سەرێ ، سەخمەرات فێربون‌و کۆمکرنا زانینا ئولی‌و دینی ، حەتا تێنا خۆ ژزانینێ شکاندی‌و تێرفەخاری ئەفجا لدەۆك ئاکنجی بوی ٠

محمد سعید لگوندێ ـ بادێ ـ هاتیە دنێ ٠٠ دڤیا زبیرا خۆ نەبەین ، ئەڤە گوندێ زدەیکبونا شاعرێ کلاسیکی‌یێ مەزن شێخ مەمدوح بریفکی‌یە ٠٠ هۆزانڤانی هەر ژزاروکی دەرس ودەور لجەم بابێ خۆ خاندینە٠٠ لێ فجابن شالوکا مرنێ ژینا بابێ وی دوری ، هێشتا ئەوی تەمەن دەھ سال بون ، لەورا بو ستوی‌وژار کەتە بەرحنگا پووکو گەردانێت دنێ ٠٠٠ بەلێ مینا زێرێ مەحەك‌کری ، یان شیرو چەتیانێ سیڤال‌کری ، ژناڤ تەحلی‌و دژواری‌یا ژیانێ ، سنگە بزانینێ ڤەتا ٠٠ باسکێت خۆ هەلدان ٠٠ ژڤی گوندی بو ئەڤێ دی ٠٠ ژدەڤ ڤی زانای بو ئەوێ هە ٠٠ ژڤێرێ حەرفەك ژوێراهە دەھ ٠٠ حەتا بارا پتر ژگوندێت بادینان دانە سەرێ ، وەکی : ئەتروش ، زاخۆ ، جزیرا بۆتا ، هەبلێر ، میسل ، چەلێ ، کەرسێ ، سپیندارێ ٠٠٠ وگەلەکێت دی ژی ، کو هەمی پاشی دگەل چیروکا خاندناخۆ دشەرەکێدا نڤێینە ، ئەم دڤێ گوتارێدا وە ژێ زڕ بەهر ناکەین ٠٠ حەتا ـ ئیجازەتناما ـ خۆ ژدەست سەیدایێ بەرکەتی مەلا ئەحمەد ئاکرەیی سالا ١٣٣٨ مشەختی ١٩١٩ زاینی وەرگرتی‌یە ٠٠ پاشی بویە ئیمامێ مزگەفتا مەزن لدەۆکێ ، سالا ١٩٧٦ز یێ چویە بەر دلوڤانیا خودێ ٠

سەیدایێت وی :

شاعرێ مە لجەم گەلەك زاناو بسپورێت زەمانێ خۆ خاندی‌یە ٠٠ سەیدائێ وێ نێکێ بابێ وی بو ، زانای ژیهاتی مەلا یاسین بریفکی ، کو دەرس‌و دەورێت سەرەتاو سڤك لدەڤ خاندینە ٠٠ پشتی بابێ وی چویە بەر دلوڤانیا خودێ ، محمد سعید بخۆ لسەیدایان گەڕیایە ٠ ژ سەیدایێت وی مەلا یوسف سلێڤانەیی‌یە ، دانا و ئولپەرستێ بناڤودەنگ ، ئیمامێ مزگەفتا ـ کەرسێ ـ وی دەمی ٠ دیسان مەلا حیدر چەلی‌زادەیە ، کو ئشتوکا ـ الشرح الشمسیە ـ لجەم خاندی‌یە ٠ دیسان حاجی مەلا ئەحمەد ئەتروشی‌یە ، ئەڤێ بلیمەتێ بێ بەڤل (مەلا یەحیا مزوری) ، دیسان مەلا ئەحمەد ئاکرەیی‌یە ، گولبەڕوژا پڕ گەشا گشت دەڤەرا بادینای ، ئیمامێ مزگەفتا ـ سپیندارێ ـ وی دەمی ، کو سەیدایێ هۆزانڤانێ مەزن ـ مەمدوح بریفکی ـ ژی‌بو ٠ هێژا محمد سعید بریفکی ، ئیجازەت ناماخۆ ژدەستێ ئەمی زانای دیناهی‌ی وەرگرتی‌یە ، هەروەکی مە بەری نهو ژی دەست بو فی‌چەندێ درێژکری ٠

بەری ئەم فی بەرسەری‌ڤەدەین ، دڤیا هەڤالێ خاندنێ یێ هۆزانڤانی زبیرەکەین کوشێخ غیاث‌الدین نقشبندی‌یە ، ئەوێ دەستەکێ درێژو زێڕین‌دشمرێ‌دا هەی ، ئو پال ب (بریفکی) ڤەنای ببیتە هۆزانڤانەکێ بەرکەتی مینا وی ٠٠ حەتا هەردو بوینە دومەیڤێت چاردە شەڤی‌یێت شعرا کوردی ٠٠٠ ئێك لبن ناڤێ ـسین‌و عەین ـ کو ناسناڤی شعرێ محمد سعید بریفکی‌یە ، یێ دی لبن ناڤێ ـ مەلائێ پیر ـ کو ناسناڤی غیاث‌الدین نقشبندی‌یە ، هەردو دورو مراریان ڤەهینن ،شالو مێژەرێت رەنگاورەنگ رێسن‌و ڕاچینن ٠

پەرتوك‌و بەرهەمێت وی :

هۆزانڤانێ مە مشە پەرتوك‌و نڤیسین بجە هێلاینە ، بێگومان‌و مخابن حەتا نهوهە مە دەست نڤیسن ، دکتیبخانا کوڕێ وی ، هێژامسعود محمد سعیدی‌دا ٠ هەر دەما ئەو دەست نڤیس‌رونا‌هی‌ێ ببینن ، بەرپەرەکێ نوی‌و گەش ژبلیمەتی‌یا فی‌هۆزانڤانی دێ خۆیاو ئاشکار بیت ، ئەڤە زی نافێ ڤەفتەکا پەرتوکێت وی‌یە :

١ ـ فضلاء بادینان :بنەزمانێ عەرەبی‌یە ، باسکرن‌و رافەکرنا ژیانا زاناو شاعرومەزنێت بادینانە ، کوڕێ وی هێژا مسعود محمد سعید ، نهو نەڤێ تەحقیق‌و شیکار دکەت ، گەلەك نیزیك دێ گەهینیتە چاپێ ٠

٢ ـ السلطان صلاح‌الدین‌دەست نڤیسەکا عەرەبی‌یە ، لسەر ژیان‌و کریارێت‌صلاح‌الدین ئەیوبی‌یە ، سەرەکانی‌ێت وی ئێت موکەمدفی بابەتی‌دا ، (ابن خلکان)ە ، وکتیبا وی ـوفیات الاعیان ـ ٠

تەگەهێ خەبر ی ـسەلاندرك‌ـیە

٣ ـ متن فتح القریب :دەست نڤیسەکا شعری‌یا عەرەبی‌یە لسەر فیقەهێ‌شافعی ، نیزیکی ٤٧٧ مالکێت شعرێ‌یە ، ژبل ٣٩٠ مالکێت‌دی ، لسەر ژیانا پێغەمبەری (د٠خ) ٠

٤ ـ فی زیارە القبورو‌القراءە : دەست نڤیسەکا بچیکە ، نیزیکی (١٧) پەڕایە ،باسی خاندنا سەر مری‌یا ، وسەردانا گورستانایە ٠

٥ ـ ولادە النبی : دەست‌نڤیسەکا عەرەبی‌یە ، لسەر سەربوری‌یا ژینا پێغەمبەری‌یە(د٠خ) ، سەرەکانی‌ێت وی‌ێت موکەم ، ـ السیدەالحلبیە ـ یە ٠

٦ ـ فی أرکان الحج :دەست نڤیسەکا عەرەبی‌یە ، نیزیکی (١٢٠) بەرپەڕایە ،لسەر دیارکردن‌و خۆیاکرنا رێکا راستا حەجێ‌یە ٠

٧ ـ دیوانا محمد سعیدبریفکی : دەست نڤیسەکا مشتی شعرێت وی‌ێت کوردی‌وعەرەبی‌و فارسی‌یە ، نهو سەیدا مسعود محمد سعید ،ئەڤە ژی کوم‌و خڕڤەدکەت ، خاری‌و لەنگی‌ێت وێ راست‌ودرست‌دکەت ٠

ژبل گەلەك بەرهەمێت‌دی‌ژی ، کو ئەم نکارین هەمیان بنڤیسین وەکی : مختصرالمسائل الفقهیە ، مقتطفات من سیرة ابن هشام ٠٠ هتد ٠ **هۆزانڤانی‌یا وی :**

هۆزانڤان محمد سعید بریفکی

هۆزانڤان محمد سعیدبریفکی ، شعر بسێ ئەزمانان ڤەماندینە ، کوردی‌و عەرەبی‌وفارسی ٠ جهێ شاشبون‌و سەرسۆڕمانێ ئەوە ، بهەچی‌ئەزمانێ دانایێ‌و ڤەماندین ، ژیێ دی بهێزو بێز ترە ٠٠ ئەزمانێ وی‌ێ کوردی گەلەکێ شرین‌و سفکە ٠٠ قافیە وەکی‌سوڕکا سیلاڤێ لپەی تێت قەت خۆ بێڤە ناوەستینیت ٠٠کامیرا وی‌یا شعری وێنێت فرە جوان‌و پرسپەهی‌دگریت ٠٠ وەرە دگەل مە ڤێ هۆزانا نیشانێت بهاری‌مەلدای ڤەخوینە :

ئەڤرو بهارە دابچین‌گەڕیانێ
وەختەکێ خۆشە دابچین‌سەیرانێ
سەیران چ دخۆش وەختێ‌بهارێ
وەختێ کولیلکا ، هەیڤانیسانێ
وەرە دابەزین وەرە لەزێ‌بکە
بەری هەڤالان بگەهین‌مەیدانێ
دنیا یاشینە بنەخش‌ونیگارە
دبێ‌ی مەحفیرە ، دەشت‌وزۆزانێ

حەتا دبێژیت :

ڤی‌دارو باری لبسێ‌وی‌کەسك‌بو
شینی خیڤەتا ، لنیڤامەیدانێ
ناڤا چیمەنا بێنکە کولیلکا
بینا وا خۆشتر ژبینا‌روحانێ
گوهدە بلیلێ ناڤ رمزو باغا
سەرکابینت گولا دکەت‌ئیڤانێ
بلبل دخوینت ناوازێ‌دلسوز
هەچێ گولێ بت تینتەگریانێ
٠٠ هتد ٠

بهزرامن ، پشتی خاندنا ڤان‌مالکێت بوری ، تو دگەل منی ، هۆزانڤانێ مە سیارەکێ‌کۆکەو رۆبادەکێ ڤەبەیە دڤادو مەیدانا وەصفێ‌دا ٠٠چەوا نهو لبن پێت مەکرە شەڕگەها بهارێ‌و شاراند ٠٠تو دبێژی ئێکی ئەم بدەست راکرین ، دانایە مێرگەکا پڕهەلزو نەڤەل ، چیەن‌و کولیلك ، ڕەش‌روحان‌وبەیبین ٠

دجهەکێ دی‌دا ، هۆزانڤان‌شعرەکا دی‌یا هێشتا ژیابوری ڕەندترو بەدموتر ، تژی‌بەیڤێت نازك‌و تەنك ، تژی بەندو شیرەت‌و ڤەلسەڤە ،زەمەرا پێش‌کێش دکەت :

سەحکە نیسان‌و کولیلکا تو دبێژی فلفلە
نەو دەمەردی‌دا بەلاڤزێ دهاربون غولغلە
خۆش بهارە یادەلالە پڕ کولیلك ورەنگەرەنگ
سۆروشین‌و ئەڤحوانی ، نیرگزە یان سونبولە
ئەڤ لباسێ کەسك عەردی کو دبەرخۆکر ، دبێ

گوندێ ـ بادێ ـ جهێ ژ دەیکبونا محمد سعید بریفکی

سەهس خضر استبرق ، ژجننەت نازلە
سەحکە دەشتێ بنیرە باغا دابینی جننەتێ
زێدە زینەت بو جنیکا ، دابزانی سۆرگولە
سەحکە فی دارێ مری‌بو ،بطرفة العین هات وجود
دارو بارو خملو بەلگێو ، کوخەلەك بوچنبلە
ئاڤا سافی تینە خارێ ،ژجنیکێت کەسك چیا
ڤا نهالا ، ڤا دەلالا ، چولو ریبار سنسلە
منظرێ هندە لطیفونازك‌و نەرمو گیا
چاڤ نەبینن ، پێ‌نەمەشێت ، بێن نەکەی‌تو ، قابلە !؟
٠٠٠ هتد ٠

ـبریفکی ـ شاعرەکێ‌خودێ نیاس‌و ئولپەرست‌بو٠٠ لەورا هۆزانێت وی ، پێناسۆفیاتی‌ێ ژێ دڤرپت ٠ گەشبون‌و ئەبونا گولان‌نیعمەتا خودێ‌یە ٠٠ لێ دنیا مالەکا فانی‌یە ، گول دێ‌سیس‌و چرمسن ٠٠ پووك‌و بامۆز دێ بەزو پیچ‌کەن ٠٠٠بەس دێ مینت ، کارو کریارێت قەنج‌و چاك :

بو مەژی هەر واجیە ،هشیاری‌و شوکرا خودێ
بەلکی هەردو صەنعی وی‌نە ، یێ نەبێژت غافلە
یامەگوتی یاکو بوری ژوەصفەتا فصلێ بهار
چەندا نازك چەندا تازە ئەو نیاتات مەجمەلە
زیڤە زیڤە ئەو دچینن ئەو دێ پیچ بیت بێ‌شکە
ئەو دێ بینە پیش‌وبا بەت ، نامینیتن یەك زلە
هەر وەکو هۆساو ئەڤرمەنگ ، حالی دنیادار ومسا
ئەو عەمەل بو ئافرەتێ ،ئەو فایدێ رۆژا زەلزلە
هەر لتەخمین هەر لهزرا طاعەتێ رەبێ کەریم
قەت نەهێلە نەڤەهێلە حەتا رۆژا قولقولە
ئەڤ قەصیدا کو مەگوتی یاکو راکێشای قەلەم

بروانە ـ ل ٧

مۆنیکا دەگەڕێیەوە

عەبدوللا پەشێو

چاوەڕێتم !
دەگەڕێیتەوە ، سوێند دەخۆم
سوێند دەخۆم ، دەگەڕێیتەوە
ئەگەر یەك یەك سنوورەکان مینارێژ کەن :
هەموو ڕۆژێ ،
لەگەل سپیدەی بەیانا ،
بەنجەرەکان دەکەمەوە
بەرەو ئاسۆ لە دوو دەدەم ٠٠ دەزووی نیگام
وا هەست دەکەم
کە تۆ دەچیتە ناو پێستی ،
باللندەیەکی ئەفسانەیی‌و
بەیانیێن ، دێیتەوە لام !
گەر بست بە بستی ئاسمانت لێ بتەنن :
هەموو ڕۆژێ
لەگەل سپیدەی بەیانا ،
بەنجەرەکان دەکەمەوە
وا هەست دەکەم
کە تۆ وەکوو توولە نەمام
بەیانیێن ،
لەبەر بەنجەرەکەما دەڕوێی ،
بە دیوارا هەلدەگەڕێیی ،
دێیتەوە لام !

دەریان کردم

دەریان‌کردم ؟
چونکە ، شیعرم ،
وەکوو منالێکی چەتوون
پلووکە بەردی هاویشتە
شووشەی بەنجەرەی گەورەکان !
دەریان‌کردم !
چونکە شیعرم ،
لەتەك گەنجینەی درزاوا ،
گولۆیێکی دە هەزار فۆلتی داگیرسان !

قەرۆنێژ
١٩٧٣/١٢/٩ـ٨

شیعر و فەلسەفە

« زمان سروشتێکی دوولانەی هەیە ٠

لە لایەکەوە هۆی پەیوەندی‌یە ، لەلایەکی تریش هۆیەکە بۆ دەربڕین ، ئەمە جگە لەوەی کە زمان هەم واقیع‌و هەم رەمزی واقعیشە ٠٠ هەروەها زمان هەست بەشتەکان ئەکات‌و بەڕووتی واتاکان یان نیشان ئەدات ٠٠ جا لەبەر ئەم هۆیانە ، زمان هەمیشە مایەی بایەخ‌پێدانی شیعر بووە ، نەك هی بەخشان کە لە ژیانی ڕۆژانەمان‌دا بەکاری ئەهێنین ٠٠ شیعر لە ناخەوە ئارەزووی ئەوەی بووە بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی زمان ٠

ـ شیللەر ـ ئەڵێت : زمان لەتوانای‌دا هەیە تەعبیر لەهەموو شتەکانی بکات ، بەڵام بەپێوانەی خەیاڵ ٠

شیعر پێویستی‌ی بەخەیاڵ هەیە ، بەڵام زمان پێویستی‌ی بە تێ‌گەیشتن هەیە ٠٠ ئەمەیش مانای ئەوەیە کە مەرجە ووشە واتا هەست‌پێ‌کراوەکەی لە خۆی دارێژو خاسی‌یەتێکی تایبەتی‌ی ببەخشێ‌و مۆرکێکی گشتی‌ی بداتێ ، لەبەر ئەوە ووشەی شیعری‌ی ناتوانێ بە سەربەستی‌ی دەوری خۆی ببینێ بۆ نیشان‌دانی شتەکان ٠٠ ئەوەندە نەبێ وەسف یان ئەکات ٠٠ بۆیە ئەبینین هەر شاعیرە ئارەزوویەکی زۆری هەیە بۆ خۆڵقاندنی زمانێکی رەسەن‌و ئەفسانایی » ٠

لێکۆڵینەوەو موناقەشە کردنی ـ واتا ـی شیعر ، چەندەها بیروڕای جۆر بە جۆرو بەیەکا چووی بەخۆیەوە دیوەو ئەنجامی ئەمەیش شیعر دووچاری مێرشێکی گەورە بوو ، تا حاڵ گەیشتە ئەوەی ووتیان : شیعر بریتی‌یە لە قسەی بۆش‌و پێ‌ماناو بەرهەمی حالەتێکی ویژدانی‌یەو ئەوی بێ‌ی بووترێ زانست تیایانی‌یە !!٠

ئەو هەڵچوونو کارتێ کردنەیش کەگێشەی ـ واتا ـ ئاڵۆز تری ئەکات دیارترین بەهرەی شیعرە ٠ لەلایەکی تریشەوە ، ئەوانەی بەربەرەکانێ‌ی شیعریان ئەکرد ، وابۆ مەسەلەکە ئەچوون ، گوایە شیعر هۆیەکە لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی زانست‌و خاسی‌یەتی یەکەمی ، خولقاندن‌و داهێنانە ٠٠ بەڵکەیان بۆ ئەم بیروڕایە ، ئەوەیە کەواتای بنچینەیی شیعر ، زمانە ئەوروپایی‌یە تازەکان لەووشەی یۆنانی‌ی کۆن وەریان گرتووە کەئەمەیش لە فرمان ی ی یونانی‌ی وەرگیراوە ، کەبەمانای ـ کارئەکات ـ ٠

یاخود ـ دروستی ئەکات ـ یان ـ دای‌ئەنێت ـ هاتووە ٠

سەبارەت بەمرایە ئەبێت واتای شیعر لە بنچینەدا دروست‌کردن‌و داهێنان بێت » ٠

شاعیر لای‌ئەوانە « کەسێکە لە مەیانی تاقی‌کردنەوەی مرۆڤایەتی‌ی‌دا توانای دۆزینەوەی هەیەو ماوە بە خەڵکی دیکەش ئەدەلت بەهۆی دەربڕینی شاعیرانەیەوە ، ئاگاداری ئەو ناقی‌کردنەوانە بن‌و شارەزایی یەکی ئەوتۆی تیا پەیدابکەن ، هەروەك خۆیان تیایا ژیاین ٠٠ » ٠

راستی‌یەکەی ، ئەرکی سەرەکی‌ی ئەم باسە دەرخستنی ئەو بیروڕا جۆربە جۆرانەیە کە دەربارەی واتای‌شیعر ووتراون ، تاوەکو بتوانین بە هەڵوێستێکی رەخنەگرانەوە ، رووبەرووبان بووەستینەوەو پەنجەیان بۆڕابکێشین ٠

دیارە ئەمەیش ئەرکێکی هەروا ئاسان نی‌یە ، چونکە ئەوکەسەی توخنی مەسەلەی واتابکەوێ‌و گەرەکی بێت لێکۆڵینەوەیەك لەوبارەیەوە پێش‌کەش بکات مەرجە ، ئەوپەیوەندی‌یە دیالێکتیکی‌یە بدۆزێتەوە کەواتای شیعر توندوتۆل بە شاعیرەوە ئەبەستێتەوە ، لەلایەکی تریش ئاگاداری ئەوپەیوەندی‌یە بێت کە لە نێوان واتای شیعرو رەخنە گروا پەیدا ئەبێت ، ئەمە هەموو بێ‌بەبێ‌ی لێکدانەوەی ئەوباری کۆمەڵایەتی‌و سایکۆلۆژی‌یەی کە شیعرەکەی تێداووتراوەو شان بە شانی ئەورێبازە ئایدۆلۆژی‌یەی شاعیرو رەخنەگر هەڵیان‌بژاردووە و بەیرەوی ئەکەن ، چونکە هەرگیز شیعرێك نەووتراوە دوور لە ژیان‌و گیروگرفتەکانی ، باهەزاران جاریش نکوولی لەم راستی‌یە بکرێت ٠

ـسوکرات ـ ٣٩٩ـ٤٦٩ پ٠ز ـ سەرسەختترین دوژمنی شیعرو شاعیربوو ، یەکێکیش بوو لەو فەیلەسووفە عەقلی‌یانەی ئەی ووت :

سەرچاوەی شیعر ئیلهامە ، لەبەرئەوە شاعیر دەستەوسانە لەوەی واتای شیعرەکان لێك‌بداتەوە ، یان رەخنەی لێ بگرێ ، چونکە شاعیر پەیام بەرێکە لەنێوان ئەو خواوەندەدا کە ئەم ئەفسانەیەیان بێ‌بڵاو ئەکاتەوەو ئەمانیش لە حالی بێ‌ئاگایی دانەی‌لێنەوە ٠٠ واتە خواوەند بەهۆی شاعیرەوە ئەمان دوێنێ ٠٠ » ٠

ـ ئیفلاتوون ـ ٣٤٧ـ٤٢٧ پ٠ز ـ بیروڕاکانی « سوکرات » ی مامۆستای ئەتۆزینەوەو زیاتر ئەی ئالۆزێنێ ، تائەوڕادەیەی ئەڵێت : شیعر زۆر لە فەلسەفە لە خوارترەو خۆی لە خۆی‌دا شتێکی ساختەو بێ‌کەلکەو بریتی‌یە لەوروژاندێکی ساختەو لە دەروونی مرۆڤدا دروست ئەبێ !!٠

لای ئیفلاتون ـ شیعر ناتوانێ شتێکی بڕمانا پێشکەش بکات ، چونکە بەتەنها خەریکی لاسایی کردنەوەی وێنەی شتەکانە ، یان وێنەی حەقیقەتە ناتەواوەکانە ، ئەوەتا ئەڵێت :

« سروشتی شیعر ، ناهێنێ بایەخێکی زۆری بێ‌بدرێت !! ئەمێنێتە سەر ئەوەی ، ئەرکی شیعرچی‌یە ؟! ئەویش بەرادەیەکی لەئەندازەبەدەر پووچەڵە ٠٠ تەنها کارێك شیاوی مرۆڤی هوشیاربێت ، ئەوەیە بەتەنگ شتەکانەوەبێت ، دبارە ئەمەیش راستەو خۆ لەبیر ـ فیکر ـدا خۆی ئەنوێنێ ، تەنها بیریش حەقیقەتی تەواوە٠

● ملوبەتی ●

Institut Kurde de Paris

میوانداری کۆشکی کۆماری

دوێنێ بەیانی دکتور کامل سعید جواد عەمیدی خوێندنگای تەکنیکی کشتوکال لە میسان سەری لە کۆشکی کۆماری‌داو سوپاسی سەرەك کۆماری نووسی بەبۆنەی دانانیەوە لەسەر وەزیفە تازەکەی ٠

دیسان دکتۆر عبدالرحمن عبدالکریم نجم راوێژکاری رۆشنبیری لە واشونتۆن سەری لە کۆشکی کۆماری‌داو ناوی خۆی بۆ ئیزن وەرگرتنو چوونە سەر ئیشەکەی نووسی ٠

هەروەها بەڕێزان محمد حسن عبدالهادی بەڕێوەبەری مەلبەندی ئەتەوەیی پەرەپێدانی ئیداریو سامی محمد علی حامد بەڕێوەبەری گشتی هێزی کارگێریو پەرەپێدانی ئیداری لە وەزارەتی ڕێگاوبان سەریان لە کۆشکی کۆماری‌داو ناوی خۆیان نووسی بەبۆنەی سەردانیانەوە بۆ دەرەوەی وولات ٠

دیسان بەڕێزان طارق شیت محمود بەڕێوەبەری گشتی پیشە سازی شووشەو سیرامێك‌و فهمی روفا هرمز سەرۆکی دەزگای پیشەسازی کەرەسەی خانووبەرە سەریان لە کۆشکی کۆماری‌داو ناوی خۆیان بەبۆنەی هاننەوەیان لە دەرەوەی وولات نووسی ٠

لە جیاتی سەرۆکی فەرمانده

حە یاسین رەمضان کۆبوونەوەی ئەنجومەنی بەرزی جیۆلۆجیە کانی عەرەب ئەکاتەوە

لە باتی سەرۆك احمد حسن‌البکر ئەمرۆکە بەڕێز تەها یاسین رەمەزان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکرایەتی شۆڕش وەزیری کاروخانەسازیی کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی بەرزی یەکێتی‌ی جیولوجیە عەرەبەکان دەکاتەوە ٠٠ بەڕێز دکتۆرسامی شەریف ئەمینداری گشتی‌ی یەکێتی‌یەکەوتویەتی : بۆ ماوەی سێ ڕۆژی تەواو یەکێتی‌ی لەم کۆبونەوانەیدا لە چەند باسێك دەکۆڵێتەوە لەوانەداخوازی هەندێ ئەندامی نوێ بۆ هاتنە ناو یەکێتی‌یەکەوە ،سەرپەرشتی کردنو بەدوادا چونی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی دامەزرێنەری یەکێتی‌یو ئەوکۆنگرە عەرەبی‌و جیهانیانەی بەشداری تێداکردونو ئەوپێشنیارانەی پەیوەندیان بەپەرەپێدانی ئیشوکاریەوەهەندێ لە بڕگەی سیستەمە لیژنەکانیو دەستنیشانی هەندی لە بڕگەی سیستەمە بنەڕەتێکەی ٠

هەروەها لەو کاروبارانە دەکۆڵێتەوە کە پەیوەندیان هەیە بە کۆنگرەی جیولوجێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستەوە کە نیاز وایە لە ساڵی ١٩٧٩ دا لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا پێك بهێنرێت ، لەگەل دیاری کردنی کات‌و شوێنی بەستنی یەکەم کۆنگرەی جیولوجی‌یە عەرەبەکان وەك پێشنیارکراوە لەگەل ئەو پاسانەی لێیان دەکۆڵێتەوە ، ئەمە سەرەڕای بیادا چونەوەی جیاباتی ساڵانی ١٩٧٥ و١٩٧٦ ٠

بەڕێز دکتۆر شەریف هەر لەسەر ئەم باسە ڕویشتەوەو لەو بارەیەوە وتویەتی ٠٠ لەم کۆبونەوانەدا پانزە وڵاتی عەرەب بەشداری تێدا ئەکەن ئەو وڵاتانەش بریتین لە فەلەستینو لبنانو سوریاو تونسو لیبیاو سۆدانو ئوردونو یەمەنی دیموکراتیو میسر و مەغریب لەگەل عیراقدا ٠٠

بەڕێز ئەمینداری گشتی‌ی ئەوەشی دیاری کردوە کە ئەمرۆ ئێوارە کۆبونەوەکانی مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتی‌ی دەست پێدەکات ، سەبارەت لێکۆڵینەوەی هەندێ لەو ئیشوکارانەی پەیوەندیان بەڕێبازی لەمەو بەری یەکێتی‌یەوە هەیە ، لەگەل دانانی نەخشەیەك بۆ کارکردنی لەمەو دوای یەکێتی‌یەکە کە لە جەدوەلی ئیشوکاری ئەنجومەندا خراونەتە ڕو ٠

دووبارەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بریاریکی دەرکردوە بۆ ڕێکخستنی بەڵێندانی تایبەتی ئەقڵکردنی ملکیەتی خانوبەرەو چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی لە فرۆشتنی خانووبەرەدا ڕوو ئەدەن ٠

بریارە کە ئەوەی دیاری‌کردوە کە بەڵێن دانەکە بۆ ئەقڵکردنی ملکیەتی خانوبەرە لەسەر ئیلتزام بێ بۆ بژاردنەوە ئەگەر لایەنێك لە بەلینەکەی لادا ، چا ئەکەر ئەو بژاردنە لە بەلینەکەدا بێ یان تیا نەبێ ٠

سەرچاوەیەك لە وەزارەتی دادبەروەری دەربارەی بریارەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وتویە ، ئەم بریارە دەربڕینی ڕاستی باوەری سەرکردایەتی سیاسی‌یەو چارەی ڕاستەقینەی ئەو واقعەیە فرۆشتنی خانووبەرە دروستی کردبوو کە زۆرجار ڕووی ئەداوەك پێویست لە ئەسجیلی عقار بەشێوەیەکی یاسای ئەواو نەئەکرا ٠

هەروەها ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش یاسایەکی دەرکردوە بۆ پێکهێنانی دادگایەکی ئیداری یان زیاتر لە ناوچەی ئیستثنائی بەغداو ڕێکادان بەدامەزرانی دادگای‌قری بەو جۆرە لە ناوچەکانی تری ئیستثنائی ٠

یاساکە ئیختیساسی ئەو دادگایانەی وا دیاری‌کردوە کە سەیری ئەو ناکۆکیانە بکات ئەکەویتە نێوان دامو دەزگاکانی دەولەتو کەرتە سۆشیالستەکانە وە لە ماوەی جێبەجێ‌کردنی ئەرکەکانیاو ئەحکامەکانی لای دادگای تەمیز شایانی لێ وردبوونەوەیە ٠

لە هویەکانی دانانی ئەم یاسایەدا ڕون‌کراوەتەوە کە مەبەست لە خێرای ڕابەڕاندنی ئەو جۆرە دەعوایانەیە کە لەوانەیە مانەوەیان ماوەیەکی درێژکار بکاتە سەر قدرتی کاری دامو دەزگاکانی لەجێبەجێ‌کردنی نەخشەکانیا ٠

لە جیاتی بەڕێز صدام حسین وەزیری راگەیاندن هیهرەجانی « المتنبی » دەکاتەوە

لەباتی بەڕێز صدام حسین‌جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی‌سەرکردایەتی شۆڕش بەڕێز سعد قاسم حمودی وەزیری‌ڕاگەیاندنو جێگری وەزیری‌ڕۆشنبیری‌و هونەر لە هۆڵی ئیبن‌نەدیم لە کتیبخانەی‌نیشتمانی فیستقالی شاعیری‌عەرەب ئەبونەیب ئەلموتەنەبی کردەوە کەماوەی هەفتەیەکدەخایەنێت ٠

لە فیستقالەکەدا هاوڕێ ناسیف عەواد بەڕیوەبەری مەکتەبی ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندنی نەتەوەیی‌و فەرمانبەرە گەورەکانی وەزارەتی ڕاگەیاندن‌و ڕوشنبیری‌و هونەرو زۆر میوان لە دەرەوەی وڵات بەشداریان تێداکردوە ٠

لە کردنەوەی فیستقالەکەدا بەڕێز وەزیری ڕاگەیاندن وتارێکی خوێندۆتەوە ئەمە بەشێکی ئەو وتارەیە ٠٠

ئەی برایانی شاعیرو ئەدیبان ٠٠

بەختەوەرو خۆشحالم کە سڵاوی بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشتان بێ‌بگەیەنم کە بە دڵێکی فراوانەوە چاودێری فیستقالەکەتانی کردوە ٠

دۆستان برایان ٠

لە عیراقی شۆڕشدا سڵاوێکی کەرمو دلسۆزانەتان لێ‌ئەکەمو ئاوانە خوازم کە فیستقالەکەتان هەموو ئامانجەکانی پەسەرکەوتویی بهێنێتەدی ٠٠ وڵانەکەمان لە هەموشتێکدا دەوڵەمەندە ٠٠ لە مەیدانی ئابوریدا دەوڵەمەندە ٠٠ لەمەیدانی بەشەریدا دەوڵەمەندە ٠٠ لەهەمو سامانو دەوڵەتێك زیاتر کەهەیەتی ئەو کەلەپوری شارستانی‌و فیکری‌و فەلسەفی‌و ئەدەبی‌و هونەری‌یەیە کە بۆی ماوەتەوە ٠

« موتەنەبی » کە ئاهەنگی بیرەوەری یۆدەکێرن بەشێکە لە کەلەپوری شارستانیمان کە ئەوبەری شانازی پێوە دەکەین‌و پارێزگاری دەکەین ٠

بڕیارەکانی کۆڕی ڕاگەیاندنی دەوڵەتانە لە بەغدا

دوێنێ ئامۆژگاری‌وبریارەکانی هەرسێ ئەولیژنەیەی کە لە سێهەم نەدوەی ڕاگەیاندنی وڵاتانی‌بێك‌هاتبو کەوتەرو ، نەدوەکەلەژێر دروشمی ـ کەم‌کردنەوەی کاری ڕاگەیاندنی‌ئیمپریالیزم بۆسەر وڵاتەتازە گەشەکردۆکان‌و ڕێگای ڕابەڕاندنی بۆ خولقاندنی‌ئابوری‌یەکی نوێ بۆجیهان ـ گیرابو ٠

سێ لیژنەکە بڕیتی‌یە لە لیژنەی ئیکۆلینەوە لەو بارەتانەی پەیوەندیان بە دەوری هۆی پەیوەندیکردن بە جەماوەرەوە هەیە لە پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و ڕۆشنبیری لەوڵاتانی تازە گەشەکردۆداو خولقاندنی ڕژێمێکی نوێ‌بۆ ئابوری جیهان‌و لیژنەی لێکۆڵینەوە لەکیروگرفتی تایبەتی بەئالوگۆری زانیاری لەنێوان وڵاتانی دنیاداو لیژنەی لێکۆڵینەوەی هاوکاری ٠٠

جێبەجێ کردنی چەند پرۆژەیەکی تەندروستی و کۆمەڵایەتی لە ناوچەی ئوتۆنۆمی دا

ئێستا کە لە پارێزگاکانی هەولێرو سلیمانی‌و دهۆك کەلی پرۆژەی تەندروستی‌و کۆمەڵایەتی لە جێبەجێ کردندایە ، سەرجەمیان سێ ملیون‌و ٥٠٠ هەزار دیناریان تێ دەچێت ٠٠ ئەم باسەش بەڕێز ئەمینداری گشتی‌ی بەڕیوەبردنی تەندروستی‌و کۆمەڵایەتی دکتۆر محەمەد زێوەر شەریف ڕایگەیاندوەو لەو بارەیەوە وتویەتی : ئەم پرۆژانە بریتی‌یە لە دروست کردنی هەندێ مەلبەندی گەورەی تەندروستی لە سەلاحەددین‌و خەلیفان‌و سەیدەکان‌و مەخموری پارێزگای هەولێر ، **پرۆژەکان** ٤٠٢ هەزار دیناریان تێ دەچێت ، هەروەها کردنەوەی ٢٥ مەلبەندی بچوکی تەندروستی لە دهۆك کە ٥٤٥ هەزار دیناری تێ ئەچێت ، هەرلەم جۆرە مەلبەندانە لە سلیمانی ١٥ مەلبەندی تەندروستی دەکرێتەوە ئەم پرۆژەیەی پارێزگای سلیمانی ٣٤٢ هەزار دیناری تێ دەچێت ٠٠ لە گەل ئەم پرۆژانەدا حالی حازر کاربەردەوامە بۆ جێبەجێ کردنی خەستەخانەیەکی سنگ لە سلیمانی کە ئەمەش ٢٧٦ هەزار دیناری تێ ئەچێت‌و خەستە خانەیەکیش لە چەمچەماڵ کە ٢٦٨ هەزار دیناری تێ دەچێت ، هەروەها چاك‌کردنی خەستەخانە کۆنەکەی سنگ لە هەولێرو کردنی بە خەستەخانەی منداڵ بون ئەم پرۆژەیەش ٢٢ هەزار دینار دەبات ٠٠ هەرلەم بارەیەوە ئەمینداریتی گشتی‌ی بەریوەبردنەکانمان ١٤ خانوی بۆ نیشتەجێی فەرمانبەرانی تەندروستی لە قەزاو ناحی‌یەکانی سلیمانی داوە بەقونتەرات ئەم پرۆژەیەش ٧٠ هەزار دیناری تێ دەچێت ، هەروەها بنیاتنانی دوو مەلبەندی تەندروستی لە گوێرو تەقتەقی سەریە پارێزگای هەولێر ئەم پرۆژەیەش ٢٠٠ هەزار دیناری تێ ئەچێت ٠٠ بەڵام سەبارەت پرۆژە کۆمەڵایەتیکان بەڕێز ئەمینداری گشتی ئەوەی دەرخستوە کە لە ناوچەکەدا چەندپرۆژەیەك بەدەستەوەیە جێبەجێ بکرێن لە وانە ٣ دایەنگا لە سلیمانی‌و دهۆك‌و هەولێر هەریەکێك لەم دایەنگایانە ٩٣ هەزار دیناری تێدەچێت ، دروست کردنی بارەگای خوێندنگایەك بۆ کوێرەکان ئەم پرۆژەیەش ٧٠ هەزار دیناری تێ ئەچێت کردنەوەی جێگایەك بۆ پەك کەوتەو شەڵو کوێرەکان ئەم پرۆژەیەش ٥٠ هەزار دیناری تێ دەچێت ، ئەمینداریتی لە سلیمانی خانوبەرەیەکی بۆ چاودێری کچان داوە بە قونتەراتچێکان ئەم کارەش ٦٠ هەزار دیناری تێ دەچێت ، لە لایەکی ترموە ئەمینداریتیکەمان ئوتیلێکی کرێکاران لە سەلاحەددین دروست ئەکات ، ئەم ئوتیلەش ٦٦٥ هەزار دیناری تێ دەچێت ٠

وەزیری تەندروستی ڕایگەیاندوە کە وڵات لە نەخۆشی کولیرا پاك بۆتەوە

بەڕێز دکتۆر ریاض ابراهیم‌حسێن وەزیری تەندروستی‌دوێنی بە ئاژانسی دەنگوباسی عیراقی ڕاگەیاندوە کە وڵاتلە نەخۆشی کولیرا پاك‌بۆتەوە ٠٠

بەڕێز دکتۆر حسێن‌وتویەتی ٠٠ هەست بەئەرکی سەرشان‌کردنو دلسۆزی‌و چالاکی دەزگاکانی‌تەندروستی‌و هاوکاری‌وبەدەنگەوە چونی هاوولاتیان‌و بەیرەوی‌کردنی ئامۆژگاریەکانی دەزگاکانی‌تەندروستی بوە هۆی زاڵبون‌و لەناوبردنی نەو نەخۆشی‌یەترسناکەو ریشەکەن‌کردنی‌لەوڵاتداو ماوەنەدانی بەوەی زیانێکی گەورە بدات ٠

بەڕێز وەزیری تەندروستی لەو قسانەدا کەدوێنی لەگەل ئاژانسی دەنگو باسی عیراقدا کردویەتی وتویەتی : ئەو کەسانەی توشی ئەو بەتایبەون‌و دوچاری کۆلیرابون تەنیا ١٣١ کەس بوە کە ئەمەش لەچاو بەرینی‌و بەهێزیی شەپولی پەتاکەدا ژمارەیەکی ئێجگار کەمە وە لە چاو ئەو کەسانەی لەوڵاتانی تری دەوروپشتی ئێمە توشی ئەم نەخۆشی‌یە بوبون ٠

دکتۆر ریاض حسین ئەوەشی دیاری‌کردوە ٠٠ کە ئامادەبونی خەڵکی لە بەربەستکردنی‌و نەخۆشێکەدا وە نەبی زروفی کوتوپری نەخۆشیەکە ئەو وریایی‌و هوشیاریەی هێنایتە گایەوە ، بەڵکو ئەو ئامادەبونە بەشێکە لەسیاسەتی وەزارەتەکەمان لە بەرین‌و فراوان‌کردنی خزمەتی تەندروستی بۆ هەموو هاوڵاتیان‌و لەهەمو ناوچەیەکی وڵاتداو چاودێری‌کردنی لێقەنتەرەو میخانەو چاخانەو کەبینەو شوێنە گشتیانەی کار دەکەنە سەر تەندروستی بەشێکی زۆر لەهاوولاتیان ٠٠

ئەوەشی ساغ‌کردۆتەوە کە وەزارەتەکە بەشێوەیەکی بەردەوام ئەم کارە ڕەچاو ئەکات‌و ئەو سیاسەتە بەرنادات لەچاودێری‌کردنی پاکوتەمیزیی شوێنە گشتی‌یەکان‌و بەدوادا چونی جێبەجێ‌کردنی پارێزگاری کردنی بیئە بەشتوەیەکی وردوبەکارو ئامۆژگاری‌کردنی خەڵکی لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە کەچۆن پارێزگاریی تەندروستی خۆیان بکەن‌و خۆیان لە نەخۆشی‌و دەردو دو بپارێزن ٠

بەڕێز دکتۆر حسێن داوای لەهاوولاتیان‌کردوە کە بەردەوامی هاوکاری‌کردن بن لە گەل وەزارەتی تەندروستی‌و دەزگا تەندروستیکاندا ئەویش بەچاودێری‌کردن‌و بەیرەوی‌کردنی ئامۆژگارێکان‌و ڕاستی وتن لەو کەسانەی کە کەمتەرخەمی‌و کەموکوری لەم مەیدانەدا ئەنوێنن بۆ ئەوەی بتوانین لەسنورێکدا ڕایانگرین لەکۆتایی گفتوگۆکەیدا بەڕێز وەزیری تەندروستی ستایشی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی‌کردوە کەچەند بەکارو بێدرێغی هاونیشتمانیانی وریاکردۆتەوەو لەوپەتا بێ‌ئامانە هوشیاری‌کردونەتەوەو ڕاستی تەواوی بەجەماوەرگەیاندوە ، هەروەها ستایشی تەواوی دەزگاکانی دایەرەی ئاوی کردوە لەگەل ئەمینداریتی پایتەختو دایەرەکانی‌تردا کە بە شێوەیەکی تەواو هاوکاریان بۆ لەناوبردنی پەتای کۆلیرا کردوە کە لەمانگی زیاتری نەخایاندوە ٠

بەڕێز وەزیری تەندروستی ئەوەی ڕون‌کردۆتەوە کە ڕێکخراوی تەندروستی دەولەتانو پسوپورانی جیهان کە لەمانگی ڕابوردودا سەریان لەوڵات داوە پایەخی تەواویان داوە بەو هەوڵو تەقەللایەی وەزارەتی تەندروستی لەو مەیدانەدا داوێتی شان بەشانی دەزگاکانی تری دەولەت ٠٠ لەگەل ڕادەی ڕۆشنبیری هاوولاتیان کە بوەمایەی ئەوەی لەماوەی مانگێکدا ئەو هەواڵە بڵاوکرێتەوە کەوڵات لەجنگ نەخۆشی کۆلێرا قوتاری بوەو هاوولاتیان لەمەترسی ئەو نوخۆش‌یە بەسامە قوتاریان‌بوە ٠

بکر محمود رسول بەرەو قاهیرە کەوتەڕێ

دوێنی ئێوارە بەڕێز بەکر مەحمود ڕەسول وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بەسەرۆکایەتی وەفدێك بۆ بەشداربون لەکۆنگرەی جوارهەمی وەزیرانی کاروباری کۆمەڵایەتی عەرەبدا بەرەو قاهیرە کەوتەڕێ ، کۆنگرەکە ئەمرۆ دەست بەئیش‌وکاری خۆی دەکات ٠

بەڕێز وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی بەئاژانسی دەنگوباسی عیراقی ڕاگەیاندوە کە کۆنگرەکە بۆماوەی چوار ڕۆژی تەواو لە بریارەکانی کۆنگرەی سێهەم دەکۆڵێتەوە وە لە توانای ئەوە دە کولێتەوە کە ئەگەر بتوانرێت کۆمەڵگاکانی ناوبیابانەکان بەرەپێبدرێت‌و چاودێری بەکەکەوتەکانی وڵاتانی عەرەب بکرێت ٠٠

بروانە ـ ل ٧

کۆبوونەوەی سکرتاریەتی گشتی بەرەی‌نیشتمانی‌ونەتەوەیی پێشکەوتنخواز

ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی٥ ی ئەم مانگە بەسەرۆکایەتی‌هاوڕێ نەعیم حەداد سکرتێری گشتی‌ی بەرە ،سکرتاریەتی گشتی‌ی بەرەی‌نیشتمانی‌و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز کۆبونەوەی‌دەوری خۆی کردوە ٠سکرتاریەت لە ئەنجامی کۆبونەوە فراوانەکانی‌لیژنەکانی سەرانسەری وڵاتی‌کۆلیوەتەوە کە لە ڕۆژی ٢٧ی مانگی ڕابوردودا کرابو ،وەبریاری لەسەر ئەوەئامۆژگاریە تایبەتیانە داوە سەبارەت بەشداری کردنی‌لیژنەکان لە جێبەجێ کردنی‌نەخشەی بەرەپێدانی نەتەوەیی سالی ١٩٧٦ ـ ١٩٨٠ دا ٠ لە کۆبونەوەکەدا باسی‌دۆخی سیاسی وڵاتانی عەرەب کراوە کە لە لایەن ئیمپریالیزم‌وزایونیزم‌و کۆنەپەرستانەوە چیلانێکی گەورەی دەکرێتەسەر کە ئەویش بەمەبەستی‌کوژانەوەی بزوتنەوەی‌رزگاری خوازی عەرەبی‌و شۆڕش فەلەستینە ٠٠هەروەها دۆخی بەئاشوبووکلپەسەندوی خواروی لبنان ئەویش لە ئەنجامی گەماروی‌یەمینی‌و زایونیزمەوە ٠٠

ئا٠ د٠ ع

هەروەزێکی تەندروستی لە قوتابخانەکانی هەولێردا

پرۆژەکایەتی تەندروستی قوتابخانەکانی هەولێر دوێنی دەستی کردوە هەروەزێکی کوتان بۆ خۆپاراستن لەهەندی دەردو پەتای بڵاو ، لەهەر کوتانەدا باخچەی منداڵانو پولی یەکەمی قوتابخانە سەرەتایەکان‌و بەرکەوتون‌و ئەو کارەش لەچوارچێوە نەخشەیەکی وەزارەتی تەندروستی‌دا بوە بۆ پەرەپیدانی خزمەت گوزاری‌و خۆپاراستن لەنەخۆشی ٠ بەتایبەتی لەم کاتانەدا کە هەندی لەوپەتایانە لە گۆڕێدان کە لەیەکێکەوە بۆ ئەوی‌تر بەگورجی تەشەنە دەکات ٠

دەورەیەکی ڕۆشنبیری جوتیارانی دهۆك

دوێنی ٣٠ جوتیار لە ئەندامانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی هەرەوزەجوتیارێکان لە قەزای ئامیدی لەپارێزگای دهۆك بەشداری‌دەورەیەکی ڕۆشنبیریان‌کردوە کە ماوەی هەفتەیەك‌دەخایەنێت ، لەماوەی ئەو هەفتەیەدا دەرسیان لەبارەی‌یاسای کۆمەڵەی هەروەزکاری جوتیارانەوە پێدەوترێت‌لەگەل ئەو دەورەی ئەو کۆمەڵانە لە پێشکەوتنی‌کشتوکالی وڵاتدا دەیبینێ ٠

لەلایەکی ترەوە یەکێتی‌ی‌ناوخۆی نیقابەی کرێکارانی پارێزگای دهۆك ئەدوەیەکی‌بۆ کرێکارانی کارگەی (تەعلیب) پێکهێناوە لەونەدوەیەدا باسی نەخشەو پرۆگرامەکانی پەرەپیدانی‌نەتەوەیی‌و بەرپرسیاریی چینی‌کرێکاران لە بەجێ‌کەیاندنی ئەو کارەداکراوە ٠

ئەوخواردمەنیەی فڕێ ئەدرێت زیانی خۆت وکۆمەڵی تیایە

ئەورووداوە سەیرو پڕزیانەی هەمو کەسێك بەدی ئەکات‌و زۆر کەسیش ئاوری‌لێ ناداتەوە ، ڕوداوی دەست‌بڵاوی‌و بەفیروداون‌وهەلگرتنی زیاد لەپێویستی خواردەمەنی‌یە ٠٠ ئەمەم‌ڕوداوەی کە پەیوەندیەکی بەئینی بەهەمو هاوولاتیانەوەهەیە ، نەك هەر بەوردی بەڵکو ئەگەر سەرنجێکی سەرپێی‌بدەین ئەوسا بۆمان دەردەکەوێت بەبێ ئەوەی بێ‌بزانین کە چەند زیانێکی گەورە لە خۆمان‌و لە ئابووری‌وڵاتەکەمان دەدەین ٠

ئەو شتە بە نیسبەت ئەنیاکەسێکەوە لەوانەیە زیانێکی ئەوتۆ نەبەخشێت کە شایانی‌باس‌کردن‌و لەسەر نوسین بێت ٠٠ بەڵام کە شت بۆزوداوێکی گشتی‌ی‌و ئاوا گەورە چاکتروایە کە بیخەینەروو ، بۆ ئەوەی ڕێگای چارەسەرکردن‌و خۆلی‌قوتار‌کردنی بۆ بدۆزینەوە ٠٠

زۆر کەس لەوانەیە ئەوەی‌بەخەیالدانەیەت کە ئەو بەشە خواردەمەنی‌یەی لێ‌زیادئەبێت‌و نایخوات‌و دەیرێژێتە ئەنەکەی خۆلەوە ٠٠ یا ئەوپارچە نان‌و ناوی سەمون‌و هەکرو چاو چێشت‌و سابون‌و زۆر شتی‌تر کە دەمێنێتەوەو فڕی ئەدرێت‌و بەفیرو ئەروات کەلکیان لێ وەرناگیرێت لە ماوەی ساڵێکدا ئەگەر هەر خێزانە ئەوشتانە بخاتە سەریەك‌و کوی بکاتەوە ، ئەوساکە قەوارەی ئەو زیانەمان بۆ دەرئەکەوێت کە بەدەستی خۆمان لە خۆمانی ئەدەین ٠٠ جاوەرە ئەم جۆرە شتانەی لە سەرانسەری وڵاتدا لە ساڵێکدا بەفیرۆ ئەدرێت گەر بیخەینە سەریەك ، بەچاکی تێدەگەین و ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە چ زیانێکی گەورە لە خۆمان‌و ئابوری وڵات دەدەین ٠٠ ئەمە لەلایەکەوە ٠٠

لایەنێکی تری ئەم بەفیرودان‌و زیانە دەگەڕێتەوە بۆ بەشێکی زۆر لەو خێزانەتیرو پڕانەی کە خواردەمەنی‌یەکی زۆر لە سەلاجەوفرێزەرەکانیاندا کەلەکە ئەکەن‌و پاش ماوەیەك بەشێکی‌زۆر لەو شتانە خراپ دەبن یا دلیان لێی دەبیزرێت‌ئەنجامیش بۆ ناو ئەئەکەی خۆلەکەیە ٠

بەو جۆرە مەسەلەکەدووبارە دەبێتەوەو بەدەوری خۆیدا بەردەوام دەخولێتەوە ٠یا هەندێ کەسی تر هەیە وەك ئیش‌و کاریان نەبێت‌بەیتا بەیتا هەرچی لەبازاردا دەستکەوێ کیشی ئەکات‌بۆ ماڵەوە ئیتر ئەوە گرنگ نی‌یە کاری‌بەو شتە هەبێت یانە بێت ٠٠ گرنگ ئەوەیە زۆرترین شت‌بە کەمترین وەخت لە ماڵەوە کەلەکە بکات ٠٠ جاکەسێکی‌تر ئەوشتەی دەست

بروانە ـ ل ٧

Institut Kurde de Paris

نەهێشتنی نەخوێندەواری لە عیراقدا !!

« ئومێد کاکە رەش »

ئاشکرایە وا پێ دەچێت تەمەنی (٩) نۆ ساڵەی پرۆژەی نەهێشتنی نەخوێندەواریەوە لە عیراقدا ، کە سەرمتای دەست پێکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٨ • بەو هیوایە لە ماوەی (١٥) پانزە ساڵدا بە سەر ئەم دەردە سامناکە کوشندەیەدا زاڵبین ولە ناو کۆمەڵەکەماندا نەهێڵین •

هەوڵو کۆششێکی زۆر کراوە بۆ سەرخستنی ئەم پرۆژە نیشتمانیو مرۆڤایەتییە ••• وە ئەوەی پێویستی ئەم کارە مەزنە بووە زۆر بە چاکی هاتۆتە دیو جێبەجێ کراوە • کە جیاوازیەکی گەورەی هەیە لەگەڵ ساڵانی پیشودا • وە گۆنگرەی شەشەمی پارتی ساڵی ١٩٦٣ ئەمەی دەست نیشان کردووە :

« دامەزراندنو دروستکردنی بەشداریو سوشیالستی یاخود پەیرەوی دیموکراتیەت پێویستی بە لە ناو بردنی نەزانینە بە شێوەیەکی تەواو ، بۆ ئەمە گردو گۆ بەکخستنی هەموو دەستەڵاتەکان پارتو رێکخراوانی ئەوێت بۆ بەدی هێنانی ئەم ئەرکە بە زوویی و سەرکەو تووی » •

پاش شۆڕشی ١٧ و٣٠ گەلاوێژ ساڵی ١٩٦٨ بەتەواوی ڕوومان کردە هێرشەکەو ئەمە خرایە بەر چاوی گەلی عیراق •

« لە مادەی ٢٧ لە دەستوورەکانی کۆماری عیراق ساڵی ١٩٧٠ دەولەتی بەر پرسیار کردوە لە نەهێشتنی نەزانین » وە یاسای ژمارە ١٥٣ ساڵی ١٩٧١ دەربڕینێکی ئاشکرا بوو بۆ بایەخدان بە نەهێشتنی نەخوێندەواری •

تا ئەمساڵ (٣) قۆناغمان لەو پرۆژەیە تەواو کردووە « قۆناغی دەستپێکردن / / قۆناغی فراوانکردن / قوناغی تاقی کردنەوە ـ کە کۆتایی ساڵی ١٩٧٧ تەواو دەبێت » •

بە مانا لە دەستپێکردنی ساڵی ١٩٧٨ وە دەبێت دەست بکەین بە دوا قوناغ کە « قوناغی پاك کردنەوەیە » ئەویش دەبێت بە شێوەیەکی تەوزیحی (ئیلزامی) بکرێت کە هەموو مرۆڤێکی خاوەن هەستو نەتەوە پەروەر دەبێت بەشداری تێدا بکات ••• لەگەڵ هەموو دەستەڵاتو پارتو رێکخراوەکان بۆ نەهێشتنی ئەم مەترسیە گەورەیە لە وڵاتا •

وە ئەو ماندوو بوونو ئەرکەی کە گرتومانە لە پێناوی ئەم پرۆژە نەتەوایەتیەدا ، تاڕادەیەك سەرکەوتوو بووە ، توانیومانە بەشێکی نەخوێندەوار رزگار بکەین •

بەڵام تەواو ئاواتو خواستمان نەهێناوەتە دی •• کە بەرامبەر بەو هەوڵو رەنجو بایەخدانە بێت کە دراوە لە پێناویدا ، ئەویش لەبەر ئەو تەنگو چەڵەمەو کۆسپانە کە خۆیان قووت کردۆتەوە و یەکەو راست پەیوەندی هەیە بە نەزانەکانەوە کە نایانەوێت فێربن نەك پرۆژەکەوە •

« وە ئەوەی مەبەستی ئەم پرۆژەیەو هەڵسوڕێنەرانێتی ئەوەیە ئەو فێرخوازانە بەزانیاریەکی گشتیو بیرو باوەڕێکی پێشکەوتوخوازانە بەرووردە بکرێن و فێری هەموو کردارێکی بە سودو ڕەوشتێکی مرۆڤانە بکرێن تابتوانین لە دوا ڕۆژدا ، شان بە شانی کۆمەڵانی جیهان ، بچینە مەیدانی نیشکردنەوە ، ئەو ئیشە کە گرتویانەتە ئەستۆی سەرچاوەی زیانیانە ، بە چاکی ببینە سەر ، دڵسوزو کارامەو لێپوردەبن ، زیاتر هەوڵی زیاد کردنو چاکەکردنی بەرهەم بدەن ، وە زانیاریەکی گونجاویان هەبێت لە نەتەوەو خاکەکەیان وەئەوە گەلانەی لە گەلماندا ئەژین ، مانای دۆستایەتیو برایەتیو تیکەڵاوبوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بزانن وە بەرژەوەندی کۆمەڵ پخەنە پێش خۆیانەوەو خویان تەریکو دوورەو پەرێز نەگرن ، ئەنداماتیکی بە کەڵك بن تابتوانن چاوی ئەو « نەوەیە » بکەنەوە کە سەرپەرشتیان دەکەن • دوژمنو زۆردار بناسنو مەرامیان تێبگەنو بەراووردی دواکەوتنو پێشکەوتنی وڵاتەکەمان بزانن و شارەزابن لە هەندی ڕووداوی ڕوزانە ، لەگەڵ ئەماندا فێری خوێندنو نووسینبن ، کە لە ژیاندا کەلکی لێ وەرگرن بتوانن بەسەر ئەو کۆسپانەدا زاڵبن کەوتە پێشیان » •

وە ئەمە لە گونگرەی هەشتەمی ساڵی ١٩٧٤ ئاشکراو ڕوونە • « نەزانین گەورەترینو سامناکترین کۆسپە لە ڕێگەی پێشکەوتنی ڕاستەقینەیو ئابوورییو کۆمەڵایەتیدا ، بەبوونی نەخوێندەوار ناتوانرێت گومەڵگەی پێشکەوتوخوازی شۆڕشگێری بە توانا دروست بکرێت کەبتوانێت بەرەنگاری کۆسپو گیروگرفتو دژواری چاخو چەرخی ئێستامان بکات » بێگومان ئەم پرۆژەیە بۆیە ئەوەندە گرنگی پێدراوە چونکە پرۆژەیەکە بۆ چاوکردنەوەو نەهێشتنی گەورەترینو سامناکترین نەخۆشی لە کۆمەڵەکەماندا وە هەروەها پرۆژەیەکی مرۆڤایەتیو نیشتمانیو نەتەوایەتی گەورەیە، پێویستی بە هەموو ڕووناکبیرێکی دڵسوزو شارەزا هەیە ، وە ئەو ئەرکە کە نیشتمانەکەمان چەسپاندویەتی بە سەرماندا ، لەم بوارەدا جێبەجێ دەکرێت •

وە ئەم کارەش ئەوەندە ئاسان نییە هیلاکیو ماندووبونێکی بێ ئەندازەی ئەوێت ، چونکە تاقیکردنەوەیەکی تەواوە بۆ دەست هێنانی گەورەترین خزمەت بەرامبەر کەڵو نیشتمان • کەدەبێتە هۆی پێشکەوتنمان لە هەموو ڕوویەکەوە ••

لەبەر سەرکەوتنی ئەم هێرشە گەورەترین کۆنگرە لە بەغداد گیرا لە ٧ ـ ١٥ ئایار ١٩٧٦ کە شارەزایان پسپوری عەرەبیو جیهانی بەشداربوون کە دووان لە هاوەری نەهێشتنی نەخوێندەواریەوە ، وە دووباوە لە ١٢ کانوونی یەکەم ١٩٧٦ گونگرەی سێیەمی نەسکەندەریە لە بەغداد گیرایەوە بۆ ئەم مەبەستەوە دەورێکی کاریگەرو ڕاستەو خۆی ببینی بۆ دانانی ڕێگایەکی گونجاو بۆ ئامادەکردنێکی تەواو بە نەهێشتنی نەخوێندەواری لە وڵاتە عەرەبییەکاندا بەتایبەتی عیراق •

دیموکراتیەت سەرنجدانی هەموو لایەنەکانی ژیانە

صەدام حسین

دەقی ووتارەکەی هاوڕێ صەدام حسین جێگری سەرۆك ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ئەنجومەنی نەخشەکێشان لە ٢٦ تەموزی ١٩٧٦ دا مەسەلەی دیموکراتی تەنیا ئەوە بەسنیە لەرووی تیۆریەوە بایەخی پێبدەین بەلکو مەسەلەیەکی زۆر ئاڵۆزترە هەرواش ئەمێنێتەوەو زیاتر لە مەسەلەکانی تر فیکری مرۆڤایەتیو سیاسیو شێوازی دەستوری پێوە خەریك دەبێ ، جا ئەمە ئێستاش لە پاشەرۆژیشدا ، لە عیراقو لە شوێنانی تردا ، چونکە مەسەلەی دیموکراتیەت مەسەلەیەکی مرۆڤایەتیە لەهەمان کاتدا مەسەلەیەکی سیاسی لە ڕێرەوی تێکرای ئەو رژێمانەی ڕێگای دیموکراتی دەپارێزیو لە کۆڕە بەرزەکانی دەوڵەتدا بایەخی پێ ئەدەنێ مەسەلەیەکی مەرکەزیە هەروەها لە پەیوەندیدا لەگەڵ گەڵو دەوری مێژوویی لە بڕیات نانی کۆمەڵدا ، جاباشتێ بۆ نموونە وەربگرین ، وەك ڕاگەیاندن کەرەستەیان لەکەرەستە شۆڕشگێریە دیموکراتیەکانمان بۆ هوشیار کردنەوەو ڕووناك بینی هاوڵاتیەکانی بەکار دێ سەرەڕای ئەوەی بو چاودێری بەکاردێ • بۆ ئەوەی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی ڕاست دەوری خۆی ببینێ پێویستی بە چاودێری هەیە ئەك تەنیا لەلایەن لێپرسراوانەوە بەلکو لە لایەن هەموومانەوە ، ئێمە بەرپرسیارین لەچاودێری کردنی ئەك نازکێشانی ، لەسەرمانە ڕێگای ڕوونا‌ك بکەینەوەو هاوکاری لەگەڵدا بکەین لەکاتی هەلە کردنیشدا ڕەخنەی لێ بگرینو هەروەهاش یارمەتی بدەینو پێداویستەکانی بەمێز بوونو پەرەپێدانی بۆ دابین بکەین بۆ ئەوەی دەوری خۆی لە هوشیارکردنەوەو چاودێری کردندا بەشێوەیەکی دروست ببینێ • هەندێ لەبرا وەزیرەکان یاخود ئەوانەی لە لێپرسراویدا دوای ئەو دێن سکاڵا دەکەن لەدەست ڕەخنەی نامەوزوعی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە ناراستەی دایەرەکانی دەولەتی دەکەن ، منیش دان‌بەوە ئەنێم کەوا هەندێ جار بەکار هێنانی ناووردو نادروست لەم مەیدانەدا ڕوودەدات ، هەروا ئەوانەی لە ڕاگەیاندن کاردەکەن بەردەوام سکاڵا دەکەن بەوەی کە دایەرەکانی دەولەت بایەخ بە خۆیانو بە دەزگاکانیان نادەنو هاوکاریان لەگەڵا ناکەن بەلکو جاروبار ڕەسوایان دەکەن ، لەبری ئەوەی دایەرە دەرگای بۆ بکاتەوەو مەعلومانی بداتێ بۆ ئەوەی ڕەخنەکەی ڕاستو مەوزوعی بێت ، دەڵێن کەوا بەیامنێر یا ڕۆژنامەنوس وەك دوژمنن معامەلەی لەگەڵا دەکرێ ئاتێ دەچێتە دایەرەیەك ، ئێمە ئەم مەلەیەی دەزگای ڕاگەیاندن ڕەچاو دەکەین چونکە ڕەخنە مەسەلەیەکی تازەیە بەنسبەت عیراق ••

پێویستە وا بیربکاتەوە کاتێ کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی دیموکراتیدا زوڵمی لێ دەکرێ هەستی چی دەبێت یاخود ئەنجامی بەکار هێنانی دیموکراتیەت بەمەلە لە پەیوەندی نێوان خۆیو بەرزترداچۆن داوای شێوەو لایەنی دروستی بەکار هێنانی دیموکراتی دەکات • مەسەلەی دیموکراتی لە هەموو کێشەکانی تر بەئاڵۆزترە هەرواش ئەمێنێتەوەو زیاتر لە مەسەلەکانی تر فیکری مرۆڤایەتیو سیاسیو شێوازی دەستوری پێوە خەریك دەبێ ، جا ئەمە ئێستاش‌و لە پاشەرۆژیشدا ، لە عیراقو لە شوێنانی تردا ، چونکە مەسەلەی دیموکراتیەت مەسەلەیەکی مرۆڤایەتیە لەهەمان کاتدا مەسەلەیەکی سیاسی لە ڕێرەوی تێکرای ئەو رژێمانەی ڕێگای دیموکراتی دەپارێزیو لە کۆڕە بەرزەکانی دەوڵەتدا بایەخی پێ ئەدەنێ مەسەلەیەکی مەرکەزیە هەروەها لە پەیوەندیدا لەگەڵ گەڵو دەوری مێژوویی لە بڕیات نانی کۆمەڵدا ، جاباشتێ بۆ نموونە وەربگرین ، وەك ڕاگەیاندن کەرەستەیان لەکەرەستە شۆڕشگێریە دیموکراتیەکانمان بۆ هوشیار کردنەوەو ڕووناك بینی هاوڵاتیەکانی بەکار دێ سەرەڕای ئەوەی بو چاودێری بەکاردێ • بۆ ئەوەی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی ڕاست دەوری خۆی ببینێ پێویستی بە چاودێری هەیە ئەك تەنیا لەلایەن لێپرسراوانەوە بەلکو لە لایەن هەموومانەوە ، ئێمە بەرپرسیارین لەچاودێری کردنی ئەك نازکێشانی ، لەسەرمانە ڕێگای ڕوونا‌ك بکەینەوەو هاوکاری لەگەڵدا بکەین لەکاتی هەلە کردنیشدا ڕەخنەی لێ بگرینو هەروەهاش یارمەتی بدەینو پێداویستەکانی بەمێز بوونو پەرەپێدانی بۆ دابین بکەین بۆ ئەوەی دەوری خۆی لە هوشیارکردنەوەو چاودێری کردندا بەشێوەیەکی دروست ببینێ • هەندێ لەبرا وەزیرەکان یاخود ئەوانەی لە لێپرسراویدا دوای ئەو دێن سکاڵا دەکەن لەدەست ڕەخنەی نامەوزوعی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە ناراستەی دایەرەکانی دەولەتی دەکەن ، منیش دان‌بەوە ئەنێم کەوا هەندێ جار بەکار هێنانی ناووردو نادروست لەم مەیدانەدا ڕوودەدات ، هەروا ئەوانەی لە ڕاگەیاندن کاردەکەن بەردەوام سکاڵا دەکەن بەوەی کە دایەرەکانی دەولەت بایەخ بە خۆیانو بە دەزگاکانیان نادەنو هاوکاریان لەگەڵا ناکەن بەلکو جاروبار ڕەسوایان دەکەن ، لەبری ئەوەی دایەرە دەرگای بۆ بکاتەوەو مەعلومانی بداتێ بۆ ئەوەی ڕەخنەکەی ڕاستو مەوزوعی بێت ، دەڵێن کەوا بەیامنێر یا ڕۆژنامەنوس وەك دوژمنن معامەلەی لەگەڵا دەکرێ ئاتێ دەچێتە دایەرەیەك ، ئێمە ئەم مەلەیەی دەزگای ڕاگەیاندن ڕەچاو دەکەین چونکە ڕەخنە مەسەلەیەکی تازەیە بەنسبەت عیراق ••

● ماویەتی ●

وەرزش

وەرزش لەناوچەی شارەزوور دا چاوەڕوانی لێپرسینەوەو سەرپەرشتی ئەکات

● لەم دواییەدا لەناوچەی شارەزور وەرزش زۆر بەرەوپێش کەوتنو چالاکی ئەرواتو گەنجانو لاوانی ناوچەکە زۆربەبەرۆشەوە سەریان کردۆتە باریە وەرزشیەکان ، هەر لە خۆیانەوە تیپ پێك ئەهێنن و بەردەوام مەشق ئەکەن بۆ پێشکەوتن • جا ئەگەر لایەنێك هەبێ لێیان ببرسێتەوە یان سەرپەرشتیان بکات ئاشکرایە کە وەرزش زۆر پێش ئەکەوێ و ناوچەکە خۆی لەخویدا زۆر لەبارە بۆ پێشکەوتن لە هەموو رویەکەوە هەر بۆنمونە لەم ڕۆژانەدا لە هەموو ناوچەی قەزای هەلەبجەدا گەرمە باریەکی تۆپی پێکرا لە نێوان تیپە وەرزشیەکانی ناحیەکانی قەزای هەلەبجەدا • ئەوەی شایانی باسە ئەم یاریانە لەسەر هەلبژاردەی قەزای هەلەبجەکران وەبەم شێوەی خوارەوە بوون •

تیپی شۆڕشی خورمال سەرکەوت بەسەر تیپی هیوای هەلەبجەدا بەسێ گۆڵ بەرانبەر بەهیچ •

تیپی هەڵۆی سید صادق سەرکەوت بەسەر تیپی ئاشتی سیرواندا بە چوار گۆڵ بەرانبەر بەهیچ •

دوای ئەوە هەردوو تیپی سەرکەوتو شۆڕشی خورمالو هەڵۆی سید صادق لەیاریەکا لەیارێگای سید صادق بەیەك گەیشتنو ئەنجام تیپی هەڵۆی سید صادق سەرکەوت بەسەر تیپی شۆڕشی خورمالدا بەگۆڵێك بەرانبەر بە هیچ ، بەم جۆرە ئەم تیپە بێ‌سەرپەرشتی کەرە کە هەرخۆی مەشق بەخۆی ئەکات بوبە تیپی هەلبژاردەی تۆپی پێی قەزای هەلەبجە •

● ئێمەیش بەم بۆنەیەوەو بۆهاندانو برەو پێدانیان چوینە نیشتەجێی تیپی ناوبراو چاومان کەوت بەکاك عمر أحمد رسول لێپرسراوی تیپەکەو ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵدا کرد •

● هەر لەسەرەتادا شادمانی شانازی خۆی دەربڕی بەرانبەر بەسەرکەوتنیان لەیاریەکانیانداو زۆر دڵخۆش بوو کە ڕۆژنامەیەکی کوردی چالاکیەکانیان باسئەکات •• وە دەربارەی تیپەکەیان ووتی •

★ ئەوەی ڕاستی بێ تەمەنی تیپەکەمان نزیکەی هەشت ساڵێکە بەڵام داخەکەم یاری کەرەکانمان زوو زوو وازئەهێنن و لێرە نامێنن ئەوەش یابەهۆی خویندنەوە یابە هۆی ئیشوکارەوەیە ، بەڵام ئێمە هەمیشەو بەردەوام مەشق و ڕێکخستنی خۆمان ئەکەینو پشت بەخوا هەتا توانامان تیایێ وازناهێنن ، ئەگەر لەلێپرسینەوەو سەرپەرشتی خەڵکی بپرسی ئەوە خۆ خوانەکات هیچ لایەنێکی لێپرسراویان جەماوەر تەنها لایەکی لایەلایشمان لێبکەنەوە وتەنانەت نایەنە سەیری یاریەکانیشمان بۆ ئەوەی ئەگەر بویان کرا ئافەرێنیکمان بکەن ، هەربەدەمیش ڕازین وەکو کورد ئەڵێ (دەمەجیت لێکەمە) ناشوکری خوانەبێ دەمیشیان نیە ، سەرەڕای ئەمانەش ئێمە هەر پشت ساردنینو بەتەمای ڕەنجی خۆمانین ئێستاش ئەندامانی تیپەکەمان ١٥ یاری کەرنو هەندێ یاریکەری تازەیشمان هەیە کە بەردەوام مەشقیان پێئەکەین بۆ ئەوەی تیپێکی تریان لێدروست بکەین •

● دوای هەندێ پرسیارو وەڵامیتر لەکۆتاییدا کاك عمر مەناسەبەکی هەڵکێشاو ووتی •

★ هیواو داخوازیمان زۆرە بۆروناك کردنەوەی پاشە ڕۆژی وەرزش لە ناوچەکەماندا ، بەڵام من ئەماعم نیە تەنها ئەڵێم خۆزگە لێپرسراوان لایەکی یارمەتیو ڕەحمیان لێئەکردینەوە دەستێکی گەورەییان ئەهێنایە سەرماندا و خۆزگە بەریوەبەرێتی شارەوانی سید صادقیش ئەوەندە بەتەماع نەئەبوو هەرساڵەی ساحەیەکمان بۆدیاری ئەکاو پاشماوەیەك ئەیفرۆشیو ئیتر

تیپی وەرزشی تۆپی پێی سید صادق
●
تیپی هەڵۆ
●

حمە سعید حمە کریم

Institut kurde de Paris

کورتە تێبینیدەک دەربارەی چیرۆکەکەی کاک رەئووف

نصرالدین مجید

کۆمەڵەی رۆشنبیری کورد لە بارەگاکەیدا لە ئێوارەی ٢٠-١٠-١٩٧٧دا کۆبوونەوەیەکی فراوانی دەربارەی کورتە چیرۆکی کوردی بەست ٠

لەو کۆبوونەوەدا سێ چیرۆک نووس « کاک رەئووف حەسەنو کاک مەحەمەد موکریو خوشکە نەحلام مەنسور » بەشداریان کردو هەریەکەیان چیرۆکێکی کورنیان خوێندەوە چیرۆکەکانیش لەلایەن برایان کاک رەفیق سابیرو کاک نەنوەر قادرو کاک حسین عارفەوە هەڵسەنگێندران ، هەروەها هەندێك لە بەشداربوانی کۆبوونەوەکەیش باری سەرنجی خۆیان دەربارەی چیرۆکەکان دەبڕی ٠

منیش وەکو یەکێك لەوگوێگرانەی کە لەو کۆڕەدا ئامادەبوون باری سەرنجی خۆم دەربارەی چەکێکی چیرۆکەکەی کاک رەئووف دەردەبڕم ، کەبریتیە لە پالەوانی چیرۆکەکە ٠

کاک رەفیق کەگەیشتە سەر باسی پالەوانی چیرۆکەکە بە شۆڕشگێرێکی چەپرەو ناوی بردو لە سەری دوا ، هەروەها کاک رەئووفیش بەنیازی خۆی دەیەوێت بە شۆڕشگێری لە قەڵەم بدات ٠

بەڵام ئەگەر بەوردی لە هەموو لایەکی چیرۆکەکەو زەوشتو هەڵوێستی پالەوانی چیرۆکەکەو هەروەها ئەنجامەکەشی بکۆڵینەوە دەگەینە ئەنجامێك کە پێچەوانەی رای کاکی چیرۆك نووسو رەخنەگر دەسەلمێنێت ٠

سیفاتی پالەوانی چیرۆکەکە ئەفری بەسەر شۆڕشگێری چەپرەوو ئەهیچ چەشنە شۆڕشگێرێکەوە هەیە ، بەڵکو یاخی بوویەکی سەلێشیواوەو بەس ٠ لێرەدا نامەوی باسی بەدیهیات بکەم ، بەڵام دەڵێم ئەگەر بمانەوێت لە شۆڕشگێری چەپرەو وەکو مەفهوم بدوێین ، دەبێت پێش هەموو شتێ سیماو زەوشتو هەڵوێستی شۆڕشگێری تێدا بەدی بکرێت ٠ شۆڕشگێری راستەقینە ئەو کەسەیە کەبروای تەواوی بە شۆڕشی درێژخایەن هەیە ، چونکە باشترین رێگەیە بۆ رزگاری گەل لە هەموو چەوساندنەوەیەك ٠ لەبەر تیشکی ئەم حەقیقەتە ئەو مرۆڤەی ئەم چەشنە رێبازە دەگرێتەبەر پێویستە وەکو نەلێنین لەپێش هەموو شتێکدا لەسەرەوە دەست پێبکات ، واتەپێشکی خۆیو خاوخێزانی بە بیربڕیاوەری ئەم رێبازە زاخاوبدات ٠ لێرەدا پرسیارێك خۆی دەچەسپێنێت ، ئایە ئەگەر پالەوانی چیرۆکەکە شۆڕشگێرێکی چەپرەو نەبێت ، ئایە باشتر نەدەبوو ؟ وەکو ووتم و هەمووشمان دەزانین مۆمیان هەمو تیشکێك هەمیشە بەنیشانەی پاشەرۆژێکی بەختەوەرو سەرەتای کۆتایی پێهێنانی زوڵمو زۆر دانراوە ٠

ئەگەر تەماشای بۆچونی کاکی شۆڕشگێر (مەبەستم لە پالەوانی چیرۆکەکەیە) دەربارەی میللەت بکەین ، ئەومان بۆ ساخ دەکاتەوە ئەفری بەشۆڕشەوە هەیەو ئەلەمانای شۆڕشگێرێتی تێگەیشتوە ، چونکە مرۆڤی شۆڕشگێر میللەت بەنووستوو نازانێت وەکو ئەو دەڵێت : هەمووی دەڵێی « پاشماوەی جگەرەی کوژاوەی ناو ٠٠ » ٠ لێرەدا پالەوانی چیرۆکەکە لە واقیعی خۆیەوە دەروانێتە مەردم ، ئیارە خۆی وەکو « ئەصحابی کەهف » لەیەکێ لەئشکەوتەکاندا ئەو چەند ساڵە نووستووە وابۆی دەچێت گوایە خەلکی شار هەمو نووستوون تەنیا ئەو نەبێت ٠٠

هەندێ لایەنی تری چیرۆکەکە شایەنی هەڵسەنگاندنن ، بەڵام من بەمە کۆتایی بەسەرنجەکەم دێنمو ئەولایەنانەی تری ئەم چیرۆکەو چیرۆکەکانی تر بۆ نووسەرانی دیکە بەجێ دەهێڵم ، لەگەڵ رێزماداوای لیبوردن لەکاك رەئووف دەکەم ٠

شۆڕشگێرێتی بە تەرازووی ماوە پێوانە ناکرێت ٠ باشترین شێوە بۆ هەڵسەنگاندنی شۆڕشگێر ئەوەیە کە تاج رادەیەك لە مەفهومی شۆڕش و رەوشتی شۆڕشگێرو ئامانجەکانیان تێگەیشتووە ٠ کەواتە شۆڕش گۆڕینی بنەرەتیەیان خەباتکردنە لەپێناوی گۆڕینی بنەرەتیدا لەلایەن زۆربەی زۆری جەماوەرەوە نەك لەلایەن تاقە کەسێك یان بنەماڵەیەکەوە ، ئامانجی سەرەکیشی کۆمەڵگایە بەشێوەیەکی گشتی ٠٠ کەچی تەماشا دەکەین ئەو پالەوانەی کە ناوی شۆڕشگێری بەسەردانرا بەهیچ چەشنێ ئەم چەشنە سیفەتەی تێدا بەدی ناکرێت ٠ تەماشادەکەین لەماڵ دەرچوو کوڕەکەی مەمکی دەمزی کەگەڕایەوە لەیەکێ لەشەقامەکاندا بەرێکەوت بەیەك گەیشتن ٠

هەریەکەیان لەدوخێکی تایبەتیدا بوون ، باوك شۆڕشگێرەو لەترسی مانگو تیشکی رووناکیدا جیهانی لێ بووەتە چەرمەچۆڵەکە ، بەڵام کوڕە پربەدەم لە ناوەراستی شەقامەکەدا بەسەر خۆشی گۆرانی دەڵێت ، شاریش هەمووی نووستوون ، کەواتە لەو ماوە درێژەدا نەك هیچی نە گوری بەڵکو کۆمەڵبەرەو دواگەڕایەوە ٠

کاك رەئووف پشتی بەوەقایمە گوایە باوك کوڕ بەیەك گەیشتنو بەرەو خانوە قوڕەکان کەوتنە رێ ، ئەمەواتەی شۆڕشو شۆڕشگێرێتی بەدەستەوە نادات ، چونکە هەڵوێستی شۆڕشگێران بەرێکەوت درووست ناکرێت بەڵکو رەگوریشەی لەسەر بناخەی نەخشەو لێکۆڵینەوە داکوتاوەو دەست نیشانی دۆستو دوژمنانو هەمو دۆخێکی شۆڕشی کردووەو دەکات ئەمە لەلایەکەوە لەلایەکی ترەوە ئەگەر بەووردی بروانینە هەمو دیوێکی چیرۆکەکە تەماشادەکەین دروشێکی بەکارهێناوە پیچەوانەی مەبەست بەدەستەوە دەدات ٠ لە قالوبەلادا مانگ یان تیشك بۆ داهاتوویەکی رووناکو کۆتایی بەژیانی پڕ ئەندێشەو ئازار بە کارهێنراوە ، بەڵام نازانم کاك رەئووف بۆبەرەمزی درندەو بە کۆسپێك لەبەردەم بەدیهێنانی ئامانجێکی مەزنو شەرعیدا لەقەڵەمی داوە ، قەیدی نییە بابڵێین « مەعنا لەدلی شاعیردایە » ٠ بەڵام ئەگەر چیرۆك نووس بەپیچەوانەوە بۆی بچوبایەو پالەوانەکە ببووتبایە خۆزگە لێستا مانگ دەردەکەوت یان مۆمێکم چنگ دەکەوتو ئەم کۆیرە رێگەیەم بۆ ئاشکرا دەبووەوە ، ئایە باشتر نەدەبوو ؟ وەکو ووتم و هەمووشمان دەزانین مۆمیان هەمو تیشکێك هەمیشە بەنیشانەی پاشەرۆژێکی بەختەوەرو سەرەتای کۆتایی پێهێنانی زوڵمو زۆر دانراوە ٠

ئەگەر تەماشای بۆچونی کاکی شۆڕشگێر (مەبەستم لە پالەوانی چیرۆکەکەیە) دەربارەی میللەت بکەین ، ئەومان بۆ ساخ دەکاتەوە ئەفری بەشۆڕشەوە هەیەو ئەلەمانای شۆڕشگێرێتی تێگەیشتوە ، چونکە مرۆڤی شۆڕشگێر میللەت بەنووستوو نازانێت وەکو ئەو دەڵێت : هەمووی دەڵێی « پاشماوەی جگەرەی کوژاوەی ناو ٠٠ » ٠ لێرەدا پالەوانی چیرۆکەکە لە واقیعی خۆیەوە دەروانێتە مەردم ، ئیارە خۆی وەکو « ئەصحابی کەهف » لەیەکێ لەئشکەوتەکاندا ئەو چەند ساڵە نووستووە وابۆی دەچێت گوایە خەلکی شار هەمو نووستوون تەنیا ئەو نەبێت ٠٠

هەندێ لایەنی تری چیرۆکەکە شایەنی هەڵسەنگاندنن ، بەڵام من بەمە کۆتایی بەسەرنجەکەم دێنمو ئەولایەنانەی تری ئەم چیرۆکەو چیرۆکەکانی تر بۆ نووسەرانی دیکە بەجێ دەهێڵم ، لەگەڵ رێزماداوای لیبوردن لەکاك رەئووف دەکەم ٠

یەك دوو وتەو هیچی تر

ماوەیێك لەمەوبەش مامۆستا ناکام گوتارێکی لە پاشکوی کوردیی رۆژنامەی عیراقدا بڵاوکردەوەو هەندێك بیروڕای تایبەتی خۆی دەربارەی چەند وشەیەکی کوردی دەربڕیبوو ٠

منیش لە ژمارە (٣٨٥)ی هاوکاریدا چەند سەرنجێکم بەرامبەر بیروڕای مامۆستا هەبوون بڵاوکردنەوە ٠

وادیاربوو کە ئەو سەرنجانەم بە دڵی مامۆستا ناکام نەبوون ٠٠ بۆیە لە ژمارە (٣٩١)ی هاوکاریدا گوتارێکی لەژێر ناونیشانی (چەند تێبینی یا کۆڵێك تێچینی ؟) بڵاوکردەوە ٠

بەڕاستی گوتارەکەی مامۆستا ناکام زۆر (؟)بوو ٠

وادیارە من بەو سەرنجانە دڵی مامۆستام ئێشاندووە - کە هیچ مەبەستمنەبووە - خودادەزانێت - چونکە لە خووڕەوشتی من نیە هیچ کەسێك زویربکەمو دڵی بیەشێنم بەتایبەتی یەکێکی وەکو مامۆستا ناکام کە زۆر دڵی ناسکەو زووبەزوو لە قسەی راست توڕەو پەست دەبێت و هەڵدەچێت ٠

بۆیە ، من داوای لێبوردن لە مامۆستا ناکام دەکەمو پێی ڕادەگەیەنم کە لەمەوپاش هیچ ئەو مافەی نادەم بە خۆم کە بیرە قووڵەکەی ئەو (بڕوشێنم) ٠

هەروەها داوای لێبوردن لە مامۆستا ناکام دەکەم ، کە نە دەبوایە سەرنجی خۆم دەربارەی بیروڕاکانی ئەو دەزبڕم بەزلەوەی من بزانم ڕادەی زانینو زانیاریو زمانزانی ئەو چەندە ٠

چکە لەوەش کە (هەروەکودیارە !) مامۆستا شارەزاییەکی چاکیشی هەیە دەربارەی (هونەری رەخنەکاری) کە من نەمبووەو نیمەو - بەتەمای خودا - ناشمبێت ٠

هەرچۆنێکبێت - راستە : هەر نووسینێك لە ناخی خاوەنی خۆیەوە دەردەچێت!!

ئیتر سوپاس ٠

فیصل مصطفی حاجی

چەند ئیدۆمەیەك لە ترازوی وەرگێڕاندا

رەئووف عوسمان

یەکێك لە هەرە ئامێرە گرنگەکانی پەرەپێدانو پێشخستنی شارستانێتی وەرگێڕانە لە گشت مەیدانە جۆربەجۆرەکانی زانیاریو رۆشنبیریدا ٠

وەرگێڕان ئەو ووزەو تەووژمە خوڕەیە کە بە نێو شادەمارەکانی کۆمەڵدا دەڕواو ڕیشەی بوونو پێشخستنی مرۆڤی تێدا بنچ بەست دەکات ، بۆیە بایەخدان بەم هونەرە خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی بەتەنگەوە هاتنی رۆشنبیریی نەتەوەکەمانەو لە هەمان کاتیشدا کردنەوەی پەنجەرەیەکە لە سەر جیهانی بیرو میشکی نەتەوە پیشکەوتووەکانی ئەم جیهانە بەرینە ٠

یەکێك لە مەرجە سەرەکییەکانی وەرگێڕان زانینێکی ووردی سروشتی ناوەوەو دەرەوەی ئەو دووزمانەیە کە وەرگێڕکاری تێدادەکات ، بە تایبەتی لە ڕووی ڕێزمانو جۆری دروست کردنی ڕستەو بەکارهێنانی (حروف الجر) کە یەکێکە لە هەرە ئەستوونە قایمەکانی زمان ٠

ئەو کۆسپو تەگارانەی کەدێنە بەردەم وەرگێڕ چوون یەك نین ، نەك بەتەنیا لەبەر جیاوازی ئاستی وەرگێڕەکان ، بەڵکو لەبەر چۆنێتی ئەو مادە وەرگێڕراوانە ، بۆ نموونە وەرگێڕانی هۆنراو کارێکی فرە ئاخۆشو پڕ لە چەرمەسەریە ، شللێ هەرگیزدان بە وەرگێڕانی هۆنراودا نانێو بەدووریشی دەزانێ ٠

یەکێك لە مەیدانە پڕ لە مەترسییەکانی تری وەرگێڕان (زاراو وئیدۆمە) یەکە ئەمیش هەر پڕە لە تەنگەو چەلەمەو کارامەیی گەرەکە ، ئەوەی دەمەوێت لێرەدا ڕوونی کەمەوە تەنیا وەرگێڕانی چەند ئیدومەو زاراوێکە ، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی ، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی ئاستی وەرگێڕەکان ٠٠ لە هۆنراوەیەکی ئاراگۆنداکەووتویەتی : (أعمیقة العینین) ئاوا وەرگێڕاوە (چاوە قووڵەکانت) ! ئەمە جکە لەوەی کە تەنانەت ناوی دیوانەکەش هەر بە هەڵە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیو ئا بەم شێوەیە (ئەلزاو چاوەکانی ئەلزا) واتا (الزا وعیون الزا) بێ ئەوەی هەست بەوە کرابێت کە ئەو (و) بۆ سوێندە (قسم) و ئامرازی (عطف) نییە ٠

(دانانی خال لەسەر پیتەکان)

ئەم وەرگێڕانە دەقاو دەق لە زمانی عەرەبییەوە بەو هیچ گۆڕانێکی تێدا نەکراوە (وضع النقاط علی الحروف) ، مەبەست لەبەکار هێنانی ئەم ئیدومەیە ڕوون کردنەوەو لابردنی تەمو مژە لەسەر شتەکان ، کورد لە واتای ئەم بۆنەیەدا دەڵێت : پشکی نا ، ڕوونی کردەوە ، گرێو گۆلی تیا نەهێشت ، کەواتە ئیتر بۆ پەنابەرینە بەردەم ئەو وەرگێڕانەووشکو بێ تامە ؟!

فرمێسکێکی تیمساحانە :

واتا (دموع التماسیح) ئەم وەرگێڕانە دەقاو دەقە دووزە لە زرنگیو سەلیقەی زمان زانینەوە نەك بە تەنیا لەبەر ئەوەی کورد تیمساحی نەدیوە بە - تێکڕایی - بەڵکو جێژی هونەرەبی زمانیش نایسەلمێنی ٠

هەندێك لەو ئیدۆمانە بەیوەندیان بە ڕەوان بێژیەوە هەیەو زۆربەیان درکە (الکنایە)و بەزنجیرەیەك بەیوەندیی پێویستەوە بەسراونەتەوە ، مەرجە وەرگێڕ هەست بەو شتانە بکات ئەگینا تووشی هەڵەی گەورە دەبێت ٠ کورد لەو بۆ نەیدا دەڵێت : (فرمێسکێکی باوەژنانەی بۆڕشت) ٠

دەستێکی درێژی هەیە :

دوای بەراورد کردن لە گەڵ دەقە عەرەبییەکەدا بۆم دەرکەوت کە دەقاو دەق لە (لە الید الطولی)یەوە وەرگێڕراوە کە واتاکانیان ئاسمانو زەسمانە دەستێکی درێژی هەیە سیفەتی درێژیی یەکێ لە ئامێرەکانی لەشە کەدەستە ، بەڵام (لە الید الطولی) مەبەست دەسەڵاتو توانایە ، کوردیدەڵێت : دەستێکی باڵای هەیە ، واتە بەتوانایە ، یان بەدەسەڵاتە ٠

ئەم تۆفارەو دەستە خوشکەکانی :

ئەمەشیان دەقاو دەقو بەشێوەیەکی زۆر کاڵو کرچ لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕراوە ، (هذه المجلة وشقیقاتها) لێرەدا ئەوەی مەبەستمەو پێی لەسەر دادەگرم مەسەلەی نێرو مێیە لە زمانی کوردیدا ، (مجلة) لە بەر ئەوەی مێیە دەستە خوشکیان بۆ داناوە ، بەڕاو (کتیب) لەبەر ئەوەی نێرە براەدەرکانی بۆ بەکار دەهێنن ، ئەمەیان بۆ زمانی عەرەبی ڕاستەو دەبێت هەرواشبێت ، بەڵام زمانی کوردی بۆ خۆی بخاتە گێژاوی قووڵو بێ پەیی مەسەلەی نێرومێوە ؟!

بەڵای زۆربەی زمان زانو ڕۆشنبیرانەوە دیاردەی نێرو مێ تەوقێکەو چۆتە گەردنی زمانەوە ، جگە لە هەندێك بارو دۆخی زۆر تایبەتیو نامۆنەبێت ، سەلامە موسی هەروەها عەلی ئەلوەردی لە کتێبی (وعاظ السلاطین) دا بەرەنگاری مەسەلەی نیرۆمێ دەبێتەوەو بە کۆسپێکی گەورەی دادەنێ لە رێگای دەربڕیندا بە زمانی عەرەبی وەك ووتم ئەوەی مەبەستمە دروست نەکردنی مەسەلەی نێرومێیە لە زمانی بەکرتووی ئەدەبی ئێستاماندا - نەك دیالکتەکان - بەکارهێنانی ئەم جۆرە ئیدومانە لە پاشەرۆژدا دەبنە دیاردەیەکی رێزمانیو یاسایان لەسەر دادەنرێ ٠

Institut Kurde de Paris

خلیل محمد دهوکی

ژمارە (٣٩٠) ژرۆژنامە هاوکاری دەرچوو ٠ وبرادەر (صدیق شرو مزوری) ڕەخنەك لسەر هوزانا من (من دگوت و تەقەدگیرا) بە لاڤکربوو ٠ براستی جێ شانازیێیەو مە گەلەك پێخۆشە ڕەخنەگرتن لسەر هوزانو بەرهەمێت مە بێتە نقیسین ٠٠ چنکو بوێ چەندێ دێ زانین کا تورەڤانێ مە گەهشتیە چ پەیسکەکا بلند دتورێ کوردیدا ٠٠ لێ هەر کەس نە ئەوە یێ کو بشێت بارێ ڕەخنەگرتنێ بهەلگریت ، چنکو دڤێت یێ شارەزاو بسپوربیت ٠٠

ئەز وەسان دزانم کو برادەر دهوزانا من نەگشتیە، لەوا هەر زوی ئەز گونەهبارکرم ، کو نەشیانو نەکارین درویشمەکێ ڕونە دهزرا منداو زخاوزکێ پێقەتر چ زمن تائێتن ٠

برادەر فێرا دچیتو دبێت « ٠٠ نارینا تە بزاڤێ دکەت کو ڕێکا تە پاقژکەت ٠٠ بەیابانا تێهنی لژیناتە بخوینا خۆ ئافدەت ٠٠ تویێ ئەگەر بوهارا هشك ٠٠ تویێ بێزاخو زەڤەر ٠٠ تەچو بزاف نەکرن بو سەرکەفتنا هنگو هەردوا٠٠ چنکو نارینا تە یا نەچارە ، تقیا تو بکوتەکی بکەهینیە خو ٠٠٠ » ٠

برادەر ٠٠ نارینا من نەیا نەچاربوو ، تاقەتو شیبیانێت وێ هەین چ پەرێو حوریا نەبوون ، نارینا من ڕێك پاقژنەکر ، لشوینا سترێودوڕکا ، درونەدەو نەهنگ کرنەتێدا ٠٠ دیسان بەیابانژینا من بخوینا خۆ ئافندەدا ، لێ ئێك جار هشك کرو گێلەشوك و ویران کرن بەردایێ ٠٠ دگوت دێ وەکەم ، بەس وەنەکر ٠٠ هەر وەسا نە ئەزبووم ئەگەرا بوهارا هشك ،من ئەفین لدویف ئارمانجێت وێ کر ، لێ ئارمانج نەئەوبوون یێت کو وێ ددەست بێ کرنا ئەفینێدا بوو مە ڕێز کرین ٠٠

من دهوزانا حزودا ٠٠ چباسێ نەشیانو بێ زەڤەریێ نەکریە ، من نەگوتیە ، مرۆڤ نەشێت خاکێ هشك ئافدەتو ڕوین قرقچی تەرکەت ٠٠ من دگوت : بوچی تە ئارمانج ڕێزکرنو تە بن ئاخ کرن ٠٠من لومە دکرو درەووفێلێت وێ ئاشکەرادکرن وەکو دبێم ٠٠

هەر هوزویکا تە ئارمانجێتخۆ ژبیرکرن ؟!
تە خڕ هیڤیو نومێدێت من سەرژێکرن ؟!
ئەرێ نائێنە بیرا تە !!
وەك تە دگوت !
پاییزا تە دێ کەم ،
بوهارو خملینم ٠٠٠
سەدهزار دەرمانێت بژار ٠
دێ لبرینێت تە وەرینم ٠٠
پاشی دبێم !
پا تە بوچی ؟!
ئەڤ ئاگرە بەردا دل ٠٠
ئەو بوهارا تە دگوتی :ئەخملی ٠٠

دیسان نارینا من ٠٠ دشیبامن دسەردانەبەت ، دشیا هیڤیێت من سەرژێنەکەت ٠٠وەلێ وەنەکر ٠٠ سوزو پەیمان بجێ نە ئینان ٠٠ ناخفنێتشرین ، کرنە کەلەمو دلێ من کولان ٠٠ من دڤیا ئەفینەکاراستو دروست کربا ٠٠٠ ئەفینەکا پڕ باوریو خۆگوریکرن ٠٠ لێ ئەفینا وێ دسەردابرنو قاپاندنبوو ٠٠خەندەکو چال درێکا منداکولابوون ٠٠ بدزیکیقە رومو تیر دهاڤێتن ٠٠

ئەقە هەمی من نەدزانین ٠٠چنکو ئەز ئەفیندارەکێ دل سوژبووم ٠٠ ئەفین زمەژیێمن دزا ٠٠ من ژیانا خۆ ژبوو نارمانجا مەزن ترخان کربوو ،ئەوزی نەوبوو کو بکەهینە ئێك ٠٠ وباش بزانە کەس نەشێت نارینا خۆو بکوتەکی بکەهینیتە خۆ چنکو (سەیێ بزوری بجیتە نێچیرێ،نێچیرێ ناکەت) ٠٠٠ ئەقجا هەڤال ئەز لومە دکەمو درەوو فێلێت وێ ئاشکەرادکەم ، و هەکە خوکەڕکەم وەهەیە گەلەك تولازو لاوێت دیژی دسەردابەت ٠٠ مە ڕاستی دەڤێتو مەزنان یاگوتی : « مرۆڤێ درەوین جارەکێ دخوت فراڤین » ٠٠ وباوربکە ئەزدزانم « کەس بخوزیا ناگەهتە باقێ کەزیا » ومن دهوزاناخودا ، چ خوزی ژنارینێ نەکربوون ، هەتا کو ئەز خۆ ژگرێدانا خازوکێ قورتال کەم ٠٠هەروەسا نەشیانو نەکارین نە درویشمەکێ ڕونە دهزرامنداو ئەز دزانم هەکە ئەز نەسوژمو تو نەسوژی ، ئەفینا ڕاستو دروست پەیدا نابێتن ٠٠ و هەر مروڤەکێ لدویف ئەفینەکا ژڤی ڕەنگی بچیت ، ئەفینا بناغێ وێ درەووفێلبن ، دێ شەرمزاربیتو نازارو کوفان ئێنە رێکێ ٠٠و هەکە لدویف ئەفینا هو بچین ، بهزارەها گەنجو لاوێتوەکو من و تە دێ ئێنە سوتن ٠٠ دڤێت ئەم ڕاستیێ ژنەڕاستیێ جداکەین ، دا بکەفینە دئەفینەکا ڕاستوباقژدا ٠٠ چنکو هەکە ئەفین زمەژی نەبیت ٠٠ پڕ نومێدوئارمانجێت ڕاستو دروست نەبیت ٠٠ ئەو ئەفین یاباشکەفتی یەو دویماهیا وێ هێلانو ئەمانو لومەکرنە ٠٠و چ ئەفینا بناغێ وێ خاپاندنو درەوو حیلەبن ، مە بڤێتومەنەڤێت دێ دویماهیا وێ هوبیت ٠٠

ئاخابێی خەما

١- ولاتێ من ٠٠٠
وەلاتێ من هەی بەفرو خوین ٠٠٠
تونە باغی ٠٠!
دائەز بێژم ئەو باغێ گاڕانێ جەرین ٠٠
من نەفێنێ
تو نە لەعلی شاهو ئەزمەسەماغا ٠٠
دا ئەزبژم ئەو سینگێ هاتیە بەرخین
من زێ نەڤێت ماچو نەڤێ
نە : تو بەحرێو
« بەحر بەدەڤێ سایس نابیت »
دل ژ ئەڤینێ ڕیس نابیت
× × ×

٢- دایکا من ٠٠
ئێقاریا
ژئارونکا خەریبیا
دایکا من ل سەرێ ڕوبا
لهیڤیامنە
ئەزێ دبینم دشت جیارا
یادکەت گری
یا گازی دکەت خوری مەزانی یا گەلۆ
کانێ سەحە ئان بێ موری
وەلێ جیلکەم هەی بیبکا هەردو چاڤان
هۆیە ژیان ٠٠ هۆیە ژیان

٣- جد یارا من ٠٠
یارێ ٠٠ یارێ
ئەز ئەڤرو کو تەزدهی
ئەز عاشقێ واچاڤامە
یان تیهنی بێ
گرنژینا سەر لینامە
ئەڤروکە بووری سێ ساڵە
چاڤێ من لبەژنا شەباڵە
بهەژیتن وەك چناری
لواری دلی من هەی یارێ
× × ×

موید طیب

محمد سعید بریفکانی « پاشماوە »

لەهجـا کوردی بادینانی ،دگـەل عـەرەبی تێکەلە
قەنجی‌و چاکی‌و نصیحەت ،پارچـەکا وەصفێ بهـار
نەوملێ وێ بەسمەلەبو ، ئو ژناخر حـەمدە لە

مەگوتی ـ بریفکی ـ لگەلەك گوندو باژێران گەڕیایە ژبـەر ئەگەرا خانـدنێ ٠٠ چیرۆکاگەڕیانو چونو فەزفرینا خـۆ ژفی گوندی بو ئـەڤێ دی ،هەمی بهۆزان فەهاندیە ٠٠ باسی جـوانو کەلەشی‌یا وان‌گوندان ، سەیداو مامۆستایان، مزگەفتو جهێت خانـدنێ ،باسی هەمیـان بئەزمانەکێ تەڕو سەلیقەکا شـەنگ‌کریە ٠٠ ئەڤە چەند مالکەك ژوێ هۆزانێ :

ئەز مام تنێ بێ‌مالو حـالهـەم بێ مرۆڤو بێ هەڤال
چاڤ لبـەر لوطفا ذو الجلال‌بوتە چ بێژم ، ئەی غەریب !؟

× × ×

ئەز نەڤل بوم چـوم ئەتروشێ‌گوندێ علـومو دل‌کەشێ
دویری بـەلاو قەرقـەشێ‌بوتە چ بێژم ، ئەی غەریب !؟

× × ×

گوندێ حەفید (یەحیا ئەلزور)نێزیکی تە گەلـەك نەدور
جار جار هـەبو بومە مروربوتە چ بێژم ، ئەی غەریب !؟

× × ×

گەلەك نەمـام ددەورێناچەرخا فەلەك دەورەك لێـدا
ئەز هاڤێتـم ـ بامەرێ ـ دابوتە چ بێژم ، ئەی غەریب !؟

× × ×

جەننەت صفەت خۆش بوگەلەك‌خـلابة قلبی مـلك
لکۆلانا ئاڤ بـونە خەلەك‌بوتە چ بێژم ، ئەی غەریب !؟

× × ×

... هتد .

هۆزانڤانێ مە گەلەك هەڤال‌وخۆشتفێ شاعرێ مـەزن ـ ئەحمەدێ نالبەند ـ بـو ٠٠لەوڕا هۆزانێت وی تەخمیس کرینە ٠٠ یان هۆزان دگـەل‌پێگفە ڕستینەو فەهاندینـە ٠٠ بەیتەك ژوی بەیتا دی ژێ‌دی ، حەتا دیماهیا شعرێ ، دیسان مە بەری نهـو گوت ـبریفکی ـ شعر بئەزمـانێ کوردی‌و عەرەبی‌و فارسـی‌فەهاندینە ٠٠ نووکە پارچـە هۆزانەکا وی بهەرسـێ ئەزمـانان ژوەڕا دشێنین ٠٠ مالکا ئێکێ کوردی‌یە ژفەهاندناوی‌یە ، یا دوێ عەرەبی‌یە هەر ژفەهاندنا وی‌یـە ، یاسێ‌فارسـی‌یە ژفەهاندنا ـ ئەحمەدێ نالبـەند ـ ە ،یاچارێ و پێنجێ فارسی‌نـە ، دیسا ژفەهاندنا شاعرێ مەنە٠٠ ئانکـو بئاخفتنەکا دی ، ژهەر پێنج مالکان بتنێ مالکاسێ ژفەهاندنا (نالبەند)ە ، یێت دی هەمی‌ژڕستن‌و داناناـ بریفکی ـ نە :

دو چـاڤو دل بفرمانت
عواطفـك فمـا لانت
فدای روحـم و جانت ـنالبەند ـ
کمان أبـرو دو چشمانت
دهد غمـزە ز احسانت

× × ×

تە مورەیحان تە موسونبول
أورد فی عیـون الکل
منم بلبل فـدای گل ـنالبەند ـ
خشـنا وقتی ربـای دل
همـان باتیری موژگانـت

× × ×

چ عەردێ بێ ، دبت جەننەت
قلوب فیك قـد حفت بگویـم از رهی منت ـ
نالبەند ـ

دلم بـر روی در حسنت
چە گوئی زلف چوگانت ؟!

× × ×

چ بێژم ئەز کو سۆتم ئـەز
فانت المکـرم المعـزز
نرم شد بندەرا چون قز ـنالبەند ـ
توأم مطلوب خـاطر أز
همان جمعی ز خـو بانت
... هتد .

× × ×

دیسان ـ ئەحمەدێ نالبەند ـ هۆزانەکا بئەزمانێ عەرەبی‌و کوردی تێکەل فەهاندی ئەڤـەسەرێ وێ‌یە :

أمـانا یا رسول الله أمانـاحبیب الله تـو ، تورا جسمو جانی

هۆزانڤانێ مەر محمد سعیدبریفکی ـ ئەو هۆزان هـەر بئەزمانێ عەرەبی‌و کـوردی‌تێکەل ، هندی بێژی جوانو پڕ هێز تەخمیس کری‌یە : **أیا ربی رسـول قد أتانا أجبنا ربنـا فیما دهانـارحیم انت رحمـان ترانـا (أمانا یا رسول الله أمانـاحبیب الله‌تو ، تـورا جسمو جانی)**

کادا بزانیـن عەرەبی‌داهۆزانڤانێ مە چەوایە ؟! حەتا کیش یـەیکێ ـ دەرەجێ ـسیارو مەلەفان بویە ؟! دەمـا سەیدانێ وێ‌ی هێژا مـەلانەحمەد ئاکرەبی جویە بـەر دلوڤانیا خودێ ٠٠ ئـەوی‌هۆزانەکا پڕ شینی‌و گـری ژێرا بئەزمانێ عەرەبی فەهاندە٠٠ وەسا جوانو تورینـو لەوەند ، تو دبێژی ژ فەهاندناهۆزانڤانەکێ سـەردەمێ عەباسی‌یە ٠٠ ئەڤە چـەندمالکەك ژێ :

الا قلبی لا تجزع وجل ساحةالصبر
ملئت مصـابا بل ملئت من‌الضر
فقـدنا عظیما ، بل عظیم وأحمد
وبالبر والتقوی قضی أطـول‌العمـر

حەتا دبێژیت :

وزد واحـمدا أرخ لفـوت‌امامنـا
(توفی عن بر ، ومن أحمـدالعقری)

١٣٧٨ هـ

طاها محمد لەعلا ،مرۆڤەکێ‌روح سڤك‌و ئاخفتن شـیرین بو ٠٠ مشە شعرێت کوردی‌وعەرەبی‌و فارسی ژبەربون ٠٠ ئەو دگـەل هۆزانڤانێ مە ،وشـاعر مەمدوح بریفکی‌و شێخ عبیدالله بریفکی‌و کەلەك‌ئەدەب دوستێت دی ، لکۆچکا عبیدالله بریفکی لدهۆکێ کۆم‌دبون ، زبـەر ئەگـەرا شەڤبێری‌ئو وبـەرێکانی‌وهەمرکی‌ئت شعرێ ٠٠ دیارە ـ لەعلا ـ دەورەکێ بـالادکۆچکی‌دا دکترا ٠٠ لـەوڕا دەما چویە بەر دلوڤانیا خودێ ،هۆزانڤانی شعرەکا هندی بێژی ژێهاتی بشینی‌یا وی دانـا ،ئەف ئەنها دەستپێکرنا وێ‌یە :

ترکت لنا حزنا وأدبرت عن غم‌وآسفتنا قلبا ، ملئنا من الهـم

لدیماهیێ ئەگوتـارەك‌وئەدوو ، دکارن مافێ فـی هۆزانڤان وزانانێ مـەزن‌وپایەبەرز بدەنێ ٠٠ لـەوان هیڤیدارین وکوتارێت داهاتی‌دا بتر تیروشکێ بدەینە قۆناغ‌و قورئەنێت نـە روونکری‌ئت‌هۆزانڤانی‌یا فی بلیمـەت‌و فەرمەسونی ٠ ئو نـەم‌سۆپاسداری کوڕێ وی هێژا مسعود محمد سعیدی‌ئە ، کودەستێ یارمەتی‌ئ زمـەڕا درێژکری ، دەمـا کتێبخانەودەست‌نڤیسێت هۆزانڤـانی دانانە بەر دەستێمە ٠

بەبۆنـەی شەستەمین « پاشماوە »

لە زوربـەی مەیدانەکاندا نـەگەری بەئوردووکای سەرمایەداری چۆل کردوە ٠

یەکیتی سوفیەت لەسـای‌شۆڕشی ئوکتۆبەردا لەماوەی ئەو شەست ساڵەدا لەمەیدانی ئابووری‌و کۆمەلایـەتی‌و رۆشنبیریدا ئەوەنـدەسەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێناوە کە تەنیا لەژێر سێبەری‌سیستەمی نـوێی سۆشیالیستیداو بەهێـزی‌یەکگرتـووی کرێکاران‌و جووتیاران‌و چینـەرەنجدەرەکان لە ماوەیەکـی واکورت‌و لەوڵاتێکدا کـەبەوچەشنە بووبێتە قوربانی دووشەڕی گەورەی جیهـانی‌تواتای بەدەست هێنانیـان هەیە ٠

لە سیاسەتی دەرەوەشدایەکیەتی سۆڤیەت ئێسـتا بۆتە پاڵپشتێکی بەهێـزی‌جووڵانەوەی رزگاریخـوازی‌و دژی ئیمپریالیستی جیهـانی‌وئەو یارمەتیە بێ دریخەی لـە ئاسیاو ئەفریقـاو ئەمریکای‌لاتیندا پێشکەشی گەلانـی ژێر دەستەو نیوە ژێـردەستەی کردوە زۆر لـەوە ئاشکراو بەرچاوترە کـەبێویستی بـە باس کردن‌و پەنجە بۆراکێشان هەبێ ٠

یەکیتی سۆڤیەت بـەپێی‌ڕێبازی شۆڕشی ئوکتۆبـەر پشتگیری‌یەکی بێ‌وچانی لـەجووڵانـەوەی رزگاریخوازی عەرەب کردوە گەلی عەرەب لەخەبـاتی دژی ئیمپریالیستی‌و زایۆنیستی‌و کۆنە پەرسـتی‌خۆیدا هەمیشە یەکیـەتی سۆڤیەتی وەك دۆسـتێکی‌وەفادارو پاڵپشتێکی گەورە لە تەنیشت خۆیانەوە هەست‌پێ‌کردوە ٠ هەر ئێستا لـە کۆڕوکۆمەلە ناو نەتەوەییەکاندایەکیەتی سـۆڤیەت پشتیوانیەکی بێ پسـانەوەلە مەسەلەی مەرکەزی عەرەب واتە شۆڕشی ڕەوای گـەلی‌فەلەستین دەکاو باشـترین پێـوەندی هاوکاری‌ودۆستایەتی لە گەل رێکخراوی رزگار کەری فەلەسـتینداهەیە ٠

بێگومان عیراقی حەڤـدەی‌تەموز بە سەرکردایەتی حزبی بەعـسی عەرەبی سۆشیالیستەهەر بەدوای شۆڕشی ١٩٦٨ دا رۆژبەرۆژ پێوەنـدی‌پێوەندی دۆستایەتی لە گـەل وڵاتی شۆڕشی ئوکتۆبـەربەهێزکردوەو لە ساڵی ١٩٧٢ بەم لاوە ئەوپێوەندیە بە هـۆی‌بەستنی پەیمانی دۆستایەتی‌و هاوکاری عیراق‌و سۆڤیەتەوە گەیشتۆتە لوتکـەی هەرەبەرزی پتەوی‌و بەهێزی٠

سڵاو لە یادی شەسـتەمی‌شۆڕشـی سۆشیالیستی ئوکتۆبەرو سەرکەوتن بـۆمەسەلەی هەق‌و عەدالەت لـە جیهاندا ٠

چیرۆکی منالان « پاشماوە »

کرد کە سەر تاپای گیانـی‌داگرتبوو ٠٠ بە تـرس‌و لەرزێکەوە ئاورێکی دایەوە٠٠دی ، بەلام چ ببینـێ ! دی کلکەکەی پچڕاوەو قـوتبوەتەوەو بەشێکیی لەئێـو ئاوەکەدا ماوەو سەهۆلەکـەبەستویەتی ٠٠ بـە پەرێشـانی‌یەوە مام ورچەلتەك ، هەلتەك گەرایـەوە لانەکەی بێ ئەوەی هیچـی‌پێ ببرێ ناڵێم مەگەر هـەر تەنیا کلکە قوت بوەکـەی‌نەبێ !! لەبەردەم خۆیـا ئەیگوت :

ـ ئای ! چەند حـەزئەکەم ئەم رێویە فێڵبـازەم جنگ‌کەوێ تا ونجـرونجـری‌کـەم !

لەم لایەشەوە ، مامرێـوی‌لـە نێو لانـە گـەرم‌و خۆشـەکەی‌دا لێی پـاڵکەوتبوو گاڵتەی بە مامورچ ئەکرد ولە قاقای پێکەنینـی‌ئەدا ٠

بۆیە هەر

لەو رۆژەوە تا ئـەمرۆش‌مام ورچ هەروا کلـکی کورتە ٠٠

ئەو خواردەمەنی‌یەی « پـاشماوە »

ئەکەوێت یاناکەوێت ئـەوە گوزەرانی‌یە ٠٠
هەرگوێی مەدەرێ ٠٠!! ئـەو
جۆرە کەسانە پێ‌بزانن یاتـەی
زانن بەو کارەبان خشـتێکی
بناغەی ئابوری خـۆی‌و
وڵاتـەکەی هەلدەکەنێت ٠
هەموش ئەوە دەزانین کـە
ئابوری لە هەمو دەمێکـداو
ئێستاش زیاتر بەردی بناغەو
مورەغەی پشـتی پێشکەوتن‌و
گەشـەکردن‌و خـۆش
جا خوێنەری خۆشەویست
بالەم ڕوەوە خۆمان فیـری
ئەوە بکەین کەشت بەفیـرۆ
نەدەین‌و دەست بـلاوی واز
لێ‌بهێنین‌و ئەوەندەی پێویستی
خۆمان شت بەکار بهێنین ،
بەم‌کارە خزمەتێکی گـەورەی
خۆمـان‌و نیشتمانەکەمان
دەکەین ٠

بکر محمود « پشماوە »

هەر لـەم کۆنگرەیەدابارەکای ئۆرگانی ئەفەریقایی بۆ کاروباری کۆمەلایـەتی‌دەستنیشان ئەکرێت ، لەگەل دیاری‌کردنی کات‌و شـوێنی‌پێنجەمین کۆنگرەی وەزیرانی کاروباری کۆمەلایەتی عەرەب‌وەك ئاشکرایە کۆبونەوەکانی شارەزاو بسـپۆرەکانی‌کۆمەلایەتی عەرەب لەهەفتەی رابوردودا لەقاهیرە دەستی‌پێ‌کردبو ئەویش بـۆ ئامادەکردنی ئەم کۆنگرەیە ٠٠ بـەڕێز عبدالجبار عبدالمجید جێ‌گری وەزارەت‌و هەنـدی‌فەرمانبەرانی تر لە وەفدەکەدا بەشدارن ٠

هەوژێـرەلـئ

ـ فاروق ئامێدی ـ

ـ کوزرێ هینە بایێ ناڤ‌گەلیاو بن تەڕاشامە
ـ دل مایێ حـەودوفەرشێن بەر جۆکو سـەر کانیامە
ـ گوهـ گرانێ بولبـولوشالیلاو نێرەکەوامە
ـ پرجۆشێ شرشرا ئاڤـابەر کەفرو سەر کەفرامە
ـ پرسۆزو شەیدایـێدرپی‌و گولێن دەحلو بیشامە
ـ صەودایێ سیبەرا نزاروشەنگبی‌یاو چنارامە
ـ شێت‌وهـاریئاڤـزەلالێن بن حەلان‌و سەر گەلیامە
ـ کوشتیێ سەر زیرکو بن‌زیرکێن بەر شاخامە
ـ جاڤروندکێ دیتنـادیفلەرزینکو بەرکـورەو زەلوێلامە
ـ شەپرزەیێ هەلدرپایی‌وکەفتیێن بن تەڕاش‌و بـەر رێکامە
ـ پرخەمێ ستێرەگشـێن‌شینەعەسمانێ سەر (چالیا) مە
ـ مەلویلێ سۆزو ئاوازێن‌بلوورێن شفانامە
ـ کەفتیێ سـەر گفاندەوتەقنەشێلێن زەفیێن برنجامە
ـ نەخوشێ برینا ئەڤرازیاونشیفیێن پەیا رێکامە
ـ شەیدایێ چەقەچەقـاددانێن بان‌گێرو دارفانامە
ـ دامایێ لەرزەلـەرزاطەیروطەوالێن بەر شلۆڤـو بارانامە

شیعرو فەلسەفە « پاشماوە »

نێوان وێنەگرو شـتە حەقیقی‌یەکە ، پەیوەندی‌یەکی ئێجـگار دوورەو پەرێز ئەبێت‌و سێ‌پلە لە خـوار حەقیقەتەوە ئەبێت » ٠

لێرەدا ـ ئیفلاتوون ـ ئەیەوێ هێرشەکەی بباتە سەرشیعر ، چونکە لای‌ئەو شیعر ، بەتەنها وێنەگرتن‌و لاسایی کردنەوەیەکی بێ‌ڕێ‌و جێ‌یەو هیچی‌تر ٠

سەرچاوەی ئـەم بۆچوونەی ـ ئیفلاتوون ـ رووانینە ئایدیالیزمە چەقیوە ، یەك مەودایی‌یەکـەی کات‌و شـوێنی گەردوون‌و کۆمەڵـە ٠٠ لای ـ ئیفلاتوون ـ لەناوچەندین کەس‌و کردارو هەڵوێستی ڕەواو نارەوادا ، تەنهـایەك دادبەرومەری‌و یـەك ناڕەوایی هەیە ٠٠ هەروەها لای ئەو لەناوشتە جیاواز جۆربەجۆرەکاندا کە هەمان ناویـان هەیە ، وەك ـ جوان ـ ، ـ تەخت ـ ٠ وانە ، هەرچەندە شـتە جوانەکان جیاوازو جۆربەجۆربن ، بەڵام بە شێوەیەك لە شێوەکان ، تەنها جوانی یەك هەیەو بەس ، ئەویش ئەتوانن لە ناوسەرجەم شتەجوانەکاندا یەکێك یان دەست نیشان بکەین ٠٠ یان ئەو ماهی‌ئی جوانی‌یەی کە هەیە هەلی بژێرین ٠ گەرێ‌و بەوجۆرە نەبێ ، زۆر کارێکی نابەجێیە بەهەموو شتێکی جوان ، بڵێیـن جوان » ٠

کەوابوو ، ئەبێت لەرێبازە فەلسەفی‌یەکـەی ـ ئیفلاتوون ـدا جیهانێکی ماقوول هەبێـت ئەویش بریتی‌یە لەکۆمەڵە وێنەو ئایدیایەك کە بە چاوی عەقل ئەبێ نابینرێن ٠٠ جا ئەگـەر نەتوانین لەوجیهانەتێ بگەین ئیتر نە جیهان‌و نەقسەکانمان ـ بەپێی بیروڕای ئیفلاتوون ـ واتایەکی نامێنێ ٠ وەلەبەرئەوەی شیعر لای ئیفلاتوون بەپێی مەفهوومی لاسـایی کردنەوە ، لاسایی کردنەوەی شتە هەست پێ‌کراوەکانی نـاو سروشت‌و ئەوانەی پەیوەندی‌یان بەمرۆڤـو هەسـت‌و عاتیفەوە هەیە ئەمانەیش بەگشتی وێنەی ئایدیـایی شتەکانە لەپلەی یەکەمدا ٠ واتە پلەی هەست پێ‌کردنی شتە عەقلی‌یەکان یاخود ، ئاکـە جوانی‌ی ، ئەمەیش ئەوە ئەگەیەنێ ، لاسایی‌کردنە وەلەبێناوی لاسـایی کردنەوەدا ، کە هیچ نرخێکی نی‌یەو هیچ زانسـتێك بەمرۆڤ نابەخشێ ، جا بۆ ئەم مەبەستە ، نموونەیەکی بەناوبانگی هێناوە ، ئەڵێت :ـ

« لەجیهاندا چەندەها جۆر (تەخت) هەن ، بەڵام گەر لەبنچینەدا بیری (تەخت) نەبوایە هەرگیـز تەخت نەئەهانەکایەوە ، ئەوەی کەتەخت دروسـت ئەکات ، لەوە بەوڵاوە کە لاسایی تەختە ئەسڵی‌یەکـە ئەکاتەوە ، شتێکی‌نازەی نەهێنـاوەتە گۆڕێ ٠٠ پێ گومان ئەمەیش پیشـەیەکی ریسوایەر شـایانی مرۆڤ‌نی‌یە » ٠

پایەی شاعیرو ، وێنەکێش لای ـ ئیفلاتوون ـ لەیەك ئاستدایە ٠٠ بەبڕوای‌ئەو ، شاعیر کردارەکانی خەڵکی ئەنەخشێنێ ، وێنەکێشیش لاسایی دیـاردە هەسـت پێ‌کراوەکان ئەکاتەوە بۆیە کاری ئەمانە دووجار لەحەقیقەتەوە دوورن ٠

● ملوبەتی ●

بەیـان

بە پێی ئامانجەکانی شۆڕشی ١٧ی تەموزی نەتەوایەتی‌پێشکەوتوخواز بۆ بڵاوکـردن‌و گەیاندنی زانیـاری بۆ جەماوەری گەلەکەمان لە هەموو ووڵاتداو بەرزکردنی پلەی‌ڕۆشنبیری‌و زانیـاری‌و بەپێی بڕیارەکانی کۆنگـرەی هەشتەمی هەرێمـایەتی پارت ، پارتی بەعسی عەرەبی‌سۆشیالیستو بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە هەمانەو بەگوێرەی ئەمری وەزاری ژمارە ذ٠د/١٠٥٥٦ رێکەوتی ٢١ـ٢ـ١٩٧٦ ،بڕیارمان دا جەند قوتابخانەیەکی ناوەندی تەکمیلی بـەم جۆرەی خوارەوە بکەینەوە :ـ

ناوی قوتابخانەکە	ژمـارەی سەرژمێری	شوێنەکەی
١ ـ ناوەندی زاویتەی تەکمیلی	١١ـ٣ـ٢٨	ناحیەی زاویتـە/پاشکۆیە لەگەل قوتابخانەی زاویتـەی سەرەتایی کوڕان ٠
٢ ـ ناوەندی فایدەی تەکمیلی	١١ـ٣ـ٢٩	ناحیەی سمێل/ پاشکۆیە لەگەل قوتابخـانەی فایدەی سەرەتایی کوڕان ٠
٣ ـ ناوەندی بێتاسی تەکمیلی	١١ـ٣ـ٣٠	ناحیەی رزگاری/پاشکۆیە لەگـەل قوتابخانەی بێتاسی سەرەتایی کوڕان ٠

بەرێوەبەری پەروەردە
انعام غائب محمود

بەیانی ژمارە (٥) ساڵی ١٩٧٧
لە وەزارەتی بازرگانیەوە

بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی رێکخستنی بازرگانی ژمارە٦٨٢ رێکەوتی ١١ـ٩ـ١٩٧٧ نرخی سەموونی لۆف بـەم جۆرەی خوارەوە ئەبێت ٠

چەشنی لوفەکە	نرخی هەریەکەیان بە فلس پێش قاش‌کردنو لە کیسەنانی	نرخی هەریەکەیان پاش قاش‌کردنو لە کیسەنانی	قورسـایی پێش برژاندنی	قورسـایی پاش برژاندنی
جاك‌کراو	٥٥	٦٠	٧٢٠ غم	٦٢٠ غم
جاك‌نەکراو	٤٥	٥٠		

هەموو فرۆشیارو خاوەن فرنەکان ئەبێ بەو نرخانەی‌کە لە سەرەوە بڕیاری لەسەر دراوە بڕۆن بەڕێوە ، لـە رۆژی بڵاوکردنی ئەم بەیانە لە ڕۆژنامەکانی ناوخـۆیی‌ونەوەی سەرپێچی بکات بەپێی ئەحکامی یاسای رێکخستنی بازرگانی ژمارە (٢٠) ساڵی ١٩٧٠ سزا ئەدرێت ٠

وەزیری بازرگانی
حسن علی

Institut Kurde de Paris

ڕێڕەو

بێوێستە لەسەرمان تێبگەین ئەم وڵاتە هەبووە بۆ ئەوەی هەروەك خۆی بمێنێتەوە «عیراق هەتا هەتایە» وەك خۆی بەسنورە جوگرافییە کەیەوە گۆڕینی وێنە سیاسی‌یەکەش بە خەباتی یەکترتوبی‌و ئامانجەکانی یەکگرتنەوە بەندە هەروەها پێویستە تێبگەین کە مەسەلەی نەتەوەیی بەشێوەو داڕشتنی ئۆتۆنۆمی مامەلەی لەگەل ئەکرێ ·

« هاوڕێ صدام حسین »

چاپکراو دەربارەی عیراقی نوێ

(صدام حسین لە کاروباری ئیستای عیراق ئەدوێ)

لە تەموزی رابوردودا دەزگای چاپکردنو بڵاوکردنەوەی لە لەندن کتێبکی لە ژێر ناونیشانی « صدام حسین لەروداوەکانی ئیستای عێراق » ئەدوێ بڵاوکردەوە ·

لە نێووانی لاپەرەکانیدا هەندێ بیروباوەڕی جێگری سەرکردایەتی شۆڕشو شۆڕشی عێراقی تیا بڵاوکراوەتەوە · بەتایبەتی ئەو قسانەی کە لە کۆنگرە ڕۆژنامەنوسیەکانو سیمینارەکاندا لە نێوان یەکی حوزەیرانی ١٩٧٣ تا بیستو شەشی نیسانی ١٩٧٤ کردونی · کتێبەکە نوسەرو هونەرمەندی عێراقی خالد قشطینی کردوێتی بە ئینگلیزی ، کە لە ناو لایەنە ڕۆشنبیری‌یەکانی بەریتانیا ناسراوە ·

بێ‌گومان دەرخستنی ئەم بیروباوەڕانە بۆ خوێنەری بێگانە بەشێکی نایابو ڕاستگۆیانە ئەدرێتە قەڵەم ·

نوسەر هەوڵئەدا ، لەنێوان ئەو وتە وتارانەی کە بەرێز صدام حسین لە کۆڕو سیمینارەکاندا خوێندوێتەوە ، لە خوێنەری ڕۆژئاوایی بکەیەنێ ، کە تا ج ڕادەیەك شۆڕش لە عیراقدا لە پێش‌کەوتندایە · هەروەها لایەنەیکی زیندوی ئسلوبی صدام حسینو بیرکردنەوەی بەرامبەر ئەو بارە سیاسیانەی عیراقو نەتەوەی عەرەب پیادا تێ ئەبەرێ ئەخاتە ڕو باسی ئەو کۆبونەوەیە ئەکا کە لە ١٧ ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣ دا گیراو ، ژمارەیەکی زۆر شەخصیاتی کوردی بێ‌لایەنی تیایدا بەشداریان کرد بۆ ئەو پروپاگەندانە ئەوروپیانە دانێ ، کە زۆر لایەنی راستیان لە مەسەلەی کورد گۆڕیوە · گرنگی کتێبەکە بایەخ ئەدا بەو لایەنەی کە زوربەی لێکۆڵەرەوە فەرەنسیەکانو ڕۆژئاواییەکان، هیچ بایەخیان نەداوە بە پێداویستی واقعیو لە بارو بەڵگەیان نیە بۆ ئەو باسانەیان ، بەڵکو تەنها لە لایەنی بۆچۆنو تێگەیشتنی خۆیانەوە سەیری مەسەلەکەیان کردوە ·

نوسەر باسێکی تەواو شێتەڵکراوەی خەریتەی هێزە سیاسیەکانی عێراقی کردوە · هەر لە عێراقی کۆنەوە تا ئیستای عێراقی نوێ ·

لە بەشی چوارەمی کتێبەکەیدا باسی هێزە سیاسیەکانی ئەمڕۆی عێراق ئەکات ، پاشان بە شێوەیەکی تایبەتی دێتە سەرباسی مەسەلەی کوردو بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠ · نوسیویەتی حزبی بەعس پێش ئەوەی دەسەڵاتی بێتە دەست ، بڕوای بە بەدی هێنانو گەڵەکردنی پەرەپێدانی ئابوری راستەقینە هەبوە لە وڵاتدا ، هەرچەندە یاخی بوونی جەکدارانە لە کوردستاندا بەردەوامبوە ·

بەیان نامەی ١١ ی ئازار تیایدا هاتوە کە ئەڵێ بزوتنەوەی نەتەوەی کوردو بزوتنەوەی نەتەوەی عەرەب ، دوو بزوتنەوەی دیموکراتین بەشێوەیەکی مەوضوعیانە دژی هێزە کۆنەپەرستەکان ئەوەستن · یەکێتی ئامانجی عێراق ئەخاتەڕێ لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبداو تێکۆشان دژی ئیمپریالیزم لایەنەکانی تری کۆنەپەرستی ·

ئینسان لە هەڵەکردنەوە دورنیە ، هەر چیەکیش الە ئینسان دای ئەهێنێ مەرج نیە بەشێوەیەکی تەواوبێت · لەم کۆبونەوەیەدا کە لە مسوەدەی یاسای ئۆتۆنومی ئەکۆلینەوە پێویستە توانای عەرەبی بێتەکار بۆ ئەوەی لایەنی ڕوانینی کوردی بکرێتەوە ·

هەروەها پێویستە کوردێکیش وەك براعەرەبەکەی بێت ، بەراقعی هەردولایان کە گەلی عێراقنو لە نیشتمانی عیراقدا ئەژین ، بڕوانن ئەو ئامانجە سەرەکیانەی کە ئەبێتە دەستەبەری دوارۆژی عێراقو ئەو بیروباوەڕانەی کە بەوەندی نێوان کوردو عەرەب پێکەوە ئەبەستێ بڕوام وایە ئەگەر لەم خاڵەوە دەست پێ‌بکەین، ئیمپریالست گوڕ ئەداتە خۆی بۆ هەڵوەرگرتن لەم جیاوازیەو لایەنی تر ، تاوەکو هیوای گەل بروخێنێ ·

عێراقی نوێو مەسەلەی کورد

« عێراقی نوێو مەسەلەی کورد » کتێبێکی نوی نوسەری عیراقی (عزیز الحاج)ە ، کە بەزمانی فەرەنسی لەم ماوەیەدا دەرچوو · لە کتێبەکەیدا باسی ئەو گۆرانانە ئەکات کە بەسەر عێراقدا هاتوە لە بواری سیاسیەوە لە سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەوە تاوەکو دان پیانانی ئۆتۆنۆمی کوردستان·

بێ‌گومان کتێبێکی بایەخدارە ، روبەروی خوێنەرانی فەرەنساو ئەوروپا ئەدوێو بەشێوەیەکی گشتیو مەوضوعیانە ، هەوڵ ئەدا کرد بۆ ئەوەی لە مسوەدەی یاسای ئۆتۆنۆمی بکۆڵنەوە ·

کە « صدام حسین » تیایدا وتی ئیمە نامانەوێ لەم کۆبونەوەیەدا لوێ بکرین لەوەی کە لایەنگیری حکومەتو حزبی بەعس هەیە · زۆر جار دورنیە ، هەر چیەکیش کە حەدێ بۆ ئەو پروپاگەندانە ئەوروپیانە دانێ ، کە زۆر لایەنی راستیان لە مەسەلەی کورد گۆڕیوە · گرنگی کتێبەکە بایەخ ئەدا بەو لایەنەی کە زوربەی لێکۆڵەرەوە فەرەنسیەکانو ڕۆژئاواییەکان، هیچ بایەخیان نەداوە بە پێداویستی واقعیو لە بارو بەڵگەیان نیە بۆ ئەو باسانەیان ، بەڵکو تەنها لە لایەنی بۆچۆنو تێگەیشتنی خۆیانەوە سەیری مەسەلەکەیان کردوە ·

نوسەر باسێکی تەواو شێتەڵکراوەی خەریتەی هێزە سیاسیەکانی عێراقی کردوە · هەر لە عێراقی کۆنەوە تا ئیستای عێراقی نوێ ·

لە بەشی چوارەمی کتێبەکەیدا باسی هێزە سیاسیەکانی ئەمڕۆی عێراق ئەکات ، پاشان بە شێوەیەکی تایبەتی دێتە سەرباسی مەسەلەی کوردو بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠ · نوسیویەتی حزبی بەعس پێش ئەوەی دەسەڵاتی بێتە دەست ، بڕوای بە بەدی هێنانو گەڵەکردنی پەرەپێدانی ئابوری راستەقینە هەبوە لە وڵاتدا ، هەرچەندە یاخی بوونی جەکدارانە لە کوردستاندا بەردەوامبوە ·

بەیان نامەی ١١ ی ئازار تیایدا هاتوە کە ئەڵێ بزوتنەوەی نەتەوەی کوردو بزوتنەوەی نەتەوەی عەرەب ، دوو بزوتنەوەی دیموکراتین بەشێوەیەکی مەوضوعیانە دژی هێزە کۆنەپەرستەکان ئەوەستن · یەکێتی ئامانجی عێراق ئەخاتەڕێ لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبداو تێکۆشان دژی ئیمپریالیزم لایەنەکانی تری کۆنەپەرستی ·

کور و کچێکی لادێ‌ی‌تازە پێیان نابۆ گۆنەری گەنجیوە · دوور لە ئاوایی ،دوور لە چاوی ڕەنجدەران، لە پشت کۆمەڵە خەرمانیەکدانیشتبوون ·

گیژۆڵە ڕند و جوانەکە ،کراسە چیتەکەی بەری بە دەیان پارچەی ڕەنگا و ڕەنگ‌پیناوی کرابوو ، ئەسە لالەزارەکانی کەژی پاییزی‌شاری لینینگرادی هێنامەوە یاد · کچە بە گز و تاسەوەچاوی لە نێو چافی شۆخە جل و بەرگ لە خۆڕسواترەکەی بریبوو · وایان چاو لە یەکتری بریبوونیستەش ئەمزانی ڕەنگی چاوەکانیان چی بوو و چۆنبوو ·

دوو دڵخوازی ساکاربوون · باوەکو هێژ زمانیان بە وتەی دلرفێنی عشق‌نەبژابوو · چاوەکانیان شارەزای ئەم زمانە شیرینەبوو ، بۆیە بێ دەنگ بوون · لەنێو چاوی یەکتر وشەی‌شیرینی ئەفینی‌یان دەخوێندەوە · لەنێویداکۆشکە ڕەنگینەکەی دوا ڕۆژیان بەدی‌ئەدەکرد · چاوەکانیان ئاوێنەی دڵە ساوێلکەکانیان بوو · بۆیەپێتفیان بە وشەی ورشەدار نەبوو ·

کاتێ بەرەو ئاوایێکەدەڕۆیشتم · تاوێك نا تاوێ ، ئاورێکم لە دیمەنە دڵبراوەکەی‌ئەم دوو دڵخوازە دەدایەوە :

چاوم جووانترین دیمەنی‌خۆشەویستی لەبوونی ئەم دوو دڵدارە بەدی‌دەکرد ·

دڵم ئەوسا لە شوێنی‌ئەم کیژۆڵە لادێ‌ی داوێن‌پاکە خۆزگەی دەکرد ·

مێشکم لە راستی ودڵسۆزی ئەفینی وانەیکی راستەقینەی وەرگرت ·

زمانم نزای گەیشتنەئامانجی هەردوو لای دەکرد ·

د·کوردستانی گیوی موکریانی

جیهانی هونەر

ئامادەکردنی شکریە أحمد

چیرۆك بۆ منالان

بۆکلکی وڕێ کورتە ؟!

سەر لەبەیانیەك ، ڕیویەکی فێڵباز زەمبیلە ماسی‌یەکی لەتەك خۆیا هەڵگرتبوو ، وردەوردە ڕێگای ئەبڕی ·· لەبڕێکا دی واورچێك بەرەوروی دێ ··· ورچەکە پێی گوت :

ـ ڕۆژباش مامڕێوی ، وا دیارە ئەمڕۆهاتنە ئەم هەموو ماسی‌یەت ڕاوکردوە ، بێم نالێی چۆن ؟

مام ڕێوی گوتی :

ـ بەراستی ماسی‌یەکی بەتامە ، بڕیارم داوە ، جۆری ڕاوکردنی بۆ کەس نەدرکێنم ·· بەڵام لەبەروەی تۆ هاوری‌یەکی باشی ، بەس بۆ تۆی ئەگێڕمەوە ·· بەیانی وەرە بۆ دەریاچە سەهۆڵبەندەکە ·· لەوێ تێت‌نەگەیەنم کە من چۆن لە کونەسەهۆڵەوە ڕاوەماسی ئەکەم ·

بۆ بەیانیەکەی مام ورچو مام ڕێوی لەسەر دەریاچەکە بەیەك گەیشتنو بەدووان ، دەس لەناو دەسی یەکەوە کونەبچکۆڵەی سەهۆڵەکە بوونەوە ··

ڕێوی گوتی :

ـ ئەوا گەیشتینی ·· هەر ئێستا بێت ئەلیم چۆن ئەم ماسیانەم ڕاوکردوە ·· فەرمو تۆ لەسەر ئەم کونە دانیشە وهەرلەم کونەوە کلکت شۆڕ بکە نێو ئاوەکەو جاوەنۆڕ بە ـ بێگومان ئەمە شتێکی ئەوەندە ئاسان نیەو مەرج نیە هەر گیانلەبەرێك بتوانێ ئەمە بکا ـ تا ماسی‌یەکی زۆر لە دەوروبەری کلکتا کۆ ئەبێتەوە ، ئینجا بە توندی کلکت ڕاکێشەو بەم چەشنە ماسی‌یەکی زۆر لەگەڵ ئەم داچلەکانە دێتە دەرەوە و ڕاویان ئەکەی !!

ڕێوی‌یە تەلەکەبازەکە ڕۆیشت ، ورچەی بەستەزمانیش کلکی خۆی خستە نێوئاوەکەو لەم تۆفو زریانو سەرمایە لەسەر سەهۆڵەکە ئانشکی داداو چاوەنۆڕی بۆرەگرتنی ماسی‌یەکانی ئەکرد لە دەوری کلکیا ·· ڕۆژ لەگەل دەرکەوت و بەرز بوەوە ·· ورچە هێشتا هەروەك خۆی دانشتبوو ·· ڕۆژ کەوتە زەردەبەر ولەپاشا لە نێو قەمۆچکەی تاریکیا هێدی هێدی نقووم بوو ··

شەوراشکا ، ورچە لەدڵی خۆیا گوتی :

ـ ئێستا کاتی ئەوە هاتوە کلکم ڕاوەشێنم ··

تەحا لەو ماسی‌یە بەتامانە !

ورچ ، بە هەمو هێزی کلکی خۆی کێشایەوە ·· هەستی بەژانێکی کوشندە

عبدالقادر علی مەردان

بروانە ـ ل ٧

هاوڕێیانی گۆشە

یەسنە شیرکوە عمر ئالان اسعد گولیزد جلال محمد

جوتیار

لقمان یاسین رسول

من جوتیارم ماڵ لە دێ
نیشتمانم خۆش ئەوێ
باخو بیستانم ڕەزم
مالاتو مەڕو پەزم
مایەی خۆشی ژیانە
بۆ بەرزی نیشتمانە
ماڵم لەکێوو دەشتە
باخم دەڵێی بەهەشتە
زێڕە خەلەو خەرمانم
بڕوانە مەڕەکانم
چەند بەسودن چەند جواننا
بەرەکەتی یەزدانن

نەخشەی پەرەپێدان ٧٦ ـ ٨٠

بەرەو پەرەپێدانی پێشکەوتوانەی بەرهەمی عیراقێکی ئاوەدان

ژیانێکی سەربەست و پیرۆز

هەڵگرتنەت مبارەك

ـ خۆت بە خوێنەران بناسێنە ·

● ناوم عەبدول حەجوانەو ساڵی ٩٤٨ لە سلیمانی بەمدنیا پڕ نەبێنیە شاد بووم ٩٦٩ لە قوتابخانەی پەیمانگای مامۆستایان دەرچوم‌و بوم بە مامۆستای سەرتایی ·

هەر لە منالیمەوە حەزم لە شانۆو شانۆگەری کردووەو گەلێ تامەزرۆی سەرشانۆ بووم‌و گەلێ جار خەوم پێوەدیوە تا ساڵی ٩٦٩ بۆ یەکەمجار لە شانۆگەری بریارو ئەنجامدا کە توانیبانی پەیمانگای مامۆستایان پێش‌کەشیان کرد خۆمم لە سەر شانۆ بینی ·

● دەربارەی بەرهەمە هونەریەکانی ئەڵێ ·

ـ گەلێ بەرهەمی هونەریم هەیە و لە زۆربەی بەرهەمە شانۆییەکانی کۆمەڵدا هاوبەشیم کردوە· جارجاریش لە سەر شاشە بچکۆلەکەی تەلەفزیۆن دەرکەوتوم · لە و بەرهەمانەی کە بەلای خۆمەوە گرنگ بێو هاوبەشیم تیا کردبن ئەمانەن ·

شانۆنامەی جەنابی موفەتیش‌و کیج ·

● دەربارەی شانۆو شانۆگەری کوردی وتی :

● شانۆی کوردی لە سەرایای کوردوستاندا قوناغێکی باشی بڕیوەو ترانیویەتی لە ماوەیەکی کەمدا بە هەوڵو تەقەلای هونەرمەندانی هەموو تیپە هونەریەکانی کوردستان خۆی بباتە ریزی شانۆی گشتی

حمە سعید حمە کریم

هەرجارەی نووسینێك

ئاگرەسورە لەخۆم دورە

زۆر جار لە دوایی مردنی هونەرمەندێ یان گۆرانی بێژێ یان مۆسیقا ژەنێکی کورد دەست ئەدەین بەیەکداو ئاخ هەڵئەکێشین ، زۆربەی ژیانی هونەری هونەرمەندە کوردەکانمان شاراوەیە بە شێوەیەکی مێژوی‌و تۆمار کراو هیچمان بۆ جێ ناهێڵن · بۆ ئەوەی بتوانین لە ژیانی ئاسایی‌و هونەری بەهرەومەرانو هونەرمەندەکانمان بگەین‌و بتوانین لە ئێستاو پاشە ڕۆژدا سودی لێ وەرگرین ·· وە ئەو هونەرەی کە هەیانە لە وون بوونو دزین بپارێزین ·· وەك بیرخەرەوەیەك ئەڵێم ئەگەر هاتوو لە ناو هەموو تیپە هونەری‌و شانۆی‌و کۆمەڵەکاندا ، لایەڕەیەکی تایبەتی تەرخان کرێ بۆ هەموو هونەرمەندێ ، کورتەی ژیانو وێنەکانی هونەری تیا هەڵگیرێ ·· باشان هەریەکە فایلێکی تایبەتی هەبێ کە بیرەوەریەك یان ئامۆژگاریەك یان پێش نیازێکی هەبوو ، تیایدا کۆبکرێتەوە ·

ئەگەر سەیری تەنها تۆمار گری موسیقاو گۆرانی کەین لە ئێستگەی کوردی ناوی زۆر هونەرمەندو گۆرانی بێژ ئەبینی ، بەڵام بەداخەوە ، کە هیچیان نە کورتەی ژیانی هونەری نە وێنەیان دەست ناکەوێت ، پاشان زوربەی ئەو ئاوازانەی کە دانەنرێ لەگەڵ هۆنراوەکانیدا بەرەو نەمان ئەچێت ، بەرای من تەرخان کردنی فایل بۆ ئەو کەسانەی لە ئێستگەی کوردی گۆرانی‌و ئاوازو چیرۆك‌و بەرنامەو شت پێش‌کەش ئەکەن زۆر پێویستە ·· ئەگەر هاتوو تیپە هونەریەکان ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆ ، وا بزانم بە ئاسانی ئەتوانین ژیانی هەموو ئەو هونەرمەندە زیندوانە بپارێزن کە زۆر جار خۆشیان باری ژیانی هونەری خۆیان پیر ئەچێتەوە· پاشان وەك گەڕانێك بەدوای کەلەپورو فولکلوری کوردیمان وەرگرتنی چێژی ڕەسەنایەتی · هەر ئەو تیپە هونەریانە ئەتوانن پرۆگرامێك دانین‌و لەسەر بەرنامەیەکی تایبەتی « مەسحێ » بکەن لەو شوێنانەی کە مەلبەندی تیپەکەیانەو شوێنەکانی دەوروپشتی ، یان ئەگەر هاتوو هەموو تیپەکانی کوردستان بەرنامەیەکی ئامادەکرد بۆ ئەو مەبەستەو ، دەزگاکانی ڕوشنبیرو ڕاگەیاندنیش لە ڕێگای خۆیەوە یارمەتیان بدات کەوا بزانم ئەگەر بە دەنگەوە هاتن هەبێت کەمتەر خەمیش نابێت ·

کەواتە بۆ ··!؟ ئاگرە سورە لە خۆم دورە ·

« نازاد محمود »

Institut Kurde de Paris

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
«میدیا، الثقافة، شەقاف، الجمهورية»
بەغدا ص.پ ١٤١٥ تەلەفۆن ٢/٦٨٢١١

سەرنووسەر: محمد امین محمد

هاوکاری

٨ لاپەڕە

٢٥ فلسە

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

تێکۆشان لەدژی تەقەللاکانی سازاندن تەنیا بۆچونو لێکدانەوە نیە بەڵکو دەربڕینی ئەرکی نیشتمانیو نەتەوەییە ٠

سەرۆکی فەرمانده | احمد حسن البكر

● پێنج شەممە ١٠ی تشرینی دووەم ژمارە ٣٩٥ ●

● الخميس ١٠ تشرين الثاني العدد ٣٩٥ ●

صدام حسین: دیموکراتیەت مەسەلەیەکی سیاسی نیە بەڵکو مەسەلەی ژیانە

سەرۆکی فەرمانده پیرۆزبایی لە کارگێڕانی ئاژانسی دەنگوباسی عیراق ئەکات

بەبۆنەی بیرەوەری ١٨همین ساڵی دامەزراندنی ئاژانسی دەنگوباسی عیراقەوەسەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکر چەپکێ گوڵ بۆ کارگێرانی ئەودەزگایە ناردوە ٠

سەرۆکی فەرمانده بەمبۆنەیەوە سڵاوو پیرۆزبایی خۆی پێشکەشی کارگیرانی ئەودەزگایە کردوەو داخوازی سەرکەوتنی بۆکردن لە ڕێگای نیشتمانیو نەتەوەکەیاندا ٠

بەم بۆنەیەوە بەڕێز محمد مناف یاسین بەڕێوەبەری گشتیی ئاژانسی دەنگوباسی عیراقی بروسکەیەکی بۆسەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکر ناردوە ٠٠ بەناوی کارگیرانی دەزگاکەوە بەلێنی بەسەرۆك داوە کە ئەرکی پێشکەوتنی دەزگاکە بگرنە ئەستۆ بەجۆرێکی ئەوتۆ بگاتە پلەی ئەودەستکەوتە شۆڕشگێڕانەیە کە شۆڕش وەدیهێناوە ئەمەش تەواوی ئەوبروسکەیەیە ٠٠

بەڕێز سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکر ٠٠

هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆئیشوکاری دەزگاکەو دەستی ڕێز لێنانتان بەپێش کەش کردنی چەپکەگوڵێك بۆکارگیرانی شەرەفێکی گەورەیە بۆئێمەو دەخرێتە سەرچاکەکانی ترتان بۆ دەزگاکەمان ٠٠ ئەی سەرۆکی فەرمانده ئێمە هیوامان وایە بەپشتگیریی ئێوە کە بتوانین ئەرکی پێشکەوتنو بەرەسەندنی دەزگاکەمان بخەینە ئەستۆ ئەویش بەجێ بەجێ کردنی ئامۆژگاریە بایەخدارەکانتان بۆپەرەپێدانی ڕاگەیاندنو گەیاندنی بەپلەو ڕادەی ئەودەستکەوتانەی شۆڕش بەسەرکردایەتی ئێوە هێناویەتە دی ٠٠ بەلێنبێ ئەی سەرۆکی فەرمانده کە هەمیشە بەئەمەڵو ئەمین بین لەهەڵگرتنی نامەپیرۆزەکەی شۆڕشداو بیگەیەنین بە هەمو عەرەبو دنیا ٠ ئەم ئامانجە بێ بەبێی ئەو ئاژەزوەیە کە هەمولایەکمان هەیەتی کە بێتە مرۆڤێکی ئەوتۆ لەگەڵ سەرکردایەتیکەیدا تێکەڵاوبێت، ئەویش بۆ بازنەگاری کردنی ئەو نیلهامە نیکەی یەی کە حزبی ئەتەوەی عەرەب بانگەوازی بۆکردوە ٠٠ ئەوە دوبات ئەکەینەوە ئەوەی سەرۆکی بەڕێز کە بەدەوام بەئەوپەڕی تواناو خواستەوە ئامۆژگاریکانتان جێ بەجێ ئەکەین وەك بەئەمەکیەك بەرامبەر ئەمگەلە بەخشندەیەو ئەتەوەی عەرەبمان هەڵگری نامەیەکی ئەمە ٠

محەمەد مەناف یاسین
بەڕێوەبەری گشتیی ئاژانسی دەنگوباسی عیراق

بەڕێز صدام حسین چاوی بە هەڵسوڕێنەری کاروباری جەزائیر ئەکەوێ

دوێنێ نیوەڕۆ بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە مەکتەبی ڕەسمی خۆی لە بینای ئەنجوومەنی نیشتمانی پێشوازیی بەڕێز الهاشمی قەدوری کارهەڵسوڕێنەری جەزائیر لە بەغدای کرد ٠

جێگری بەڕێز گوێی بۆ باسێکی کارهەڵسوڕێنەری بەڕێزی جەزائیر گرت کە دەربارەی بۆچوونی حکومەتی جەزائیربوو سەبارەت بە باری ناوچەکە ٠

بەڕێز عبدالحسین الجمالی وەکیلی وەزارەتی دەرەوە لەو چاوپێکەوتنەدا ئامادەبوو ٠

ئا٠ د٠ ع٠

هاوڕێ منیف الرزاز چاوی بەئەندامانی جیۆلۆجیە عەرەبەکان ئەکەوێ

هاوڕێ دوکتور منیف الرزاز بارەتی دەری ئەمینداری گشتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لێبیرسراوە مەکتەبی بەیوەندیی یەکانی دەرەوە دوێنێ نیوەڕۆ لەبارەگای سەرکردایەتی نەتەوەیی چاوی بەئەندامانی یەکەم ئەنجومەنی بەرزی جیولوجیە عەرەبەکانی کەوتوە ٠

لەم چاوپێکەوتنەدا هاوڕێ زهیر القادری بەڕێوەبەری مەکتەبی پەیوەندیەکانی دەرەوە لەسەرکردایەتی نەتەوەیی ئامادەبوو ٠

وەفدی ریکخراوی هاوکاری گەلانی ئەفرو ئاسیەوی ئەگاتە بەغدا

دوێنێ وەفدی ڕێکخراوی ئەفرۆئاسیەوی بە سەرۆکایەتی بەڕێز یوسف السباعی سکرتیری گشتی ڕێکخراوەکە گەیشتە بەغدا بەسەردانێکەبۆ وولات کە چەند ڕۆژێك ئەخایەنێ ٠

یوسف سباعی بە ئاژانسی دەنگوباسی عیراقی ووتوە کە لەگەل کاربەدەستانو ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیو ئاشتیو وهاوکاری گفتوگۆ دەربارەی بەستنی کۆنگرەی شەشەمی ڕێکخراوەکەو بیرەوەری بیستەمی دامەزراندنی ئەکات ٠

هەروەها پێخوشحالی خۆی دەربڕی بەرامبەر بەم سەردانەو ووتی عیراق پاڵپشتێکی هاوکاری ئاسیاو ئەفریقایە ئەمەشی لەوەوە سەلماندوە دەرگای بۆ زۆر کۆرو کۆنگرەی ڕێکخراوەکە کردەوە وەك کۆنگرەکانی یانزەهەمی هاوکاری کە سەرتای گۆرانێکی مەزن بۆ لە بزوتنەوەکەماندا ٠

وەفدەکەش بریتیە لە « زاخوف » سکرتیری گشتی هاوکاری لە یەکێتی سۆفیەت « ونوزو » نوێنەری بزوتنەوەی نیشتمانی خواروی ئەفریقاو نیکورەلە غینیاوەو « بیلی ویل » لە هیندستانەوە ، ئەم وەفدە لە لایەن بەڕێزان عبدالفتاح محمد امین وعامر عبدالله وە ئەندامانی سەرۆکایەتی ئەنجومەن پێشوازی کرا ٠

ئا٠ د٠ ع٠

کۆبوونەوەیەك بۆلێدوان لەباری ناوچەی بیابانی ڕۆژئاوا

دوێنێ شەو سایرۆس ڤانس وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە واشنتۆن لەگەل وەزیری دەرەوەی جەزائیر عبدالعزیز بوتفلیقەو وەزیری دەرەوەی مەغریب محمد بوشەدا هەریەکە بەجیاکۆبووەوە ٠

قسەکەرێك بە زمانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەستی بۆ ئەوە کێشا کە هەردوو کۆبوونەوەکە دەربارەی باری ناوچەی ڕۆژئاوای نیشتمانی عەرەبی بووە ٠

وەوتی وەزیری دەردوەی مەغریب ئەو کاروبارانە لە گەل ڤانسدا باسکردووە کەتایبەتن بەسەردانی مەلیك حسنی دووەم لە ئەمەریکا ٠

عبدالعزیز بوتفلیقەش ڕایگەیاند کە کۆبوونەوەی لەگەل ڤانسدا لەسەر داوای ئەو بووەو ڕوونی کردەوە کە جەزائیر پێخۆشحالە بەهەرناوبژیێك کە لە نێوان خۆیو مەغریبدا ئەکرێ ٠

بەنجەی بۆ ئەوەش ڕاکێشاکە لەگفتوگۆکانی لە گەل وەزیری دەرەوەی ئەمەریکادالە باری ناوچەی عەرەبییش دواون ٠

جارێکی تر کۆڕی دەوڵەتان دوژمن گوناهبار ئەکات

ئا٠ د٠ ع :

ڕاپۆرتێکی تایبەتی دەوڵەتان زایۆنی دوژمنی تاوانبارکرد سەبارەت بەوەی کە درندانەترین شێوەی ئازاردانو جەورنواندن دژی بەندکراوەکانی خاکی داگیرکراوی عەرەب ڕەفتار ئەکا ٠

لەڕاپۆرتێکدا کەلێژنەی نەتەوەکگرتووەکانی تایبەت بە ڕەفتارەکانی زایۆنی دوژمن دەری کردووە ، ئەڵێ بێویستە لەسەر کۆمەڵگای دەوڵەتان بە ئەرکی سەرشانیان هەڵسن سەبارەت بەکارکردن بۆ دواهێنان بە داگیرکاری زایۆنی لەوزەویانەدا ، بۆ پاراستنی مافی مرۆڤو سەربەستیی بنچینەیی یەکانی لەو شوێنانەدا ٠

ڕاپۆرتەکەوتی ، کاربەدەستانی زایۆنی داگیرکەر شێوازی فرەچەشن لە ئازاردانی بەندکراوە عەرەبەکاندا بەکارئەهێنن ٠ لێژنەکە کە نوێنەرانی یۆگسلافیاو سنغالو سری‌لانکای تێدایە ڕاپۆرتەکەی لەسەر ئەو بەڵگانە بنیاتناوە کە لەجوولەکەو عەرەبو لە کۆمەڵەی خاچی سووری دەوڵەتانی کۆکردۆتەوە ، لەگەل ئەو لێکۆڵینەوانەشدا کە ڕۆژنامە زایۆنیەکانو بەریتانیەکان لەو ڕووەوە بڵاویان کردۆتەوە ٠

ڕاپۆرتەکە ڕوونی کردەوە کە هێزی داگیرکاری سەربازیی زایۆنی هەمیشە لەقەست ، شێوازی جەورو تۆقاندنو بۆ بڵاوەپێکردنی ئەو خۆپێشاندانە گەورانە بەکار ئەهێنێ کە هاووڵاتیانی عەرەب بۆ ئارەزایی دەربڕین بەرامبەر سیاسەتی زایۆنی دوژمن ڕێکی ئەخەن ٠٠ لەو بارەیەوە بەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە کاربەدەستانی زایۆنی توندی دژی منالو ئافرەت وپیرەکان بەکار ئەهێنن ٠

هەروەها ڕاپۆرتەکە بەنجەی بۆ ئەوە درێژکردووە کە کاربەدەستانی زایۆنی دوای گرتنی هاووڵاتییە عەرەبەکان شێوەی ستەمکارانە لە ئیفادە لێوەرگرتنیاندا بەکارئەهێنن و بەشێوەیەکی ئارەزوویانە فڕی ئەدرێنە بەندیخانەکانەوە ٠

لەوانەیە دوژمن هێرش بەرێتە سەر باشوری لوبنان

دوێنێ سەرچاوەیەکی لەشکری فەلەستینی ڕایگەیاند کەلەوانەیە زایۆنی دوژمن شاڵاوێکی گەورە بکاتە سەر باشوری لوبنان دوای ئەو تۆپ باران و بۆردومان کردنەی کە بەدرێژیی پێرێ و دوێنێ بەیانی بەسەر ناوچەکەدا کردوویەتی ٠

قسەکەرەکە ووتی دوژمن ئێستا خەریکی کۆکردنەوەی هێزو ئامێرەکانیەتی لەسنووری خواروی لوبنان کە نزیکی فەلەستینی داگیرکراوە ٠٠

لەلایەکی ترەوە جوولانەوەیەکی هێجگار زۆری هێزەکانی لەناوخاکی داگیر کراودا بەدی ئەکرێ ٠٠ هەروەها ووتی هێزەکانی شۆڕشی فەلەستینو جوولانەوەی نیشتمانی لەلوبناندا کە دوێنێو پێرێ بەرەنگاری دەست درێژی زایۆنیەکان بوون ٠٠ ئێستاکە لەوریا بوونێکی لەئەندازە بەدەردا وەستاون بۆ هەموو شتێك کەلەوانەیە ڕووبدات ٠

ئا٠ د٠ ع٠

نامەیەك لەکارتەرەوە بۆ بریجنێف

دوێنێ لیونید بریجنێف سەرۆکی سۆفیەت نامەیەکی لەجیمی کارتەری سەرۆکی ئەمەریکاوە پێکەیشت ، بەڵام ناوەڕۆکی نامەکە نەزانراوە ٠

نامەکەش بالوێزی ئەمەریکا لەسەر داوای خۆی گەیاندی ٠

ئا٠ د٠ ع٠

بوومەلەرزەیەك لە یۆگسلافیاەدا

بوومەلەرزەیەکی هێز مامناوەند لەو ناوچانەیدا کە ١٤٠ میل لە خواروی بولگرادی پایتەختەوە دوورن٠ سەرچاوە ڕەسمیەکانی یۆگسلافیا ڕایانگەیاند کە هێشتا ئەو زەرەو زیانە نەزانراوە کە بوومەلەرزەکە داویەتی ٠

ئەوەی شایانی باسە هەمان ناوچە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابوردوو بەر بوومەلەرزەیەکی توند کەوت ٠

ڕۆیتەر ـ ئا٠ د٠ ع :

ڕفاندنی پیاوێکی خاوەن پێشەسازی چەك لەئیتالیا

دوێنێ چەکداران لە شاری لیکز کە ئەکەوێتە باکووری ئیتالیاوە ، بیتەرفیوش ەیانو ڕفاند کە یەکێکە لە خاوەن پێشەسازیی یەکانی چەك لە ئیتالیا ٠

هەواڵەکان وتیان لە کاتێکدا بەرەو ماڵەوە ئەگەڕایەوە ، دوو چەکدار لە نزیك کارگەکەی خۆیەوە هەڵیان کوتایە سەریو بەزۆر سواری ئۆتۆمۆبێلێکیان کردو بەرەو میلانۆ بۆی دەرچوون ٠

Institut kurde de Paris

لەکاتی پێشوازی کردنی وەزیری ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندنی ئەفغانستانو هەندێ لەوو وەفدانەی کە لەکۆڕی جیهانیی سێیەمی ڕاگەیاندندا هەو بەشیان کردبوو :

هاوڕێ صدام حسین دوو پاتی کردۆتەوە کەواپەیڕەو کردن بە دیموکراتیەت شتێکی بنەڕەتیو گرنگە ، بەڵام لەوەگرنگتر بەڕاستی کارکردنە بۆداچەسپاندنی نەریتی دیموکراتیانە

ئێمە ئێستا زۆربەتوندی لەپێناوی گواستنەوەی بیروڕاکانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستدا بۆ ناوەدزگاکانی دەوڵەت تێدەکۆشین ٠٠

دوو پات کردنەوەی پشتگیری عیراقی شۆڕش لە جوڵانەوە ڕزگاریخوازەکانی جیهان ٠

هاوڕێ صدام حسین ،جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وتی ، مەسەلەی دیموکراتیەت مەسەلەیەکی سیاسی نیە ،بەڵکو مەسەلەی ژیانێکە کە شارەبەشانی بیناکاری کۆمەڵایەتیو ڕێوشوێنی بیناکاری سۆشیالیستی دەڕوا ٠

جێگری بەڕێز هەروەها بێرێ نیوەڕۆ لەگەل پێشوازیکردنی بەڕێز عبدالرحیم نوینی وەزیری ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندنی ئەفغانستانو هەندێ لەو وەفدانەدا کە لە کۆڕی جیهانیی سێیەمی ڕاگەیاندندا بەشداریان کردبو ، لەمەکتەبی ڕەسمی خۆی لە بینای ئەنجومەنی نیشتمانی، ووتی : پەیڕەوکردنی دیموکراتیەت شتێکی بنەڕەتیو گرنگە ، بەڵام لەوەگرنگتر کارکردنی ڕاستە بۆ چەسپاندنی دابو ڕەسێکی دیموکراتیانەو دارشتنی نەرتێکی کۆمەڵایەتی کە بنچینەکەی ڕەفتاری دیموکراتیانە بێت ٠

بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش هەروەهاووتی ئێمە ئێستا بەتوندی تێئەکۆشین لەپێناوی گواستنەوەی بیرورا دیموکراتیانەکانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بۆناو دام دەزگاکانی دەوڵەت هەروەها دژی ئەو ڕەفتارانە تێدەکۆشین کە هەوڵدەدەن نەریتی نابەجێ بینێنە ناو حزبەوە ٠

بەڕێز صدام حسین هەروەها وتی، ئەوەی تائێستا وەدەستمان هێناوە جێی شانازیە ، بەڵام بچوکە ئەگەر لەگەل ئەو شتانەدا بەراوردبکرێ کە بۆیان تێدەکۆشین ٠

هەروەها وتی : ڕەفتارکردنی بەدیموکراتیەت بەتایبەتی لایەنێکی بنەڕەتی ئەم ڕەفتارکردنە ، بریتیە لەکاری بەگشتی ورەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتن ، ئەمە شتێکەکە یەکو دووی تێدا نیە ، بەڵام هەندێجار لەڕەفتاردا بۆمان دەردەکەوێ کەوا هەندێ کاربەدەست ، لە دەوڵەتو لەحزبدا ، بەشێوەیەکی ڕاست ڕەفتاری دیموکراتیانە ناکەن ، بۆیە ئێمە دەکەوینە هوشیارکردنەوەو ڕوشنبیرکردن ، کە بە هەنگاوێکی گرنگ دایان دەنێین لە هەنگاوناتی جۆرەکی بەرەو پێشەوەدا ٠

لەقسەکەیدا ، جێگری بەڕێز ، بەنجەی ڕاکێشا بۆ گرنگی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنو کردنیان بە ئامرازێکی خزمەتکردنی پەیوەندی نێوان مرۆڤایەتی بەوەی کە ببێتە دەلاقەی هەمیشە کراوە لە نێوان گەلاندا ٠٠٠ هەروەها ووتی ، ئێمە زۆر بەئەنجامە باشەکانی کۆڕەکەتان دڵشادین ٠ لەکۆتایی قسەکەیدا ، جێگری بەڕێز پشتگیری عیراقی بۆ جوڵانەوەکانی ئازادی نیشتیمانی لەجیهاندا دووپات کردەوە ٠٠٠ ئەندامانی وەفدە ڕۆژنامەیی‌و ڕاگەیاندنەکانیش ستایشی ئەو پشتگیریەیان کرد کەعیراق بۆجوڵانەوە ڕزگاریخوازەکانی جیهان و دەوری وەزارەتی ڕاگەیاندن ونیقابەی ڕۆژنامە نووسەکانی کرد لەپێناوی سەرخستنی کۆڕەکەدا کە ڕۆژی شەممەی ڕابووردوو کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێنا ٠

بەڕێز سعد قاسم حمودی وەزیری ڕاگەیاندن ووەزیری ڕۆشنبیریو هونەر بەوەکالەت و بەڕێز ئەمینداری نیقابەی ڕۆژنامە نووسەکانی عیراق لە چاوپێکەوتنەکەدا ئامادەبدون ٠

دواهەواڵ

دەست درێژیەکی تری دوژمن

دوێنێ لەسەرچاوەی نیمچەڕەسمیەوە زانرا کە بەلایەنی کەمەوە لەئەنجامی هێرشەئاسمانیەکەی ئیسرائیل بۆ سەر خواروی لوبنان لەدوێنێبەیانیدا (١٥٠) کەس کوژراوو بریندار بوون ٠

ئەو سەرچاوانە ڕایانگەیاندکە بەشی زۆری ئەو کارەساتەو لەگەل نزیکەی(٥٠) کوژراویش لەدێی العزیەدا قەوماوە کە نزیکە لەشاری (صور)ەوەو بەتەواوی خاپوور بووە ٠

ئەوەی شایانی باسە دێی‌العزیة مەلبەندێکی گرنگ پێکراوەکانی لوبنانە کەلەدێیەکانی سەر سنوورەوە بۆ کشاونو شوێنەکانیان بۆتە مەلبەندی شەڕ لەلایەن زایۆنی‌و ڕاستڕەوەکانەوە ٠

عرفات لەگەل قذافی کۆئەبێتەوە

دوێنێ یاسر عرفات سەرۆکی لیژنەی ڕاپەراندنی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین لەتەڕابلسدا لەگەل سەرۆکی لیبی عەقید معمر قذافی کۆبۆتەوە ٠ لەکۆبوونەوەکەدا کە هیچ شتێك ئائێستا لەبارەیەوە نەوترا وە عبدالسلام جلودئەندامی ئەمانەتی گشتی کۆنگرەی گشتی گەل ئامادەبوو ٠٠ ئەوە دوێنێ سەر لەبەیانی زوو عرفات لە قاهێرەوە گەیشتە تەڕابلس ٠

ئیسپانیا و بزووتنەوەی بێ‌لایەنی

پیاوە سیاسیەکانی ئەسپانیا بەگشتی حەز دەکەن ئەسپانیا بەهۆی هەڵکەوتی جوگرافیایی و ئیمکاناتی بەشەری خۆیەوە دەورێکی تازە لە کۆمەڵگای دەوڵەتاندا یاری بکا ٠

لە مانگی ڕابردوودا (سواریز) سەرۆکوەزیرانی ئەسپانیا سەری لە چەند دەوڵەتێکی ئەندامی بازاری هاوبەشی ئەوروپا دابۆتەوەی ڕێگای ئەندامەتی ئەسپانیا لەوبازاردا خۆش بکا ، بەڵام سەردانەکەی بێ‌سوود بوو ، چونکە هێندێك لەودەوڵەتانە وەك ئیتالیاو فەرەنسا لەوە دەترسن کە ئەسپانیا ببێتە ئەندامی ئەوبازارە ٠ ئەویش لەبەر ئەوەی کە بەرهەمی ترێو شەرابو لیمۆو پرتەقالی ئەسپانیا دەتوانێ لەبازاردا ڕقبەڕقە لەگەڵ بەرهەمی ئەو دەوڵەتانە بکاو ببێتە هۆی بێکاری‌و بێ‌بازاڕی باخدارانی ترێی فەرەنساو لیمۆو پرتەقالی ئیتالیا ٠

زۆر سارده ، ئیتالیاییەکان پێشوازییان لێ‌کردو رووی خۆشیان پێ نیشان دا ، بەڵام نەك بەگەرمی ، هەڵوێستی فەرەنساییەکان ناڵەبار بوو ، و هولەندیەکانیش لە تەمومژی گیروگرفتە سیاسیەکاندا نوقم بوون ٠

بەکێك لە پیاوە ڕەسمیەکانی ئەسپانیا لەکاتی چاوپێکەوتنی (ئۆین) وەزیری دەرەوەی بەریتانیادا گوتی «ئەو دەیەوێ بچێتە ناو بازاری هاوبەشو پێشوازی لە کەلەپەلی ئێمە دەکا ، بەڵام ئەنیا کۆسپ ئەوەیە کە جبل طارق دەوێ» ، لەکاتێکدا ئەسپانیاییەکانیش مەڵبەندی (جبل طارق)یان دەوێ‌و دەڵێن ئێستا کە سەردەمی فرانکۆ بەسەر چووەو دێموکراسی لەوڵاتدا هەیە ، ئیتر بۆچی بەریتانیا دەست لەو موستەعمەرەیە هەڵناگرێ ٠

حکوومەتی ئەسپانیا بەڵێنی داوە ئەگەر بەریتانیا دەسەڵاتی ئەسپانیا بەسەر ئەو موستەعمەرەیەدا بەرەسمی بناسێ ، مەسەلەی چوونی ئەسپانیا بۆناو پەیمانی ئەتلانتیك بدا بە پارلەمان ٠

ئەوکاتەی (سواریز) بوو بە سەرۆکی حیزبەکەی (یەکیەتی ناوەراستی دێموکرات) بوو بە حیزبێکی بێ‌بیروبڕوا ٠ لەبەر ئەوەی سواریز لەناو گەلدا خۆشەویست بوو لە هەڵبژاردندا سەرکەوت ٠ بەڵام ئێستا ئیدئۆلۆژی حیزب بۆتە دووبەش ٠ ئایا لەگەڵ حیزبی دێموکراتی مەسیحی ئازاردا ببێتە هاوپەیمان ، یان لەگەڵ حیزبی دیموکراتی سۆشیالیست ؟ ئایا حکوومەت لەگەڵ نەقابەکاندا هاوکاری بکا ، یان سۆشیالیستەکان بانگ بکا بۆ (یەکیەتیەکی نیشتمانی) ٠

(کونزالز) سەرۆکی سۆشیالیستەکان کاتێك لە ئەمریکای خوارو گەڕایەوە دەسبەجێ چووە بارەگای سەرۆکوەزیرانو بەدرێژی لەگەڵی دانیشت‌و لەدواییدا گوتی پێویستە حکوومەت ڕاپۆرتێك دەربارەی سیاسەتی خۆی بدا بە پارلەمان بۆئەوەی بڕوای پارلەمان وەربگرێ‌و پاشەڕۆژی حکوومەتی ئەسپانیا بەورایۆرتەوە بەندە کە دەیدا بە پارلەمان‌و هەروەها بەهەڵوێستی حیزبی سۆشیالیستەوە ٠

« ئۆریخا » وەزیری دەرەوەی ئەسپانیا بەمجۆرە دیمەنی تازەی وڵاتەکەی بۆ بارلەمان پوختە کردەوە کە گوتی : ئێمە هێزێکی جیهانی نین ، بەڵکو بەشی خۆمان تەئسیرمان هەیەو ئاشمانەوێ ئۆباڵێکی جیهانی وەئەستۆ بگرین ٠ بەڵام ئێمە دەتوانین دەورێکی گرنگ لە لەناوچەکەماندا یاری بکەین‌و ئەرکە سیاسیەکانمان وەئەستۆ بگرین ٠ ئێمە بۆ ئاشتی‌و چەکداماڵینو لاچوونی ئاڵۆزی نێوان دەوڵەتان تێدەکۆشین ٠

هەڵکەوتی تایبەتی ئەسپانیا بۆتە هۆی ئەوە کە ئەووڵاتە بایەخێکی گرنگی هەبێ‌و خاوەنی ستراتیژیەکی گەورە بێ بۆ ناوچەی ئۆقیانووسی ئەتلەس‌و دەریای سپی ناوەراست ، بەڵام بەشێکی زۆری خەڵکی ئەسپانیا نایانەوێ وڵاتەکەیان بچێتە ناو پەیمانە عەسکەریەکانەوە٠

نوێنەری حیزبی کومونیستی ئەسپانیا لە پارلەماندا ڕایگەیاند کە حیزبەکەی ئەو سیاسەتی وڵات بە بێ‌لایەن دادەنێ‌و ئەمش شێکی سروشتیە چونکە نەجۆتە پال پەیمانە عەسکەریەکانەوەو ئەسپانیای بێ‌لایەن دەتوانێ سەلامەتی خۆشی دابین بکاو لە دابین‌کردنی سەلامەتی ئەورووپاشدا بەشدار بێ ٠

حیزبی بەهێزی سۆشیالیستیش بە سەرۆکایەتی « کۆنزالز » چوونی ئەسپانیای بۆ پال پەیمانە عەسکەریەکان ڕەفز کردەوەو سەرۆکی ئەو حیزبە داوای کردوە کە پەیمانی پێکە عەسکەریەکان لە ئەسپانیادا تازە نەکرێتەوەو گوتوویە دەبێ ئەسپانیا هەوڵ بدا بۆ بەشداری لە هەڵوشاندنەوەی پەیمانە عەسکەریەکاندا ٠

بەمجۆرە تەنیا ڕێگا بۆ ئەسپانیا بریتیە لە بێ‌لایەنی !

سەهیۆنیزم و حەقیقەت

ئەگەرچی سەهیۆنیزم خۆی لەخۆیدا بریتی‌یە لە بڵاوکردنەوەو چەسپاندنی فیکرێکی کۆنەپەرستانەی خەیاڵاوی بەڵام زۆربەمان کە وشەی سەهیۆنیزم دەکەوێتە بەر گوێ‌مان ڕاستەوخۆ فەلەستینی داگیرکراومان دەکەوێتەوە بیر ، چونکە یەکەمین هەنگاوی باوەڕی چەوتی سەهیۆنیستەکان لە داگیرکردنی خاکو مرۆڤی فەلەستینیدا دیاری کراوە ، وردە قولبوونەوەیەکیش لە باری کۆمەڵایەتی‌و سیاسی فەلەستینی داگیرکراو- ڕووبەڕووی دەیان تێبینی‌و ڕاوەستان‌و بیرکردنەوەمان دەکات ، لەوانە مافی مرۆڤ ٠٠ سەربەستی بیرکردنەوەو دەربڕین ، هەڵسوکەوتی ڕۆژانە ٠٠٠ تاد ٠

سەیر نەبێت بەڵاتەوە خوێنەری بەڕێز ئەگەر تەنیا لەبێناوی جێ‌بەجێ‌کردنی بچووکترین ئارەزووی ڕۆژانەتدا (٣٠٠) ساڵ حوکمی بەندیخانەت بەسەردا بسەپێنرێ‌و دوورت خەنەوە لە گشت جۆرە ئاواتێ‌و ئومێدێکی ڕۆژانەت ئەگەر لە فەلەستینی داگیرکراودا بژیت ٠

هەرچەندە ڕاپۆرتەکانی نوێنەرانی خاچی سووری دەوڵەتان کە بەندیخانەکانی سەهیۆنی دوژمنیان بینیوە ڕوونیان‌کردۆتەوە کە هاونیشتانیە عەرەبەکان جۆرەها ئازارو ئەشکەنجەیان تیادا دەبینن بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر چوبێتەوە کە حکوومەتی دوژمن چەندین بەندیخانەی نهێنی دروست کردووە بۆ شاردنەوەی ڕوی ڕاستەقینەی ناوەوەی خاکی داگیرکراو لە ڕای گشتی جیهانی ٠٠ لەوانە بەندیخانەکانی تەوقیفی کاتی‌و بەندیخانەی تەحقیقاتی درێژخایەن‌و گومان‌لێ‌کردن‌و بەرژەوەندی گشتی‌و !! ٠٠٠ تاد ٠ لێرەدا دەمانەوێ هەموو ئەمرووداوانە ببەستینە بە باری ئابووری سەهیۆنی دوژمن چونکە زۆربەمان ئاگاداری ڕووداوانی ئەو گرانیەین کە ماوەیەکە حکوومەتی سەهیۆنی هەراسان کردووەو سەرگەردانی چەندین بیرکردنەوەی سەیرو سەمەرەی کردووە ٠

بێگومان ئەگەر وەکالەتی موخابەراتی مەرکەزی ئەمریکا نەبێت بەزووترین کات پالەوانە کارتۆنیەکانی فەلەستینی داگیرکراو هەناسەبڕکێ‌یان پێ‌دەکەوێ‌و لە جووڵانەوە دەکەون ، بەڵام وەکالەتی موخابەرات چاك دەزانێت (جۆن کەی) وازی بەم ئابوورییە بکاتو بە ئارەزووی بەڕێوەبەرایەتی خۆی بیجوڵێنێتەوەو لەسەر شانۆی سیاسەتی دەوڵەتاندا سەما بە نەخشەو پیلانەکانی ئیرلیخو بیگن بکات ٠٠

لێکۆڵینەوەی سیاسی

بەڵگەیەکی تری ڕێبازی دەستدرێژکەرانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا

لەمدواییانەدا لیژنەیەکی تایبەتی لە پەیمانی ئەتلانتیکی ژوورودا بە پلەی وەزیرانی دەرەوە کۆبوونەوەیەکی دوورۆژی کرد بۆ باسی گەشەپێدانی چەکە ئەتۆمیەکانی ئەوپەیمانەو هێنانی بۆمبای نیوترۆنی بۆ ناو چەکەکانی پەیمانی ئەتلانتیك ٠ لە کۆبوونەوەکانی ئەولیژنەیەدا کە ناوی نراوە « لیژنەی نەخشەکێشانی ئەتۆمی » ، باڵیۆزانی حکوومەتە پێوەندیدارەکان‌و چەند شارەزایەکی هەموو دەوڵەتانی ئەوپەیمانەش بەشدار بوون ٠

پێك‌هاتنی ئەوکۆبوونەوەیەو ئەو مەسەلانەی تێیدا باس کران بۆ چاوەدێری‌کەرە سیاسیەکان جێگای سەرسوڕمان نەبوون ٠ چونکە لەگەڵ ئەو ئامانجانەدا کە پەیمانەکەیان بۆ دامەزراوە پێك‌هاتنی ئەوچەشنە کۆبوونەوانە زۆر شتێکی سروشتیە ٠٠ بەڵام ئەوەی سەرنج ڕایکێشێ ئەوە بوو کە کۆبوونەوەی لیژنەکە ڕاست لەوکاتەدا بوو کە کۆنفرانسی ئاسایش‌و هاوکاری ئەوروپا لە بەلگراد کۆبێوە ٠

لە کاتێکدا جیهان هەوڵ دەدا بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی تازەی ناودەوڵەتان لەسەر بنچینەی هاوکاری‌و بەجۆرێك کە تارمایی شەڕێکی ئەتۆمی وێرانکەری لە سێبەردا بشاردرێتەوە ، پەیمانی ئەتلانتیکی ژوورو ئەو هەنگاوە داوێژێ کە لەڕاستیدا وەك بەرپەرچدانەوەیەك دەچێ‌بۆ خواستی کۆمەڵگای ناودەوڵەتان‌و نیشانەی ئەوەیە کە دەوڵەتانی ئەندامی ئەوپەیمانە سوورن لەسەر بەرەژووبردنی ئاڵۆزی لە جیهاندا‌و لەسەر هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی کە پەیمانی ئەتلانتیك هەوڵی گەشەپێکردنی ئەتۆمیدا دەنێ ٠

چاوەدێری‌کەران ئاگایان لەودەورە هەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکان دەیگێڕێ بۆئەوەی پەیمانەکە بەرەو گەشەپێدانی توانای ئەتۆمی باڵ پێوە بنێ بۆ خزمەتی مەبەستی دەستدرێژکەرانەی خۆی ، ئەمەش بەگوێرەی ستراتیژی سیاسی ئەمریکا کە دەیەوێ نەخشەی جیهان بگۆڕێ‌و بەجۆرێك ڕێکی بخا کە خزمەتی قازانجی ئیمپریالیزمی جیهانی بکا ٠

وەك دەزانین وڵاتە یەکگرتووەکان بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدا توانای ئەتۆمی‌ی خۆی زیاد بکاو میلیاردها دۆلار بۆ گەشەپێدانی چەکە ئەتۆمیەکان تەرخان بکاتو باشان هەڕەشەی بەکارهێنانی لە جیهان بکا ٠٠ هەر ئەمدواییانە برێژینسکی ڕاوێژکەری سەرکۆماری ئەمریکا بۆ کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی ڕایگەیاند کە ئەگەر مەترسی‌یەك هەڕەشە لە ئەمریکا بکا ! کارتەڕ بە بێ دوودڵی دەست بە دوگمەی دەنێ ٠

سەیر ئەوەیە برێژینسکی لەقسەکانیدا دڵخۆشی ! خەڵك دەداتەوەو دەڵێ شەڕی ئەتۆمی سەرتاپاگیر نابێتە هۆی لەناوچوونی هەموو مرۆڤایەتی‌و تەنیا ١٠٪ی دانیشتوانی زەوی لەناو دەبا !! دیارە ئەمە لەپێش چاوی کارگێڕانی دەسەڵاتداریەتی ئەمریکا شتێکی زۆرکەمە ، هەرچەند ئەگەر ئەمقسەیەی برێژینسکی ڕاستیش بێ بەمانای لەناوچوونی سەدان میلیۆن کەس لە دانیشتوانی سەرزەوی‌و وێرانکاریەکی تەواویشە ٠

سووربوونی وڵاتە یەکگرتووەکان لەسەر ئاڵۆزکردنی دۆخی جیهانی‌و بەردەوام‌بوونی پێشەبڕکەی خۆچەکدارکردن بەچەکی ئەتۆمی ، لە کۆبوونەوەکانی ئێستای کۆنفرانسی ئاسایش‌و هاوکاری ئەوروپاشدا بەڕوونی دەردەکەوێ ٠ چونکە جموجۆڵی ئەووڵاتە لەناو کۆنفرانسداو ڕێ‌نوێنی ئەو بۆ هاوبەیمانەکانی بوونە هۆی ئەوە کە هیچ پێشکەوتنێك لەو توویژەکانی لایەنی عەسکەری ئاسایشی ئەوروپادا بەدەست نەیە ، هەرچەندە بەشدارانی کۆنفرانس لەوباوەڕە دان کە پێشەبڕکەی خۆچەکدارکردن بەچەشنێك درێژەی هەیە کە لەوانەیە نەتوانرێ پێشی پێ‌بگیرێ ٠

ئەوخەبەرانەی گەیشتوونە ئاژانسەکانی دەنگوباس وا دەگەیەنن کە دەرەتانی سەرکەوتنی کۆنفرانس بۆ کەم‌کردنەوەی پێشەبڕکەی خۆچەکدارکردن زۆرکەمەو لەوانەیە ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان بەهاوکاری هاوبەیمانەکانی لەسەر مونساوەرەو کۆسپداتاشین بۆ باسی ئەومەسەلەیە بەردەوام بێ ، کۆنفرانسەکە هیچ سەرکەوتنی لەوبارەوە دەست نەکەوێ ٠ دیارە ئەمریکا بەکردەوەش هەوڵ دەدا نەهێڵێ کۆنفرانس لەومەیدانەدا سەربکەوێ بۆئەوەی بەدنیا نیشان بدا کە ئەوجۆرە کۆنفرانسانە چی‌یان لەدەست نایەو دەبێ مەسەلەکە « بۆ هەڵومەرج » هەڵبگیری !!

کەوابوو بەرێکەوت نیە کە لیژنەی نەخشەکێشانی ئەتۆمی سەر بەپەیمانی ئەتلانتیك ڕاست لەوکاتەدا کۆ دەبێتەوە کە کۆنفرانسی ئاسایش‌و هاوکاری ئەوروپا کۆ بۆتەوە ٠ هەروەها باسی بۆمبای نیوترۆنی‌و شۆینەوارە سامناکەکانیشی ڕاست لەم‌کاتەدا بەرێکەوت نیە ، و لەسەریەك مەسەلەکە هەڕەشەیە لە کۆمەڵگای ناودەوڵەتیان بۆئەوەی تەسلیمی واقیعەکە بێت ! و هەوڵ نەدا لەرێگای ئامۆژگاریەکانی کۆنفرانسەوە هەوڵ‌و تەقەلای ئەمریکاو هاوبەیمانەکانی بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ماڵ‌وێرانکەر تێك بدا ٠

بەکرێ گیراوانی ئەمریکایی لە ڕۆدیسیا

ـ ڕزگار ـ ئامادەی کردوە

لەنێو سوپای ڕەگەزپەرستی ڕۆدیسیادا زیاتر لە ٤٠٠ خۆفرۆش‌و بەکرێگیراوی ئەمریکایی چەك‌لەدەست بەگژ شۆڕشگێڕاندا دێن ٠ ئەوانە لەبەر بێکاری لە ئەمریکا وەدەر کەوتوون‌و تووشی ئەورۆژە ڕەشە هاتوون ، زۆربەیان بەغەیری وەدەستهێنانی دراوو خۆبەریوەبردنی هیچ ئامانجێ‌و مەبەستێکی تریان نیە ٠ هێندێکیان لەو خۆفرۆشانەن کە لەمەوپێش لە فیتنام بوون‌و بە سەرشۆڕی گەڕاونەوە بۆ وەڵاتی خۆیان ٠

یەکێك لەو ئەمریکاییانەی کە شان‌بەشانی سوپای ڕەگەزپەرستی ڕۆدیسیا لە دژی ئازادیخوازان دەستی داوەتە چەك ناوی جان ئەشیرەو ماوەیەك لەمەوپێش یەکێك لە هەوالنووسان وتوویژی لەگەڵ دەکا ٠٠ پاش چەند پرسیارو وەڵام جان ئەشیر بەفیزەوە هەڵدەداتێ‌و دەڵێ :

« پێم‌خۆشە بە دۆست هاوبیرەکانم ڕابگەیەنی کە پێم وانیە ئەوان بتوانن بە مانگی ٥٠٠ دۆلار ئەوئەرکە وەئەستۆ بگرن ٠ من کاتێك لە دیترویت بووم لەهەفتەیەکدا دراوێکی زۆرم دەست دەکەوت ٠٠ »

ئەشیر هەروەك هەموو ئەمریکاییەکانی تر ناوی خۆی گۆڕیبوو دیار بوو لە ناوێکی داتاشراو کەلکی وەردەگرت ٠ ئەشیر لاوێکی ٢٦ ساڵە بوو لە شەری فیتنامیش‌دا بەشداری کردبوو، تا ساڵی ڕابردوو لە یەکێك لە کارگەکانی ئۆتۆمبیل‌سازی‌دا کاری دەکرد ٠ پاش دەرکرانی لەوکارگەیە لە ڕودیسیا سەری وەدەرناو ئەوکارەی گرتە پێش ، بەقسەی خۆی دەبی : تائێستا لە دەدوازدە شەڕو پێك‌هەڵپڕژان‌دا لەگەڵ شۆڕشگێڕان بەشداری کردبێ ٠

یەکی‌تر لەو ئەمریکاییە بەکرێ‌گیراوانە پیاوێکی ٣١ ساڵەیە بەناوی ڕیچارد استوارت ٠ ئەوکابرایە وەختی خۆی لەمەیامی خەریکی ئیش‌کردن بوو ٠ بەڵام کاتێك ژنەکەی ڕەدوو کەوت سرۆسیپاڵێکی هەیبوو فروشتی‌و بەرەو ڕودیسیا کەوتە ڕێ ٠

یەکی دیکە ئەمریکاییەك بوو کە لەئینگلیستان عەرزێك کە وەختی خۆی داگیری کردبوو فرۆشتی ٠ کاتێك حکوومەتی ئینگلیستان داوای مالیاتی لێ‌کردو تێ‌گەیی کە دەبێ ٨٠٪ی ئەودراوە بدا بەحکوومەت ، دراوەکەی بردو ڕای‌کرد ٠ ئێستا ئەویش لە ڕێزی هاوقافڵەکانی دایە ٠

ئاشکرایە کە ڕودیسیا با پریش بێ لە سپی‌پێست‌و دەستەڵاتی وڵاتیشیان لەدەست دا بێ ، جێگایەکی ئەوەندە ئاووهەواخۆش نیە بۆ ئەوبێگانانە کە بەوجۆرە ڕوو دەکەنە ئەو وڵاتە ٠٠ بەڵام ئەوەی ڕاست بێ حکوومەتی ڕەگەزپەرستی ڕودیسیا بۆتە بەرچی گیرسانەوەی هەموو بیاوخەراپێك‌و وەکارخستن‌و لەدەسك‌نانیان لەدژی ئازادیخوازانی ئەو وڵاتە ٠ سەیر ئەوەیە نیزامیانی سوپای ڕودیسیا ناویان لەو بیاوخەراپانە ناوە « بێکارە خوێن‌خۆرەکان » ٠

زۆربەی ئەو بەکرێ‌گیراوانە کە لەدژی ئازادیخوازان شەڕ دەکەن بێ‌یان وا نیە ڕێگایەکی خەراپیان گرتۆتە پێش‌و بەناهەق بەگژ خەڵکی ئەو وڵاتەدا دەچن ٠ یەکێك لەوانە بەناوی استیفنس دەڵێ :

« ڕودیسیا ئەنیا وڵاتێکە لەجیهاندا کە ڕێ‌وراست بیروڕای ڕەگەزپەرستی خۆی بڵاو دەکاتەوەو لەڕێگایەکدا شەڕ دەکا کە لەگەڵ بیروباوەڕی من دێتەوە ٠ من دژی ئەوحکوومەتانە شەڕ دەکەم کە لایەنگری دیموکراتی‌و مافی بەرامبەرن ٠ من لەدژی حکوومەتە سۆشیالیستیەکان شەڕ دەکەم‌و دەمەوێ مرۆڤی باش لە هەرڕەگەزێك بێ دەستەڵاتی لەدەستدا بێ ٠ من بەهودیم‌و لە ئیسرائیلیش کارم کردوە ٠ حکوومەتی ئیسرائیل‌و ڕودیسیا لە زۆرشتدا پێوەندی‌و هاوکاری‌یان هەیەو هەردووکیان لە پێناوی بیروڕاو قازانجی خۆیان‌دا شەڕ دەکەن » !

Institut Kurde de Paris

گوڵی بەیانی

چیرۆک

رەزا سەید گوڵ بەرزنجی

خۆر خەریکبوو خۆی دەخزانده دۆڵی ئاوابوونو ، دڵزار گەیشتەوە ماڵێ ، چاوێکی بە باغچە بچکۆلانەکەی حەوشەدا خشاندو ، یەك •• یەك بنە گوڵەکانی بەسەر کردەوەو دی خونچەیان داوە بەڵام ئەپشکوتوون ، چووە دیار بنەگوڵێکیانو ڕاوەستا •• وا دیار بوو کە ئەو بنە گوڵی زۆر خۆش دەویست • بە زەردەخەنەیێکەوە کەوتە تەماشا کردنیو ، چاوی بە خونچەیێکی جوانکیلە کەوت ، سکی هەڵساببو دەتوت ژنی سك بڕەو •• پاشان کەوتە دوان لە گەڵی :

ـ ئەی خونچە خرپنە جوانەکەم ، بەیانی دیدەنی خۆشەویستەکەت ، زۆر حەزدەکەم گوڵێکی جوانی وەك تۆی پێشکەش بکەم ، جا توخوا ئیمشەو ئەو بەردەیە بدڕێنە وەرە جیهانی ئێمەوە ، ئەو سنوورەت بشکێنە جاوت ڕەشکە بە جوانی جیهانی مە ، ئەمەم لە گەڵ بکە پەیمان بێ خزمەتی چاکت بکەم ، پەیینو ئاوی تێرت بدەمێ بە هۆی تۆوە کەم تەرخەمی لە گەڵ بنە گوڵەکانی هاوڕێشت نەکەم ، ئەگەرچی تا ئێستا لە گەڵم نەکردوون ، چونکە بۆزنو بەرامی خۆش بەڵاو دەکەنەوەو سروشت جوانی دەکەن •

دەستێکی بە گەڵاکانی داهێناو دیسان کەوتەوە دوان :

ـ گوڵەکەم جێت دەهێڵم تابەیانی ، دڵم مەرەنجێنە ، با خۆشەویستەکەم لێم زیز نەبێ • دڵزار لە کەیفا لێوەکانی زەردەخەنەی لێ دەوەری ، خۆزگەی دەخواست دووبارەی لێ بروێ بچێ بەسەر ماڵی خۆشەویستەکەیا ، بە شەقەی باڵەکانی بابدا لە قژە نەرمەکەیو بیهێنێتە سەما ، هەڵی بگرێ بفرێ •• بڕۆن بەیەکەوە بۆ ئاسمانی ڕەنگین ، بەڵام داخ •••

کەمێ خۆی خەریك کرد بە خۆیندنەوەو کەمێکیش بەڕادیۆ ، یابەوتەی خۆش لەگەڵ دایکو باوکیو خوشکو براکانی ، کاتی خزانده ناو دەریاوەو نۆدەی خەوەاتو چوو ڕاکشا لەسەر جێگاکەیاو ، حەزی دەکرد زەوی تاریکی هەڵۆژێو بیخزێنێتە خواریو ڕووناکیش باڵی بکێشی بە سەریا ، حەزی دەکرد یەکسەر خەوی لێ بکەوێو شەو بێتەوەیەکو چاوی هەڵهێنی خۆر هەڵاتبێ ، لەگەڵ ئەو دالغانە داببو کاتێ خۆی لەبیر کردو •••

لەگەڵ جریوە جریوی چۆلەکەی بەیانی بەئاگاهاتو چاوی هەڵهێناو هەڵسا ، خۆی لێك ڕاکێشایەوەو یەك دوو هەناسەی قوولی هەڵمژی لە کاتی هەڵژینا دەستی بەرز دەکردەوەو پاژنەی پێی لە زەوی دەکردەوەو دەهاتە سەر پەنجەکانیو سی‌یەکانی پڕ دەکردن لە ئوکسجینو بەشێکی زۆریش لە هەوای پیس تووڕ دایە دەرەوە • ملی سووڕان بۆ لای بنە گوڵەکەو دیتی خونچەکە پشکوتوە لە گەڵیا چاوی گەشایەوە ، هەستی کرد وردە پارچەکانی نێو چاوی چاکترو تیژتر دەبنین ، وەك پشکوتنی خونچەکە تینی دابێ پێی ، دڵی ئەمیش پشکووتو گەشایەوە • هەنگاوی خێرایی ناروەو گوڵەکە ، خۆی چەمانەوە سەریو لووتی لەسەر داناو کونەکانی لووتی خۆیان لێك ڕاکێشایەوەو کەوتە هەڵژینی بۆنیو بەنگاوەی دەدا وە لە ناو سی‌یەکانی تا دەمارەکانی خوێنی بۆندار کرد ، لووتی لەسەر هەڵگرتو دەستێکی لەسەر خۆی بەگەڵاکانی داهێنا ، وەك دەستی بەقژی خۆشەویستەکەیا بێنیو وتی :

ـ گوڵە زەردە جوانەکەم ، گوڵی بەیانیم •• وا هاتیتە جیهانی ئێمەو چاوت هەڵهێنا ، ئەبێ لات خۆش‌بێ یان نا •••!!؟

هەر خۆی وەرامی دایەوەو وتی :

ـ بێت خۆشە •• خۆشە •

ـ گوڵەکەم دڵمت نەشکاند، پەیمان بێ منیش دڵت نەشکێنم لە خزمەت کردنت درێغی نەکەم ، چونکە یەخەی میدیای خۆشەویستم دەڕازێنیتەوە •

گوڵەکە ڕەنگێکی زەردی ئەوتۆی هەبوو ، دەتوت ڕەنگاوی لێ دەتکێتەوە •

پاش کەمێك دڵزار خۆی ئامادە کردو وەقەی هەڵگرتو ڕۆیشتە لای بنە گوڵەکە دەستی درێژ کرد بی قرتێنیو وتی :

ـ گوڵەکەم لێم زوێر نەبی کە ئەتکەسەوە ، ئەتکەم بەدیاری بۆمیدیا •• توخوا زوێر نەبی •

لەسەر خۆ قرتاندیو بە ئەسپایی لە ناو کاغەزێك لووڵی دا بە بێ ئەوەی ئەوەی بی شێوێنی ، لە پاشان ڕۆیشتە ژوورەکەیو ڕادیۆ بچووکەکەشی هەڵگرتو ڕوەو باخی شار بۆ دیدەنی خۆشەویستی لێیدا ڕۆیشت •

لە یەك کاتا دوو دڵی گەرمو بە جۆش لەبەر دەرگای باخی شار بەیەك گەیشتن ، وەك دەمێك بێ تامەزرۆی بینینبن وکاتو پەیمانیشیان لاگرنکبێ •

بی شێوێنی ، لە دڵزار بەزەردەخەنەیەکەوە ڕووی لە خۆشەویستەکەی کردو وتی :

ـ بەیانیت باش میدیا •• گیان

گوڵەکەی لە ناو کاغەزەکە دەرهێناو پێشکەشی کرد •

ـ گیانت •• باش دڵزارەکەم

میدیا بە هەناسەیێکی قوول گوڵەکەی بۆن کردو وتی :

ـ اللە •• !! کە گوڵێکی جوان بۆن خۆشە •

ئەمەی وت ڕادیۆکەی لێ وەرگرتو کردی‌یەوەو میلەکەی جووڵان •• جووڵان تاکەوتە سەر ئیستگەی کوردی کە ئەوگۆرانیەی بڵاوکردەوە ••

« ئەو گوڵە بۆ من دیاری‌یە
می‌یارمە بەختیاری‌یە
نیشانو پەیمان گفتی
هەمووی مەرجی دلداری‌یە »

بروانە ـ ل ٧

چیکەك ژ دەریایا فولکلۆرێ کوردات

حەمك

کاروانی •• کاروانی
خوزی من زانیبا قۆناغ گیرێ‌یە ،
دێ لگیرێ دانی ••

★

تو یا کورتی ژ پەژنێ‌یە یا تمامی
تو خۆش خاتوینی •• یا بێ خدامی
یارا سلێمان بەگێ میرێ بۆتانی •

★

ئەز چوومە رویباری ، منێ سێرانەکا خۆش کر ••
ئەزێ د بورجێ زووری فکریم ••
حەودکەکا رەشە رحانا •• دوو سۆر گولا ••
دناڤدا گەش کر •
ما تە بۆچی بەختێ من بڕەش‌و هەش کر •

★

کەسێ حالی بەندەوای[1] نەبی سەر مندالی سافارا •
خۆ دهافێنە گوڕیا ناگری[2] •

★

خەملا رویباری سپیندارو بی‌نە ••
ڕەوشا گەردەنێ بەندکو گوهارو کەلبی‌نە ••
تە سینگ بەرێ ڕەش بی ••
هەرسێ چار کنارا شێخو مەلاو سوفی‌و حەجی‌نە •
حەمکۆ : تۆ ب چافێ کۆر بنێرە ،
سولتان : لسەر تەختێ خۆ ڕینە •

★

سەرێت قورئانا ئەلیفو بێ‌نە ••
هەر سۆرەتەکێ نوقتێت خۆ لێ‌نە ••
دین دینێ (محمد)ە ، بێت دی هەمی نەلێنە •

★

سەرێت قورئانا ئەلیفو دالن ••
هەر سۆرەتەکێ نوقتێت خو لپالن ••
دین دینێ (محمد)ە ، بێت دی هەمی دبەتالن •

★

سێرانە لە باغێ گولا لسەر کانیکا حەیاتێ
شێخ یێ دهێت‌و مرید دکەن خەباتێ
ئەز دێ هنگی تەرکا دوو چافێ ڕەش‌و بەژنەکا بلند کەم
من داهێلنە قەبرێ تەنگو تاری ••
پالا من بدەنە کێلیکێت ڤێ جفاتێ •

★

سێرانە ل باغێ گولا لسەر کانیکا کەوسەرێ
شێخ یێ دهێت‌و مریدێ لبەرێ
ئەز دێ هنگی تەرکا دوو چافێ ڕەش‌و بەژنەکا بلند کەم ،
من داهێلنە قەبرێ تەنگو تاری ••

محمد سعید حسین یاسین

نامەیەك بۆ بێریوان !

ابو بکر خۆشناو

(١)

تۆ زۆر جوان‌بووی ، دڵی ساردی منت بۆلای خۆت ڕاکێشا ، کاتێ لێت نزیك بوومەوە ، بەخێرهاتنت کردم ، هەستم‌کرد ، تۆ ئەو کەسەی کەمن بە دوای‌دا دەگەڕێم •••

لێت دوورکەوتمەوە ، بانگت کردم ، من هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە ، کەتۆ دەتەوێ لەگەڵ منـدا یەکتربناسین ، بۆیە لەسەرخۆ ئاوڕم دایەوە ، تۆش چەند بەجوانی وەستابووی ••

دەمت‌کردەوەو ، بەچەند وشەیەکی جوان ، خۆت پێشکەش کردم ، کاتێ ووتت : من ناوم بێریوانە ، لێت تێ‌نەگەیشتم ، دووبارەت کردەوە : بێریوان ••• ئای بێریوان ئەو جلوبەرگە سوورە جوانە ، ئەو گوڵەی بە ئەنقەست خستبووتە نێوان هەردوو گومبەتی مەمکەکانتەوە •• ئەو قژەخاوەی بەسەر شانتا ، پەخشبووبوو ••• ئەوچاوانەت ، چ ئەفسانەیەکیان، تێدابوو ، چەندت لێدەهات••• ئەو جلوبەرگە ••• ئەو گوڵە سوورە •• ئەو ووشەشیرینانەی شیعربوون ••• بێم‌بڵێ چۆن ئەوەندە جوانت‌لێدەهات ؟!

(٢)

نازانم چ شتێکی‌ئەفسانەیی‌بوو ، چ هەستێکی ناسك‌بوو ، کە خوونـاوی‌خۆشەویستی‌یەکی گەورەی بەڕوودا پژاندم ، بەوجۆرە ، بەرەو دڵم هاتو پڕی‌کرد لەخۆشەویستی •••

من هیچ کاتێ لەئاسەتشتی ئاوادا ، ئەوەندە هەست ناسك نەبووم ، قەتیش بەتەمای‌هەڵهێنانی چاویکیش نەبووم ، تەنانەت بیرم لەقسەیەکی‌سەرەڕۆش نەکردۆتەوە •••

بەڵام تۆ ئەی ئەو کچەی ،خۆت بەدوای مندا دەگەڕای ، هەواڵی شیعرە خەمبارەکانت‌لێدەپرسیم :

« حەزت لێ‌بوو ، کاتێکی‌زۆر گوێم بۆشلکەی شیعرەکانم بچنیتو ، دڵت‌بخەیتە سەردەستو ، بۆئاست دڵێ مەنـی‌سەرخەی !! » •

(٣)

« تۆ ڕووبارێکی بچووکی‌و،بەناو کیلگەی دڵمدا دێیت ! تێنوێتی گشت درەختەکان، دەشکێنیت و ، پۆل پۆل چۆلەکەکانیـش‌دێن ، بەرەو هەواری بەجێ‌ماو
من تێنووم‌و چاوەڕوانـی‌بارانێکم !
تۆبارانی ••• کچـێ‌بێری تۆ بارانی •••
دێم‌و من تێنووی بارانم

نەنم دڵۆبە ئاوەکـان‌بەسەرکیلگە ووشکەکانـدا ببارێنە
خاك تێنووە ••• حـەزلەئاوی باران دەکات
باران میهرە ••• ئەویـش‌حەزی لە بەخشینە
هۆ بێری گیان ، تـۆبارانی‌و ،
مئیش بارانم خـۆش‌دەوێ ! » •

(٤)

جوانیت کاری‌کردە گیانم••• تۆم بە دڵدا چـوو ، خۆشەویستی •• خوێنـی‌زامەکانم ، خستە قەڵەمە بچووکەوەو نامەیەکم بـۆت‌نووسی ••• ئەونامەیە :

هەستی پاك‌و خاوێنـی‌لاوێك بوو ، دەیەوێ دەرگای دڵە داخراوەکەی بۆ بکاتەوەوخەمەکانی بۆشانە بکات •••
ئەو نامەیە سەرنجێـکی‌ڕەخنەگرانەیە ، بـۆ تێ‌گەیشتنی ژیانو جـۆری‌کارکردن ، لەنێوان تەلـە داخراوەکانی ڕۆژگار •• ئەونامەیە سەرنجێکە لەیەخـەی خۆشەویستی‌و دڵـداری‌ئەمڕۆ دەدرێ‌و ڕووناکی‌یەکی بەهێزە دڵە تاریکەکـان ،ڕۆشن دەکاتەوە •••

ئەو نامەیە ، نامەیەکـی‌ساکاری وەك زۆربەی ئـەو نامانە نییە ، کە دڵدارەکانی‌ئەمڕۆ بۆ یەکتری دەنێرن ، ئەو نامەیە : یەخوێنـی دڵ‌نووسـراوە شەونخوونی‌یەکی زۆری بە دیارەوە کێشـراوەودەربڕی چەند ساڵەی خەمـە پەنگ‌خواردووەکەیە •

ئەو نامەیە شیعرێـکەو ،دێرەکانی بەخوێنی ئـال نووسراوە !

(٥)

بێری ••• کاتێ نامەکـەت‌خوێندەوە :
« تێ‌گەیشتی دڵی مـن‌چەندە ئاسکە
چەند بریندارەو چەنـددەستەمۆ
چەندە حەزی لەچاوێکە ،
چەندە هۆگری ئاسکە !! »

(٦)

بیریفان ••• تـۆدەڵێی‌چی ؟
ئەو ووشانە چۆن چوونـەدڵتەوە ؟

ئەو نامەیە ، هەموو هیواودڵو شیعرو باوەڕی مـن بوو !

هۆ بێری گیان شەرمەکە ،خۆشەویستی ، دیوارەکـان دەڕوخێنێ

زنجیر دەکاتەوەو کـۆت‌لەمەچەك دەکاتەوە !

تۆ دەڵێی چی ؟!
چەند لـە دەرگای دڵی‌تۆمداوە
خۆم خستە باوەش میهری‌تـۆ !
وەڵام نەبوو ••• وەڵامنەبوو ••• وەڵام نەبوو ؟!
هۆ بێری گیان ••
نێستاش هانێ ئـەوەدڵمەو ،
بارەگای خۆتی لێ‌دانێ ••
تۆ دەڵێی چی ؟!
من چاوەڕێی وەڵامـی‌تۆم ، ئاگات لێم‌بێ ••
من چاوەڕوانی وەڵامم !
کوانێ وەڵام ••• کوانـی‌وەڵام ••• کوانێ وەڵام ؟!

(٧)

دەرگای دڵت بکەرەوە •••
هۆ بێری گیان •• تـۆبارانی •••
کچێ بێری منیش بارانـم‌خۆش‌دەوێ !!

---

٨ ئاوینە ئەحسنا مە

● محسن قوچان ●

ئەرێ یارێ ••
بۆچی تۆ یا خەم هەڵگری ؟
•••• هۆ یا دل مای ؟؟
کێ گوتیە تە من تۆ هێلای ؟
باوەر نەکەی ئەز تە بهێلم
پشتی تە هزرا من بری
ب سیتافکا خۆفە گرێدای
پشتی دلێ من کریە دەشت
ب پەنجو نەینۆکا کێلای
دێ تۆ وەرە
برینێت من
ب تیرا چافێت خۆ کوپرکە
تو بەربـەرە
هەسـتێت من
دگەل تیزابێ هەفیرکە
ب تەنیرەکا شـاریای بپێژە
لێ ڕۆندکا نەفەپێژە
رها دەستێ من ببرە ••
دەڤێ خۆ بهافێژێ بمێژە
پەیمـان بیتن :
ئەز خۆ ببینم « لسەکەراتێ »
نەمری نەمای
کیـانێ من د گەرویێ‌را مای
نەبێژم ئای
چینکو ژ دل من تۆ ڤیای

× × ×

ئەز پەرێسێ چافێت تە مە
بلا کوفان من بکەلووژن
تۆ دگەل نەبی
داوەتە •• نانە تۆ خەمە
ژ ئەفینا تە
ئەز بێ ئەزمانم ••
بێ دەڤم
تنێ کۆشێت تە ببن ئاگر
دناف پێلێت گورێ بکەڤم
ژبەر ئاکەڤم
نێ چافێت تە ••
یێ من دکێشن
بو ئەفرازی‌یاو فرۆکا
بەرسینکێت تە
من دکڤێشن
ئەزێ گرتیم ب دافـو شۆکا
هندی برینێت من بێشن
دێکەم قێری یارا من کا ؟
تۆ یا ب مەژێ من ڤە نویسیای
وەکو داس‌و کونجرۆکا

× × ×

هۆگرا من
دەریا پاپۆرا ژیارا من
من یازانی •••
دی تە دەن شوی
تو تە نەڤێت
لێڤ عنجۆلەك حەژتەدکەت
دێ تە ڕەڤێت
ل داوەتا تە دێ گول مرن
سیرێنا بای سترانابێت
خوزیا بزانم شرینێ
وەکو خازگینێ تە تێت
دلێ تە چەند خۆ دقوتیت
خۆ دەەلاڤێت ؟
چەند رۆندکێت وەکو پەلا
سۆراتی‌یا ڕوییا دسوژیت ؟

× × ×

وەلێ هێشتا کو دلێ من
ئافا نەڤینێ تێ‌گەڕیای
نەچرمسی هێشتا کو مای
وەرە دەسێ خۆ بدەڤە
بدوێف من بکەڤە
دێ زەندا خۆ ژ تەڕا کەمە
مسری‌یێ خەلەفێ بۆێ
ئەزمانێ خۆ دێ کەم مەتال
تۆبز ڤەگێڕەك پێکۆتی
لێ هەکە پرسیارا تە کر
تو حەژێ دکی ؟
تە نەبینم یا مەندە هۆشی یا متی
بێژە ئەرێ یارێ منە
خودان‌کری‌یێ
وێ خوما ناڤ مەمکێت منە
ئەگەر بوونا وی نەبێتن
ئەدا من دست تەنە

● ئەنوەر قادر محەمەد ●

واشەو داهات ، چراش خامۆش ، مەل کۆچی کرد
بەفری ناوەخت ، دەشتی دڵی دڵدارێکی سەرانسەرگرت
واشەو داهات •••
« ـ ئەو مەمکانەت ئالم پەنجە سووتاوانەی من بەولاوە نیشتمانێ بەدی ئەکەن ؟!
یا سەربکەن بەسالی هەر پەنجەیەکا ، هی من ئەبن ، غەریبن تیا •••

ئای لەوکەسەی وڵاتی خۆی لە بیر ئەکا !!
تۆ ئەیەلی هیچ ڕێبواری دەم بنینەکانی لێوت ؟!
خۆ کانی‌ی لێوی (سێوەخان)(*) ئاوێنە بوو
هەر بەتەنیا وێنەی (حەمە) ،
ئەو دلدارە شوانکارەیەی تیا دەرئەکەوت
لێوێ ئەبوو گری لێوی دابمرێنێ
لێوەکانی حەمە ئەبن ••
ـ خۆشت دەوێم ؟!
ـ دارستانی ئەبەنووسی کەزی‌ی خاوت
هەر هۆگری هەوری ماتی سیمای‌منە
بینووسێنێ بەدلیەوە ••؟!

ـ خۆشت بوێم •• تەنیا بۆتۆم ••• »
دارستانێ بەهەناسەی من ئەبوایە ، ئەئەهاتە جۆش‌و سـەما
واشەو داهات ، چراش خامۆش ، مەل کۆچی کرد ••

× × ×

لە شاراتا دڵدارەکان ، کاتێ هەورێکی سپی ئەبینن
شۆڕ بۆتەوەو دەستی کردۆتە گەردنی
درەختێکی بریندارە شێت‌و سەرکەش
درەخت‌و هەور ، دەم ئەنێنە دەمی یەکو سەماکەن
تۆ ئەبینن •• من ئەبینن ••

ناوت ئەبەن •• ناوم ئەبەن
واشەو داهات ، چراش خامۆش ، تاوی باران
بەفری کەوتووی دەشتی دڵی دڵدارێکی •• کاژو واژکرد
ڕووباری نوور چراخانی خستە دنیا ••
شەپۆل ئەدات‌و سۆز ئەکا ••

بەغـدا

(*) محەمەد و سێوێ ، دوو دلداری ڕاستەقینە بوون ، بەسەرهاتەکەیان کراوەتە لاوك •

Institut kurde de Paris

میوانداری کۆشکی کۆماری

دوێنێ بەیانی بەڕێزان مالك یوسف ماهی بەڕێوەبەری گشتی دەزگای گشتی سەفەرو خزمەتگوزاری گەشت‌کردن‌و عبدالکریم مکی بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و هونەر چونەتە کۆشکی کۆماری بۆ سوپاسکردن ناوی خۆیان لە دەفتەری میوانداریدا تۆمارکردوە ٠

هەروەها بەڕێز دکتۆری ئەندازیار عبدالتواب ئەسفی وەزیری نەوتی ئەفغانستانی‌و ئەندامانی وەفدەکەی تەکی بە بۆنەی هاتنیان بۆ عیراق چونەتە کۆشکی کۆماری‌و ناوی خۆیان لە دەفتەری میوانداریدا تۆمارکردوە ٠

هەروەها دکتۆر هاشم اسماعیل ظاهر بەڕێوەبەری کۆمیانی عەرەبی پیشەسازی داودەرمان‌و کەرسەی پزیشکایەتی لە قاهیرە بە بۆنەی ئەوەوە کە ئێستا لە بەغدایە چۆتە کۆشکی کۆماری‌و ناوی خۆی لە دەفتەری میوانداری تۆمار کردوە ٠

هەروەها بەڕێز ئەندازیار زاکر عبدالجلیل محەمد سەرۆکی دەزگای گواستنەوەی ڕێگای ئاوی‌و بەڕێز کامل محمود بەڕێوەبەری گشتی‌ی دارستانەکان بە بۆنەی گەڕانەوەیان لە دەرەوەی وڵات چونەتە کۆشکی کۆماری‌و ناوی خۆیان لە دەفتەری میوانداریدا تۆمارکردوە ٠

چەپکە گوڵێ بەبێز صدام حسین بۆ «ئا٠د٠ع»

دوێنێ بەیانی ئاژانسی‌دەنگوباسی عیراقی بەئەوبەڕی شانازی‌و بەختەوەریەوەچەپکەگوڵێکی هاوڕێ صدام حسین جێگری ئەمیندارى‌گشتی‌ی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی‌و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی‌پێ‌گەیشتوە کە بەبۆنەی جەژنی هەژدەمین ساڵی‌دامەزراندنی ئەو دەزگایەوە بۆی ناردون ٠

ئەوەبو هاوڕێی جێگردوێنی پیرۆزیایی پێشکەشی کارگێڕانی ئاژانسی‌دەنگوباسی عیراقی کردبو ئەودەورە گرنگەی‌هەڵسەنگاندبوون بەوپێیەی ئەویش جۆگەیەکە لەجۆگەکانی‌ڕاگەیاندنی حزب‌و شۆڕش ٠

داوای‌کردوە کە هەوڵوتەقەللایەکی زیاتر بدرێت بۆ بڵندکردنەوەی پایەی‌ڕۆژنامەگەری‌و ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە پەرەسەندنی‌ئاژانسی دەنگوباسی عیراق ئەبێت شان‌بەشانی ئەوئاڵوگۆڕو دەستکەوتانەبێ کە سەرکردایەتی سیاسی‌لەهەمو مەیدانێکا بەدی هێناوە ٠

وەزیری بازرگانی‌چاوی بە وەزیری کشتوکانی ترکیاکەوت



دوێنێ نیوەڕۆ بەڕێز حسن‌علی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری‌بازرگانی پێشوازی لە بەڕێز فەهیم ئاراك وەزیری‌کشتوکالی تورکیا کردوە ، لەو چاوپێکەوتنەدا باسی چۆنیەتی پەرەپێدانی پەیوەندی بازرگانی‌و ئابوری هەردوولات کراوە بە جۆرێك چاکەی هەردو گەلەکەی تێدابێت ٠

غانم عبد الجلیل لەگەڵ وەزیری پیشەسازی هیندستان کۆبۆتەوە

پیرۆزشەو لە نیودلهی هاوڕێ‌غانم عبدالجلیل ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حزبی‌بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی عەرەب‌و ئەندامی ئەنجومەنی‌سەرکردایەتی شۆڕش لە گەڵ بەڕێز هاری باهوغون‌وەزیری پیشەسازی‌و پترۆ - کیمیاوی هیندستانداگۆبوتەوە ٠٠ ڕاگەیندرا کە کۆبونەوەکە دەربارەی ئەوشتانەبوە کە لیژنەی هاوبەشی عیراق‌و هیندستان لە دوێنێوە

چەند پارچە زەویەك بۆخانوبەرە لە هەولێر

ئەنجومەنی کشتوکالی‌ی‌پارێزگای هەولیر قایلبوە کە هەزارو ١٩٩ دۆنم لەزەوی‌وزارە کشتوکالیکان لەم لاولای پارێزگاکەدا تەرخان‌بکرێت بۆ دروستکردنی پرۆژەی‌نیشتەجێ‌و بنیاتنانی دایەرەو قوتابخانەو پرۆژەی‌کشتوکالی‌و دەزگای کۆمەڵایەتی ٠٠ ئەویش لەبەرڕۆشنایی یاسای ریکخستنی ملکایەتی زوی‌وزاری‌کشتوکالی‌ی‌و ڕاستکردنەوەی جۆرەکانی ٠

وئێستا سەرۆکایەتی‌ناوچەی کشتوکالی لەپارێزگای هەولێر خەریکی‌بنیات نانی چەند خانوبەرەیەکە بۆ دەزگاکانی کارسازی‌و کۆمەڵایەتی دیهاتەکان سەرجەمی ئەم پرۆژەیە ٧١٥هەزارو ٨٣٤ دیناری تێ‌دەچێت ٠٠ پرۆژەکەش‌بریتیە لە بنیات نانی یازدەخانوبەرە بۆ کارگیرانی سەرۆکایەتی‌و دروستکردنی یازدە عەمارو دوو مەلبەندی‌کوتان‌و یەکێك بۆمەشق‌کردن‌و سێ‌خانوبەرەش بۆ دایەرەی‌کشتوکالی‌و کەراجێك‌و فرنێك بۆ دروستکردنی خەڵوز ٠٠

بڕیارێکی گرنگی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

ئەنجومەنی سەرکردایەتی‌شۆڕش بڕیاری داوە کە دەرچوانی پلەی ناوەندی‌بە وەزیفەی (کاتب تعداد) لەدەزگای گشتی‌ی بەندەرەعیراقیکان دامەزرێنێت ، و ئیستنا بکرێ‌لە بڕیاری‌ژمارە (٦٤٤) ٠

ئەمەش تەواوی بڕیارەکەیە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەکۆبونەوەی ڕۆژی ١٣ی ١٠ی ١٩٧٧ی‌دا بڕیاری‌داوە دەسەڵاتی دامەزراندنی دەرچوانی قوتابخانەی ناوەندی داوە بەدەزگای گشتی بەندەرە عیراقیکان کە بەکاتب تعداد بەشێوەیەکی ئیستیثنائی لە دەسەڵاتی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە ٦٤٤ی ٣١/٥ی ١٩٧٧ دابەمەزرێنێت ٠

پێویستە لەسەر وەزیری ڕێگاوبان‌و دارایی کە بەپێوەی ئەم بڕیارە بکەن ٠

احمد حسن البکر
سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

ئەوەی شایانی‌باسە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری ژمارە ٦٤٤ی لە ٣١-٥-١٩٧٧دا دەرکرد بەپێی ئەوبڕیارە ئابێت دەرچوی قوتابخانەی ناوەندی بەفەرمانبەر دابمەزرێندرێت ٠

نەقیبی ڕۆژنامەنووسەکان پیرۆزبایی لە ئاژانسی دەنگوباسی‌عیراق دەکات

بەڕێز سعد قاسم حمودی‌نەقیبی ڕۆژنامەنوسەکان عیراقیکان بەبۆنەی بیرەوەری‌١٨ هەمین ساڵی دامەزراندنی ئاژانسی دەنگوباسی‌عیراقی‌یەوە پیرۆزبایەکی گەرمی پێشکەش‌کردون‌و ئەوی‌دوویات کردۆتەوە کە خێزانی ڕۆژنامەگەرانی شانازی بەوکارەرابەریانەوەی دەکەن کە لە ڕێبازی خۆیدا لەچوارچێوەیی تاقیکردنەوەیەکی شۆڕشگیرانە بۆ بنیاتنانی‌عیراقێکی نوی لەژێر سایەی شۆڕشی ١٧ی تەمموزی‌نەمردا پێشکەشی دەکات ٠

ئەمە لەو بروسکەیەدا باس‌کراوە کە بەڕێز بەریوەبەری گشتی‌ی ئاژانس دەنگوباسی‌عیراق لەبەڕێز سعد قاسم حمودیەوە پێی‌گەیشتوە ٠٠

ئەمەش تەواوی ئەوبروسکەیەیە ٠٠

هاوڕێ محەمەد مەنساف‌یاسین ، بەریوەبەری گشتی‌ی ئاژانسی دەنگوباسی عیراق ٠لەبیرەوەری ١٨ هەم ساڵی دامەزراندنی ئاژانسی دەنگوباسی عیراقدا پێ‌خۆش‌لم گەرمترین‌وجوانترین سلاوتان پێشکەش بکەم و پیرۆزبایی ئەم جەژنەلە خێزانەکەتان بکەمو شانازیمان بەهەوڵو تەقەللای‌پێ‌وچانتان لە پێناوی مەسەلەی تێکۆشانی‌ئەتەوایەتی‌و مرۆڤایەتیدا دوپات دەکەیتەوە ڕیبازی

بروانە - ل ٧

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش یاسایەکی دەرکردوە بەوپێیە بۆئافرەت هەیە لە سوپادا خزمەت بکات

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش یاسایەکی دەرکردوە کە ڕۆژی دووشەممەی ڕابوردولە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاو کراوەتەوە ، بەپێی ئەویاسایە ئافرەنیش وەك پیاو دەتوانێت لە سوپادا خزمەت‌بکات ، ئافرەتێك ئەگەر باومرنامەی کولیجی پزیشکی‌ی‌ددان‌و سەیدەلەی هەبێت دەتوانی ببێتە ئەفسەر لەسوپادا ، وەئافرەت دەتوانێت بێتە نایب زابت ئەگەر باومرنامەی یەکی لەقوتابخانەکان یا دەورەیەکی تیمارچێتی باومرپێکراوی‌ببینێ ٠٠ ئەمەش تەواوی ئەو یاسایەیە ٠٠

بەناوی گەلەوە
ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

بەپێی دەسەڵاتی برگەی (أ) لە ماددەی چل‌و دووی دەستوری وەختی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبونەوەی ڕۆژی ١٨ی مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٧٧ دا ئەم یاسایەی خوارەوەی دەرکردوە ٠٠

یاسای خزمەتی ئافرەت لە سوپادا ژمارە ١٣١ی ساڵی ١٩٧٧

ماددەی یەکەم :

ئەکرێت کە ئافرەت لە سوپادا بەئەفسەر دابنرێت ، ئەگەر باومر دەمەیەکی سەرەتایی زانستگای هەبێت لە یەکی لە کۆلیجەکانی پزیشکی‌ی‌و پزیشکی ددان‌و سەیدەلی‌و تیمارچێتی ٠

دووهەمین :

ئافرەت بۆی هەیە کە ببێتە نایبزابت یاپلەداری لە یەکی لە دەزگا پزیشکیکانی سوپادا ئەگەر باومرنامەی لە یەکی لە قوتابخانەکانەوە یا دەورەیەکی تیمارچێتی باومرپێکراوەوە یا شارەزایی وکارسازی لەمەیانی تیمارچێتیدا پەیدا کردبێ ٠

سێهەمین :

دەکرێت کەسانی‌تر کە بێجگە لەو کۆلێجەو خوێندنگایانەی لە برگە یەکەمین‌و دووهەمیندا باس‌کراون لە سوپادا خزمت بکات ، ئەوەش کە ئەگەر پێویست بەخزمەت کردنیان بو ، بەپێی هەڵسەنگاندنی وەزیری بەرگری ٠ وەدەچێتە ژێر باری فێرکردنەوە وەك لەم یاسایەدا باس‌کراوە و دوای دەرچونی لەدەورەکە یەکێ نە پلەکانی سەربازی دەدرێتی چونکە ئەو دەورەیەی بەخزمەتی ئیلزامی بۆحیساب دەکرێت ، بەگوێرەی یاسای خزمەت‌و خانەنشینی‌ی سەربازیی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٧٥ ، هەروەك ئەوەی پیاوبێت لەگەڵ چاودێری کردنی ماددەی دەهەمینی ئەم‌یاسایەدا دەربارەی ئەو ئافرەتەی ڕوتبەی سەربازیی دەدرێتی ، وەئەوبەشەرگەی لەبەری دەکات بەگوێرەی ئامۆژگاریەك دەبێت کە وەزیر دەری دەکات ٠

ماددەی دووهەمین :

ـ یەکەمین : ئەو ئافرەتەی دەسەڵاتی برگەی ـ یەکەمین ـ ی ماددەی یەکەمینی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە پلەو پایەو موچەو بڵندبونەوە خانەنشین دەکرێتو ئیستیقالەی لێ قوبول دەکرێت‌و دەگیردرێتەوە بۆخزمەت بە مەرسومێکی کۆماری ئەویش لەسەر پێشنیاری وەزیری بەرگری ٠

دووهەمین :

ئەو ئافرەتەی دەسەڵاتی برگەی ـ دووهەمین ـ لە هەمان ماددە پلەو پایەو موچەو بڵندبونەوەو خانەنشین دەکرێت‌و ئیستیقالەی لێ‌قوبول دەکرێت‌و دەگیردرێتەوە بۆ خزمەت لەسەر بریاری وەزیر ٠

ماددەی سێهەمین :

مەرجە کە ئەو کەسەی پلەیەکی سەربازی دەدرێتی کە :

یەکەمین : عیراقی بێت‌و لەدایك‌و باوکێکی عیراقی بێت شوی بەپیاوێکی بێگانە نەکردبێ‌و ئەو هاونیشتمانی‌یە عەرەبی کە ڕەگەز شوناسی‌یەکی لە وڵاتە عەرەبێکانی هەبێت وەئەو مەرجانەی تیدابێت وەك عیراقی تەماشا دەکرێت ٠٠

دووهەمین : تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێت‌و لە تەمەنی ٣٥ ساڵان تێنەپەڕیبێت ٠

سێهەمین ٠٠ ڕەوشتو خۆی چاك بێت‌و پەلەو عەیبوعاری پیوە نەبێ‌و گومان لەدڵسۆزی نەکرێت بۆخاك‌و نیشتمان‌و گەل‌و سوپاو ئامانجە نەتەوەیی‌و کۆمەڵایەتی‌یە بەرزەکانی شۆڕش ٠

چوارهەمین : مەرجی ڕیکو پێکی‌و ئەو لەش ساغی‌یەی تیدابێت کە لە ئامۆژگارێکانی وەزارەتی بەرگریدا دیاری دەکرێت ٠

پێنجەمین : بە تاوانێکی

بروانە - ل ٧

ستایش کردنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی تموز

بەڕێز ڕۆستەم بیك یوسف‌بیکۆف جێگری سەرەك وەزیرانی کۆماری تاجاکستانی‌سۆڤیاتی ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە درەنی کردنی‌لەگەڵ کاربەدەستانی عیراقداو لەپێش هەمو ئەوانەوە‌سەرۆکی تێکۆشەر احمد حسن البکر سەر لەنوێ ڕوانی‌وبەتینی دۆستایەتی نێوان عیراق‌و یەکێتی‌ی سۆڤیات‌نیشان ئەدات ٠

لەو کۆنگرەی ڕۆژنامەنوسی‌یەدا کە دوێنی بەیانی لەیانەی ڕاگەیاندن لەبەغدا

بروانە - ل ٧

کۆبونەوەی مامۆستایان و قوتابیانی کوردستان

دوێنی ئێوارێ یەکێتی‌قوتابیانی کوردستان لقی دهوك ٠٠

کۆبونەوەیەکی فراوانی‌سازکرد ، لەمکۆبونەوەیەدا لێ‌پرسراوانی بەڕێوەبەرایەتی‌پەروەردە ئامادەبوون ، باسی باری گشتی ئیستاو بەرزکردنەوەی ڕادەی ڕوشنبیری‌و زانیاری قوتابیان‌کرا ، هەروەها پەرەدان بە دروستکردنی پەیوەندی بەهێزلەنێوان دەستەی مامۆستایان‌و قوتابیاندا لەسەر بنچینەیەکی‌دیموکراتی پتەو ٠ لەکۆبونەوەکەدا بڕیاردرا بۆ بێك‌هێنانی لیژنەی یەکێتی لەبەشە ناوخۆیەکانی کچان‌و

بروانە - ل ٧

کونگرەی‌کشتوکال لەکوردستان

ئەنجومەنی بەرزی کشتوکال بڕیاری داوە کە کۆنگرەی ساڵانەی کشتوکال لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی بگیرێت، بۆئەوەی لەو کۆنگرەیەدا ئەخشەیەکی ساڵانەی کشتوکال دابنرێت‌و لە سەرەتای ساڵی ئایندەوە لە ناوچەکەدا پەیڕەوی بکرێت ٠

ئەنجومەن بۆگرتنی ئەم کۆنگرەیە ئەوەی کردوە بە مەرج کەبەر لەوەی کونگرەی ساڵانەکە بگیرێت دەبێت کۆنگرەی ناوخۆ بکرێت ئەویش بەجۆرێك کە هەمو لایەك بگرێتەوە لە بچوك‌ترین بەشی بەرهەم هێنانەوە تاوەکو گەورەترین بەشی بەرهەم هێنان ٠

وە لە لایەکی ترەوە ئەنجومەنی بەرزی کشتوکال داوای لەوەزارەتی کشتوکال‌و چاك‌کردنی کشتوکال‌کردوە کە هەوڵی هێنانی تۆوی گەنمەشامی سبی بدات کە بۆ ئالف دەس دەدات بۆ ئەوەی بەسەر جوتیارەکاندا دابەش بکرێت تا لەوەرزی داهاتودا بەکاری بهێنن ئەم داخوازیەش بۆ جێ بەجێ کردنی بریارەکانی حەوتەمین کۆنگرەی ساڵانەی کشتوکال بوە سەبارەت بەوەی کە جوتیاران بەزۆری ڕویان کردۆتە چاندی ئەم جۆرە تۆو لە بەر ئەوەی چاکەی زۆری تێدایە ٠

تامێ‌کردنەوەیەکی ڕابەری‌کەرتی سۆشیالیست لەسلێمانیدا

کەرتی سۆشیالیستی لەپارێزگای سلێمانی هاوەی ساڵێکە هەنگاوێکی باشی ناوەبۆ تاقی‌کردنەوەیەکی سەرکەوتوو ئەویش بۆدروست کردنی کۆمەڵی ڕێگاوبانی سەرەکی لەپارێزگاکەدا ، لەسەر شێوەیەکی نوێ ، کە بەهەموو کەناڵێکی شارەکەدا درێژبۆتەوە ٠ ئەو ڕێگایانەی‌کە دروست ئەکرێ ، ٢٩ ڕێگای سەرەکیە بە درێژایی‌دوو هەزارو ٩٣ کیلومەتر ، کە ٤٧ ملیون‌و ٦٣٠ دیناریان تێ‌ئەچێ ٠

دەزگای گشتی ڕاپەراندنی ڕێگاو بانی سەرو بەم کارەوە خەریکە ٠ لەسەر حسابی ئەخشەی پێنج ساڵەو بەرنامەی ئیستثماری ساڵی ١٩٧٧ و ئەو پارە زیادانەی ماونەتەوە ٠

ئەم کارە لە سەر ئەخشەکێشانی سەرکردایەتی سیاسی حزب‌و شۆڕشە ، کە هەوڵ ئەدا بۆ دابین‌کردنی ڕاپەرینی تەواو لە هەموو بارێکی ژیانەوە لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا ٠

ئەم تاقی کردنەوەیەی کە پارێزگای سلێمانی بۆ یەکەم جار بە خۆیەوە ئەیبینێ ، بایەخی سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش نیشان ئەدا بەرامبەر ئۆتۆنۆمی‌و گەیاندنی هەمو کارگوزاریە ڕوشنبیری‌و ئەندروستی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و سیاسی بۆ دورترین شوین لە ناوچەکەدا ٠ هەروەها هێنانەدی فراوانترین گۆڕانکاری لە ژیانی هاونیشتمانیەکاندا لە گشت ڕویەکەوە ٠

تەواو بونی ئەم ڕێگاوبانانە ئەبێتە هۆی گەشە پێدانی کشتی‌و فراوان لە پارێزگاکەدا ٠ بۆ بەستنی مەلبەندەکانی بەرهەم هێنانی کشتوکال‌و ئاژەل لە مەلبەندەکانی فرۆشتنەوە ، زۆر کردنی زەوی کشتوکالی ، زۆر بونی پیشەسازی هەمە جۆر ، هەروەها خۆش‌کردن‌و نزیك کردنەوەی ڕێگای هاونیەهەوارو سەیرانگاکان ٠ چاك‌کردن‌و دامەزراندنی شوێنی تایبەتی بۆ سەیران‌کەران ، کە بەهۆی تاقمە یاخی‌بوە تاوان پارەکەوە کە بەهەتاهەتایی لەناوبران وەك خۆی مابوەوە بێ دەسکاری ٠

لەو ڕێگایانەی تەواو بوە ٨ ڕێگای سەرەکیە ، بە درێژایی ٢٧٥ کیلومەترە ، ١٠ ملیون‌و ٧٩٠ هەزار دیناری تێ چوە ٠ کە بریتی‌یە لە ڕێگای دوکان - ڕانیە - قەلادزی - کویە‌و سلێمانی - عەربەت‌و هەلەبجە - چەمچەماڵ‌و سنگاو - قەرەویس - بازیان - ئاغجەلەر قادرکرم - تەکیەی جەباری -

ئێستاش بەوپەڕی تواناوە ، بەپێی بەرنامەیەکی تایبەتی کە لە ڕۆژێکدا ١٢ کات‌ژمێر بەبێ وەستان کارئەکەن بۆ تەواو کردنی ٢١ ڕێگا کە درێژیان ٨١٨ کیلومەترە ٣٧ ملیون‌و ٦٤٠ هەزار دیناریان تێ‌ئەچێ ٠ بڕیار وایە ئەم ڕێگایانە لە کوتایی ئەمساڵداو سەرتای ساڵی تازەدا تەواو

بروانە - ل ٧

چەند هەواڵێك لە سلێمانیەوە

بەڕێز پارێزگاری سلیمانی لەپێویستیەکانی ئاوەدانی ناوچەی کەلار ئەکۆڵێتەوە

● سەرلەبەیانی ڕۆژی یەکشەممەی ڕابوردوو ڕێکەوتی ٦-١١-١٩٧٧ بەڕێز ئەرشەد ئەحمەد محمد پارێزگاری سلیمانی بەسەردانێکی تایبەتی چوە ناوچەی کەلار بۆئەوەی لەپێویستیەکانی ئاوەدانی ئەو ناوچەیە بکۆڵێتەوە ٠

● لەسەردانەکەدا بەڕێز خزعل خضیر ئەندامی شعبەی سلیمانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست‌و هەندێ لەسەرۆك دائرەکانی سلیمانی هاوڕێیەتیان کرد ٠

● ئەوەی شایانی باسە بەڕێز پارێزگار لەگەڵ قائمقامی قەزاکەو هاوڵاتیاندا کۆبوەوە بەئامادە بونی هاوڕێیان لێ‌پرسراوانی حزب لەناوچەکەدا ٠ وە لەکۆبونەوەکەدا بەوردی لەگیرو گرفت‌و داخوازیەکانی ناوچەکە کۆڵایەوەو ئامادەیی نیشان‌دا بۆجێ بەجێ کردنیان‌بە باشترین شێوە ٠

هەروەها ئەوەی دووپات

بروانە - ل ٧

دەستەی بەڕێوەبەری نوێی (تیپی هونەری هەولێر)

لەدوایی‌دا هەلبژاردنی نوێی (تیپی هونەری هەولێر) کرا کە تیایدا بەڕێز نوێنەری دەزگای سینەماو شانۆ ئامادە بوو ، لە ئەنجامدا دەستەی بەڕێوەبەری تازە لەم ئەندامانە پێك هات :

جمال هیدایەت ، وریا احمد ، جان ئۆماس ، اکرم حسین العلاف ، طلعت نادر ، جودت شاکر ، عدنان احمد ٠

هەروەها شیرزاد انورو هاشم زینل بەئەندامی ئیحتیات دەرچوون ٠

له بیرهوهری «١٨» ساڵەی دامەزراندنی « ئا٠ د٠ ع »دا

ڕاگەیاندنێکی شۆڕشگێڕانەو باشەرۆژێکی باشتر..

ڕۆژی چوارشەمەی ڕێکەوتی ٩ی ئەم مانگە ئاژانسی دەنگوباسی عیراق بەبۆنەی تیپەربونی هەژدە ساڵی تەواو بەسەر دامەزراینداا ئامەنگی گیرا بەم جۆرە ئەودەزگای ڕاگەیاندنە گرنگە پێ‌ی‌نایە ساڵێکی نوێی خزمەت کردنی ڕاگەیاندنێکی شۆڕشگێڕانەو کە بەردەوام لەبەر ڕوناکی تیشکی ڕاپورتی سیاسی هەشتەمین کۆنگرەی قوتری حزبی بەعس عەرەبی سۆشیالیستی هەنگاو دەهاوێژێتە ئامانجەکانی ئەو ڕاپورتە دەگاتە پرۆگرامێکی قوناغی ئەمڕۆی بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانی ڕاگەیاندن ٠

ئاژانسی دەنگوباسی عیراق بەتایبەتی دوای شۆڕش ١٧ی تەمموز بەهۆی ئەو چاودێری‌و ئاگەداریەوە کە سەرکردایەتی سیاسی حزب‌و شۆڕش دەیکات توانیویەتی دەورێکی ئاشکراو بەرز ببینێت‌و بیتوانێت کاری ڕۆژنامەگەری مولتەزیم لە خزمەتی تێکۆشانی ئەتەوەی عەرەب دژی ئیمپریالیزم‌و زایونیزم چەند هەنگاوێك بەرەو پێش بەرێت ٠

ئەم دەزگا گرنگە ئەگەر جی پێش شۆڕش ١٧ی تەمموز ئەرکەکانی بریتی بون لەوەی کە هەندی هەواڵی ئەملاولای دنیاو دەنگوباسی ناو خۆ بدات بەگۆڤارو ڕۆژنامەکانی وڵات٠٠ بەڵام ئەمڕۆکە بەهۆی ئەو پشتگیریە گەورەیەی لە لایەن سەرکردایەتی سیاسی حزب‌و شۆڕشەوە لێ‌ی دەکرێت توانیویەتی پەل بە زۆر بەشی ئەم دنیا بەرێندا بهاوێنێت‌و وەك دەزگایەکی پێشکەوتوی هاوچەرخ لە مەیدانی ڕاگەیاندن‌و دەنگوباسدا دەورێکی دیارو ئاشکر ببینێت‌و بەردەوامیش لە ڕێگای پیشخستن‌و شارەزا کردن‌و مەشق پێ کردنی بێ کۆتایی کادیرەکانیەوە هەنگاوی گەورە گەورە بۆپێشەوە دەنێت ٠٠

پێش بەرپا بونی شۆڕش ١٧ی تەمموزی پیرۆز ئاژانسی دەنگوباسی عیراق لە خانوبەرەیەکی مام ناوەندیدا بو ٠٠ ئەمڕۆش بەهۆی چاودێری شۆڕش‌و ئەو دەورە گرنگەی ئەو دەزگا پایەخدار دەیبینێت توانیویەتی لقی خۆی لە بیروت‌و قاهیرەو نیودەلهی‌و لەندەن‌و پاریس‌و مەغریب‌و جەزایرو سۆدان‌و وڵاتە میرنشینەکان‌و کۆماری یەمەنی دیموکراتی‌و کۆماری عەرەبی یەمەنی‌و یەکێتی‌ی سۆڤیات بکاتەوە سەرەڕای پەیامنێرەکانی کە لە نیویورك‌و نیجریاو سری‌لانکاو قوبرس‌و دەکاو پاکستاندا کاردەکەن‌و پەیتا پەیتا پەیامی بۆ دەنێرن ٠٠ ئاژانسا کە گەلێك ڕێکەوتنی لەگەڵ ئاژانسەکانی تری دنیادا مۆرکردوە بۆ گۆڕینەوەی هەواڵ‌و وێنەو دەنگوباس ٠

ئەمڕۆ ئاژانسی دەنگوباسی عیراق بەگیانێکی بەتین‌و دڵێکی بۆ خزمەتی وڵات‌و بەدی‌هێنانی ساڵێکی نوێی ئیش کردنیەوە بۆ خزمەتی وڵات‌و بەدی هێنانی ئامانجە پیرۆزەکانی شۆڕشی ١٧ی تەمموز ٠

Institut Kurde de Paris

لەگەڵ سەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لقی هەولێر

ئافرەتی کورد ئازایە

چاوەڕوانی پێشکەوتنی لێ ئەکرێ و لەوڕوەشەوە ئامادەیە

ئەگەر بەروکەش لەدەرەوە بڕوانیتە بارەگای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەهەولێر ، لەسالێکی بێدەنگی ئاسایی ئەچێ ٠٠

کاتێ چومە ژورەوە هەروەکو بچمە ناو کورەیەکەوە هەنگەوە ، بۆ یەکەم جار هەستم بە بزوتنەوەو ئیش‌کردنێکی بێ‌پایانی ، کچانو ئافرەتانی هەمەجۆر کرد لەناو بارەگاکەدا ٠ چومە ژورێکی ئاسایەوە ، ئافرەتێ لەبەردەم مێزێکدا دانیشتوە ،بەشێوەیەکی ئەوتۆ سەرنجی ڕاکێشام هەروەك لەبەردەم سەرکردەیەکی شەڕدا وەستابم ، ئەویش سەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانە٠

کاتێ کەوتمە دوانی هەستم کرد لەگەڵ ئافرەتێکی روخۆش‌و نیشکەردا ئەدویم ، هەرلەکاتی قسەکردنماندا ، یەکێ لەکچە ئەندامەکانی خۆی کرد بەژورا بۆ کارێکی تایبەتی . خێرا وەڵامی دروستی دایەوە بەدەنگ پرسیارەکەیەوە چوو ٠ ئەو کچانەی کە لەو بارەگایەدا کارئەکەن هەریەکە بەپێی تەمەن‌و کاروباری خۆی لیژنەکانی ئەبات‌بەڕێوە ، بەرێز خاتوو نافعە وتی ئەوکچەی کە ئێستا خۆی‌کرد بەژورا ، زۆرزرنگ‌و هوشیارە هەروەها لەکاری ڕۆژانەی خۆشیا زۆرگورجە ،بەئازاترین فەرمان‌بەرو کرێکاری کارگەکەیان دانەنرێ ٠

خاتو نافعە عثمان ابو بکر سەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ، ماوەی چوار ساڵە کاروباری یەکێتی ئەبات بەڕێوە ٠ پێش ئەوەی بێتە مەیدانی کارکردن لەریزی یەکێتیدا مامۆستای سانەوی بوە لەشەقلاوە ٠

لە وەڵامی پرسیارێکا دەربارەی کارکردنی‌و هەڵبژاردنی کاری سیاسی ٠ کە بە صدفە نەهاتوتە ئەم مەیدانەوە ٠

وتی : لەبەرئەوەی لەخێزانێکی تێکۆشەردا خولقاوم هەر لەمنالیەوە خولیای سیاسەتو خەبات بووم لەپێناوی رزگاری ئافرەتدا ٠

کاتێکیش بوم بەسەرۆکی یەکێتی ، تێکۆشان بەلای منەوە شتێکی ئاسایی‌و سروشتی‌بوو کە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو باروزوفەی کۆن تیایدا ژیاوم ٠

دەربارەی باری ژیانی ئافرەتی کورد پێش ئۆزئۆزمی‌و دوای ئۆزئۆز می :

وتی : پێش دەرچونی یاسای ئۆزئۆزمی ئافرەتی کورد ژیانێکی گرانو پر چەرمەسەری ئەبردە سەر ، لەبەر بوونی ئەو بزوتنەوە چەکدارە یاخی‌بوانەی ئەو سەردەمە ٠٠ لەبەرئەوە ژیانی ئافرەتی کورد پڕ بوو لەهەژاری‌و نەزانی‌و ناخۆشی ، بەهیچ جۆری بارێکی گونجاو شیاوی وای لەبەردەمدا نەبوو ، تاوەکو لەئاستیەوە خۆی روشنبیربکاو بەروەردەی تەواوی منالەکانی بکات ٠

هەروەها ئەوحکومەتانەی لەسەرحوکمبوون ، هیچ گرنگیان بە ئافرەتان نەدابوو ، بەچاوێکی تەسك تەماشای ئافرەتیان ئەکرد ٠ کە تەنها بۆکاروباری ماڵو بەخێوکردنی منال نەبێت ، بەکەلکی هیچی تر نایەن ٠ ئەمە چکە لەوەی سروشتی ئافرەتی کورد خۆی‌لەخویدا رێگا لەبەردەم ئافرەتاندا خۆش‌ئەکا بۆ پێشکەوتن‌و خێرافێربوون ٠ هەمیشە رویەروی گرانترین کار ئەبێتەوە هەروەکو شوانی‌و ماڵات بەخیوکردن‌و بەوبەری ئازایەتیەوە شەو چەك‌هەڵ‌ئەگرێ‌و باسەوانی ماڵەکەی ئەکات ٠ زوربەی کاتی ژیانی شان‌بەشانی پیاو ئیشی گران ئەکات ٠

باش دەرچوونی یاسای ئۆزئۆزمی ئافرەتی کورد توانی خێراتر لە جاران بەرەو پێش‌کەوتن‌و پێش‌خستن هەنگاوبنێ ، بەهۆی ئەو یاساو گوڕانکاریە خێراو پێشکەوتنخوازانەی حکومەتی شۆڕش دەری‌کردون ، کە ئافرەتانیش بەشێوەیەکی فراوان ئەگرێتەوە ٠

وەك کردنەوەی بواری فراوان لەڕوی کارکردنەوەو ، یاسای کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران‌و جێبەجێکردنی یاسای کشتوکاڵو یەکسانی ئافرەت‌و پیاو لەکاتی دابەش‌کردنی زەوی‌وزاردا ٠

حکومەتی شۆڕش زۆرویکای لەبەردەم ئافرەتاندا خۆش‌کردو لەوبیروبوچونانەی دورخستنەوە کە لەوەوپێش دەربارەیان ئەوترا لەهەمان‌کاتیشدا رادەی ژیانی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و روشنبیری ئافرەتانیشی بەرزکردەوە ٠

ئافرەتی کورد ئێستا لەزۆر شوێندا کارئەکا ، ئافرەتی کورد ئێستا جوتیارە، کریکارە ، فەرمان‌بەرە ٠

هەروەها وتی حەزئەکەم سەرنجیش لەوکارگانە بدەیت کە لەهەولێرن لەوێ بەچاوی خۆت ژمارەیەکی زۆر ئافرەتی کرێکارو ئێش‌کەر ئەبینی ٠ هەروەها لەکێڵگە حکومیەکاندا بۆ نمونە ٧٠ ئافرەت لە ناحیەی حەریر بەسەر لەکێڵگەکانی دەوڵەتا کارئەکەن کە کاری هەرئافرەتێ لەبری دێیەکە ٠

لەکاتی ئەم گفتوگویەماندا خوشکە فریال خۆی کرد بەژوراو کارێکی گرنگی لەگەڵ سەرۆکی یەکێتیدا هەبوو ، بەراستی خوشکە فریال جێگای سەرنجە ، چونکە لەوەوپێش لەمەڵبەندی روشنبیری جەماوەران چاوم پێکەوتبوو ٠

ئێستاش خەرێکی رێکخستنی کاروباری ئەونامەنگیە کە بەهاوبەشی روشنبیری جەماوەرانەو یەکێتی ئافرەتان ئەکرێت ٠ خوشکە فریال لاوێکی ئێسك سوکەو کرێکارە لەکارگەی جگەرە ، تیشکێکی ڕۆشنە لەکارکردنا ٠ خوشکە نافعە دەربارەی باری کارکردنی ئافرەتی کوردو جێگاکانی کردنیان‌و سەرنجی یەکێتی لەوروەوە ٠

وتی : ئەوبارەی ئێستا ئافرەتانی تیا ئەژی ، لەبەردەم یەکێتماندا دەسکەوتێکی جەماوەرانیە ، بەگرنگترین دەسکەوتیش ئەژمێرری ، ئافرەت ئێستا جێگای خۆی لەناوکۆمەڵدا کردۆتەوە ٠ لەبەر ئەوەی هەر چ کاتی ئافرەت لەبواری ئابوریدا رزگاریبوو ، ئەتوانێ لەبواری کۆمەڵایەتیشدا رزگاربێت ٠ هەرچەندە رزگاربونی ئافرەت بەستراویشەتەوە بەرزگاربوونی کۆمەڵەوە ٠

باش جێبەجێکردنی یاسای ئۆزئۆزمی ئافرەتی کورد کە بەشداری ئەندامێتی ئەنجومەنی یاسادانانی کرد ، ئاراتە خوازین کە بەشداری ئافرەتان لەئەنجومەندا بەردەبێتێ ، هەروەکو چۆن ئێستا ئافرەتان لە رێکخراوە جەماوەرێکیاندا کارئەکەن‌و بەرێوەرێتی قوتابخانەکان ئەبەن بەرێوە ٠

ـ ئایا ئەتوانین بڵێین یەکێتی ئافرەتانی کوردستان پێشکەوتێکی دیاری بەخۆیەوە دیوە لەروی جێبەجێکردنی ئامانجەکانیەوە ٠

● بێ‌گومان ـ بەڵی ـ ئەوەش بەڵگەی زۆربونی ئەندامانی یەکێتی‌و دروست بوونی ئەولیژنانەی تیایدا کارئەکەن ٠٠

لیژنەی روشنبیری : خەرێکی رێکخستنی ئەدەوەو کۆبونەوەی فراوانە ، هەفتانە خەرێکی بڵاوکردنەوەی هوشیاری روشنبیری ئەبێت لەناو ئافرەتاندا ، لەماوەی ئەمساڵدا بەدەیان ئەدەومان گرتوە لەناو هەولێرو دێکانی دەوروبشتی هەولێر ٠

هەفتانە هەستاوین بەڕاگەیاندنی ئافرەتان لەناو بارێزگاکەماندا بەهۆی شعبەکانی ڕاگەیاندمانەوە ، کە چوار شعبەکان هەیە ، شعبە لەلق بچوکترە ، لەرەواندوزو شەقلاوەو کویسنجق حریر شعبەمان هەیە ٠ لەماوەی ئەمسانگەشدا دوو شعبەی‌تر ئەکەینەوە ، لەمەنگاوەو مەخمور ٠ جگە لەمەڵبەندی یەکێتی کە لە شعبە بچوکترە لەناحیەی حریر ٠

وتم : لەوانەیە گرنگترین بواری یەکێتی لەروی کۆمەڵایەتیەوەیە بەتایبەتی کە بنچینەیەکە بۆ پێش‌خستنی ئافرەتان ؟

وتی : لیژنەی کارکردنی کۆمەڵایەتی خەرێکی کارکردنە بۆ هوشیارکردنەوەی ئافرەتان لەناو ماڵەکاندا ، بەتایبەتی لەگەرەکە مێللیەکاندا لەناوەو دەروەوەی پارێزگا ٠ هەروەها خەرێکی رێکخستنی ئاهەنگیرانی سودبەخشن ، جگە لە بەشداری‌یون لەو مەسیرە جەماوەریانەی بەبونەی روداوە نیشتمانی‌و میللیەکانەوە ئەکرێ ٠ هەروەها خەرێکی کردنەوەی مەڵبەندی فێرکردنی فەرشی دەستین ، لیژنە تا ئێستا توانیوێتی مەڵبەندێ بکاتەوە بۆ فێربونی فەرشی دەستی لەرەواندوز ١٥ کرێکار کاری تیا ئەکەن ٠

لیژنەیەکیشمان هەیە بۆ فێرکردن‌و پێش‌خستنی ، گرنگی ئەم لیژنەیە ئامادەکردنی دەورەی فێرکردنە ، تا ئێستا لیژنەکە چەند دەوریەکی کردۆتەوە بۆ فێربونی دورمان ، دەورەی ئەندروستی‌و چکە لەدەورەی ئامادەکردنی کادرانی یەکێتی‌و دەورەیەکیش ئەکاتەوە بۆ فێربونی چاپ ٠

وتم : لەسەرەتادا فەرموت کە ئەخوێندەواری‌و ئەزانی لەناو ئافرەتی کوردا زۆرە بەمۆی ئەو بارە نالەبارەی جاران تیایدا ژیاوە ؟

خاتو نافعە وتی : بۆ ئەمەبەستەش کە ئەهێشتنی ئەخوێندەواریە لیژنەیەکی رێکخستنی کاروباری لەناوبردنی ئەخوێندەواریمان پێکهێناوە لەنێوان یەکێتی‌و بەرێوەبەرایەتی لەناوبردنی ئەخوێندەواری لەناوچەکەدا ٠ لەنێوان کارەکانماندا چەندان ئامادەکردنی کادرانی یەکێتی‌و دەورەیەکیش ئەکاتەوە بۆ فێربونی چاپ ٠

وتم : لەسەرەتادا فەرموت کە ئەخوێندەواری‌و ئەزانی لەناو ئافرەتی کوردا زۆرە بەمۆی ئەو بارە نالەبارەی جاران تیایدا ژیاوە ؟

خاتو نافعە وتی : بۆ ئەمەبەستەش کە ئەهێشتنی ئەخوێندەواریە لیژنەیەکی رێکخستنی کاروباری لەناوبردنی ئەخوێندەواریمان پێکهێناوە لەنێوان یەکێتی‌و بەرێوەبەرایەتی لەناوبردنی ئەخوێندەواری لەناوچەکەدا ٠ لەنێوان کارەکانماندا چەندان ئامادەکردنی کادرانی یەکێتی‌و دەورەیەکیش ئەکاتەوە بۆ فێربونی چاپ ٠

وتم : لەسەرەتادا فەرموت کە ئەخوێندەواری‌و ئەزانی لەناو ئافرەتی کوردا زۆرە بەمۆی ئەو بارە نالەبارەی جاران تیایدا ژیاوە ؟

خاتو نافعە وتی : بۆ ئەمەبەستەش کە ئەهێشتنی ئەخوێندەواریە لیژنەیەکی رێکخستنی کاروباری لەناوبردنی ئەخوێندەواریمان پێکهێناوە لەنێوان یەکێتی‌و بەرێوەبەرایەتی لەناوبردنی ئەخوێندەواری لەناوچەکەدا ٠ لەنێوان کارەکانماندا چەندان ئامادەکردنی کادرانی یەکێتی‌و دەورەیەکیش ئەکاتەوە بۆ فێربونی چاپ ٠

وتم : بەرێز قاضی دەربارەی گیروگرفتی ئافرەتان دوا ، کە لەکاری رۆژانەیدا دوچاری ئەبێ ، ئایا یەکێتی دەوری هەیە لەم بارەیەوە ؟

بروانە ـ ل ٧

وەرزش

بەرەو پەرەپێدانی وەرزش لەقوتابخانەکانی سلێمانیدا

● لەژێر ئەم دروشمەدا بەریوەبەرێتی چالاکی وەرزش‌و دیدەوانی لە بەریوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانی کۆرێکی فراوانی پێك هێنا بۆ مامۆستایانی وەرزش لەقوتابخانە ناوەندی‌و ئامادەییەکاندا ٠

● لە کۆرەکەدا بەرێز مامۆستا نەوزاد ئیسماعیل حەقی بەرێوەبەری چالاکی وەرزش لەسلێمانی‌و بەرێز مامۆستا طارق طە سەرپەرشتیاری تایبەتی وەرزش لەناوچەی کوردوستاندا ئامادەی کۆرەکە بوون ٠

لە سەرەتادا بەرێز مامۆستا نەوزاد دوانێکی داو تیایاسای دەوری مامۆستای وەرزشی کرد لەپێك هێنانی ئەوەی دوارۆژی وولاتمان لەباشترین شێوەی پێشکەوتوانەدا لەڕووی پەروەردەوەو وەرزشی بەبەشێکی گرنگی پەروەردە لێك دایەوە ، هەروەها داوای لەمامۆستایان کرد کەبەوبەری دلسۆزیەوە هەوڵی خویان بخەنەکار بۆ بڕەو پێدانی وەرزش لەقوتابخانەکانداو توانای تایبەتی خۆیان بخەنەکار بۆ بەهێزکردنی‌و راهێنانی تیپەکانیان ٠

● دوای ئەوە بەرێز طارق طە هەندێ بابەتی وانە وتنەوەی وەرزشی بۆ مامۆستایان روون کردەوەو باسی هەندێ گیروگرفتی ڕۆژانەی ناوقوتابخانەکانی لەگەڵدا کردن ٠

● مامۆستایان هەرچی گیروگرفتیان هەبوو خستیانە روو ، بەرێز بەریوەبەری چالاکی وەرزش ئامادەیی خۆی نیشاندا کە بەگوێرەی توانا بەشی‌زۆری گیرگرفتەکانیان نەهێڵێ‌و هەموو داخوازی‌و پێویستەکانیان بۆ جێبەجێ بکات ٠

● لە بەرێز مامۆستا نەوزاد حەقی مان‌پرسی دەربارەی خۆئامادە کردنیان بۆ وەرزشی ئەمساڵی قوتابخانەکان‌و لەوەڵامدا ووتی ٠

★ لەم‌ڕووەوە خۆئامادەکرنمان زۆرەو بەهەموو شێوەیەك هەوڵ ئەدەین کەباشترین باری لێ‌هاتوانە بهێنینەدی بۆ مامۆستاو قوتابیانی وەرزشەوان لە هەموو پارێزگاکەداو لەم روەشەوە بەم نزیکانە پارەی چالاکی وەرزش ئەدەین بە قوتابخانەکان‌و داوامان کردوە لە بەریوەبەرێتی هەموو قوتابخانەکانی پارێزگاکە سەر لە بەریوەبەرێتی بەروەردە بدەن بۆوەرگرتنی بەشی‌یەکەم لەم‌پارەیە کە بۆ هەر قوتابیەك ٣٠٠ فلس ئەدەین ٠ هەروەها لەڕووی چالاکیەکانەوە بڕیارەکە رۆژی ١ـ١١ـ١٩٧٧ لە یاریگای وەرزشی سلیمانی دەست بکەین بەکێ بڕکێکانی توپی پێی نێوان تیپەکانی هەموو قوتابخانەکان کە لە ئەنجامدا هەڵبژاردەی تیپەکان‌مان بۆ دەرئەکەوێ ٠ هەروەها دوابەدوای کۆتایی هاتنی ئەم یاریانانە دەست ئەکەین بە یاری باللەو باسکەو توپی دەست‌و تینس بۆ هەموو قوتابخانەکان ٠

ئەوەی شایانی باسە هەرلە ئێستاشەوە لە خۆئامادە کردنایین بۆ فیستفاڵی ساڵانەی قوتابخانەکان‌و داوایش‌لە هەموو مامۆستایان ئەکەم کەلەم ڕووەوە کەم تەرخەم نەبن ٠

● لە کۆتاییدا بەرێز نەوزاد هەندێ ڕاسپاردەی بەکەلکی بەمامۆستایان ڕاگەیاند کە هەمیشە بەگیانێکی وەرزشیەوە بچنە ناو ساحەکان‌و قوتابیەکانیان فێری باشترین شێوەی یاساو رێکوپێکی بکەن‌و ماوەنەدەن کە لە ساحەکاندا گیروگرفت ڕووبدات‌و مەبەستی سەرەکی هاوبەشیان لە وەرزشەکاندا تەنیا برایەتی‌و نواندنی چالاکی بێت‌و بەس‌وەمەبەست هەمووانیش ئەبێ سودی گشتی هەمووان بێت ٠

حمە سعید حمە کریم

صدام حسین

دیموکراتیەت

سەرنجدانی هەموو لایەنەکانی ژیانە

لە سەرەمانە ، وای بۆ بچین لەوانەیە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بکەونە هەڵەی واوە ، چونکە مەسەلەی رەخنەو رەخنەگرتن بەنیسبەت عیراقەوە شتێکی نوێیە لە دایەرەکانی دەوڵەتداو لە بەیوەندی نێوانو گەلو دەسەلایەتیدا هەروەك چۆن لە دائیرەکانی ئێوەدا خۆبەرستیەتی هەڵەی تایبەتی هەیەو بەردەوام سکاڵای لە دەست ئەکەن وەك نارێکو پێکی ئەو مەعلوماتانەی جێگری وەزارەت ئەیخاتە بەردەم وەزیر ، یاخود نارێك‌و پێکی ئەو مەعلوماتانەی بەرێوەبەری گشتی یا سەرۆکی دەزگا ئەیخاتە بەردەم وەزیر یاخود جێگری وەزیر ٠٠ یاخود هەندێ جار بریاری نارێك‌و پێك دەرئەکەن ،هەروەهاش رێك ئەکەوێ کە یەیامنێری بچوك یا رۆژنامەنوس یا ئەوانەی لە دەزگای ڕاگەیاندندا کار دەکەن توشی هەڵەبین ، بۆیە ئێمە کە سەیری ئەم مەسەلانە یاخود ئەم لایەنانە دەکەین بەرپێچ دانەوەمان بۆ ئەو هەڵانەی دەزگای ڕاگەیاندن سوکتر دەبێت لەوەی ئێستا ٠٠٠ باشترین رێگا بۆ ئەوەی دەزگای ڕاگەیاندن بە دەوری چاودێری کردن‌و هوشیاری جەماوەری هەڵسێ ئەوە نیە کە رەفزی ئەم دەورە بکەین یاخود لە سنوری تەسکدا دایبنێین ٠ بەشێوەیەك کە لە چوارچیوەی راستی خۆیدا کاری پێنەکرێ بەڵکو لە چوارچیوەی راستی خۆیدا دایبنێین ، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە بە ئیجابی لەگەڵیا تێکەڵاو بین‌و بەو پەری باوەرو سوربون هاوکاری لەگەڵدا بکەین ٠٠ هەندێ بەکار هێنانی تازە کەپێی هەڵئەسین دەبێ نەختێ زیانبشی لەگەڵدا قەبوڵ بکەین بۆ ئەوەی پێی بگەین ، بەتایبەتی مەسەلەی دیموکراتی ، هەروەها لە جێبەجێکردنی سۆشیالیستی دەبێ هەندێ زیان قەبوڵ بکەین ، چونکە مومکن نیە سۆشیالیستی یاخود یەکێتی عەرەبی بەبێ زیان جێبەجێبێت ، پێویستە ئەم زیانانەش نەمانترسێنێ ، چونکە کە ئێمە بەچەمسەری تەواوی دەست نیشان گراو بە ئامانج‌و هۆی ناوەندی سەیری ئەم مەسەلانە دەکەین دەبینین داخوازلێکراوێن کە بەرەو بەکارهێنانی دیموکراتی‌و جێبەجێکردنی سۆشیالیستی‌و خەبات‌و هەوڵدان هەنگاوبنێن لە پێناو یەکێتی عەرەبی ٠

مەسەلەی دیموکراتی هەروەکو لە ئەدەبیاتی حزبو ووتەی لیپرسراوەکان هاتووەو زۆر جاریش دەستمان بۆ کێشاو ٠ دەوری یا لیپرسراوێتی لە چوارچیوەی یاسا یاخود لە چوارچیوەی سیاسەتی گشتی سەرکردایەتی لاتابات ، هەروەها دەوری رابەرێتی‌و سەنگی لە کاتی پێویست رەچاو دەکرێت ، بەڵام تابی باری ئیستانی بکەینە یاسایەکی گشتی لە جیاتی بەکارهێنانی دیموکراتی هەتا لەکاتی سەرکەوتنیشی لەبارێ یا لەچەند بارێکی دیاری‌کراودا ٠٠ هەروەها مەسەلەی رەوای دیموکراتیەت بەلێهاتویی تایبەتی دەست نیشان ناکرێت وە هەندێ جار پێویستە ناشارەزایی لایەنی بەرپرسیار لە بەکارهێنانی دیموکراتیەت نەبێتە هۆی ئەوەی کە بەکارهێنانی دیموکراتی بخرێتە پشت گوێ ، بەڵکو پێویستە بایەخ بەو رێرەوە بدرێ کە لایەنی دەست نیشان‌کراو ئەگەیەنێتە رادەی راستی‌و هوشیاری‌و تێگەیشتنی بەکارهێنانی دیموکراتی ، بەشێوەیەك کە لەگەڵ زروفی مەوزوعی تایبەتی‌و گشتی‌یەك بگرێتەوە لە کۆمەڵو لە کەرتدا ٠٠ هەروەها لێهاتویی باڵاو قوربانی گەورە لەگەڵو لەحزب پێویستە بۆ دەسەڵاتو بەکارهێنانی تاك لە جیاتی بە کۆمەڵو گشت بەکارهێنانی شێوازی دیموکراتی نەبێت ٠ بۆ ئەوەی ئەم بیرو باوەرە روون بکەینەوە پرسیار دەکەین ئایا ئێمە ئێستا لە سەرکردەی حزبو شۆڕشو وەزیرانو پسپۆرە فەنیەکان لێرەدا کۆدەبینەوە یەکسانین لە لێهاتویدا ؟ ئایا لە لێهاتویی پسپۆری‌و سیاسەتدا جیایی لە نێوانماندا نیە ؟ وەڵام : بەڵێ لە هوشیاری‌و توانایی پسپۆری فەنی‌و سیاسەتدا لێك جیاین ، بەڵام ئەشێ لە جیاتی خۆمان لێهاتوترین کەسی سیاسی یا فەنی هەڵبژێرین بۆ ئەوەی دەوری بەرەپێدانی کاری بەکۆمەڵ بخاتە ئەستۆ لە چوارچیوەی پەیوەندی دیموکراتی ؟ لەو باوەرەدا نیم کە هەریەکێ لە ئێوە بڵێ ئەمە دەبێ چونکە ئەگەر ئەم هەڵەیە بکەین ئەوا لادانێکی زۆر مەزنە ، واتە پێویستە پەیوەندیتان لەگەڵ نزمدا نەبێتە هۆی دوور کەوتنەوە لە بەکارهێنانی دیموکراتیەت سەرپەرشتی کردنی بە شێوەیەکی فراوانو تایبەتی ، لەوکاتەی کە هانی خەڵك دەدەن بۆ بەکارهێنانی دیموکراتیەت هەتا ئەگەر لێهاتوتریش بن لە نزم لە پسپۆری فەنیاندا یاخود لە سیاسەتی گشتی ، پێویستە چاوەروانی ئەوە نەبن کە نزم داوای بەکارهێنانی دیموکراتی بکات ، بەڵکو پێویستە ئێوە داوا لەنزمەوە بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵتانا هەڵسێ بە بەکارهێنانی دیموکراتی لە چوارچیوەی دروستو کاری بە کۆمەڵ هەروەکو لەسیاسەتی شۆڕش زانراوە ٠ بۆچی پێویستە ئەم بیرو باوەرە سەرپەرشتی بکرێت ؟ بۆچی سورین لە سەری سەرەرای ئەوەی هەندێ جار بەرز لێهاتوترە لەوانەی کاری لەگەڵدا دەکەن ؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەڵێین مەسەلەی دیموکراتی تەنیا ئەرك نیە بەڵکو مەسەلەیەکی تەواوو رەوای ژیانە ، لەم روانینەوە دەڵێین کەوا پێویستە هەر مرۆڤێك لە ژیان بکات نەك تەنیا لە پسپۆری ، هەر چەندە تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ ژیان فراوان بێت توانای ئەوەی نیە لە هەموو کونجی ژیان بکات ، بەڵام کاتێ توانایی لەگەڵ توانا لێهاتویی خەڵکانیتر لە هەموو سوچو کەلەبەرو پسپۆریدا یەك دەگرێتەوە ئەو کاتە تێگەیشتنو حەڵکردن قوڵترو فراوانتر دەبێت ٠٠

ـ ماویەتی ـ

Institut Kurde de Paris

جەمبەلی لی هەکاری و..

بەنەفش خاتوین..

خلیل محمد دهوکی

داستانو چیروك و ستران و سەرهاتی .. نەخوشی و ئازار و کوفانیت مروڤان پێش چاڤدکەن .. ئەڤجا هەر ئێك لدویف گرانی و سەنگی یا خو ، وەلێ چیروکا جهێ مەبەستا مەکو (جەمبەلی)یە ، یا ب گەلەك ڕەنگا هاتیە گوتن .. ستران بێژێ بناڤو دەنگ (محمد عارف جزراوی) یا کریە ستران و گوتی .. دیسان ستران بێژێ پێش کەفتی (حەسێ بەگزادە) یا بستران و چیروك گوتی .. هەروەسا پیرەمێرێت مە یا لدیوانا فەگێرای .. براستی ئەز گەلەك لدویف فێ چیروکێ گەرهام ، هەتا من بڤی ڕەنگێ خوارێ نفیسی .. ئەوژی من یا ژزار دەڤێ مروڤەکێ کورە ومرگرتی .. نافێ وی (شکری)یە خەلکێ گوندێ (بەروشکاسەعدینی)یە ... داخازا من ئەوە کو داستانو چیروك و ستران و سەرهاتی ینت کوردی ، بێتە کومکرن و بەلافکرن .. دا فولکلورێ مە نە ئێتە بن ئاخ کرن .. چنکو هندی ڕۆژەك ببورت ، ئەڤ فولکلورە دێ ئێتە بەرزەکرن و هەتا هەکە بمینت ، دێ گەلەك ڕاستی ژێ ئێتە هنداکرن .. من نەفێت درێژکەم .. دا بچینە دناڤ چیروکا (جەمبەلی) دا ، یا کو بستران و چیروك هاتیە گوتن .. دبێژن :ـ

« لدەڤەرا هەکاریا ، دوو عەشیرێت مەزن هەبون ، هەر عەشیرەکێ ، میرەکێ حوکم لسەردکر .. دوخەتەکی دا بشەر چون و زەلامەك دمابەینا وان دا هاتە کوژتن .. عەشیرەکێ مالێت خو بارکرن ، چنکو خوینداری گەلەکا نەخوشە وگرفتارێت مەزن ڕوی ددەن ..

دانە ڕێ هەتا گەهشتی نە وارێ فارس بەگێ ، داخاز ژێ کرن ، کو دگەل وان بژین .. ڕازیبون و پێکڤە شول و کارێت خو کرن .. میرێ هەکاریا کوڕەکێ بەرکەتی و ژیهاتی هەبو ناڤێ وی (جەمبەلی) بو .. دیسان فارس بەگێ ژی کچەکا جوان و قەشەنگ هەبو ، دگوتنێ (بنەفش خاتوین) .. دلێت خو دانە ئێك وکەتنە دنەڤینەکا گراندا .. دەمەك پێڤەچو ، کەس و کارێت کورکی بێ ئاگەهداربون .. ئینا بابێ کورکی ، مالێت خو بارکرن ودانەڕێ .. چنکو ئاغای گەلەك قەنجی لێ کربو و نەدڤیا ببیتە (نانخورکێ سفرە دڕین) ..

بەری مالێت خو ببەن ... (جەمبەلی) خۆ گەهانده (بنەفشێ)و گوستیلکێت خو بێك گوهارتن و سوزو پەیمان دانەئێك کو نەڤینێ ژبیرنەکەن وبوئێك بن .. وارهێلا ودانە ڕێ ..

ڕۆژ هاتن و ڕۆژ بورین .. جەمبەلی کارێ خو کرو ددیفدا چو ، وەلێ کەس نەدیت ، چنکو وارمایی ڤالا .. داڕێ ئێڤاری گەهشتە جەلەبەکێ پەزی ، کو سێ بێری بێدهاتینە بێری .. دەمێ چاڤێ بێری یا بجەمبەلی کەفت ، پێشڤەهاتن ، چنکو لاوینیا (جەمبەلی) بێ گوتی بو وگەلەکی ژێهاتی بو .. کچکا مەزن گوت :

« شڤانێ مالا بابێ من و
نە شڤانە .. نە گافانە
خودانێ ئاشان و دەبرانە
ئەو کلێ ڤان چافانە »
خویشکا ناڤێ لێ ڤەگێرا ..
« شڤانێ مالا بابێ من و
نە شڤانە .. نە گافانە
خودانێ کێشان و مێشانە
ئەو قەدەمێ ڤان چوکانە »
ئەڤجا خویشکا بچیك
بەرسڤا وان داو گوت :
« شڤانێ مالا بابێ من و
نە شڤانە .. نە گافانە
ئەڤە جەمبەلیێ کوری میرێ هەکاریانە

ئەو ژنیف شەڤ پێڤە ، بێتە سەر سینگێ من ڕەبەنێ ، بخو بکەین کەیفو سەیرانە..

جەمبەلی شەپلی و تەنگافبو ، چنکو نەهاتیە گومێ خو بدەتە سترانێت بێری یا ، بەلێ ئێ ددیف شوخا خودا هاتی.. ئەڤجا بێری هێلان و دیسا داڕێ .. ونزانیت کیڤە بچیت ..

هێژتا شەڤێ پەردا خو نەهاڤێتیە سەر دونیایێ ، کەهشتە گوندەکێ ودەرگەهێ مالەکێ لێدا .. هو پیرێ دەرگەهـ ڤەکر ، کو ئەو تولاز ئێ لبەر دەرگەهی ، دلێ وی سەد ئاواز گوتن و بەندکا سترانا پێ گوت :ـ

« مێڤان و دلێ من و دەبێ وو
عەزیزێ مالا بابێ من و !!
وەرە ئالێ مالێ وو

دا بوتە بینم شیڤێ وو
ئێ شیڤێ بوتە بینم فنجانا
قەهوێ وو

ئەزو تو بخو بکەین کەیفو
سوحبەتا دنێ وو » .

کچا پیرێ لدیف دەنگی
دەیکا خو دەرکەفت .. دەیکا
من یا حەقە سەرخوش بیت ،
بەلێ یا ئەڤە بو من یێ باشە
نەبو پیرە دەیکا من ..
بێشڤەهات و قێرکرە
سترانێ ..
« مێڤانی و دلێ من و دەبێ وو
عەزیزێ مالا بابێ من و !!
وەرە ئالێ مالێ وو

گومێ خۆ نەدە وێ پیرە
دێهلێ وو

گوتە من هەرە بکە دەرێ ..
من گو ئەمێ قەتەکا نانی
دەینێ بخێرا فێ مالێ وو »
جەمبەلی نەچو ژوروپاشڤە
هات و چومالەگا دی ..
سحارێ دەرکەفت ..
سەوداسەرە ونزانیت کیڤە
بچیت .. کەلە نیڤرویە
وگەلەکی برسیە .. شڤانەك دیت و قەستا وی کر .. پشتی تێر نان و شیرخواری پرسیارژشڤانی کر .. ئەرێ ئەڤە پەزێ کێیە ؟! شڤانی گو :

پەزێ فارس ئاغایە .. هەتالێ بویە شەڤ قەستا ناڤ مالا کرو چو نك پیرەژنەکێ .. پشتی شیڤا خۆ خواری ، هندە پارە دانە پیری و گو : ئەرێ جەمبەلی یەك هەبو حەش (بنەفش)ێ دکر چلێ هاتن.. پیرێ گو : جەمبەلی چو .. کچکێ یا شیکری و کوڕەکێ هەی ، ناڤێ وی پێ کریە جەمبەلی .. ئینا گوتێ : پانەز جەمبەلی مە دێ شێی من بگەهینێ .. پیرێ گوستیلکا کچکێ ئەوا دایە جەمبەلی دگەل خو برو چو نك (بنەفش)ێ.. پیرێ زڤری ڤەگوتە جەمبەلی .. ژنیف شەڤ پێڤەهەرە دەڤ .. بنەفش ڕابو کومەکا ستری یا ئینا ودانادناڤ لاندکا کورکێ خودا ، دا دخەو نەچیت و (بنەفش)ێ قێرکرە سترانا ..

خەنجەرا جەمبەلی کێ مەزدەبانێ ناری ..

ئەڤرو شەوقێ دابی ڕیکێ(بنەفش)ێ لکودێ داری ..

پیرێ دایێ تە نەگو : ئەڤەجەمبەلیە کوڕێ میرێ هەکاری ..

خەنجەرا جەمبەلی کێ مەزدەبانێ هیرا ..

ئەڤرو شەوقێ دابی ڕیکێ(بنەفش)ێ لکودێ شیرا ..

پیرێ دایێ تە نەگو : ئەڤەجەمبەلیە کوڕێ میرا ..

خەنجەرا جەمبەلی کێ مەزدارێ دوڕی ..

سەبابێ هوستایێ مەزن لمالنەبی ، هوستایێ بچیك درێژ بڕی ..

مەمکێ (بنەفش)ێ کورتن ،ناگەهنە دەڤێ کوڕی ..

دارێ لاندکا جەمبەلیێ مەزدارێ بیێ ..

ئەرێ حاکم و کەرەمکە ژوێ هێشیێ ، وەرە فێ هێشیێ ..

ژنیف شەڤ پێڤە وەرە سەرسینگێ فێ خاتوینێ .. فێ زەریێ ..

جەمبەلی خۆ هاڤێتە دژورڤەوەردوو کا خۆ تیك ومرکرن.. ژنویکا (بنەفش)ێ سترێ ژلاندکا کورکی ئینانە دەرێ و دخەوبر .. پشتی بێهنەکاحەبەکو باری یا .. جەمبەلی گو : ئەزێ ڕابم و چم .. (بنەفش)ێ گو : ئەز یا تەمو هلو من بڕەڤینە .. هەردوو وێ نیف شەڤێ دەرکەتن و دانە ڕێ .. دوو ڕێ کەتنە بەر وان .. ئێك چول بربو ، ویادی دچو دیاربەکرێ.. هندی (بنەفش)ێ گو : دا نەچینە دیاربەکرێ ..فایدەنەکر .. هێژ قوناغەك بوبازێری مای .. هندەچەندرمە بسەروان هلبون و گرتن .. هەر ئێك کرنەدمەزەلەکێدا ودمرگەهـ لوان پێڤەدان ..

دەمێ بویە ـــــەڤ(بنەفش)ێ گو :

جەمبەلی یو تە کرو سەدجارا تەکر

من گوتە : تە دا نەچینەدیاربەکر

جەمبەلی بەرسڤ داوگو :

وەبی (بنەفش)ێ سەدجارا وەبی ..

بەلێ شولا خودێ حەسکرێ،

چ جارا لعەردێ خودێ بەتال نەبی ..

(بنەفشێ) لێ ڤەگێرا :

هاین سەد جارا لمن هاین ..

بەلێ فێ عیدا حاجیا ،چەند حەجیکێ (لبیت الله) یێ ..

هەمی بومە دعا بکەن ،ئەزو جەمبەلی دەرکەڤین ژڤێ بەلایێ ..

لوری .. لوری .. جەمبەلی کو لوری ..

ئەز دێ مەرگێ خۆ کەمەقوربان ،

وێ فارس بەگێ بابێ خۆ ،سێ جارا کەمە گوری ..

ئەڤرو تویێ ، لسەر سەرێ دەیك و بابێ من هاتی ، ژزوزانێ ژوری ..

دەمێ تو بەداری سترانێت وان گولێ بوی ، دلێ وی سوتو گەلەك قەهری .. ئیناهەردو بەردان و دەرکەفتن ..

(دەرویش بەگێ) مێرێ بنەفشێ ددیفدا هات ، لسەر مێرگەکێ گەهشتە جەمبەلی ..وهەردوو کەتنە دشەرەکێ گراندا ، لدویماهیێ جەمبەلی پشتا دەرویش بەگێ دانا ئاخێ .. ودەست هاڤێتە ڕومێ دا بکوژت .. بنەفشێ گوت : پسمامێ منە ونەکوژە.. ئینا دا خاترا وێ ... دەرویشی گو : ئەز دێ بمە خولامێ تە ، بریقە لگوندەکێ جەمبەلی کجا شێخەکێ ژدەرویشی ڕا خاستو زڤراندەڤە مال .. وئەو وبنەفش هاتنە مالا بابێ جەمبەلی وداوەت و شاهی وانان و بخوشی ژین » ..

بڤی ڕەنگی من یاوەرگرتی..

فۆلکلۆرو تورێ کەمش

هەر مللەتەك خەباتێ و بزاڤەکا بێ داوەستان دکەت داکو سەر دەڤینێت خوە هلبەت و دیارکەت بۆ هەمی مللەتان ، چونکە ئەو دەڤینە چ توربیت (نڤیسین ، چێرۆك ـ سەرهاتی ـ سترانێن .. بالەهی یێ ، داوەتێ ، ئاچبانێ ، دستاڕهێرکێ » یارییێن بچویکان ، گوتنێن مەزنان) یان شینواران ژ کەلانو ، شارو گوندێن کەفن ژ سەردەمێ بابو باپیران .

هەمی مللەت بزاڤێ دکەن ، فان تشتان کوم دکەن لێك ددەن کا چەوا بوو ، دبارێزن ، وەکی خوە پاش بەرچاڤ دکەن ، ئەڤ تشتە گەلە ببەهایە لناڤ هەمی مللەتان کورد نەبن ، بصەدا پەرتوك ناڤان مللەتان هاتنە نڤیسین و سەر فۆلکلۆرو تورێ وی ، ئەم تنێ نەبین ئەو مللەت وی کاری ددەینن جهێ سەربلندی و شانازی یێ ، چونکە پارچەیەکە ژ مێژویا وی و ، زمانێ گەلە مللەتان وێ هاتیە پاراستن بوێ ڕێ ، بکو مکرن و پاراستنا فۆلکلۆرو تورێ خوە .

مللەتێ کورد وەکو مللەتێن دی ئەو تشت هەبوون و یێن ماین بەلێ مخابن صەد مخابن تاکو نوکە نەهاتیە نڤیسین و گەلە یێ لێ بەرزەبووی و ئێدی ناهێتەدیتن، بەلێ گەلۆ ئەگەر خێرخوازەکی ئەو نڤیسیا ، ئەرێ دا بەرزەبوون بۆ هەبیت ؟ ئەرێ کا چێرۆکێن شەڤێن دریژێن زفستانێ دهاتن گوتن و ، کوچك تا درەنگی شەڤ لدور چێرۆك بێژی دمان ڕوینشتی و گوهلێ لیچ ؟ ئەرێ کانێ هەمی سترانێن دهاتن گوتن ؟ کانێ ئەو سترانێن داوەتان ئەوێن گەنجو لاوێن کوردان خوە لبەر دەهژاندن و دزەلهاندن و لچەپو راستی قەدشکاندن ؟ کانێ .. کا .. کانێ ئەو مالکێن دهاتن گوتن دەمێ پالێن کوردان پشت دچەماندن و ـ داس ـ و ـ تلك ـ ددەستانو ، بەرۆك ددان بەر سینگێ خوەو ، سەرپالە لگەل چەند پالان بەهڤرك دچوون ؟ کانێ ئەڤ هەمی ؟ کانێ چێرۆکێن باپیرو پیرێت مە بۆ مە دگوتن وەکی چێرۆکا خالخالکێ و بزنو پیرێ ، زەنگو بەنگێ ؟ کانێ ئەو یاری یێن مەو بابو باپیران دکرن ؟ کانێ کیسانێ ـ خەزالانێ سێ شەفی ـ گورزێ کوزە ـ کەرکێ کەراجو ـ هەوارا مە بەردینە ؟ کانێ ئەڤ هەمی ئۆلکلۆرێ هە یێ کو نیشانا مللەتێ کورده ؟ بەلێ ، بۆ پاراستنا زمانێ کوردی نەخاسمە ، چەند قەسێن کوردی نوکە زوێزوی ئەم بکارناهێنین وەکو وان تشتێن جووتیار ، شڤان پالە بکاردهینا ـ هەفجار ـ مصاصە ـ سێ تلك ـ ملهێب ، تەبەر ، بڤر ، داس ـ کەپەن .. هیڤیا مە ئەوە داکو زمانێ مە بێتە پاراستن هەر کوردێ تشتەکێ ژڤان بزانیت یان بشێت بدەست خوە بێخنیت بنڤیسیت ، داکو بەرزەنەبیت نوکە هوینو ئەڤ سەرهاتیە :

● کەوو قتك ●

روژەکێ کەوو قتك بهەڤرك چوون ، کەوی دگوت : ئەم دەهـ هێکان بتر دکەین هوین قتك چوونەکی تنێ دکەن ، چما هوین هندە گەلەکن ئەم هندە کێمین ، قتك لێ زڤرێ و گوتێ ، ئەرێ قەی تو نزانی هوین کەو دەما مێ کەو هێکان دکەن نێرەکەو زێرەڤانە ، دەما مێ کەو ژسەر هێکان لڤی و ژسەر هێلینێ چوو خواری ، دێ بەزت سەرو هێکان هاڤێت و شکینیت ، داکو جارەکا دی مێ کەو بدەستێ ویڤە بێت ئەڤە تیك یا دووێ ، دوژمنێ وە بازە ، دەمێ دەنگێ وی تێت هەر تیك ژ وە خوە دەتەبەر رزدەکێ یان بن بەرەکی یان کەڤرەکی بازێ بدلێ خوە دکەڤیتە ناڤ وە یێ دکوژیت یێ دخۆت ، لێ ئەگەر هەر یەك ژ وە قیژیەکێ راهێلیت بازێ بلەز کەتەبەزو رەڤیت ، هوین کەو ئەڤ مالەنە دێ چاوا وەکو مە قتکا بن ، چونکە ئەم قتك راستە دوو هێکان دکەین لێ دەمێ ماك سەر هێکان رابوو قتکا نێر دێ بەزیت سەر هێلینێ دا هێك سارنەبن ، دەمێ دوژمنەك نێزیکی فەرخەکێ مە دبیت ، ئەم هەمی پێکڤە دێ بەزینێ دوژمن نەچاردبیت و دڕەڤیت ، ژبەر فێ چەندێ ئەم هەر گەلەکو بتر دبین و هوین کەو رۆژبرۆژ کێمدبن .

خالد حسین

شیعر و فەلسەفە

● فوئاد میسری کردویەتی بە کوردی ●

ـ ٤ ـ

ئا بەم بریارە نارەواو بێجێیە ، ـ ئیفلاتوون ـ ئەیەوێ شیعر لەسەرروی زەمین نەهێڵێ و شاعیرانیش بخاتە پلەی هەرەخوارەوەی جەمهوورییەتە ئایدیایی یەکەیەوە .

وەنەبێ ئەمرایەی ـ ئیفلاتوون ـ شتێکی سەرسورمێنەر بێت ، چونکە بزووتن و حەقیقەتی گۆرانی کۆمەڵو سروشت لای ئەو لەخانەی نەبراندایە ..

هەروەها ـ ئیفلاتوون ـ ، « جوانی » ، « حەقیقەت » لە واقیعی هەستپێ کراودا ناپینێ ، بەڵکو لای وایە ئەوانە بە جوانترین واتاوە لە جیهانی عەقڵدا ، وەرئەکەون ، واتە جیهانی فەلسەفە ، چونکە لای (ئیفلاتوون) فەلسەفە یەکەمدا هێنەری جوانی و خواوەندی واقیعە .

جا لەبەرئەوەی مرۆڤ بالاترین شێوەی بزووتن و (عفوی) یەو خۆی لە خۆیدا واقعێکی تایبەتی یەو مل کەچی یاساکانی گۆرانی چۆنایەتی یە ، ئەبێ و بگرە مەرجیشە ، لای خۆیەوە چەند خاسی یەتێکی تازە بابەت و ئالۆزو بەیەکاچووی هەبێ . لێرەوە بۆمان دەرئەکەوێت کە هەر پرۆسیسێك ، یان هەر جموجۆلێکی مرۆڤانە ، نابێ لە بۆشایی دا بسوڕێتەوەو ناگونجێ بێ بناغەبن .. ئەگەر ئەم رایە راستبێ ، ئەوا هەمان شتیش بەسەر پرۆسیس « خولقاندنی شیعر »یش دا ئەچەسپێ ، لەو ڕووەوە کە جۆرێکە لە جموجوولی مرۆڤانە و ، وەك هەر هەڵس و کەوتێکی دیکەی مرۆڤ مل کەچی چەند هەڵو مەرجێکی تایبەتی یە ، وە سەبارەت بەوەی کارێکی ئالۆزو بەیەکاچووە ، چەندەها پێویستی فسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی هێناویەتی یە دونیاوە ، جگە لەو زانیاری و تەقەللا هونەری یانەی تیا بەکارهاتووە .

« جا هەرچەندە تاقی کردنەوەی شیعری عاتیفی بێت ، هەرگیز لەبیری شاعیر دوورناکەوێتەوە .

شاعیریش بیەوێ و نەیەوێ پەیوەندی یەکی پتەوی هەیە بەو حەقیقەتە سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی یانەوە کە خەیاڵی شیعری ی پێ ئەبەخشن و لە تاقی کردنەوەکەیدا رێکی ئەخات .

هەموو تاقی کردنەوەیەکی شیعری یش دوولایەنی هەیە .

٣ ـ بنچینەی فیکری و بیرە راگوزاری یەکانی شاعیر ، دیارە ئەمانەش دوورن لە هونەری شیعرەوە . ب ـ پروسیس خولقاندنی شیعر . واتە ئەو پرۆسیسەی بیروڕاکان ئەخاتە قالبی تایبەتی یەوەو دوا جاریش کێش و سەرواو مۆسیقایان بۆدائەنێ و ئاوێتەی خەیاڵو عاتیفەیان ئەکات » .

تەوەرەی تاقی کردنەوەی شیعری یش راستگۆیی هونەری یە لە شێوەی دەربڕیندا .

« بۆ شی کردنەوەی رادەی راستگۆیی شیعری ی ، ئەبێ بگەڕێینەوە بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی وێنەو نموونەکەی ، کە پێی ئەوترێت لاسایی کردنەوە . واتە چۆنیەتی بەکارهێنانی وێنەی سروشت و نموونەکەی ، وێنەی کاروباری خەڵکی و نموونەکەی ، وێنەی عاتیفەو نموونەکەی ، وێنەی ژیانو نموونەکەی . لە هەمان کاتیشدا پێویستە ئەوەبزانین کە تاج رادەیەك ئەو بەکارهێنانە قووڵبوونەوەی تیایەو تاج رادەیەکیش توانراوە بە شێوەیەکی هونەری مۆرکی شتە بنچینەییەکە وون نەکرێت و ئایا نموونەکە شیاوی ئەوەیە وێنەی بکێشرێ ؟! مەبەستیش لە لاسایی کردنەوە بە بەکارهێنانو دروست کردنی نموونەی ژیانی رۆژانەنی یە بە ساکاری ، بەڵکو لاسایی کردنەوەکە مەبەستێکی خەیاڵی ی هەیەو ئەیەوێ رەوتی ژیان بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بگۆڕێ ، بەئەندازەیەکی ئەوتۆ پڕی بێ لە جوانی و بتوانین بڵێین سروشت لاسایی هونەرئەکانەوە نەك بە پێنچەوانەوە » .

لە لایەکی تریشەوە ، جوانی ی ئەبێ لەواقیعی هەستپێ کراودابێ ، نەك پێچەوانەکردنەوەی جوانی یە هەمیشەیی یەکە پێش نریش دەست نیشانی ئەوەکراوە کە « هەموو شتێکی شۆخ وجوان ، ژیانە » .

ئەمەو پلەی جوانی ی شتەکانیش بەوە دەست نیشان ناکرێت کە تاج رادەیەك جوانی ی هەمیشە یی یان پێچەوانەکردۆتەوە .

ئەو نموونەیەیش کە « ئەرستۆ » ی خاوەنی قوتابخانەی مەوزوعی پێشکەش مانی ئەکات ، زۆر جیاوازە لە تەك بەرنامەکەی ـ ئیفلاتوون ـ دا . لە کاتێکاکە ـ ئیفلاتوون ـ لاسایی کردنەوە بە کارێکی میکانیکی ئەزانێ ، ـ ئەرستۆ ـ ٣٢٢ پ. ز. بەچاوێکی مەنهەجی یەوە ئەڕوانێتە مەسەلەکەو شیعر بەدیارترین زانیاری ی زمان دانەنێ و مەبەستیش کتو مت تێ گەیشتن و لاسایی کردنەوەی کرداری چاك و خرابی مرۆڤە ، بەڵام بەشێوەیەك هەرپارچەیەکی مۆرکی ئەو پێویستی یەی بیوەبێت کە هەریەکەیان هۆی لەدایك بوونی ئەوی ترە ..

مەبەستی ـ ئەرستۆ ـ لەیاسای ناچاری ی ئەوەیە ، بەشەکانی رووداوەکە بەشێوەیەکی حەتمی یەك لەدوای یەك دێن . واتە ، ئەگەر (أ) رووی دا ، رووداني (ب) ناچاری یە . مەبەستیشی

بروانە ـ ل ٧

Institut Kurde de Paris

لەسەر ڕێگا

عبدالقادر خلیل

شەوێکی خۆشی ئەم پایزەم بەهیچ جۆرێك لەبیر ناچێتەوە دانیشتنەکە زۆر خۆش بو هەنارمان بۆ دانە کرابو لەگەل ناسکە هەرمێ داو هێندێ میوەی پایزەی جوانیش دانرابو وەکو ترێ پایزەی رەش میری لاسك سەوز بەلی سەماوەر سازکرابو چای چاکیش لێ نرابو دانیشتنەکەش ساکاربو لەسەر لاکێش سەرینی پەرمان نابوە ژێر بالمان تاو تاو پێمان رادەکێشاو جار جاریش پەنجەرەی ژورەکەمان دەکردەوە لەبەر دوکەلی جگەرە • دەست کرا بە لێ دوان لە ژیانی ئەمرۆ و ساڵانی رابوردو تاو تاو مام محمود مژێکی دەدا لە سەبیلەکەی یو دەیگوت بەلی ساڵی ساڵان وەکو ئێستا نەبو خەلکی ئەگەر نانی ئەمرۆی ببوایە بیری لە نانی سبەینی نەدەکردەوە خەلکی خۆراکی وەکو ئێستای نەدەخوارد • ساوەرمان دەخوارد پیرخەنیلەو چەن سوتەکەو ترخێنەو نسکێنەو ماشێنەو خۆراکی تر ئێستاکە خەلکی فێری شتی سەیر سەیر بوە هەر چەندە من ناوەکانیان نازانم جار جار مارف پێم دەڵێت گوایە (چلاو فری) بە مانا (چل فرای) (بەتاتە چاو) مێخلەمە • وا بزانم هێلکەو قاوورمەکەی جارانی خۆمانە • دایکیشی ئەوانە ناتوانێت دروست بکات شەوو ڕۆژ هەرایە لەسەر ئەو خواردنانە • خۆزگە لاوانو هەرزەکارانی ئێستا وەکو جارانی ئێمە دەبون تۆزێك قەناعەتیان دەبو •

هەتاسەیەکم هەڵکێشاو گوتم مام مەحمود لاوانو هەرزەکارانی ئێستا وەکو نە ئێوە دەبێو نە وەکو ئێمە • ئێوە کە وتنە بەر شاڵاوی سەفەر بەرو جەنگی یەکەمی جیهانیو لە کامی هەرزەکاریو خوش ژیان بێ بەش بون خۆراکی هەرەنایابتان بریتی بو لە پیرخەنیلەو ترخێنەو نیسکێنەو ساوەر جلو بەرگتان پاش ماوەی کوژراوانی جەنگی یەکەمنی جیهان بو •

ئێمەش ئەو بەشە بوین کە چاومان پشکوت بە جەنگی جیهانی دووەم کیلویەك شەکرمان بە (١) یەك دینار دەست دەکەوت بیریشم دێت کە خەلکی بەرگی (جانفاصیان) گونیەیان لەبەر دەکرد لەبەر بێ بەرگی دەچوینە بەر دوکانی خوالێ خوش‌بو جرجیس نوقولی خر خرمان دەکری بۆ ئەوەی چای بێ بخوینەوە بەدیشلەمە لەبەر بێ دەرامەتی • ئێمە سکالای خومان دەکەین هێرش دەبەینە سەر ئەو رژیمە بۆ گەنانەی کە ئێمەیان دووچاری ئەو ژیانە سەختەکرد • جا لێرەدا لاوانی ئەم چەرخە وەکو ئەو چەرخە نین کە ئێمەی بێ چارەی تێدا هاتینە ژیان • لاوانی ئەم چەرخە خاوەنی حەقی خویانن رژێمی نوێ هەموو حەقێکی بێ داون وە هەمو بایەخێکی داوە پێیان ئێمە با سکالای خومان بکەین هەر بلین داخوازی یەکانیان زۆرە • بەڵام ئەوەبزانە مام مەحمود ئەمرۆ زۆر جیاوازە لەگەل دوێنێندا ژیانی ئەمرۆ ئەو لاوانە چاوگەی کەین هەر لەبەر ئەوەیشە سکالاکەمان ئەمرۆ لە جێگەی خویدانیە ئێمە دەبێت پر بەدل بەختەوەر بین کە گری جەنگ داسی تیژی نەخستۆتەکار بو درونە کردنی لاوەکانمان وە لەبەر دەنگی نوقولی دیژ لە مەملیان ناشکێت •

ئەنجومەنی سەرکردایەتی « پاشماوە »

ئەوتۆ مەحکوم نەکرابێت کە ناموسی پەلەدار کردبی بیجگە لەسیاسەت بەجنایەتێکی تر تاوانبار نەکرابێ ••

ماددەی چوارەمین :

دەتوانرێت بەگوێرەی ئەمانەی خوارەوە پلەی سەربازی بدرێتە ئافرەت :

یەکەم ـ « مولازمی‌یەکەم » بۆئەوانەی کە باوەرنامەی‌یەکی لەکۆلێجەکانی عیراقی هەبێت لە پزیشکایەتی‌و دانسازی‌و یەدەملو یاکۆلێجێکی بەرامبەر ئەمانە ••

دووەم : مولازم • بۆئەوکەسەی لە کۆلێجی تیمارچێتی دەرچوبی یاکۆلێجیکی وەك ئەو کۆلیجە •

سێیەمین ـ نایب زابتی کارامە ـ بۆ ئەو کەسانەی کە باوەرنامەیان لە خوێندنگایەکی پزیشکی بەرزەوە وەرگرتوە کە خوێندنی لەسێ ساڵ کەمتر نەبێت پاش خوێندنی ئامادەیی ••

چوارەمین : نایب زابتی پیشەیی هەشتەمین پلە ـ بۆ ئەوانەی لەمانە دەرچون :

أ ـ دەوریەك یا خوێندنگایەکی تەکنیکی یاپیشەیی کە خوێندنەکەی لە شەش مانگی بەردەوام کەمتر نەبێت ، بەمەرجێك پێش‌چونە ئەودەورەیەیەوە باوەرنامەی ئامادەیی یا باوەرنامەیەکی بەرامبەر بەمەی هەبێت •

ب ـ یەکێ لە قوتابخانەکانی تیمارچێتی کە دوای خوێندنی ناوەندی ماوەی خوێندن تیایدا لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت •

« پاشماوە »

پێنجەمین : عەریفی دەرەجەیەك ـ بۆئەو کەسەی لە قوتابخانەیەکی تیمارچێتی دەرچوبی کە خوێندنەکەی دوای قوناغی سەرەتایی لەسێ ساڵ کەمتر نەبێت •

شەشەمین : عەریفی دەرەجەدوو ـ بۆ ئەو کەسانەی ئەم خوێندنانەیان تەواو کردبێ ••

١ ـ دەورەی تیمارچێتی کە دوای خوێندی سەرەتایی لە دووساڵ کەمتر نەبێت •

ب ـ یەکی لە دەورە تەکنیکیکان یا پیشەیەکان باوەرنامەی قوتابخانەی ناوەندی هەبێت یاهەر باوەرنامەیەك بەرامبەر ئەم خوێندنەبێت •

حەوتەمین : جوندی ئەوەڵی کارامە ـ بۆ ئەو کەسانەی دەورەیەکی پیشەیی یاتەکنیکیان تەواو کردوەو شەهادەی پلەی سەرەتاییان هەیە •

ماددەی پێنجەمین :

مەرجە ئەو ئافرەتەی یەکی لەو روتبانەی ئەدرێتی کە لەماددەی چوارەمینی ئەم یاسایەدا باسی کراوە لەدەورەیەکی تەئهیلی مەشقی سەربازیدا دەرچوبێتو پسوربوبێت ، ماوەی ئەو دەورەیەو ئەودەرسانەی تیایدا دەخوێنرێت لەگەل جۆری تاقی کردنەوەکانیداو پلەی سەرکەوتنی بەپێی ئەو رێگەو شوێنو ئامۆژگاریانە ئەبێت کە وەزیری بەرگری دەری دەکات •

لەگەل سەرۆکی یەکێتی « پاشماوە »

مەروەها لیژنە هەستاوە بەگەڕان بەسەر مەلبەندە کۆمەڵایەتیەکاندا وەك مال‌بەخێوکردنی منداڵانو یارمەتی ئەو مەلبەندانە دراوە •

ئینجا دەربارەی لیژنەی تەندروستی دواو وتی : لیژنەی تەندروستی شان‌بەشانی لیژنەکانی‌تری کارکردن کاروباری خۆی ئەبات بەڕێوە ، بۆ بەرزکردنەوەی رادەی تەندروستی ئافرەتانو ناوچەکە ئەوەش بەگێڕانی ئەدەوەو هوشیارکردنەوەی ئافرەتانو هاندانیان ، ئەمەش بەیارمەتی سەرۆکایەتی تەندروستی ناوچەکە ، کە چەند هەنگاوێك‌نراوە بۆ فریاکەوتنی خترایی‌و فەحصی ئافرەتان لەلادێو گوندەکاندا• کوتاندنی منداڵان لە زوربەی لادی‌و گوندەکاندا •

خیوەتگاکان ئەبێتە هۆی گەیاندنی دەرمان‌و پیویستی بۆ پەروەردەکردنی منداڵانی ئافرەتە جونیارەکان وەك شیرو فریاکەوتنی خێرایی‌و کەل‌وپەلی پزیشکی‌و پاکژ •

وتم : لام وایە گوندەکان بایەخی تایبەتیان پێ‌ئەدرێ ، چونکە زوربەی دانیشتوانی خەرێکی کشتوکاڵو لەوەڕاندن ••؟

وتی : بێ‌گومان لیژنەیەکی تایبەتیمان هەیە کە سەر بەلادێکانە ، کاری ئەم لیژنەیە پێش‌خستن‌و یارمەتی‌دانی ئافرەتانی لادێیە •

ئەم لیژنەیە هەڵساوە بەهەڵدانی خێوەتگا لەزۆربەی لادێکاندا مەبەست لەم خێوەتگایانەش ئەوەیە کە بتوانین بکەینە ئافرەتان لەنزکترین شوێنداو لەدورترین شوێنی کارکرونیاندا • ئایا لەدورترین دۆڵ یان چیا یان مال کاربکەن، یان خەرێکی شوان کارەیی بن • ئامانجیشمان لەبەیەك گەیشتنمان لەگەل کچە شوانێکا ئەوەیە بگەینە ئەنجامی لەچونێتی ئەوکارەی ئەو کچە هەڵی‌بژاردوە ، ئەو زانیارانەی لەوبارەیەوە هەیەتی ، ئەو گیروگرفتانەی لەم ڕووەوە دێتە ڕێگای کە زۆر پیویستە بایەخی پێ‌بدری‌و ڕادەی ژیانی بەرزبکرێتەوە ، ئەوەشە پاڵی‌ناوە بە یەکێتیمانەوە کە زووزوو سەریان لێ‌بداو لەگەڵیاندا دانیشی‌و ڕێگای باشیان بۆ دەست‌نیشان کا •

دەربارەی ئەریتی ئافرەتی کورد :

وتی : ئافرەتی کورد ئازاو نەترسن ، توانای پێشکەوتنیان تیابەدی ئەکرێ هۆشیان بەرزە وەك هاوبیشتانێکی عێراقی •

پاشان هاتمە سەرپرسیاری بەرامبەر خۆشترین ناخۆشترین ڕۆژانی ژیانی خاتو نافعە وتی : ناخۆشترین ڕۆژ ئەورۆژانەیە کە منداڵەکانم بەجێ‌ئەهێڵم‌و لەکاتی نەخۆشیدا ، ئەوەش بەهۆی کارکردنمەوە •

داواشمان کردوە کە دایەنگا بکرێتەوەو ١١ هەزار دینار بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کراوە •• چاوەڕوانی کردنەوەین • ئەم دەسکەوتەش ئەبێتە هۆی خزمەت‌کردنی ژمارەیەکی زۆر لەو ئافرەتانەی خەرێکی کرێکاری‌و ئیش‌کردنن •

بەڕێکەوت لێ‌پرساوێ لەئەنجومەنی ڕاپەراندن پێ‌ونم باچاوت بە چەندکەسانێکی تێکۆشەر بکەوێ •

لەمانی روشنبیرێکی کورد پێشوازیم لێ‌کرا ، چاوم کەوت بە خوشکە نافعە لەناونەندا مانی خێزانەکەیدا •• دوربوو لەگیروگرفتی یەکێتی ، هێمن‌و لەسەرخۆ ، میوان‌بەڕێکەرو دایکێکی نمونەیی •• وای‌لێ‌کردم زیاتر خۆشم‌بوێت •

هالە البدری

نەقیبی ڕۆژنامە « پاشماوە »

کاروانی ساڵانی ڕابوردوی ئاژانسەکە ئەوەی ساغ کردۆتەوە کە ئەم دەزگایە چەندە دەورێکی گەورەو بایەخدار لەژیانی کەلدا دەبینێت ••

ئەو ڕێبازە لەپیشەدستیدا دەولەمەندن بو تاقی‌کردنەوەی شۆڕشگێڕیمان‌و ڕاستی تێکۆشانی بەتەواوی‌و ئەمانەت دەگەیاند ، ڕاستی ئەو تێکۆشانەی جەماوەرمان شان‌بەشان دەیکات بو بنیات‌نانی عیراقێکی نوی لە ژێرسایەی شۆڕشی بەعسدا ، وە بەدوادا چوونیکی بەتەنگەوە هاتوانە بۆ ڕاستی تێکۆشانی نەنەوایەتیمان لەپێناوی ڕزگاریی نەنەوەی عەربماندا‌و هێنانەدی یەکێتی‌یەکەی‌و پێشکەوتنی‌و ئەو هەوڵ‌وتەقەلاو کوشش‌ە دڵسۆزانەیەی لەپێناو وە دیارخستنی تێکۆشانی گەلاندا ئەیکات ، ئەوتێکۆشانە دڵێرانەیەی بەگیان بازیەوە دژی ئیمپریالیزم‌و زایونیزم‌و کۆنەپەرستان‌و مۆنوپولە جیهانیکان دیکات •

بەناوی ئەنجومەنی نیقابەوە ، شانازی خۆمان‌و خیزانی ڕۆژنامە نوسان بەرامبەر ئەو چالاکیەتان دەردەبڕین کەبڕە لە گیانی نیشتمان پەروەری‌و ئەتەوایەتی‌و مرۆڤایەتی ، ئاواتەخوازین کە ئێوەو خێزانی ئاژانس هەمیشە سەرکەوتوبن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی حزبو شۆڕش بۆ ئەوەی دەزگاکەتان بێتەپردی نیوان دۆستەوبرایان لە هەمو گۆشەیەکی دنیادا ، هەر سەرکەوتوبن‌و هەمو ساڵێکتان چاك بێت •

سعد قاسم حمودی
نەقیبی ڕۆژنامە نوسەکان

کۆ بونەوەی « پاشماوە »

کوڕان ، وە یارمەتی‌دانی دەستەی مامۆستایان لەگەل ئەندامی لقدا ، لەکاتی سەردانیان بۆ قوتابخانەکان ئەمەش لەپێناوی بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان قوتابیان‌و مامۆستایان • لەلایەکی ترەوە نقابەی مامۆستایانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەبارێزگای دهۆك بەیاریدەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە لەبارێزگاکەدا ، چەند نەدوەیەکی بۆ دەستەی مامۆستایانی لادی‌و گوندەکان ڕێکخستوە •

ئەو بەرنامەیەی بۆ ئەمەبەستە سازکراوە هەفتەیەك درێژە ئەکێشێ تاوەکو لەماوەیدا سەربدەن لەقوتابخانە سەرەتایەکان‌و بۆ تەماشاکردنی شێوەی دەرس‌وتنەوە کاروباری مامۆستایان ، تا چرادەیەك بەرەپێدانی زانیارانەو پەروەردەیی لەلایان ڕەنگی داوەتەوە لەگەل کۆڕانکاریە سوشیالیستەکاندا ئەڕوا ، کە وڵاتەکەمان پیایدا تێ‌ئەپەڕێ لەژێر سایەی شۆڕشی ١٧ تەموزی مەزندا •

چەند هەواڵێك « پاشماوە »

کردەوە کە هەمیشە ئامادەن بۆجێ بەجێ کردنی هەموو خواستێکی هاوڵاتیان لە هەرچی ڕویەکەوە بێت •

● وەسەری دالەو خانوانەی کە بەنیازی کۆکردنەوەو نیشتەجێ کردنی دیهاتی ئەو ناوچەیە ئەکرێن‌و فەرمانی دا کە لەتەواوبونیاندا دەست بجوڵێتەوە بۆ ئەوەی بەزووترین‌کات جوتیارانی ناوچەکەی نیا بحەوێتەوەو کەلکی لێ‌وەربگرن لەوەرزی زستانی ئەمسالدا •

هەروەها لەپیداویستی جوتیارانی ناوچەکە کۆڵانەوەو وەعدی ئەوەیان دا کە بەگوێرەی ماوەو کات هەموویان بۆجێ بەجێ بکەن • ئەمەو دوای حەوانەوەیەکی کورت لەقەزاکەدا بەرێزان بەرەو سلیمانی گەڕانەوە •

کۆبونەوەی لیژنەی بەرە لەسلێمانی

لیژنەی بەرەی نیشتمانی نەتەویی پێشکەوتنخواز لە سلیمانی لە کۆبونەوەی دوێنی ئێوارەیدا ، دەربارەی باری ئێستای عەرەب دوان ، لەم کۆبونەوەیدا ئەو ڕێبازانە دەست نیشان کرا ، کە لە نیوانیانەوە ئەتوانن جەماوەر هوشیار بکەنەوە ، بۆ پوچ کردنەوەی نەخشەکانی خۆبەدەستەوەدان ، کە ئەیانەوێ لە بزوتنەوەی شۆڕشی عەرەبی‌و بەرگری فەلەستینی بدەن •

لەم کۆبونەوەیەدا کە هاوڕێ مەحمد امام عبدالرزاق ئەمینی نوینی سەرکردایەتی لقی سلیمانی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب سەرۆکایەتی کرد • بڕیارێکی تایبەتیان دا لەروی ئامادەکردنی قوتابیانی ئامادەیی بۆ قوناغی زانکۆ ، ئەوەش لەروی فێربونو تێگەیشتنی بەرنامە ئەکادیمی‌و بەروەردەیەکان ، ئامادەکردنی قوتابیان بۆ بەشداری کردنیان لە ڕاپەراندنی نەخشەی پەرەپێدان‌و پرۆگرامەکانی شۆڕش •

هەروەها باسی چونێتی گونجاندو خۆش کردنی پەیوەندیکاری لایەنەکانی بەرەکرا لەنێوان هێزەکانی بەرەوە لەپارێزگاکەدا ، بۆ هێنانەدی پتەو ترین یەکێتی نیشتمانی •

دامەزراندنی ٢٩٩ مامۆستای سەرەتایی‌و ١٠ مامۆستای ئامادەیی لە قوتابخانەکانی پارێزگای سلیمانیدا

● لەچاوپێ‌کەوتنێکی ڕۆژنامەنوسیدا بەرێز مامۆستا جمال جلال یاریدەدەری بەڕێوەبەری پەروەردەی سلیمانی وتی •

— لەم هەفتەیەدا فەرمانی دامەزراندنی ٢٩٩ مامۆستای سەرەتایی‌و ١٠ مامۆستای دابەشیان بکەین بەسەر قوتابخانەکانی پارێزگاماندا بۆبرکردنەوەی کەلێنی نەبوونی مامۆستا لە قوتابخانانەدا •

ئەوەی شایانی باسە لەو مامۆستایانە ١١١ مامۆستایان، پیاون‌و ١٨٨ مامۆستایشیان ئافرەتن ئەمانە لە مامۆستایانی سەرەتایین‌و ١٠ مامۆستاکەی‌ـ تریش مامۆستای ئامادەیین •

هەروەها مامۆستا جمال ئەوەی دوپات‌کردەوە کەئەمان هەمیشە لەهەوڵدانان بۆبرکردنەوەی بەشی زۆری ئەو کەلێنانەی کە لە هەموو قوتابخانەکەدا هەن •

تاقی کردنەیکی « پاشماوە »

بێت • کە بریتیە لە ڕێگای سلێمانی‌و قەرەداغ ـ قەلادزی‌و شەهیدان‌و چۆمان سلێمانی ئەزمر ـ سید صادق پینجوێن ـ ئەزمرو ئەزمر ـ ماوەت‌و رانیە ـ پلنگان ـ ڕێزان ئەزمر چواتا ـ سنگاو قەرەداغ‌و دوریانی سنگەسەر ـ ماوەت چوارتا ـ مەلکای قەلادزێ ـ هەڵشۆوقەلادزێ ـ هێرو دوکان ـ بنگردو چوارتا ـ ماوەت ئاوەکۆتە ـ عەرەبیت ـ دوکانیان‌و ڕێگاکانی دەوروبەری ئەزمر •

چوارتاو پێنجیوین ـ تانان‌و تیساو قەلادزێ‌و کانو •

ئەم لایەنە فراوانە ئەو گۆزارنکاریانە دەستنیشان ئەکا ، کە سەرکردایەتی سیاسی حزب‌و شۆڕش چ بایەخێکی تەواویان داوە بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی ، ئاوەکو بکاتە باشترین ڕاپەرینی کۆمەڵایەتی‌و ئاوەدانی •

سەرۆکی وەفدی « پاشماوە »

گرتبوی وتبوی دۆستایەتی نیوان عیراق‌و یەکێتی‌ی سۆفیات ڕۆژبەڕۆژ پتەوتر دەبێت ئەویش لەسەربناغەی تێکۆشانێکی هاوبەش دژی ئیمپریالیزم •• هەروەها وتویەتی •• دیدەنیەکەی بوعیراق ماوەی ئەوەی داوە کە بەچاوی خۆی ئەو دەستکەوتە گەورانە بەری بکات کە شۆڕش ١٧ی تەمموز لەمەیانی پیشەسازی‌و کشتوکاڵدا وەدی هێناوە ، بەڕێز بیکۆف ستایش بریاری میللی‌کردنی نەوتی کردوەو وتویەتی •• ئەوە هەنگاویکی گەورەیە هەمو پیلان‌و نەخشەکانی ئیمپریالیزمی نیکرێنێك داو دەستی چەرسانەوەی گەلی عیراقی لەبنداپری هەر لەم بوارەوە باسی شۆڕشی نوکتوبەری سۆشیالیستی کرد بەوبێ‌یەی ڕووداویکی هێژوویی نیچگار مەزنە لە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیی جیهانداو ئەو دەستکەوت‌و ئالوگۆڕە سۆشیالیستیانەی خستۆتەوە یاد کە یەکێتی‌ی سۆفیاتی لە هەمو مەیدانێکدا وەدی هێناوە •

گوڵی بەیان « پاشماوە »

ئەوگوڵە •• ئەوگوڵە •• ڕابەری دڵە
•••• •••

ئەو گوڵەیە خۆشی ژینم
شادمانم کە ئەیبینم •

لێرەدا میدیا دەنگی ڕادیۆکەی نزم کرد پاشان ڕووی لە دڵزار کردو گوڵەکەی دەستی تۆزی بڵند کرد وتی :

ـ ئەو گوڵەیە خۆشی ژینم شادمانم‌کە ئەیبینم •

دەستیان کردە قاقای پێکەنین‌و میدیا گوڵەکەی لە یەخەی داو ، دەستی یەکتریان گرت‌و بەقسەو دەمی بە پێکەنینەوە خزانە ناو باخ‌و خۆیان لە بیرکرد لەگەل جریوە جریوی چولەکەو دەنگی بولبول‌و خوێندنی کوکوختی سیمفونیەکی سروشتیان پێك هێنا بوو ، لە ژێر سێبەری درەختەکان لق‌و گەڵاکانیان لە چاو ون بوون ••

شیعرو فەلسەفە « پاشماوە »

لەیاسای ، ئیحتیمال توانای هاتنی بەشەکانی ڕووداوەکەیە بەشێوەیەك هاتنیان سەلمینەری حەقیقەتی ناچاری‌یەکەیە • واتە ڕودوانی (ب) لەدوای (أ) ، کارێکی غەریب‌و ناکۆك‌نی‌یە » •

هەربۆ چەسپاندنی ئەم ڕایەبوو کە پێشتر مەترسی‌مان لەوڕایەکرد کە ئەڵێت : « لاسایی‌ـ کردنەوەی میکانیکی ، یاخود نیمچە میکانیکی ژیان‌و واقیعە ، بەپێچەوانەوە لای ـ ئەرستۆ ـ ، لاسایی‌کردنەوە زۆر لەحەقیقەت واقیع مەزنترە ، چونکە شیعر بەتایبەتی‌و هونەر بەگشتی‌ی ـ کە لاسایی سروشت‌نەکەنەوە ـ ، کاریك بەئەنجام ئەگەیەنن کە سروشت دەستەوسان بووە لەوەی بەرگێکی قەشەنگی بە بەردابکات‌و ڕێکی بخات‌و تەواوی بکات •

« هەرکاتێك بەراستی لەتێوری لاسایی‌کردنەوە تی‌گەیشتین بەوجۆرەی کە ـ ئەرستۆ ـ باسی ئەکات ، ئەبینین هیچ جیاوازی‌و ناکۆکی‌یەك نیە لە نێوان واتای مەجازی‌ی شیعرەکەو ئەوحەقیقەتەی لاسایی‌کردنە وەکەی لەسەر داڕێژراوە » •

ئەم تێ‌گەیشتنە ڕاست‌و دروستەی ـ ئەرستۆ ـ دەربارەی نیۆری لاسایی‌کردنەوە ، کارێکی‌کرد شیعری گەیاندە پایەیەکی ئێجگار بەرزو بڵند ، تاگەیشتە ئەوەی ووتیان : هۆی داتانی کتێبە بەناوبانگەکەی دەربارەی شیعر ، بۆ ئەوەبوو : « تیرێکی کوشندە ئاراستەی بیروڕای ئیفلاتوون‌و بکات ، کە ئەیووت : شیعر نەك هەر شیاوی ئەوەنی‌یە لە ئاستی زیرەکی مرۆڤدا ، دابنرێ ، بەڵکو هۆی یەکەمی خراپەکاریشە » •

ـ ئەرستۆ ـ شیعرئەکات بەدووبەشەوە کە ئەمەیش بایەخێکی زۆری هەیە ، چونکە شیعر جیهانیکی فراوانە هەندیکیان تاڕادەیەك واتاکەیان بەئیشارەت ڕائەگەیەنن ، لە هەمان‌کاتیش‌دا زۆر نموونەی شیعریش هەن کە لەناوەوەیان‌دا چەندین واتایان هەیە کە ناتوانین یەکێکیان لەوی تر بە باشتر یاخود کاریگەرتر دابنێین بەنموونە : شیعر هەیە ، بە تەواوی سەر بە ڕێبازێکی ئاینی‌ی یان فەلسەفی‌ی یاخود کۆمەڵایەتی‌یە •

بەوتایەکی‌تر ، شاعیر ئەیەوێ عاتیفەی ئەو کەسانەبوورووژێنی کە لە دەوری‌کۆبوونەتەوە ، تاوەکو بیان‌کاتە خاوەنی هەلوێستێکی دیاری کراو ، لێرەدا پێویستیش ئەکات شیعرەکە ، مەبەستێکی دیارو ئاشکرای هەبێت ، یان لای کەم ئەبێ هەوڵ بدرێت ئیشارەت تیایا کەم بکرێتەوە ، ئەوەك بکەوێتە دەریای ئەمو مژە وە ، لە هەمان‌کاتدا، ئەبێ‌ریش هەیە حەز بەکەم‌بوونەوەی ئیشارەت ناکات‌و بگرە بەئەندازەیەکی زوریش بایەخی ئەداتێ بەمڵام لەسەر حسابی واتاکەی •

هەر ئەم جیاکردنەوەیەش‌بوو کارێکی وای کرد لە کتێبەکەی‌دا ، هەندێ پارچەی لیریك چڕبکات ، ئاشکرایە ئەم کارەی لە ڕووی نەزانین‌و بێ سەلیقەیی‌ـ یەوە نەبوو ، بەپێچەوانەوە چزکردنایان ئەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ :

١ ـ بێ‌نرخی‌ی لیریکیزم « لای ئەرستۆ لیریکیزم شیعرێکی خودپەرستەو ناتوانێ بەهۆی نواندنەوە لاسایی ڕەفتارو هەڵس‌وکەوتی خەلکی بکاتەوە •• لیریکیتیش بەهەستو سۆزی‌تایبەتی‌یەوەو لەسەر چاوەی ، خۆشەویستی‌ی ، لاواندنەوە ، بیاهەڵدان ، شانازی‌کردن ، جنێودانەوە شیعرەکانی سەرهەڵئەدات •• دیارەئەمانەیش هیچ بنچینەیەکی ئەو هونەرە بەپێزەیانی‌نی‌یە کە خزمەتی مەبەستە کومەڵایەتی‌یەکان بکات •

تەنانەت ئەو سروودانەی کۆرس ئەی‌لینەوە مۆرکی لیریکیزمی پێوەیە ، ـ ئەرستۆ ـ لەکارەساتی ئاو شانۆکەری‌یەکاندا ، جێگایەکی ئەوتۆی ئەداوەنەتێ ، بەپیانووی ئەوەی کە ئەوانە ڕێ خۆش‌کەرن بۆتراژیدیاو کۆمیدیا ••• کە هەردووکیان مەزنترن لە سروودەکە » •

٢ ـ لیریکیزم ، پەیوەندی‌یەکی لە پچران‌ناهاتووی هەیە بەکێشی مۆسیقاوە •

« •• مۆسیقا ، کە بریتی‌یە لەکێش‌و ئیقاع‌و ڕێکخستنی دەنگەکان ، تا ئێستاش بایەخێکی گەورەی هەیە لەم جۆرە شیعرانەدا » •

مۆسیقای شیعر ، ئەتوانێ ئەو یادگارو یاداشتانەی کە ڕەمزێکی قووڵ یان هەیە سەرلەنوێ بیان‌گێڕیتەوە ، ئەمە جگە لەوەی کە ئەبێتە هۆی ڕوون‌کردنەوەو فراوان‌کردنی واتاکەی‌و دەرخستنی ئەو جیاوازی‌یانەی کە لەناویان‌دا هەیە ، چونکە بێ مۆسیقایی شیعر ئەبێتە هۆی وون بوونی جیاوازی‌یەکان •

« •• مۆسیقا پارمەتی‌ی واتای شیعرەکە ئەدات ، تاوەکو بچێتە ئەو دیوی ئاستی بەناگایی‌یەوە بەڕادەیەك ئەچێتە ناخی چینەکانی دەروونی‌ی سەرەتایی‌یەوە •• لەم بارەیەوە شاعیرێکی وەك ـ ئەلیوت ـ ئەڵێت : بێ‌گومان خەیاڵی بیستن پشت بەواتا ئەبەستێ‌و تیای‌دا ئەژی دوایی کۆنی بەژێرمەوەبوو تێکەڵ بە تازەی ووروژاوئەبێ •••

Institut kurde de Paris

ڕێ ڕەو

حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست ، تەنیا حزبی بەعسیەکان نیە ، حزبی هەموو هاوولاتیە دلسۆزەکانە کە باوەڕیان بە نیشتمانەکەیان هەیەو بەرگری لێ ئەکەنو لەپێناویائیش ئەکەن ، لە پێناوی بەختیاری گەلدا ، بەبێ جیاوازی ، بێ زۆر داری ، بێ هیزخستنە سەرو تەنگاو کردن ، بەبێ سلەمینەوەو ترس ، جا لەبەرنەوەو لە چوار چێوەی ئەم تێگەیشتنەدا ، حزبی هەمووتانە ، چونکە لە پێناوی بەختیاری هەموتاندا بێ جیاوازی هاتۆتە کایەوە .

« هاوڕێ صدام حسین »

خێزان

خۆمێسکی منال

چەپکە گوڵ

د. کوردستانی
گیوی موکریانی

بۆ ئەوەی ساتێ لە ژیانی خۆم دوور کەوەوە ، رووم کردە سروشت .. لەگەل گوڵ چاوەڕێ بووم . بۆ بولبول دەم بە ساز بووم . لە پاڵ چل بۆ شنەی با لە لار بووم . وەک پەروانە هەر تاوێ لە شوێنێ بووم .. هەتا مەست بووم . سروە هات بۆنی بەیانی هێنا . خۆر هەڵات موژدەی لە دایک بوونی

ئەم کاتەت باشت ..

● ناوم حسن حسین کرێم ٤ ساڵی ٩٣٩ لە سلیمانی بەجیهان شادبووم و قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیم لە سلیمانی تەواو کردو چونکە هەر لە منالێیەوە سەرم لە شانۆگەری و شانۆ ئەخورا چوومە پەیمانگای هونەرە جوانەکان بەشی شانۆ لە بەغدا .

● **دەربارەی بەرهەمەکانی ئەلێ :**

زیاتر لە ٤٦ ، ٤٧ بەرهەمی هونەریم هەیەو گەلێ جار ویستومەو خۆم هیلاك کردوە کە بەرهەمی نوێ بهێنمە کایەو گرنگترین بەرهەمیشم دامەزراندنی تیپی هاوڕێیانی گەزیزە بوو کە بەهۆیەوە توانیمان بۆیەکەم جار هونەری شانۆی کوردی ببینە سەرشاشە بچکۆلەکەی تەلەفزیۆن . هەروەها ئەونوسینەم ، بەناوی (شانۆو شانۆگەری کوردەواری) کە ماوەی پێنج ساڵ پێوەی خەریك بووم و چاوەڕوانم کە چاوەڕێ بهێنێ بە بەرهەمێکی باشی دانەنێم .

● **ڕۆژشنبیری جماوەر بەچی ئەزانی ؟.**

قوتابخانەیەکی کاری گەرە بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆژشنبیری لەبار بۆ پێش خستنی وولاتەو گەلمان بەرەو هەنگاوی پێش کەوتنی گەلانی ترو هەر ڕۆژشنبیری جماوەرە کە جماوەر بەرەو دیمکراتی و سۆشیالیستی ئەبات .

جووانی ، تاك و تەرای گوڵی پاییزی وایان لێ کردم بیانچنم .. ئەوەندە بە دەستە گوڵم دڵشاد بووم ، وەکو منداڵێکی ساڤا بە هەردوو دەست گرتم و پیلونی چافانم لێک ناو لە نێو دڵمەوە تێر تێرم بۆن کرد ..

بێ ئەوەی بزانم و بریار بدەم بۆ کوێ دەڕۆم .. پەیتا پەیتا ڕۆیشتم .. ناو ناوە سەیریکی ئەم لاو ئەو لام دەکرد نەبا یەکێ هەبێ پەلاماری دەستە گوڵم بداو لێم بفرێنی و ئەم خۆشیەم لێ بستێنێ .. لە پڕ وەستام .. بۆ کوێ دەڕۆم ؟! من ئەم دەستە گوڵەم بۆ چیە ؟.. بۆ کێ دەبەم ..؟. پێشکەشی کێ کەم ..؟. دەبێ کێ بێ شایانی ئەم دەستە گوڵەی من بێ ..؟. ئەلبەت دەبێ کەسێک بێ ، فرەزان و دڵنەواز و دڵۆڤان بێ خولیای گوڵ بێ . بۆ ئەوەی بزانێ نرخ و بەهای چەندە .. تا دەستە گوڵە ناسك و نازدارەکەم بە شداوی ئەفینی و خۆشەویستی ڕاستەقینە ئاو بدا تا نەژاکی و سیس نەبێ وەکو هەمیشە بەهار هەر هەمیشە بەهار بێ .. بۆ ئەم مەبەستە هەست و نەستم بۆ لێدانی دڵە چووکەکەی خۆم ڕاگرت ... دڵە ساواکەم کەس شك نابا ، بەواتا بەند و دیلی هیچ کەس نیە ، بۆیە رووم کردە سروشت دەستە گوڵی ڕەنگاو ڕەنگم لە هەمان شوێنی خۆی چاندەوە و ئاودا .. کەوشم داکەند و لە ژێر هەنگڵم نا .. نەبا گەڵا و گوڵی هەڵوەریوی پاییزی بێ ئازار بدەم . پشتا و پشت لە جووانی سروشت دوور کەوتمەوە و گەرامەوە جیهانی خۆم .

٢٠-١٠-١٩٧٧

چاپکراوی نوێ

عەقیدەی مەولەوی

لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد ، زنجیرەی ژیانەوەی کە لە پوری ئەدەبی کورد ، عەقیدەی مەولەوی ، لە دانراوی سەیید عەبدول ڕەحیمی مەولەوی بڵاوکرایەوە کە محەمەد عەلی قەرەداغی ئامادەی کردوەو هەر لە چاپخانەی کۆڕی زانیاریش چاپ کراوە .

گوناهی کێیە ؟

منال ، خاوەن بیرکردنەوەو شەخسیەتێکی جیاوازو هەڵوێستێکی تایبەتی یە ، بۆیە تێڕوانینی بەرامبەر بەژیان و هەرکێشەو مەسەلەیەك جیاوازە لەهەڵوێستی ئێمە بەرامبەر بەژیان . شەخسیەتی منداڵ تەواونیە ، بەڵام زووهەست بەنیگەرانی ئەکات و بچووکترین کێشەو گیرو گرفتێکی ناوخێزان ، کاری سلبی هەیە بەسەر ژیانی منالەوەو شەخسیەتی کە لەناو خێزانەکەی خۆیەوە دەستپێ ئەکات ، ئەنجا بۆناو کۆمەڵ .

دروست کردنی ئەم شەخسیەتە ، یا پاراستنی مافە ڕەواکانی منال ، یەکەم شت لەبەروەردەوە دەستپێ ئەکات ، هەردایك و باوکنکیش بەپێی عەقلیەتی نایبەتی خۆی و هەڵوێستو گۆشەنیگای خۆی مامەڵە لەگەڵ منال ئەکا . ئەنجا ، لەخێزانێکی شپرزە ، چاوەڕوانی دروست کردنی چ شەخسیەتێك ئەکرێ لەمنال ؟!.

نموونەی ئەوچەشنە خێزانە لەئەندازە بەدەرە لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا کە ڕەچاوی خۆزگەو ئاواتەکانی منال ناکاو بەوپەڕی توندونیژی هەڵوێستی خۆی دەستنیشان ئەکات بەرامبەر بەهینانەدێی بچووکترین ئاواتی منالو بەبێ هیچ لێپرسینەوەیەکی ویژدانی و کۆمەڵایەتی خۆزگەی منال زیندەبەچاڵ ئەکات . بەم هەڵوێستە ، منال خۆی لەناو قەفەزی ڕوخاندنی شەخسیەتو تاسەی خۆی ئەبینێتەوە کە ئەمە ، خۆی لەخۆیدا چاڵ نانەوەیەکە بۆ ناسۆی پاشەڕۆژی !.

منال هەقی خۆیەتی داوای هێنانەدێی خەوە سەوزو ڕەنگاوڕەنگە شیرینەکانی خۆی بکاتو ، ئەودایك و باوکانەی بایەخ نادەنە هێنانەدێی بچووکترین خۆزگەی منال ، دیارە خۆشیان بەبەرپرسیار نازانن بەرامبەر بە مسۆگەرکردنی پاشەڕۆژ .. چونکە زوتر بوونی منال ، یان دڵڕەنجانی لەهەروورده مەسەلەیەکی ژیان و ناوخێزان پەردەیەکی ڕەشە بەسەر ئاسۆی پاشەڕۆژیدا هەڵئەگری و ، تاقە هۆیەکیشە بۆ شکست بوونی شەخسیەتی و بێبەش کردنی لە ئاواتەکانی خۆی .

ئەنجا ، ئەوفرمێسکەی کە لە ئەنجامی ڕوخاندنی خۆزگەو تاسەکانی منداڵ لەدایك ئەبێ .. دایك و باوك ، ئیتەش خۆمان ، بەرپرسیار ئەبین لەم گوناهە کۆمەڵایەتیە ، هەروەکو ئەبێ ئێمە خۆشمان بەرپرسیاربین لە مسۆگەرکردنی خۆزگەو خەونە سەوزەکانی پاشەڕۆژ .

● شێرزاد ●

عومەر یوسفی هونەرمەند

ئارایشت کردنی پێت .. ڕەنگاندنی وشە خۆی لە خۆیدا هونەرێکی ڕەزا سووکە .. پێتە سرکەکان لە هەموو دەستێکا کەوی نابن .. مەگەر لەو قامکانەدا نەبێ ووشە دەشۆنەوە ! بە جۆرێکی لێ بکەن تا لەبەر دیدەی سەیر کەرەکانا نەرم نەرم بخەنێو گەشەیەکی نهێنی بچێتە دڵیەوە .. عومەر یوسفی یەکێکە لەو قەڵەم ڕێکانەی دەتوانێ نەخشەی جوان بۆ بێت بکێشی ، ئەگەر هونەرەکەی بەراورد بکەی لە گەڵ تەمەنو ساڵی خوێندنی ئەوە بێ لایەن گرتن زۆر لە پێشە .. ناوبراو قوتابی بۆلی چوارەمی دواناوەندیە لە قەڵادزێ .. ئەگەر لە سەر ئەو ڕێبازە بڕوا هیوای ئەوەی لێ دەکرێ ببێتە خۆش نووسێکی چاك .. سەرکەوتنی بۆ دەخوازم .. ئەوە چەند نموونەی نووسینەکانی .. بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری پێشکەشە ..



● پاداشت ●

ساڵی (١٩٨٠) یاریەیەکی ئۆلۆمپی لەکوێ ئەکرێن ؟

یاریەیەکانی ئۆلۆمپی ساڵی (١٩٨٠) لە یەکێتی سۆڤیەت ئەبێتو چاوەڕێ ئەکرێ سەیرکەرانی ئەم یاریانە لە هەمو جیهاندا لە نیو ملیۆن خەڵك زیاتر بێو دوانزە هەزاریان ئەو وەرزشە وانانە ئەبن کە بەشداری دەورەکە ئەبنو سێ هەزاریان بە ڕەسمی بانگ ئەکرێنو نۆ هەزاریان ڕۆژنامە نووسن .. ئەمە بێجگە لەوەی سەد هەزار کەشتو گوزار کەرێك بەشداری نەماشاکردنی ئەکەن .. ئێستا ئیشو کار لە ئارادایە بۆ بەرەو پیرچوونی ئەم دەورەیە ، لە گەلێك شاردا گەلێ خانووبەرەی نوێ دروست ئەکرێ .. هەروەها نەخشەی دەیان ئوتێلی نوێ کێشراوە ، ئەمە بێجگە لە چەندان چێشتخانەو گازینۆ .. ئەم کارانەش گەلێ لا پێی هەڵئەسن .

لە ئێستاوە دەزگا گەشتو گوزاریەکان بەرنامەیەکی فراوانیان بۆ وەرزش کەرانو گەشتو گوزار کەرە بێگانەکان ئامادەکردوە بۆ سەردان لە شارەکانی ، بێجگە لەوەی کە شاری مۆسکۆ یاریەکانی تیا ئەکرێ ،شارەکانی تری یەکێتی سۆڤیەتیش وەك شاری (تالین ، کیف ، لینینگراد ، فیسك) یاریان لێ ئەکرێ وەك یاری شەقو (یخوت) .. لە کەل ئەوەی کە شاری مۆسکۆ لە هەمو ڕویەکەوە مەلبەندی بایەخ پێدانە بەڵام لە هەمو یەکێك لەم شارانەشدا لێژنەیەکی ڕێك وپێك پێکهاتوە لە نوێنەرانی کاربەدەستەکانی ناوخۆو دەزگای خزمەت گوزاری خواردنو شارەوانی .

ئەمە یاری ئۆلۆمپی ساڵی (١٩٨٠) و بەم جۆرە ئەبێ .

سەرکار قادر محمود

ئەم هەواڵە !!

مۆسیقا .. تازەترین ڕێگایە بۆ چارەسەرکردنی قەڵەوی

پزیشکێکی نەمساوی ئەڵێت : گوێگرتن لە مۆسیقای کلاسیکی باشترین ڕێگایە بۆ لاوازبون . ئەم تاقی کردنەوەیەش بە سەر سەدەها ئافرەتدا کراوە ، ساغیش کراوەتەوە کە ڕۆژی سێ سەعات گوێگرتن لە مۆسیقای کلاسیکی بەسە بۆ نزم بونەوەی قورسایی ئافرەت .. ئەم هەواڵە بووەنە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەك لە پزیشکەکانی نەخۆشی دەمارو سایکۆلۆجی دەست بە لێکۆڵینەوەی ئەم تیۆرە تازەیە بکەن ..

— ● —

دەرمانێکی نوێ بۆ هەساسیەت ..!!

پێست هەڵدانو ڕەبوو هەساسیەتەوە پەیدا ئەبن . زەوی دوچاری ئەمنەخۆشیە توشی بوە .

هەساسیەت تەنیا هەندی خواردەمەنی و گۆڕانی کە خەڵکی دوچاری ئازار لەم دوایانەدا تاقی گەیەکی فەرەنسی بۆی دەرکەوتوە ، کە هەموو جۆرە هەساسیەتێك لەماوەی ٢٤ کاتژمێردا ، ئەهوەن ئەبێتەوە ، هەرچەندە زۆر کاریگەریش بێت . ئەوەش بەهۆی دەرمانێکەوە کە ئەو تاقی گەیە دوزیویەتەوە . خێرایی کارتێکردنی ئەم دەرمانە پاش نیوسەعات دیاری ئەدا . ئەم دەرمانە مەتاڵانیش ئەتوانن بەکاری بهێنن بەبێ ئەوەی هیچ زیانیان بێ بگەیەنێ . لایەنی چاکیوباشی بەکارهێنانی ئەم دەرمانە دەرکەوتوە ، پاش ئەوەی بۆماوەیەکی دورو درێژ تاقی کراوەتەوە ..

وا چاوەڕوان ئەکرێ سەرەتای ساڵی تازە بکەوێتە بازارەوە .

ئەو نەخۆشیانەن کە لە لە ١٥٪ ی دانیشتوانی سەر هاتوون ، هەریەکە بەشێوەیەك بەرپجدانەوەی تیژوخێرای ئاوهەواو ئەولایانانە نیە ئەکا .

○ داهێنراوی نوێ ○

چەرخێکی نوێ ، بەهۆی وزەی ڕۆژەوە کارئەکا ... ئەم چەرخە شێوەی سێ گۆشەیەکی بازنەیی هەیە ، لە ناویا ئاوێنەیەکی چەماوەی تیایە ، ئەم ئاوێنەیە لە فولاذ دروست کراوەوە بە زەرنیخ داپۆشراوە . کە تیشکی ڕۆژ وەرئەگرێ لە مەلبەندی هێزا ئەیچەقێنێ . لەبەر ئەوە ئەگەر هاتوو دەمی جگەرەکەت خستە سەر خاڵی ناوەڕاستی لەخۆیەوە دائەگیرسێ . ماوەی داگیرسانی جگەرەیەك لە نێوان چرکەیەك تا ٤ ی خولەکێکدایە ئەویش بەپێی کەژەکانی ساڵ .

هەرجارەی نووسینێك

خوشەویستی ووشەی کوردی

زۆر جار مرۆڤ کە بیر دەکاتەوەو چاوی بیرکردنەوەی لێك دەنێو لێك نانێ ، دەچێتە جیهانێکەوە خۆی لە ڕوخسارو دیمەنێکی تردا دەبینێ کە بیری لێ دەکاتەوە .

جا ئەو بیرکردنەوەیە لە هەر ڕوویەکەوە بێ ، ئەگەر ئەو بیرەی لە مێشکی دایەو ئەو نیازەی لە دڵیدایە لە ئەنجامی خۆشەویستیەکی ڕوحی پاکدا بێ ، ئەوە دەبێتە ئەخشەو بە ژیانی ئەو مرۆڤەدا دەڵێ .. خۆشەویستی ووشەش لای مرۆڤ کە ئارام دەبەخشێتە دڵو دەرونی دەیگەیەنێت بەو خەونو جیهانەی هەوڵی بۆ دەداو بە ڕوویەوە پێدەکەنێ . منیش هەر کە فێری ڕۆژنامە خوێندنەوە بووم چاوم بە ووشەی کوردیدا هەڵهات ..

یەکەمین ڕۆژنامەش کە خۆی هاویشتە ئامێزمو تێر تێر ماچم کرد ئەم ڕۆژنامەی « هاوکاری » یە بوو .. ئای کە دڵشادو بەختەوەر بووم کە بەردەوام ڕۆژنامەی کوردیم دەخوێندەوە .

ووشەی کوردی فێری خۆشەویستیەکی ئەوتۆی کردم چارم نەما ، لە کتێبخانە .. لە قوتابخانە .. لە سەر شەقام .. لە چایخانە .. شەوان لە سەر جێگای نوستن ئەو خۆشەویستیە باوەشمی بۆ لابەڕەی ڕۆژنامە دەکردەوە کە لە هەمو کتێبو گۆڤارێکی کوردی زووترو زۆر تر بە دیدەنی شاد دەبووم .

ئەم « هاوکاری » یە ئازیزەش کە بەردەوام بە خوێندەواری کورد دەگات ، ئەم هەفتەی دوو جارەش دیارە هەنگاوێکی گرنگەو قۆناغێکی نوێیە لە ڕێگای ڕۆژنامەگەری کوردیدا .

سڵاو لە هەمو ئەوانەی خزمەتی ووشەی کوردی دەکەنو سڵاویش لەوانەی بێدارن تا هاوکاری لە چایخانە ڕزگاری دەبێو دەگاتە خوێندەواران .

با هەمومان ئەم لاپەڕانە بپارێزینو پشتگیری بکەین .

مارف عمر گوڵ

لە پیشە میللیەکانمان ـ سەماوەر ـ

لە چاپخانەی «دار العراق» لە بەغدا لەچاپدراوە

Institut kurde de Paris

ئەو هەنگاوە مەزنانەی کە شۆڕشەکەتان ناوێتی مایەی شانازی هەموو لایەکمانن ئەلقەی یەك لەدوای یەكو پێکەوەلکاون بەرەو داڕشتنی ئەو بنکە شۆڕشگێڕانەیەی ، کە کۆنگرەی هەرێمایەتی هەشتەمی حزب سیماو ئەرکەکانی دیارکردوون ٠

سەرۆکی فەرماندە | حەسەن البکر

● الاثنین ١٤ تشرین الثانی العدد ٣٩٦ ●

هاوکاری

٢٥ فلسە

٨ لاپەڕە

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی کۆماری عیراق
مەیدان ، الفلاح ، شەقامی ، الجمهوریة ،
بەغدا ص . پ ١٤١٤ تەلەفۆن ٢/٦٨٢١١

سەرنووسەر : محمد امین محمد

● دوو شەممە ١٤ی تشرینی دووەم ژمارە ٣٩٦ ●

سەرکردەی دامەزرێنەر : بڕوای شۆڕشگێڕانەمان بەوەیە کە هێزی گەل لە بن نایێت

دەرچوونی مەرسومێکی کۆماری بە دانانی چەند وەزیرێك

سەرکردەی دامەزرێنەر چاوی بەوەفدی ڕێکخراوی هاوکاری ئەفرۆ ئاسیەوی ئەکەوێت

هاوڕێ سەرکردەی دامەزرێنەر میشیل عفلق ئەمینداری گشتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دوێنێ نیوەڕۆ چاوی بەوەفدی ڕێکخراوی هاوکاری ئەفرۆ ئەسیوی بەسەرۆکایەتی بەڕێز یوسف السباعی سکرتێری گشتی ڕێکخراوەکە کەوتوە ٠

لەم چاوپێکەوتنەدا دوکتور منیف الرزاز یاریدەدەری ئەمینداری گشتی حزبو لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندیەکانی دەرەوەو بەڕێز عزیز شریف سکرتیری گشتی ئەنجومەنی ئاشتیو هاوکاری لە کۆماری عیراقو چەند هاوڕێیەك لە ئەندامانی سەرۆکایەتی ڕێکخراوو ئەنجومەنەکە ئامادەبوون ٠

هاوڕێ ئەمینداری گشتی لە وتارێکدا کە لە ماوەی چاوپێکەوتنەکەدا دای وتی : ئێمە وا سەرنجی مەسەلەی چارەنووسمان لە فەلەستین ئەدەین ، کە لە زۆرانبازی مێژووی ئەتەوەی عەرەبدا لەگەل ئیمپریالیزمو زایونیزمو کۆنەپەرستدا خۆی ئەنوێنێ ، لە ماوەی سەرنجدانی شۆڕشگێڕانەمانەوە کەهێزی گەل هەرگیز لە بن نایەتو ئەو سەرکردە ڕاستەقینانە ئەتوانن گرمو لەسەر ئەو هیزە بکەن ئەك ئەوانەی ورەبەر ئەدەنو کۆسپ ئەخەنە ڕێگای تاوسەندنی ئەو هێزە ٠

هەروەها وتی : دیسان ئێمە لە ڕوانگەی بەهیواییەوەو بەگیانی شۆڕشگێڕانەوە لە لای گەلانی جیهانی سێیەمو هەموو جیهان سەرنجی مەسەلەی چارەنووسمان ئەدەین ، ئەو گیانەی کە لە دواییدا لە سەر حسابی ئەوەی دەوڵەتیەت سەر ئەکەوێ ، کە لای هەندێ لایەنی شۆڕشگێڕ ئەو هیواو باوەڕەی بە توانای نازایخوازی گەلان بێ هیزکردوە ٠

هاوڕێ سەرکردەی دامەزرێنەر وتی : لێپرسراوییی یەکەم لە ئەستۆی جەماوەری عەرەبو سەرکردە شۆڕشگێڕەکانیەتی کە بەلگە بدەنە دەست هاوڕێو دۆستەکانیان لەسەر ڕێگای شۆڕشگێڕی لە جیهانی سێیەمو هەموو جیهاندا ، ئەوەی گرمو لەسەر خۆڕاگرتنو هێزی بەرهەمداری شۆڕشگێڕانەی گەلان ئەکات وشەی دوایی بۆ ئەوەو سەرکەوتن بەدەست ئەهێنێ ٠

هاوڕێ سەرکردەی دامەزرێنەر باسی یادگارەکانی کۆنگرەی یەکەمی هاوکاری ئەفرۆ ئەسیەوی کرد کە بیست ساڵ لە مەوبەر لە قاهیرە بەستراو باسی ئەو سەرکەوتنە شۆڕشگێڕانەیەی کرد کە لەو دەمەدا نیشتمانی عەرەبو جیهانی سێیەم بەهوی تێکوشانی گەلی ڕزگاریخوازەوە بەدەیهێناو پێویستی پێکەوە بەستنەوەی ئیستاو ڕابوردووی دووپات کردەوە تا بەو گیانە میلایە شۆڕشگێڕە ڕابێت کە سەرکەوتنی بەدەیهێناوە لە هیزی بکوتینەوەو سوودی لێوەربگرێو هەوڵی بەردەوامی بدەین لە ئیستادا ٠

صۆمال پەیمانی دۆستایەتی لەگەل سۆڤیەت هەڵئەوەشێنتەوەو پەیوەندی لەگەل کوبادا ئەبڕێت

دوێنێ شەو صومال ڕای گەیاند کە پەیمانی دۆستایەتیو هاوکاری لەگەل یەکێتی سۆڤیەت هەڵوەشاندەوەو پەیوەندی دبلۆماسی لەگەل کوبادا بڕی ٠ ئەم هەواڵە عبدالقاسم حسن وەزیری ڕاگەیاندنی صۆمال ڕای گەیاندو وتی بڕیارە دوای ١٩ سەعات کۆبونەوەی لیژنەی مەرکەزی حزبی شۆڕشگێڕی صۆمال دراوە

سوپاسنامەیەك بۆ هاوڕێ البکر لە هاوڕێ سکرتێری گشتی حزبی سۆشیالستی ئەڵمانیای یەکگرتوەوە

دوێنێ هاوڕێ احمد حسن البکر جێگری ئەمینداری گشتی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب سەرەك کۆماری بروسکەیەکی سوپاسنامەی لە هاوڕێ ئەریك هۆنیکر سکرتێری گشتی کۆمیتەی ناوەندی حزبی سۆشیالیستی ئەلەمانیای یەکگرتو سەرۆکی ئەنجومەنی سەرەك کۆماریی ئەلەمانیای دیموکراتەوە پێ گەیشتوە لەومرامی ئەوبروسکەی پیرۆزباییەدا کە هاوڕێ احمد حسن البکر بەبۆنەی جەژنی نیشتمانیی کۆماری ئەلەمانیای دیموکراتی یەوە بۆی ناردبو ٠ ئەمەش ئەواوی ئەوبروسکەیەیە ٠٠

بەڕێز هاوڕێ احمد حسن البکر جێگری ئەمینداری گشتی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی سەرۆك کۆماری عیراق ٠

بەناوی گەلی کۆماری ئەلەمانیای دیموکراتیو بەناوی خۆمەوە سوپاسێکی گەرمی ئێوەو گەلی کۆماری عیراق دەکەم بۆ ئەوە پیروزباییو هەستەی بەبۆنەی جەژنی نیشتمانی کۆماری ئەلەمانیای دیموکراتی یەوە دەرتان بڕیبو ، من زۆر لەوە دلنیام کە بەیوەندی هەردو دەوڵەتمانو گەلەکانمان لەمەوپاش زیاتر پەرە دەستێنێتو قولتر دەبێتەوە ٠

ئەی هاوڕێ بەڕێزی خۆشەویست احمد حسن البکر داخوازی خۆش گوزەرانی ئێوەو گەلی عیراق دەکەم بۆ داهێنانی خولقێنەرانەو سەرکەوتنی گەورە گەورە ٠

ئەریك هۆنیکر
سکرتێری گشتی کۆمیتەی ناوەندی حزبی سۆشیالیستی ئەلەمانیای یەکگرتو ، سەرۆکی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆماری ئەلەمانیای دیموکراتی

حکومەتی میسر خۆشحاڵە بە بانگەوازەکەی « بیگن » بۆگفتوگۆکردن لە بارەی « سازاندن »ەوە

پایتەختەکان ـ ١٢ ـ ئاژانسەکانی دەنگوباس : حکومەتی میسر بەڕەسمی خۆشحاڵی دەربڕی بەو بەیامەی کە مناحیم بیگن سەرۆك وەزیرانی زایۆنیی دوێنی شەو وتاراستەی کردو تێیدا داوای کرد سنوورێك دابنرێ بۆ ئەوەی کە ئاوی نا ناکۆکی نێوان « ئیسرائیل » ومیسروبۆ هاوکاری کردن لە پێناوی « ئاشتی »دا هەردو ئێستگەی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی میسر نیوەشەوی پێ ڕۆگرامەکانی خۆیان بڕی ، تا ئەم خۆشحاڵیەی میسر لەمەزمانی قسەکەری ڕەسمی ئەم وڵاتەوە بڵاویکەنەوە ، تەنانەت چەند سەعاتێك پاش بڵاوبوونەوەی بەیامەکەی بێگن ٠

قسەکەری ڕەسمی میسر وتی کەوا حکومەتی میسر خۆشحاڵە بەم بەیامە نەك لەبەر ئەوەی پاش دەست پێشخەریەکەی سەرۆك سادات بڵاوکراوتەوە ، بەڵکو لەبەر ئەوەی میسر بە سوورەیو توندیەوە داوای ئاشتی ئەکات ئەوەی شایانی باسە سەرۆکی میسر لە وتارەکەی ئەم دواییەدا دەری خستبوو کەوا ئامادەیە بچێ بۆ خاکی داگیرکراوو لەوێ لەگەل کاربەدەستە زایۆنیەکاندا لەناو «کنیست»دا ووتوویژ بکات لە پێناوی بەدی هێنانی سازاندنی خۆ بە دەستەوەدەرانەدا ٠

مناحیم بێگنیش ئەم قسانەی بەگەرمی قۆستەوە ڕای گەیاند کەوا پێشوازیەکی گەرم لە سادات ئەکاتو ئامادەیە بۆ کۆبوونەوە لەگەل ساداتدا ئامادەیە بچێت بۆ قاهرە ٠

بێگن پێی وایە شەو بەیامێکی بو حکومەتی میسر لە ڕادیۆی دوژمنەوە بڵاوکردبوەوەو تێیدا داوای « ئاشتی نێوان ئیسرائیلو میسر »ی کردبوو ووتبووی ئامادەم بچم بو قاهرە تا ئەم هەڵوێستە بە حکومەتی میسر ڕاگەیەنم ٠

لەلایەکی ترەوە ، سەرچاوە میسریەکان ئاشکرایان کرد کەوا سادات ڕۆژی پێنجشەمەی ئایەندە دەچێ بۆ دمشق بۆ گفتوگۆکردن لە گەل حافظ اسدی سەرۆکی سوریادا بۆ بەکشتنی هەڵوێستی هەردوولا لەبارەی کۆنفرانسی جنێڤەوە ئاش ئەوەی ئەو هەوڵانە سەرنەکەوتن کە بۆ بەستنەوەی ئەم کۆنفرانسەدران ٠٠ سەرۆکی میسر ، لەوەبەر ووتبووی حکومەتەکەی بەتەنها پەیمانکاری لەگەل دوژمندا ناکات ٠

لەواشنتۆنیش قسەکەرێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا خۆشحالی ئەمەریکای بەقسەکانی ساداتو بیگن دەربارەی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ کردنو سەر لە یەکدانو ، ووتی ئەمەریکا بە بایەخەوە سەیری ئەم دوو هەڵوێستە دەکات ٠

بڕوانە ل ٧

جوڵانەوەی توندوتیژی لەئیتالیا

هەرنەبێ دوانزە کەس پێرشەو لە شارەکانی ئیتالیا بریندار بوون پاش سەر هەڵدانەوەی شەپۆلی دەستوەشاندنی سیاسی لەوشارانەدا ٠

لە شاری ڕۆما پێکداهەڵپرژانی زۆر توند پێرئ لەنێوان پۆلیسو قوتابیە خۆپیشاندەرەکاندا رویدا ٠

لەشاری لیس کە دەکەوێتە خواروی ئیتالیاوە ، کاربەدەستان دەریانخست کەوا دوو پۆلیسو دوو قوتابی براون بو نەخۆشخانە پاش بریندار بوونیان لەو پێکدا هەڵپرژانانە کە لە نێوان قوتابیانو پۆلیسدا رویدا

تاوانبار کردنی دەست درێژی کردنی زایۆنی بۆ سەر خواروی لوبنان

نەتەوەیەکگرتووەکان ـ ١٣ تشرینی دووەم ـ ئا٠د٠ع

ئەمرۆ نوێنەرانی دەوڵەتە بێلایەنەکان لە نەتەوەیەکگرتوەکاندا بەیاننامەیەك دەردەکەن کە تێیدا بەناوی دەوڵەتەکانیانەوە دەستدرێژی زایۆنی بۆسەر خواروی لوبنان تاوانبار دەکەن بەوەی کە بریتیە لە بێشیل کردنێکی ئاشکرای هەموو پەیماننامە دەولیەکانو کارێکی تاوانبارانەیە کە درندەییەکی بێوێنە دەبینوێنێ

بێرئ شەو لیژنەیەك لە نوێنەرانی دەوڵەتە بێلایەنەکان لەبارەگای نەتەوەیەکگرتوەکان کۆبوونەوە بۆ ئامادەکردنی بەیاننامەیەك لەسەر داوای نوێنەری ڕێکخراوی ئازادیبەخشی فەلەستین ٠

دەست وەشاندنێکی تری فیداکارانی عەرەب

فیداکارە عەرەبەکان دوێنێ کارێکی فیداییانەی تریان لە شاری قودسی عەرەبی داگیرکراودا کردو قسەکەرێکی پۆلیسی دوژمن ووتی بۆمبایەکی زۆر بەتین لە سەریەکێ لەو شەقامە سەرەکیانە تەقیەوە کە ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتی قودس بەیەکەوە دەبەستێ ٠

ئەم تەقینەوەیە سەهێونیەکی کوشتو ئۆتۆمۆبیلێکیشی وێران کرد ٠٠ دوژمن کاتێك دانی بەم کارەدانا ، کە تەنانەت چەند سەعاتێك بەسەر تەقینەوەیەکی تردا ڕەت بووبوو کە لە یەکێك لە گەڕەکەکانی قودسدا ڕووی دابوو بووبوو بە هۆی کوشتنی زایۆنیەکو بریندار بوونی سیانی تر :

سەرچاوەکانی دوژمن ، وەك هەموو جار ، هیچ ئەم سەرو ئەوسەری مەسەلەکەیان ڕوون نەکردەوەو ئاژانسی

بڕوانە ل ٧

دەربارەی بڕیاری خوێندنی هەندێ دەرس بەزمانی عەرەبی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا

کردارێکی بەجێیە ودواروژی قوتابیانی کوردمان مسۆگەر ئەکاو چارەنووسی بەرامبەر یەکێتی نیشتمانی ئەنوێنێ

لە ژمارەیەکی هەفتەی ڕابوردوودا ڕۆژنامەی « الثورة »ی بەڕێز ئەم سەر وتارەی بڵاو کردەوە لەبەر ئەهمیەتی تایبەتی وتارەکەو پێویستی گەیاندنی بیروڕای ڕاستو خزمەتگوزار بەیەکێتی نیشتمانی عیراقی خۆشەویستمان بە خوێنەرانی کورد « هاوکاری » پێخوشحاڵە دەقی ئەم وتارە بەکوردی بڵاوبکاتەوە ٠

لەبەتەنگەوەبوونی شۆڕشەوە لەمتمانەکردنەسەر سیاسەتێکی پەروەردەیی هاوسەنگەو بۆ ڕەخساندنی دەرفەتێکی لەبار بۆ قوتابیانی کوردمان لەقۆناغە جیاجیاکانی خوێندنداو بۆ ئەوەی باشتر لەماددەو بەرنامەی خوێندن بگەنو کاروانی خوێندنی قوتابیان بەشێوەیەکی ساغو دروست لەقۆناغی سەرەتاییەوە تا خوێندنی زانکۆ ببرێتەسەر ، بڕیاردرا هەندێ ماددە لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا بەزمانی عەرەبی بخوێنرێ ، ئەمەش لەبەرچەند هۆیەکی بنەڕەتی کە ئەمانەن :

١ ـ زمانی عەرەبی تەنها وەك ماددەیەکی زمان لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا ئەخوێنرا بۆنموونە هەروەکو زمانی ئینگلیزی ٠٠ ئەمەش بارێکی شازە لەناوچەیەکدا کە بەشێکە لەعیراقو زمانی ڕەسمییش تیا زمانی عەرەبییە ٠

٢ ـ ئەوقوتابیانەی لەقۆناغی سەرەتاییەوە تا دەرچوونیان لەقوتابخانەی ئامادەیی بەوشێوەیە ئەخوێنن ، ناتوانن بەباشی خوێندنی زانکۆیان بەرنەسەر ، چونکە زمانی عەرەبی بەباشی نازانن ، کە ئەوزمانەش زمانی بنەڕەتیی دەرس پێخوێندنە لە زانکۆکانی وڵاتدا ٠

٣ ـ ئاشکرایە کە دەرچووانی قوتابخانە ئامادەییەکانی عیراق بەگشتی بۆ وەزیفە بینینو ئیش کردن ڕوونەکەنە دەزگا جیاجیاکانی دەوڵەتو کۆمەڵ ٠ جا چ لەناوچەی ئۆتۆنۆمیی بێ یا لە ناوچەکانی تری عیراقدا بێت ، لەبەر ئەوە بەشێوەیەکی عەمەلی شتێکی ڕاستەقینەیە هاووڵاتیەکی عیراقی فەرمانبەرێ یا ئیشکەرو زمانی عەرەبی نەزانێ کە زمانی کار پێبەڕێوەبردنو ڕەفتار پێکردنە ٠

٤ ـ کەس وکاری قوتابیانو پەروەردکارانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی هەستیان بەمە کردو ئەنجامی پڕمەترسیو زیانبەخشی ئەم کارەیان سەبارەت بەدواروژی قوتابیان خستەروو ، ئەگەر بێتو ئەم کارە بەوشێوەیە بەردەوام بێت ٠

دەزگا شارەزاکانی بەروەردەو فێرکردن بایەخێکی تەواویان بەو باسە داو بڕیاریاندا ڕێژەی خوێندن بەزمانی عەرەبی لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا ٤٠٪ی هەموو دەرسەکان بێت بێجگە لە دەرسەکانی زمانەکان ٠٠ ئەمەش ڕێژەیەکی مەنتیقیو بەجێیەو فێربوونی زمانی عەرەبیو کوردی بۆ قوتابی وەك یەك ئەڕەخسێنێ وای لێ ئەکا بەتەواوی فێری ببێو بێبکا بۆئەوەی خوێندنی زانکۆیی خۆی لەهەربابەتێکدابێت تەواوبکا ، یاخود

بڕوانە ل ٧

وەزیرانی دەرەوەی عەرەب هەر لەسەر کۆبوونەوەکانیان بەردەوامن

وەزیرانی دەرەوەی عەرەبدوێنێ بەیانی دەستیان کردەوە بە کۆبوونەوەکانیان پاش ئەوەی پێری شەو بڕیاریان دابوو لیژنەیەك بو لێکۆڵینەوەلە بارەی پێشنیاری بەستنی کۆنفرانسێکی باڵای عەرەبەوەدروست بکەن ٠

الحبیب الشطی وەزیری دەرەوەی تونس ووتی ئەم لیژنەیە گەڵاڵەیەکی سەرەتاییدانەنێو پیشانی کۆنفرانسی وەزیرانی دەرەوەی دەدا ٠

دکتۆر سعدون حمادی وەزیری دەرەوە لە وتارێکدا کە پێرئ شەو لە کۆنفرانسەکەدا دای دووپاتی کردەوەو کە دەبێ ئامادەییەکی پاش بۆ هەر کۆنفرانسێکی باڵای عەرەب بکرئ ،وعیراقیش لە مەرکۆنفرانسێکی باڵادابەشدار دەبێ بە مەرجێك پاش خۆی بۆ ئامادەبکرئ ،وتی داواکردنی بەستنی کۆنفرانسی بچووك زیانیەیەو نابێ بخرێتە کایەوە چونکە کاری عەرەب

بڕوانە ل ٧

Institut kurde de Paris

دەرچوونی مەرسومێکی کۆماری بە دانانی چەند وەزیرێك

پێرئ مەرسوومێکی کۆماری دەرچوو بۆ دانانی چەند وەزیرێك ئەمەش دەقی مەرسوومەکەیە :

بسم الله الرحمن الرحیم
مەرسوومی کۆماری ژمارە
٦٥٦

بەپێی ئەحکامی برگە (د)لە مادەی پەنجاو هەشتی دەستووری کاتی بڕیاری ئەمەی خوارەوەمان دا :

١ ـ دوکتۆر مکرم جمال لە پایەی وەزیری ئاودێری لا ئەبرێتو بەوەزیری گواستنەوەدائەنرێت ٠

٢ ـ عزیز رەشید لە پایەی وەزیری گواستنەوە لا ئەبرێتو بە وەزیری دەوڵەتدائەنرێت ٠

٣ ـ عبدالوهاب محمودعبدالله بە وەزیری ئاودێری دائەنرێت ٠

٤ ـ حامد علوان دائەنرێتبەوەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە ٠

٥ ـ هاشم حسن بەوەزیری دەوڵەت دائەنرێت ٠

٦ ـ کریم محمود شتتافبە وەزیری ڕۆشنبیریو هونەرمکان دائەنرێت ٠

لە ڕۆژی یەکەمی مانگیذی الحجة ساڵی ١٣٩٧ی کۆچی کە ڕێکەوتی ١٢ی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٧ی زاینی ئەکات لە بەغدانووسراوە ٠

احمد حسن البکر
سەرۆکی کۆمار

کورتەیەك لە ژیانی بەڕێزان وەزارەتی ئاودێریو دەوڵەتو ڕۆشنبیریو هونەر ٠ لە « ل ٤ » بخوێنەرەوە

تێکۆڵینەوەی سیاسی

کشانەوەی ئەمریکا لە رێکخراوی جیهانی‌ی کاری بۆ دەگەیەنێ ؟

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەوپیانووە کە گوایە رێکخراوی جیهانی‌ی کار رۆژبەرۆژ زیاتر بەرەو باری سیاسی دەچێ‌و ئەمەش لەگەڵ ئەرکی رێکخراوەکەدا ناگونجێ ، بڕیاری دا لەورێکخراوە بکشێتەوە ٠

رێکخراوی جیهانی‌ی کار یەکێك لە کۆنترین رێکخراوە جیهانیەکانەو لەسالی ١٩١٩وە دامەزراوە ٠ ئامەنگ‌گێرانی خەلکی دنیا بەبۆنەی یۆبیلی زێرینی ئەورێکخراوەوە لەسالی ١٩٦٩دا رێزگرتنێکی گەورەی جیهانی‌ی بوو بۆ ئەو تێکۆشانە بەکەلکەی لەماوەی ٥٠ ساڵ ئەمەنی خۆیدا بەکاری هێناوە ٠ کاری ئەورێکخراوە چاوەدێری‌و رێکخستنی قازانجی ئەوسێ‌لایەنەیە کە پێوەندیان بە کارەوە هەیەو بریتین لە کرێکارو خاوەن‌کارو حکوومەتەکان ٠

لەماوەی دووسالی دواییدا ، واتە لەوکاتەوە کە ئەمریکا هەڕەشەی کردوە ئەگەر ئەورێکخراوە ئەبێتە داردەستێکی خۆی لێی دەکشێتەوە ، هەمیشە ئەورێکخراوە لەژێر پالەپەستۆی ئەمریکادا بووە ٠٠٠ بەڵام ئەورێکخراوە ئامادە نەبوو سەر بۆئەمریکا شۆڕ بکاو بەگوێرەی ئەرکی مێژوویی خۆی هەمیشە لایەنی هەقی گرت ٠

ئەومەسەلە بنەڕەتی‌یانەی بوونە هۆی هەڕەشەو گوڕەشەو پاشان دەرچوونی ئەمریکا ئەوە بوون کە ساڵی ١٩٧٤ ئەورێکخراوە (ئیسرائیلی) بە رەگەزپەرستی تاوانبار کردو ساڵێك دواتریش (١٩٧٥) رێکخراوی رزگارکەری فەلەستینی بە ئەندامی چاوەدێری‌کەر قبول کرد ٠

رۆژگار دەری خست کە ئەم دووبڕیارەی بوونە هۆی تووڕەبوونی ئەمریکا زۆر بەجێ بوون ٠٠ چونکە رێکخراوی ئەئەوە یەکگرتووەکانیش بەزوربەی نیزیك بەتەواوی دەنگ قەوارەی زایۆنی گوناهبار کردو پەلەی رەگەزپەرستی بە ناوچاوانەوە ناو هەروەها رێکخراوی رزگارکەری فەلەستینی بە ئەندامی چاوەدێری‌کەر (عضو مراقب) وەرگرت ٠

رێکخراوی جیهانی‌ی کار کاتێك قەوارەی زایۆنی وەك قەوارەیەکی رەگەزپەرست گوناهبار کرد لەراستیدا وەفاداری خۆی بۆ بیروباوەڕو مەبدەئەکانی ئەتەوە یەکگرتووەکان بەجێ هێنا ، چونکە کردەوەی رەگەزپەرستانە دەستدرێژیە بۆ سەر نەکسانی مرۆڤ کە ئەتەوە یەکگرتووەکان داوای دەکا ٠٠ هەرلەوکاتەدا ئەرکێکی بنچینەیی بەرامبەر کرێکارەکانی فەلەستین بەجێ گەیاند کە لەوڵاتی خۆیان دەربەدەر کراونو تاڵایی داگیرکرانی وڵاتەکەیان لەلایەن رەگەزپەرستانەوە دەچێژن ٠ رەگەزپەرستی لەناوەڕۆکدا دیاردەیەکی چەوساندنەوەیە کە رێکخراوی جیهانی‌ی کار هەربۆیە دروست بووە بەربەرەکانی بکا ٠

بڕیاردانی ئەورێکخراوە لەسەر گوناهبارکردنی قەوارەی زایۆنی سەلماندنی بنەڕەتێکی گرنگە کە بریتیە لە : هەقدەستی وەك‌یەك لە بەرامبەر کاری وەك‌یەکدا ٠٠ کەچی هەقدەستی کرێکاری فەلەستینی لەکوێ‌و هەقدەستو ئیمتیازاتی کرێکاری زایۆنی لەکوێ ؟ باوەکوو لە شارەزایی‌و لێ‌وەشاوەییشدا وەك یەك بن ٠

قبول‌کردنی رێکخراوی رزگارکەری فەلەستینیش بە ئەندامی ئەورێکخراوە هەر بەشێکە لە ئەرکو پەیامی ئەورێکخراوە کە بریتیە لە ریشەکێش‌کردنی ئیستیعماری پێکانە ٠٠ دیارە مەسەلەی لەناوبردنی ئیستیعمار یەکێك لە گرنگترینی ئەومەسەلانەیە کە رێکخراوی ئەتەوە یەکگرتووەکان بۆ وەدی‌هێنانیان خەباتی کردوە ٠ بێجگە لەوەش زۆر بزووتنەوەی رزگاریخوازی‌و زۆر رێکخراوی جیهانی‌تر بوونە ئەندامی چاوەدێری‌کەری رێکخراوی جیهانی‌ی کار ، بۆئەوەی دەنگی میلیۆنەها کرێکاری وڵاتانی موستەعمەرە ببیسن‌و رادەی چەوساوەیی‌و زۆرلێکراوی ئەوان بە بیروڕای گشتی جیهان بگەیەنن ٠

هەر دوێنێ‌و پێرێ ئەتەوە یەکگرتووەکان کۆنفرانسێکی جیهانی‌ی دەربارەی جیاوازی رەگەزایەتی لە لاگۆس پایتەختی نیجیریا رێك خست ٠٠ ئەو کۆنفرانسە بەردەی لەسەر ئەوچەوسانەوە زۆرە لادا کە کرێکارانی ئەو وڵاتانەی تووشی جیاوازی رەگەزایەتی بوون ، دەیچێژن ٠٠ کۆنفرانسەکە هەروەها پێوەندی پتەوی نێوان رەگەزپەرستی‌و چەوساندنەوەی ئابووریشی روون کردەوە ٠

بەکورتی‌و کرمانجی رێکخراوی جیهانی‌ی کار ئامادە نەبوو بێتە داردەستێکی بێدەسەڵاتی ئەمریکاو هەربۆیەش ئەمریکا شەڕی دۆڵاری لەدژی ئەورێکخراوە راگەیاند ٠

لەراستیدا ئەوبڕیارەی ئەمریکا پێشێل‌کردنێکی ئاشکرایە بۆ مافی یەکسانی کە پێویستە لە پێوەندی نێوان دەولەتانی ئەندامدا هەبێ ٠٠٠ دەزگای ئەتەوە یەکگرتووەکان یەکیەتیەکی دیموکراتی جیهانیە‌و پێویستە لەوێدا کەمایەتی رێز لە بیروڕای زۆرایەتی بگرێ ، ئەك هەوڵ بدا بۆ بێهێزکردنی خۆی‌و رێکخراوەکانی سەر بەودەزگایە ٠

راوەستانی رێکخراوی جیهانی کار لەبەرامبەر داخوازی ناڕەوای ئەمریکادا نیشانەی ئەوەیە کە ئیتر ئەمریکا ناتوانێ هیچ رێکخراوێك بخاتە گیرفانی جەیبەوە هەرچونکە پارەکەی لەگیرفانی راستی دایە ٠

ئۆپێك لەلندەن پێداگری لەسەر بەرزکردنەوەی نرخی نەوت دەکاتەوە

چەندرۆژێك لەمەوپێش ، لە فیەننا کۆبوونەوەی لیژنەی ئابوری دەولەتەکانی ئۆپێك دەستی پێکرد بۆ باس‌کردنی چەند مەسەلەیەکی دارایی‌و هونەری، لەپێش هەموویانەوە مەسەلەی نزمبوونەوەی هێزی کڕینی دولار و تینی نەم نزمبوونەوەیە بۆسەر داهاتەکانی دەولەتەکانی ئۆپێك هەروەها بۆ باسی کێشەی ناوسانی پارەو زەرەرەکانی ، وە بۆ باسی دانانی نرخی نەوت لەبەر ڕۆشنایی ئەم رووداوانەدا ، تاکو راسپاردەکانی خۆی لەمرووەوە پێشکەش بکات بە کۆنفرانسی وەزیرانی ئۆپێك کە لە کاراکاس پایتەختی فەنزویلا لە مانگی ئایندەدا دەبەسترێ ٠

ئەوەی زانراوە کۆبوونەوەی بسپورە ئابوری‌یەکانی ئۆپێك بەئەسایی دەکەوێتە پێش کۆبوونەوەی وەزیران لەبەر ئەوە بایەختێکی تایبەتی هەیە بۆ زانینی ڕێرەوەکانی کۆبوونەوەی وەزیرەکان ، بەتایبەتی لە مەسەلەی دانانی نرخی نەوتدا کە گرنگترین کێشەیە لەئێستاو پاشەڕۆژیشدا بەرەنگاری ئۆپێك دەبێتەوە ٠

ئەوەی ئێستا لەبازاری پارەی جیهانیدا دەکەوێتە بەرچاو نزمبوونەوەی نرخی دولاری ئەمریکایە کە ئەمە بەنسبەت دەولەتەکانی ئۆپێکەوە مانای زەرەرێکی دارایی تازەیە دەچێتە سەر ئەوزەرەرانەی پێشو کە توشی هاتوە بەهۆی نزمبوونەوەی بەردەوامی نرخی دولارەوە ٠

ئاشکرایە کە بەدولار نرخی نەوت لەبازاری جیهاندا دانراوە ، لەبەر ئەوە هەر کەمبوونەوەیەك لەنرخی ، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی نرخی نەوتو ، کەمبوونەوەی دەستکەوتەکانی دەولەتەکانی ئۆپێك ٠ لەبەرئەوە ناوسانی پارە لە وڵاتانی سەرمایەداری بۆتە هۆی نزمبوونەوەی نرخی دولار ، هەروەها بەهۆی ئەوەی کە ئەمریکا خۆی هەندێجار نرخی دولار کەم ئەکاتەوە بۆئەوەی بەتیرێ دوونیشان بشکێنی ، یەکەم تاکو شتوومەکەکانی خۆی بەهەرزان بنێرێتە دەرەوە بۆفرۆشتن‌و بەربەرەکانی شتومەکی دەولەتە سەرمایەدارەکانی تر بکات دووهەم بۆ لێدانی بەرژەوەندی دەولەتەکانی ئۆپێك ٠

ئەوەی شایانی باسە نزمبوونەوەی نرخی دولار لەدواییەدا بوو بەهۆی کەمبوونەوەی دەستکەوتی نەوتی ئۆپێك بەنسبەتی ٩٫٠٢ ملیۆن دولار هەموو ڕۆژێك ئەو خواردەمەنیانەی کە لەئەنجامی ناوسانی پارەو بەرزبوونەوەی نرخی شتومەکی دروستکراوو ئەو خواردەمەنیانەی کە دەولەتە سەرمایەدارەکان بە دەولەتەکانی ئۆپێکی ئەفرۆشن ٠٠ بەمجۆرە ئەمەریکا و دەولەتە سەرمایەدارەکان ، بەراستو بەچەپەڵدا دەولەتەکانی ئۆپێك ئەڕووتێننەوە ٠

لەکانونی دووهەمی ساڵی ١٩٧٤ تا تەموزی ١٩٧٦ دەسکەوتەکانی ئۆپێك لە ٥٠٪ هێزی کڕینی ئەمدەسکەوتانەی لەکیس چووە بەهۆی ئەم کەلەکو کۆکی کەمبوونەوەی نرخی دولارەوە ٠

بەمشێوەیە بۆئەوان دەرئەکەوی کە مەسەلەی زیادکردنی نرخی نەوت ، مەسەلەیەکی رەواو لەجێ خۆیەتی ٠ چونکە ئۆپێك هیچی بۆ نەماوەتەوە تاکو بتوانی پارێزگاری سامانی نیشتمانی ئەوتی خۆی بکات لەمجەردەیەتی‌یە ئەوە نەبێ کە نرخی فرۆشتنی ئەوت زیاد بکات ، لەبەرئەوە ئەمەریکا دەستی لەسەر دلیەتی لەترسی زیادکردنی نرخی ئەوت لە کۆنفرانسی وەزیرانی ئۆپێکدا لەمانگی داهاتوودا ٠٠

بۆیە هەر لەئێستاوە ، ئەمەریکاو هەموو دەولەتە سەرمایەدارەکان هەوڵ ئەدەن نرخی ئەوت زیاد نەکرێ ، یا شتێکی کەم زیاد بکری ئەویش تاکو دەولەتە سەرمایەدارەکان بەشێك لە ئەنجامی وێرانکاری تەنگو چەلەمەی ئابوری ڕژێمە ڕزیوەکەیان کە لەسەر مژینی خوێنی چینی کرێکارانو گەلانی جیهان وەستاوە بخەنە سەر شانی وڵاتانی ئۆپێك ئەویش لە ئەنجامی ئەو پەیوەندیە تایبەتی‌یە نارەوایەی‌یەوا لەنێوان دەولەتە سەرمایەداری‌یەکانو دەولەتە تازە پێگەیشتووەکاندا ٠

هەروەها گەلێك پێشنیار کراوە بۆ وەستان بەرامبەر نزمکردنەوەی نرخی دۆلار ، ئەمە دووساڵ ئەبێ ئۆپێك بیر لەوە ئەکاتەوە شتێك بدۆزێتەوە لەجیاتی دولار بۆ حسابکردنی نرخی نەوت وەکو دەرکردنی دیناری عەرەبی بۆ حسابکردنی نرخی نەوت ، وە هەندی دەولەت دەیەوێ زێڕ بکات بە سەنگی حسابکردن ٠٠ هەروەها هەندێك ئەیەوی مافی کێشانەوەی تایبەتی خۆی بەکار بهێنی لە سنوقی پارەی نیوەدەولەتان ٠٠ ئەمپێشنیارانە لەلایەن لیژنەی ئابوری‌یەوە باس ئەکرێت وە ئۆپێك هەموو مافێکی هەیە بەڵکو لەسەریەتی کە هەموو رێگایەك بگرێ بۆ پاراستنی بەرژەوەندی ئەندامەکانی لە دەستدرێژی و فرتوفێڵی دەولەتە ئیمپریالستەکان و نۆکەرەکانیان ٠



نافرەتەکانی ئەمەریکا ئەم خۆدەرخستنە گەورەیەیان لەبەردەمی کۆشکی سپی‌یدا رێکخست بۆ دەربڕینی بێزاری هەموو جیهان لە بەرهەمهێنانی بۆمبای (نیوترون) لە دروشمە گەورەکەیان ئەمە نوسرابوو (هەر یەك جیهانمان هەیە ... رزگاری بکەن) ٠

زایۆنی دوژمن نەخشەی داگیرکردنی خواروی لوبنان دەهێنێتەدی

وا ئەمڕۆ بەناشکرا ، ئەلقەکانی ئەو پیلانە گەورەیە دەکەوێتە روو ، کە دووساڵ زیاترە لە خاکی لبنانەدا ، هەموو شتێکی بۆ ئامادە ئەکرێت تاکو خواروی لبنان وەکو پارویەکی ئەرمەقووت بخرێتە دەمی زایونیەوە ٠٠

ئاشکرایە کە پالەوانەکانی ئەم شانۆگەریە لەپێشدا هێزە کونەپەرستو راستڕەوەکانی لبنان و پشتگیرەکەیان وەکو رژێمی سوریا و هەموو رژێمە کۆنەپەرستەکانی عەرەبن بەرادەیەك کە هێزە چەکدارە نیشتمانی‌یەکانی لبنانو فەلەستین بەرەنگاری سێ‌هێزی سەرەکیان کردوەو دەکەن کە ئەوانیش هێزی کۆنەپەرستەکانی لبنانو هێزی چەکداری رژێمی سوریاو هێزی چەکداری زایونی دوژمنە ٠

ئەوەی شایانی باسە زایونی دوژمن هەروەکو رۆژنامەی « یەدیعوت ئەهرونوت » دەری خست لەمێژە دەیەوێ خواروی لبنان داگیر بکات ٠

ئەوەبو رۆژنامەی ناوبراو دەری خست کە لیفی ئەشکول سەرەك وەزیرانی پێشوی زایونی لە حوزەیرانی ١٩٦٧دا فرمانی دا بە سوپای زایونی کە خواروی لبنان داگیر بکات تاکو رووباری لیطانی ، بەبیانوی ئەوەی کە ئەم ناوچەیە بەشێکە لە خاکی زایونی ٠ بەڵام سەرەکی ئەوسای فەرەنسا ژەنرال دیگول دەستی دوژمنی گرتو ئەیهێشت ئەمهەنگاوە بهاوێژێ ٠٠

هەروەها « بنیامین رود » نووسەری سوپایی زایۆنی لە زنجیرە نوسینەکەیدا لە گۆڤاری « هاعولام هزیە » دەری خستوە کە زایۆنی دوژمن لە جەنگی ئایندەدا ئەبێ هەموو خواروی لبنانو بەشێکی‌تر لەسوریاو ئەردەن داگیر بکات‌و کوتوپڕی کە بەهەنگاو تا رووباری « لیطانی » زۆر پێویستە بۆ ناوچەی « الجلیل »ونیشتەجێ‌کردنی نیوملیۆن جولەکەی موهاجیر ٠

ئەمرۆش گۆڤاری ناوبراو « هاعولام هزیە » بڵاوی کردەوە کە وا مناحیم بیگن فەرمانی داوە بەسوپای زایۆنی بۆ داگیرکردنی خواروی لبنان هەنگاو بنێ‌و ئەم هەنگاوە پەردە لانەدات لەسەر روی پیلانێکی زایۆنی ـ ئەمەریکی ـ سوری کە بۆی هەیە ببێتە هۆی تەقینی وەزع لەسوریاو لەچەند وڵاتێکی‌تری عەرەب ٠

ئەوەی دەنگوباسی رۆژانە دەری دەخات کە فرۆکەکانی دوژمنو پاپۆرەکانیش شاری « صور »و هەموو ناوچەی خواروی لبنان بۆردومان ئەکاتو بەسەدان کوژراوو هەزاران بریندارو دەربەدەر بەوناوچەیەدا بڵاو بوونەتەوە ، بێگومان بەمنزیکانە لەشکرەکانی زایۆنی دەست لەناو دەستدا لەگەڵ هێزە راستڕەوەکانی لبنان هەموو خواروی لبنان داگیر ئەکەن ٠ ئینجا نازانین پالەوانەکانی رژێمی سوریا چ فەرمانێك دەرئەکەن بۆ هێزە چەکدارەکانیان لەلبناندا ؟

هەروەها ئاخۆ قارەمانەکانی « سازاندن »و شەیداکانی چارەسەرکردنی خۆبەدەستەوەدان لە « جنیف » چ هەنگاوێکی « گرنگیان » نیازە بۆ وەستانی ئەم دەستدرێژی‌یە ؟!

ـ حەمە فەرەج ـ

★ قەشە کابۆچی کە سێ‌ساڵی لە بەندیخانەکانی زایۆنی دوژمندا رابواردو لەژێر پالەپەستۆی داواکاری رای گشتی‌و ئازا دیخوازانی جیهاندا بەرەڵا کرا ، گوتی من هەر ڕۆژەی ئەم نیشتمانەم و خەبات ئەکەم بۆ رزگارکردن و یەکخستنی ٠

★ وەزیری دەرەوەی چین بەبۆنەی یادی جەژنی نۆکتوبەرەوە ، لە ئاهەنگی باڵوێزخانەی سۆڤێت لە بەکین ئامادە بوو ٠ هەروەها کاربەدەستانی چین تەلگرافی پیرۆزباییان بۆ کاربەدەستانی سۆڤیەت نارد بەمبۆنەیەوە ٠

★ باری پاکستان رۆژیەرۆژ بەرەو ئالوزی ئەروا ، بەشێوەیەك میری زانکۆی اسلام ئابادی داخست ، هەروەها رۆژنامەچی‌یەکان داوای بەربوونی هاوڕێ گیراوەکانیان ئەکەن و داوا ئەکەن رۆژنامەکەی پارتی گەل ماوەی دەرچوونی بدرێتەوە ٠

★ لەمرۆژانەدا دەولەمەندێکی تری ئیتالیا فرێنراوە لەلایەن ئەوتاقمانەوە کە ناوی « چەپ رەوانە » لە خزیان دەنێ‌و داوای «١١» ملیون دولار ئەکەن لەباتی بەردانی ٠ لەماوەی ئەمساڵدا ئەمە ١٥ هەمین کەسە کە لە ئیتالیا فرێنراوە ٠٠

★ ژاپۆن‌و ئەڵمانیای رۆژئاوا خەریکی دانانی نەخشەیەکن بۆ بەرهەنگاری کردنی ئەوتاقمانەی کە فرۆکەو کەسانی ناسراو دەفرێنن ٠٠

★ سەدکەس لەمیسر بە نەخۆشی‌یەکی سەیر کە پێی دەڵێن «تای دەنج » مردوون ، حکومەتی میسر ناچار کەوتۆتە خۆی بۆ بەربەستکردنی ئەمەیەتایە ٠٠

★ ژاپۆن بریاری داوە ٩٠ ملیۆن دولار قەرز بدات بەمیسر بۆ پاکخستنەوەی ئۆکەندی سویس ٠

★ ٥٠ هەزار کرێکاری شوسەکانی بەندەرەکانی رۆژهەڵاتی ئەمەریکا چەند هەفتەیەك ئەبێت مانیان گرتوە ، کە ئەمە بۆتە هۆی گۆتکردنی هاتوچۆی پاپۆرەکان ، وە هەموو رۆژێك ئابوری ئەمەریکا لەئەنجامی ئەمە ملیۆنەها دۆلار زەرەر ئەکات ٠٠

★ ماوەیەکە لە بەریتانیا مانگرتنی کرێکاران لە بەرسەندنایە تا گەیشتە ئەوەی کە کارگەرانی ئاگرکوژێتەوە بریاریان داوە ئەوانیش مان بگرنو میری بۆ بەرهنگاری‌کردنی ئەمە تاقمێکی لە سوپا ئامادە کردوە جێگای ئەمان بگرێتەوە ٠

ئێستا چوارهەزار کرێکاری ئەلەکتریك مانیان گرتوەو داوای باش گوزەرانیان ئەکەن ٠

★ چین خۆی لە رێکخراوی کاری دەولەتان کشانەوە ، وە لە ١٩٧٠ وە کە چۆتە ئەمرێکخراوە تائێستا هیچ یارمەتی‌یەکی نەداوە ٠ ئەنزویلا ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ پێشکەش‌کردنی یارمەتی دارایی پاش کشانەوەی ئەمەریکا لە رێکخراوەکە ٠

★ بەریتانیا بریاری دا کە مووچەی شاژن لە ٢٠٪ زیاد بکات بەمشێوەیە لەم کاتی نەبوونی‌و تەنگو چەلەمەیەی وڵاتدا مووچەی شاژن بوو بە ٩٫١ ملیون پاوەن ٠

★ سەرۆکی میسر انور السادات ئامادەیی خۆی پیشاندا کە بچێتە خاکی داگیرکراو و لە « کەنیست » بەرلەمانی زایۆنی ، موناقەشە لەگەڵ کاربەدەستانی زایۆنی بکات بۆ گەیشتن بە چارەسەریەکی سازاندن ٠٠٠ هەروەها گەلێك ستایشی سەرۆك کارتەری کرد بۆ ئەوهەوڵو تەقەلایەی ئەیدا لە پێناوی بەستنی کۆنفرانسی جنیفدا ٠٠

★ لە تونس کرێکاران گەلێك مانگرتنیان رێکخست دژی کوشتنی سکرتێری گشتی یەکێتی کرێکارانی تونس هەروەها خۆدەرخستنێکی زۆر کراو پولیس ناچار بوو بڵاوەیان پێبکات ٠

جیهانی ئەڤڕۆ

ڕۆژبەرۆژ ، حەبەباتا بەرمێرینی‌و جانبەخشینا مللەتێ فەلەستینێ گەرمەو گورترو بەرفرەهتر دبیت ، سەرهندێ‌را کو ئیمپریالیزما جیهانی‌و رژێمێن پێکهاتنێ دگەل دوژمنی ، هەمی هێزو ئەژەنەکا خو بکارتینن ژبو بن‌برکرن‌و نەهێلانا خەباتا بیروژا ئی مللەتی ٠

ئەڤ بزاڤا خو بدەستەڤەبەردانا هندەك رژێمێن کەڤنەپەرستێن عەرەب نەکو هەر چ ئارمانجێن باش ژبو مللەتێ فەلەستینی بجێ‌نائینیتو بەس ، بەلکی دبیتە بنا ژێدرێژاهی‌یا زایۆنیستێن ئیسرائیلی‌و پتتر داگیرکرنا ئاخا وەلاتێن عەرەبی‌و پتتر چەوساندنا فەلەستینی‌یانو مەترسی‌یەکا مەزن دروست دکەت لسەر پەیدابوونو مانا ئاشتی‌یەکا راستەڤینە لەدەمرا روژهەلاتا ناڤەراستدا ، ژبەرکو ئیمپریالیزما جیهانی ژخودا هاری‌کاری‌یا بوونا قی ئوردوگاهێ درندەو کەڤنەپەرست ناکەتو ئەو تانگئو توپو چەکێن ئەلەکترونی ئەڤێن ددەتە ئیسرائیلی مەبەستو مرازەکا لەوتی‌یا ژێ‌هەی ، کو باراستنا بەرژەوەندێن ئیمپریالیزمێ‌یە لڤێ دەڤەرێ ، ئەمازە باراستنا سەروکانێن گازێو وان رژێمێن کەڤنەپەرستێن دەڤەرا روژهەلاتا ناڤەراست‌و پیلان گێران دژی وڵاتێن سەربەستو بزاڤێن نیشتمانپەرورێن مللەتێن دەڤەرێ ٠

لەورا بزاڤو شورشا بیروژا مللەتێ عەرەب لفەلەستینێ ، کو لیەرسینگێ ڤێ درندایەتی‌و پیلانگێریێ دراوەستیت ، بزاڤو شورشا هەمی مللەتێن دەڤەرێ‌یەو پێدڤی‌یە هاریکاری‌و پشتگیریا وێ بێتە کرن ، ئەمازە بشتی کو شورشا فەلەستینی ئیسبات‌کری کو ژەهزی ڤێ یارمەتی‌دانو پشتگیریێ‌یەو هەتانهو ئەبەرسینگێ دوژمنی بەردایەو ئە بدەستێن وانو رژێمێن کەڤنەپەرستڤە جوویە .. بەلکی ئەڤ بەرنگاری‌و خەباتە ، یا بوویە نمونەکا هەرا ئەمرو برەنگاو برمێرانی‌یا خەبات مللەتان ژبو سەربەستی‌یێ ٠

ئەڤرو کو رژێمێن پێکهاتنێ دگەل دوژمنی ، بزاڤا هندێ دکەن دگەل دوژمنی پێك‌بهێن‌و لکونگریسێ جنیڤێ بەشداربین .. ژبلی هندێ کو تیتەکا رەش بناڤجاڤێن خوڤەدکەن‌و هەتکا خو دبن ، ناگەهنە چو ئەنجامەکی ، ژبەرکو دوژمن بتشتەکی بتنێ قایلدبیت ئەوژی ئەهێلانا شورشا فەلەستینی‌و ئەدانەڤا وان جهێن داگیرکری‌و دەستتێوەردان دکاروبارێن ناڤخوێین دەولەتێن دەڤەرێ‌و بجێ‌ئینانا پیلان‌و تەگبیرێن ئیمپریالیزما جیهانی کو هەرچەند رژێمێن کەڤنەپەرستێن پێکهاتنێ بقیت هاریکاریا وان بکەن ، لێ‌بەلێ ژبەر ئیرادا شورشگێرا مللەتێ عەرەب نکاریتو کەس ژوان دخورا ئابینیت بکەت ، ژبەرکو چەوا روژا دیارە وەسا دیارە کو ئەو رژێم لبەر کەربو غەزەبا مللەتی خو ناگرنو تنێ‌رێك بو دروست بوونا ئاشتی‌یەکا راست لدەڤەرێ ئەوە کو ئاخێ فەلەستینێ ژ داگیرکەرێن زەیونیست بێتە پاڤژکرنو مللەتێ فەلەستینی لسەر تمامێ ئاخا خو بمافێن خوێین دیموکراسی‌و نیشتمانی شادبیت ٠

ـ زێرەڤان ـ

Institut Kurde de Paris

دلدارا مە..

دلدارا من ...
تۆ هەڤ پشکی ...
ل برینا من ...
ل ئیشا من ..
ل وەستیانا من .
تۆ دەستێ خۆ بدەرەڤ من
ببین جانەك
یاسترانەك

بۆ تەنبیرا گول بەهارێ
یان ئاوازەك بۆ تەحسینی
ببین رویبارێ ئەڤینێ
دا بگەهینین گەمیا ژینێ
ل رەخێ تەناهیێ دانین
ژبەر پەیمانا ستێو فەرخی
دلدارا من .. ببین جانەك
یان بەهارەك

بەلکو مەمێ دگەهتە زینێ
یان وەریسەك بو سیابەند
دابگرنژیت خەجا دل سوژ
گول نێرگزا دا بچینین

خەمێن فەرهاد بێ برە ڤینین
بچین هەیڤا خو باخێڤین
پەرێ ژینا خۆ بنڤیسین
لێ بکولین نافێ دەلال

بنافا هەر دوو جافێن
زەلال
لسەر هەستیا بنەخشینین
ژ مژیلانکا ئەم ڤەهینین
ئەڤینا خۆ .
دلدارا من .
ل کوما دولی ..
ل مەرا جوتیاری
ل زەندا پالەی
ل دەرزیکا دوریاری
ئەز دلدارم
تۆ دول بەری

صدیق شرو مزوری

شیعر و فەلسەفە

فوناد میسری

کردویەتی

بە

کوردی

٥

کەوابوو زمان بەتەنها ناتوانێ بیێتە بنچینەی لێکدانەوەو شی‌کردنەوەی پارچە شیعرێك ، چونکە دروست بوونی ووشەو رستە شیعری‌یەکان ، ئاوازی مۆسیقایان هەیە » ، هەر لە بەرئەویشە رەخنە گرەکان ، گەیشتونەتە ئەوەی کە ئاوازی مۆسیقا رۆلێکی گەورەو کاریگەر ئەگێرێ بۆفراوان بوونی واتای شیعرەکە ..

ئەوباسەی کاتی خۆی ـ ئەرستۆ ـ نووسی‌ی ولیریکیزمی تیا چزکردبوو ، دەربارەی شیعری مەوزوعی ، لێکۆلینەوەیەکە ، سەبارەت بەکۆمیدیاو تراژیدیاو بەیت ، چونکە ئەوانە هونەرێکن بەئیشو کارەگشتی‌یەکانەوە خەریکن ، ئیمە ئەبینین چەند مەرجێکی داناوە بۆ شاعیری کۆمیدی‌ی وتراژیدی‌یو بەیت‌بێژەکان کە چۆن ئەبێت لەلایەکی کردنەوەدا مەوزوعی‌ی بن‌و هەوڵبدەن واقیعی بشێوەیەکی مەوزوعی‌یانە لە بەرهەمەکان‌یاندا خۆی بنوێنن ، بێ‌ئەوەی شاعیر بەبێوویستو ئارەزووی تایبەتی‌ی خۆی تێ هەلقورتێنێ ، چونکە بەم‌کارە شاعیر ئابێتە لاسایی‌کەرەوەیەکی راست‌گۆی سروشتو کۆمەڵ .

لاسایی‌کردنەوەش لای ـ ئەرستۆ ـ ، بەتەنها ئەوەنی‌یە ، کارە ساتەکە چۆن رووی داوە بەو شێوەیە بگێردرێتەوە ، بەلکو ئەشتوانرێ کارەساتێك نیشان بدرێت کەرەنگە لەمەودوا رووبدات ، ئەویش خۆی لەخۆی‌دا مەیلانی دروست کردنی هونەری‌یە ، بەوجۆرە ، ـ ئەرستۆ ـ جیاوازی‌ی کردووە لەنێوان شیعرو مێژوودا .

« .. مێژوو ئەوکارەساتانەیە کەرووی‌یان داوە : بەڵام ئەدەب نەك هەرمافی ئەوەی هەیە باسی ئەوکارەساتانە بکات ، بەلکو ئەبێت شێوەکیش پێشکەش بکاتو دەری ببڕێت کەرەنگە لەداهاتوودا رووبدات .

بەو جۆرە ئەدەب لەجیهانی هاوبەش ئەکۆلێتەوە ، بەڵام مێژوو دەربارەی تاکەکەس ئەدوێ ، بۆنموونە : مێژووباسی ـ نیرۆن ـ ئەکات ، بەڵام هیچ حساب بۆ ئەوە ناکات کە نیشان دانی زۆرداری لەچوار چێوەی کاتو شوێنەوە سەرهەڵنادات ، بەوانەیەکی دیکە ، مێژوو بەتەنها وێنەی تاکە کەسەکان نیشان ئەدات . بەڵام ئەدەب لەتوانای دا هەیە نموونەی مرۆڤانە بەهیچ کلۆجێك نیشان نەدات .

هەموو ئەمانەیش زەمینەیەکی لەبار خۆش‌ئەکەن لەبەردەم ئەدەب‌دا بە گشتی‌ی بۆ خولقاندنو داهێنان ، بەرادەیەك حەقیقەتی شیعری‌ی لای ـ ئەرستۆ ـ لەواتا رەسەنەکەی نزیك ئەبێتەوە کەبە زمانی یۆنانی‌ی واتای خولقاندنو داهێنانە » .

لەبەر رۆشنایی ئەوراستی‌یانە ، تێ‌ئەگەین بۆچی ـ ئەرستۆ ـ لەکتێبی « شیعر » دا ، دەست بەرداری لیریکیزم ئەبێ‌و زیاتر دەربارەی بەیتو شانۆگەری‌یەك شیعری‌ی ئەدوێ ، ئەویش لەبەرئەوەی ئەم چەشنە هونەرانە جەندەمە دیمەنی جۆربە جۆری ژیان نیشان ئەدەن ، وا تالاسایی ژیان ئەکەنەوە بەواتا فراوانەکەی ..

ـ ئەرستۆ ـ بایەخ بە شتێك ئەدات کەمەوزوعی‌ی بێت ، واتە لەکردارەکانی مرۆڤ بدوێ بەگشتی‌ی .. مەبەستیشی لەم بۆچوونە ، بەپیرەوە چوون وبەتەنکەوە هاتنی کردارەکانی مرۆڤە ، بە نموونە : ئەرکی تراژیدیا بەوە دائەنێ‌کە ، بەزەیی‌و ترس لە مرۆڤدا ئەوروژێنێ‌و ئەبێتە هۆی پاك بوونەوەی مرۆڤ لەو هەڵچوونەی تووشی‌بووە ، ووروژاندنێك : « ئەبێتە هۆی رامالینی ئەو ترس‌و بەزەیی‌یە زۆرەی لەدەروونی مرۆڤدا هەیە ، هەتا وەك پێویست ، لەلایەك بابەتەکانی شاعیرو لەلایەکی ترکردارەکانی لەتای ترازوودا هاوسەنگ ئەوەستێنەوە » .

بێ گومان ئەم کارەیش ئەبێتە شتێکی سوودبەخش‌و ئەوە ئەگەیەنێ کە شیعر پەیوەندی‌یەکی توندو تۆڵی هەیە بەحەقیقەت‌و کۆمەڵەوە ، چونکە شیعر جموجۆڵێکی سوودبەخشی‌و مرۆڤانەیەو لاسایی سروشت‌و مرۆڤ ئەکاتەوە ، نەك جیهانی ئایدیالیزمی‌و دیاردەی شتەکان ـ وەك ئەوەی ئیفلاتوون باسی ئەکات ـ .

« ئەمەیش ئەوە ئەگەیەنێ کەکرداری مرۆڤانە ، واتە ئەوەی لاسایی کردنەوەی ـ ئەرستۆ ـ یانە بایەخی بێ‌ئەدات ، نەك هەر لایەنێکی کاری مرۆڤانەیەو دوورە لەلایەنی سروشتی‌یەوە ، بەڵکو ئەبێت شاعیر بە شێوەیەکیش پێش‌کەشی بکات کەشتێکی حەتمی‌یەو هۆیەکانیشی ، شتی سروشتین .

کاری مرۆڤانەش لەیەکێکەوە ، بۆیەکێکی تر ئەگۆردرێت ، بەو جۆرەش کارێکی واقیعی‌و رووداوێکی مێژوویی کە بۆنموونە ئەبێتە شانۆگەری‌یەك ، لای مرۆڤێك کە بایەخێکی تایبەتی دابێت بەکارەساتێکی دیاری‌کراو ، جیاوازە لەگەڵ یەکێکی دیکەدا کە ئەوبایەخەی بێ‌نەدابێ .. ئەمەیە ئەو مەسەلە گرنگەی کاتی خۆی ـ ئەرستۆ ـ ووروژاندی‌و لە مێژووی رەخنەی ئەدەبی‌دا بگرەو بەردەیەکی زۆری لەسەرکراوە

سەبارەت بەوەی کە حەقیقەتی‌ی شیعری‌ی دەلالەتی زیاترە لە حەقیقەتە مێژوویی‌یەکان ، چونکە مێژوو زیاتر گرنگ‌ئەدات بەرووداوو کارەساتە ووردەکان ، ئەوانەی کەلەکاتو شوێنێکی دیاری کراودا رووی‌داوە ، بەڵام شیعر ئەڕوانێتە حەقیقەتە گشتی‌یەکان ، ئەوانەی کەقالبێکی چەسپاویان هەیە ..

لێرەوە شیعر دەستی‌کرد بە هەڵبژاردنی حەقیقەتە واتادارەکان ، واتە ئەو حەقیقەتانەی کەدەلالەت یان هەیە ، بێ‌بەبێ‌ی ئەمەیش کەوتە چزکردنی ئەو توخمە تایبەتیانەی کەراستەو خۆ ناتوانێ ئەو قالبە گشتی‌یانە پێك بهێنن .. چونکە تەنیا ئەم هەڵبژاردنە ئەتوانێ شیعر بگەیەنێتە ئەو حەقیقەتە بلندەی کە دەلالەتێکی تەواوی هەیە .. » .

ئەبێ دان بەوراستی‌یانەش‌دا بنێین‌کە ، ئەو واتایانەی ـ ئەرستۆ ـ خستنیە سەر مەفهومی شیعر ، تا ئێستا بەزیندوویی ماونەتەوەو کارێکی زۆری‌کردە سەرنەوەکانی دوای خۆی ، بەتایبەتی لەسەدەی ناوەراستدا کە پشکۆی رۆشنبیری‌ی مرۆڤایەتی کوژایەوەو لەبەر ئەوەی :

« ئەوسێ ئایینەی کە بە تەواوی دەستیان گرتبوو بەسەر ژیانی فیکری‌یو عاتیفی‌یو هونەری‌یدا لەسەرانسەری سەدەکانی ناوەراستدا ، نەیان توانی شتێك لەئاوبیروڕایەکانی ـ ئەرستۆ ـ دا بدۆزنەوە کە بە پێچەوانەی پەیرەوەکانی ئەوانەوە بێت ، نەك هەرئەوەیش بەلکو لە ناوەرۆکی فەلسەفەکەی‌دا ، شتی‌وایان دۆزی‌یەوە کە پشت‌گیری بیروباوەرەکانی ئەکردنو بەلکەی عەقلی‌ی ئەدانە دەست ، بەشێوەیەکی ئەوتۆ ، کاتێك سەردەمی ژیانەوەی زانستی لە ئەوروپاداو لەسەدەی پانزەهەم‌دا هاتەوە گۆڕێ ، فەلسەفەی ئەرستۆ وەك خۆی گۆڕوگۆڕمی تیا مابوو .. » .

« هوراس »ی شاعیری رۆمانی‌یش ، لەپاش ـ ئەرستۆ ـ وەگەورە ترین کەسێکە لە مێژووی ئەدەب‌دا .

ئەو ـ هوراس ـ ەی کە پرۆگرامێکی تایبەتی هەبوو بێ ئەوەی مۆرکی فەلسەفەی پێوەبێ ، بەلکو زیاتر لەمەیدانی کارکردن‌دا پەیرەو ئەکراو زۆریش پەنای ئەبردەبەر بنکەکانی رەخنەی ـ ئەرستۆ ـ یانە . ئەو بارەیەوە کتێبێکی دانا بەناوی « هونەری شیعر »ەوە و لەناوەرۆکی ئەوکتێبە دا ، دەری خستبوو کەنزیك ترین کەسە لە ـ ئەرستۆ ـ وە .. » .

« دانتی » یش ـ ١٢٦٦ـ١٣٢١ ز ـ ، خۆی لەم مەسەلەیە هەڵئەورتێنی‌و گۆڕانێکی چۆنایەتی هێنا بەسەر برۆگرامەکەی ـ ئەرستۆ ـ دا ، سەبارەت بەمەفهومی شیعر ، ئەوەیش « واتای رەمزی شیعر » بوو .

لای « دانتی » چیرۆك‌و رووداو لە دەروونی شاعیردا واتایەکیان هەیە بەپێچەوانەی ناوەرۆکی کارەساتەکەوە ، بەڕادەیەك ئەوانەیە رووداوەکە بەتەواوی دەست بگرێت بەسەر ئەقلی شاعیردا ، چونکە لەناوەرۆکی کارەساتەکەدا رەمزێکی بەرچاوکەوتووە کە لەرێگەی خۆسرووشەوە وەری گرتووەو دەلالەت لەواتایەکی قووڵی ژیان ئەکات .

ـ ئەرستۆ ـ ئەی ووت : هونەری شیعر لەوەدایە ، چەند رەمزەکە توانیویە رووداوەکە بە سروشتی بەات بە شاعیر ، بەڵام « دانتی » لێی زیاد ئەکاتو ئەڵێت : خودی کارە ساتەکە خۆی شێوازێکی رەمزی هەیە .. » .

ئەگەرچی ـ دانتی ـ بەو جۆرەی کەلە سەرەوە باسی‌کرا گەشە بەتیۆری لاسایی‌کردنەوەی ـ ئەرستۆ ـ ئەدات ، کەچی ئەبینین یەکەم شاعیرە لە سەدەکانی ناوەراستدا ، داوا لەگەلەکەی ئەکات بایەخ بەزمانی نەتەوەیی بدەن‌و دەست بەرداری زمانی‌لاتینی ببن ، ئەمە لەلایەك‌و لە لایەکی تریشەوە بلاوبوونەوەی بەدرەوشتی‌و چەوساندنەوەی میللەت لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی‌ی ولاتەکەیەوە ، بەچەشنێك کاریان تێ‌کرد لە « کۆمیدیای خواوەندانە » دا وەسفی ژیانی تاوان باران ئەکات لە دۆزەخ‌داو دەستیش ئەخاتە سەرتاوانەکانیان‌و سەرجەم مێژووی ئیتالیاو دەوڵەتە ئەوروو بایی‌یەکان تاوان‌بار ئەکاتو پەنجەی تانە ئاراستەی ئەوسیا سەتە چەپەڵە ئەکات کەگرتوویانەتە بەر . ئەو جگە لەوەی شیعرەکەی بر کردوە لەوێنەی هەمە جۆری میللەتی ئیتالیاو گوزەرانی لادێ‌و پاشاو شازادەکان ، بەوەیشەوە رانەوەستاوە سێ پاپای سەردەمی خۆی خستۆتە دۆزەخەوە » .

ئەمەیە ، هاوارو بانگی شاعیرێکی خێرخوا ، کە سەرتاپای شیعرەکانی

شلۆڤەکرنا ژینێ دداستانا زەمبیل فرۆشی‌دا

هیشتا گەنج بۆ وەختێ
سندریکەك دیتی سەر مێت
زەلاما و دچونە گورستانێ ..
ئەوی گەنجی پسیارکر ئەڤە
چیە .. گوتنێ .. ئێکێ
مری .. وپیارکر
جارەکادی و گوتی مرن
چیە .. گوتنێ .. رێکا
نەهاتنێیە و هەچی شولێت
باش بکەتو خودێ ناس‌بیت
دێ چیتە بەحەشتێ .. پێ
وەنەکت دێ چیتە ناڤ
ئاگری .. ئەڤ گوتنو
قەسێتەمە وەکی بریسیا دناڤ
دلێ کورێ میری‌دا هەژین
وهشیارکر .. ئینا رابو مالو
خزمێت خۆ هێلانو بدونیایێ
کەفتو بدەستڤروتنا
زەمبیلاکرو بو مروڤەك
پسرمان وخودێ پەرێس ...
ژین هاتە شلوڤەکرن لدویف
بیرو وهزرێت زەمبیل فروش
کو یا پیجەو بەتالە و دڤێت
هەر کەسەك شولێت چاك
بکەتو خودێ پەرێسیت
ودویر بیت ژ خوشێیت ژینا
ژنگار ... ئەڤ باوەر دمە
ژێ ویدا هاتە چاندن ..
بەلێ دریڤەچوونا خودا
هلنگفت بژنا میرەکێ ..
باجوانو بەرکەفتی خودان
درافو زیروو جھ بلند دناڤ
خەلکێدا .. زەمبیل فروش
گەلەکێ لاوبو نێنا دلێ ژەنکێ
یان خاتینێ کەتێ وهندی
وڤیا کو نیزیك بکەت نەشیا..
گەلەك رێك وحیلە بودانان
بەلی هەمی پیچبون .. چنکو
زەمبیل فروش براستی
خودویرکر ژ حەرامێ ...
ژین لدویف هزرا خاتینێ ..
سەیران وکەیفە .. هەر وەسا
خوشی وتێرکرنا لەشی‌یە
(اشباع الغریزة) ... و
ئەفرو بژی هەتا سوبەهی
خودێ کەریمە .. خودان
مێربو بەلێ دڤیا زەمبیل
فروش بکریت بپارەیان
بحەنەکو خوشێن ئەڤ هەر
دووهزرە لێ‌کەفتن وەکی
ئاڤو ئاگری ژێك نەدخارنو
هەر ژێك دویر دکەفتن ..
ترس ونەترس ناگەهنە ئێك ..
قەنجی‌و خرابی .. پێك
ناکەن چوجارا .. زەلال ..
وشێلی .. ژێك جودایە ..
کەسێ هەتا ڤێ گاڤێ نەشیایە
و نەشێن بکەهینە ئێك هەر
دوو چینگا .. بەلێ
لدویماهیکێ قەنجی‌و زەلالو
ترس ژ خودێ بسەر دکەڤیتو
رەوشەنا هیڤی‌و ئەڤینی دیار
دکەت لناڤ دلێت خودان
خێرا ومرووڤێت قەنج ..
هەر چەند ئەڤ داستانە
ئایینی‌یە بەلێ گەلەك خالو
نیشانێت راستیا مللەتێ مە
تێدا ئەشکەرایە .. و گەل
بیروباوەرێت شورەشڤانی
تێدابون دژی پیساتیا ژینێو
بێهنا گەنی ئەوا دناڤ
مللەتی‌دا .. زەمبیل فروش
قەبرێ خوکر مەزار لنك زاخو
داکو خێرخازێت مللەتی
بچن سەرا بدەنو دابزانن
پێتڤیە شولێ حەلالو کەدا
باڤژ بو زاروکا .

سکفان عبدالحکیم

دەسپێکەرنا

کاتێ دەریای چاوەکانت شەپۆل ئەدات بەرەو کەنار
منی هەژار
لە سێبەری تۆ بەو لاوە هیچ نامێنێ بمدا لە خۆی

تۆیش لە جیاتی دەروونی من
دەمو چاوی ئاسمان ئەشۆی !

× × ×

بلێی گومان لە سێبەرتا ، رێگەی هیوام لێ گوم بکات ؟!

پشووم نەدات ...
بمداتە دەست شەپۆلەکان
دەستم نەگاتە مەشخەلێ ، نوقلانەی رزگاری پێیە
کە بروسکەی تیلەکانت ناوبەناوێ هەڵی ئەکات

× × ×

بلێی دنیای من هەرشەو بێو ئەنگوستە چاو ، رێ
دیار نەبێ ؟!
خۆر لە گەرووی تاریکیانەیەتە دەنگ ، بێزارنە بێ ؟
لێوی شەفەق نەکرێتەوە بەسروودی هەژارەکان ،
گزنگ لە دڵما هەڵ نەکات ، رۆژم لە شەو بکاتەوە ؟
چاوت ، لەو قەرزەی لایەتی ماچێکیش بێ ، بمداتەوە

حەسیب قەرەداخی

دەرسێك وەرامەکەی لەخۆیدایە ..

ـ جمال شاکر

سەرنج‌و تێبینی ..
گیانەکەم .. پەیولەی نەوبەهار ئەبینی
تۆ کامیان ئەناسی کە ئێسکی سوك
ئەو گولەی ..
هەڵاڵەی ..
وەك باڵی رەنگینی ..
تەنك‌و ...
.. ناسك‌و ..
.. بچووك‌و سوك نەبێ
نایەوێ ..
هەڵمژێ
بەرامەی .. شیرینی .
گول جوانە ..
بۆ ؟ چونکە پەپولە ئەیەوێ بۆ لانە
ئەویش بۆی ئەبێتە جۆلانە
گیانەکەم .. گفتوگۆت بریتین
لە پۆلە پەپولەی باڵ‌نەخشین
یەك بەدوای یەکترا .. لە باخچەی
کە ئەفرن
دڵویە بەرامەی ئاورنگی هەڵاڵەی .
گوڵی لێو هەڵ‌نەگرن ..
دێن‌خۆیان ئەخەنە ..
باوەشی ..
پرتاسەی
گوێی تینوی وشەوەم

× × ×

سەمای زەردەخەنە ..
ئەبەخشن بەلیوی گیانی ئەندێشەوەم ..

× × ×

ئەو ساتەش ئەچنە .. سەرچلی ..
درەختی گوێ جۆگای ..
باخچەی هەڵبەستەوە
ئەبنە مۆسیقاو ئاوازی بەکولی ..
سۆز نیگای .. ناو کۆگای ..
حەیرانو
مەقامو بەستەوە ..

تشرین‌ـی یەکەم ١٩٧٧

Institut Kurde de Paris

لە بروسکەیەکدا بۆسەرۆکی فەرماندەو بەڕێز صدام حسین :

ئەنجومەنی راپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەڵێنی ئەدات کە یەکێتی نیشتمانی پتەو ئەکات

ئەنجوومەنی راپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەڵێنی داوە بە سەرۆکی فەرماندەأحمد حسن البکرو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە هەول بدات یەکێتی نیشتمانی پتەو بکاتو ڕووی شۆڕشگێڕی پێشکەوتنخوازانەی تاقیکردنەوەی ئۆتۆنۆمی لەبەر ڕۆشنایی بیرو باوەڕەکانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو شۆڕشی هەڤدەی تەمووز بخاتە ڕوو ٠

ئەمەش لە بروسکەیەکداهاتووە کە ئەنجوومەن لە یەکەم کۆبوونەوەی دەورەی دووەمدا ناردوویەتی ئەمەش دەقی بروسکەکەیە :

سەرۆکی فەرمانده احمدحسن البکر سەرکۆماری بەڕێز ٠

بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ٠

ئەنجوومەنی دووەمی راپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە هەل ئەزانێت کە لە یەکەم کۆبوونەوەیدا گەرمترین سوپاسو پیرۆزباییان ناراستەتان بکات لە بەر ئەو باوەڕە پتەوە کە بە ئێمەتان داوە ٠٠ ئەمە وامان لێ ئەکات کە هەمیشە خۆمان بەلێبرسراو بزانین لە قوول کردنی ڕەوتی ئۆتۆنۆمی ودەرخستنی ڕووی شۆڕشگێڕی پێشکەوتنخوازانەی ئەم تاقیکردنەوە پێشرەوەیە لەبەرڕۆشنایی بیرو باوەڕەکانی حزبو شۆڕشو تێکۆشانمان بەهەموو شێوەیەك لە پتاوی پتەو کردنی یەکێتی نیشتمانانو گەشەسەندیندا ٠٠ بەڵێنتان ئەدینێ کە خۆمانو جەماوەری کوردمان لەژێر سەرکردە پێشرەوەکەتان بین لە پێناوی عیراقێکی پێشکەوتوو گەشەداردا ٠

احمد عبدالقادر
سەرۆکی ئەنجوومەنی
راپەڕاندنی ناوچەی
ئۆتۆنۆمی

سەرۆکی فەرمانده پیرۆزبایی لە هەلیکی بەلچیکا ئەکات

بەبۆنەی جەژنی نیشتمانی یەوە بەڕێز سەرۆك احمد حسن البکر بروسکەیەکی پیرۆزبایی بۆ خاوەن شکۆ بۆدوای هەلیکی بەلچیکا ناردوە ئەمەش تەواوی بروسکەکەیە ٠

خاوەن شکۆ هەلیك بۆدوا ،هەلیکی بەلچیکا ـ بروکسل

بەبۆنەی پیرەوەری جەژنی نیشتمانی بەلچیکاوە ، خۆشبختانم کە بەناوی گەلو حکومەتی عیراقو بەناوی خۆمەوە جوانترین پیرۆزبایی پێشکەش شکۆتانی بکەمو تەندروستی یەکی چاك بۆ خۆتانو پێشکەوتنو گەشەکردن بۆ گەلی بەلچیکا بخوازم ٠

احمد حسن البکر
سەرەك کۆماری عیراق

میواندارى کۆشکى کۆمارى

دوێنێ بەیانی دکتۆر عصام عبد علی سەرۆکی زانکوی موسلو دکتۆر حکمت عمر بەڕێوەبەری گشتیی هەینەتی ئەخشەکێشانی هەرێمی لە وەزارەتی ئەخشەکێشان بەبۆنەی هاتنەوەیان لە لەدەرەوەی وڵات چونەتە کۆشکی کۆماریو ناوی خۆیان لەدەفتەری میواندریدا تۆمار کردوە ٠

هەروەها دکتۆر رمزی سلمان عبدالحسین سەرۆکی دەزگای گشتیی فروشتنی نەوت بۆ دوعا خوازی چۆتە کۆشکی کۆماریو ناوی خۆی لەدەفتەری میواندریدا تۆمار کردوە ٠

یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی راپەڕاندن ناوچەی ئۆتۆنۆمی

ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی ١٢ی ئەم مانگە ئەنجومەنی تەنفیزی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەسەرۆکایەتی بەڕێز ئەحمەد عەبدولقادر سەرۆکی ئەنجومەنی تەنفیزی ناوچەی ئۆتۆنۆمی یەکەم کۆبونەوەی کردوە ٠

بەڕێز ئەحمەد عەبدولقادر ئەوەی دوپات کردۆتەوە کە پێویستە چالاکیەکی زیاتر بنوێندرێت بۆ ڕاپەڕاندنو جێ بەجێ کردنی پێویستی هاووڵاتیانو چاکتراویە لە بەجێ گەیاندنی ئیشو کاری خەلکیدا خۆ لە ڕوتینی قونارکرێت ٠

هەروەها داوای کردوە کەزیاتر پەیوەندی لەگەل دەزگاکانی بەڕیوەبەریدا توندوتۆل کرێت لە پێناوی خزمەت کردنێکی ڕاستەقینەی هاووڵاتیانو پێش خستنو بەرەپێدانی ناوچەکەو ٠٠٠ ئەنجومەن لە کۆبونەوەکەیدا لەسەر هەندێ لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانیو دهۆك ڕەزامەندی دەربڕیوە کە سەرجەمی ئەو بڕیارانە بەپەیوەندیان بە پێویستی هاووڵاتیانەوە هەیە ٠

وە بڕیار دراوە کە بارەیەك بۆ جێ بەجێ کردنی هەندێ لە پێویستی یە بە بەلەکانی ئەو پارێزگایانە تەرخان بکرێت ٠ هەروەها بریاری تەرخان کردنی بودجەیەك دراوە کە بۆ ئەمینداریتی گشتیی بەڕێوەبردنی هاتوچۆ کردن تەرخان بکرێت ٠

ئەنجومەنەکە ستایشی ئەوەمەولو تەقەللایەی کردوە کە ئەنجومەنی تەنفیزیی یەکەم لە مەیدانەکانی کردنیدا داوێتی بۆ جێ بەجێ کردنو هێنانەدی پێویستی هاووڵاتیانو ئامادەکردنی هەموپێویستی یەك بۆ ئەوەی بەڕیوەبەرایەتیکانی ئەنجومەن بتوانن ئەرکی سەرشانی خۆیان ببینن ٠

بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیارێکی دەرکردوە بەپێی ئەو بڕیارە نابێ کۆنەوەزیر یا جێگری وەزارەت یا ڕاوێژکار یا سەرۆکی دەزگایەك یا بەڕێوەبەری گشتی ، یا ئەوانەی لەوپلەیەدان ، یا ئەفسەری هێزی چەکدار لەوانەی دەرکراون یا ئەوانەی وازیان لەئیشەکانی خۆیان هێناوە یانەوانەی خانەنشین کراون کە لە کۆمپانیا تایبەتیکانی عیراقدا ، یاکۆمپانیا بێگانەکاندا لەوانەی لە عیراقدا کار ئەکەن یا لە کەرتی تایبەتیدا کار بکەن ٠

بڕیارەکە ئەوەی کردوە بەمەرج کە ئەوجۆرە کەسانە کەئەگەر ویستیان وەك خاوەن کار یادامەزرێنەر یا هاوبەش لە کۆمپانیو مەکتەبی بازرگانیو کارسازیو ڕاوێژکاریدا یاوەك بەڵێندەر کاربکەن دەبێت ڕەزامەندی لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە وەرگرن ٠

ئەمەش تەواوی بڕیارەکەیە ٠٠

بە پێی دەسەڵاتی بڕگەی (أ) لە ماددەی چلو دووی دەستوری وەختی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبونەوەی ڕۆژی ٧ ی مانگی ١١ ی ساڵی ١٩٧٧ دا بریاری داوە ٠٠

١ ـ نابێت ئەوەی کۆنە وەزیر بێت یا جێگری وەزارەت یا ڕاوێژکاراو بوبێت یا سەرۆکی دەزگایەك یابەڕیوە بەری گشتیی (یا ئەوانە لە پلەی ئەوانەدان) یا ئەفسەر بوبێ لە سوپای چەکداردا ، دەزگرابی یا لابرابێ یاوازی لە ئیشەکەی هێنابێ یا خانەنشین کرابێ ئیش لای کومپانیە عەراقیە تایبەتیەکان ، یا ئەو کۆمپانیا بێگانانەی لە عیراقدا کاردەکەن یا لای کەسانی کەرتی تایبەتی کاربکەن ٠ هەروەها نابێت ببێتە خاوەن کار یادامەزرێنەری دەزگایەك یا هاوبەشێك لە کۆمپانیایەکدا یا مەکتەبێکی بازرگانی یا کارسازی یا ڕاوێژکاری یا ببێتە بەڵێندەر ئەگەر لەوەوپێش ڕەزامەندی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی وەرنەگرتبێ ٠

٢ ـ ئەم بڕیارە لە کاتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا پەیڕەوی دەکرێت وە دەسەڵاتەکەی ئەوانە دەگرێتەوە کە لە بڕگەی (أ) ناوبراون ئەوانەی کە هەتاوەکو ئێستا لای ئەوجێگایانەی کار دەکەن کە دیاری کراون ئەوانەی ئەسەکانی ئەمیان بەسەردا ئەتبیق دەبێت وەك خاوەن کارێك یادامەزرێنەر یا بەشدار یا بەڵێندر ٠ لەبەر ئەوە پێویستە لەماوەکدا کە لە سێ مانگ تێپەڕ ئەکات ڕەزامەندی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەرگرن

٣ ـ ئەوەی سەرپێچی لەم بڕیارە بکات لە سێ ساڵەوە تاکو پێنج ساڵ مەحکوم دەکرێت ٠

٤ ـ وەزارەتی ئەخشەکێشان ڕێگەو شوێنی ئەواو بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم بڕیارە ئەبێ دانێت ٠

احمد حسن البکر
سەرۆکی ئەنجومەنی
سەرکردایەتی شۆڕش

عەدنان حسین چاوی بەوەزیری پەرەپێدانی بەدەمەنی ئەکەوێت

دوێنی نیوەڕۆ بەڕێز عەدنان حسین ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری ئەخشەکێشان پێشوازیی بەڕێز محەمەد سالم باسندوەوەزیری پەرەپێدانو سەرۆکی دەزگای کۆمیتەی ئەخشەکێشانی کۆماری یەمەنی عەرەبی کردوە ٠

لەو گفتوگۆیەدا کە بەڕێزبالوێزی یەمەن لەبەغدا بەشداربو باسی بەیوەندی نێوان هەردوو وڵاتو هاوکاری نێوان هەر دوولاکراوە لە مەیدانەکانی ئابوریو کۆمەلایەتیو ڕۆشنبیریداوڕێگای پەرەپێدانو بەین کردنی ئەم پەیوەندیانە ، سەرەرای ئالوگۆرکردنی شارەزایی هەردوولا لەمەیدانی ئەخشەکێشاندا ٠

مۆر کردنی پرۆژەپەرەپێدانی دارستانەکان

دوێنی وەزارەتی کشتوکالوچاك کردنی کشتوکالو پرۆگرامی پەرەپێدانی سەربە نەتەوە یەکگرتۆکان پرۆژەی پەرەپێدانی دارستانەکانی وڵاتیان مۆرکردوە ٠٠

ئەم پرۆژەیە کە ملیونێکو١٤٣ هەزار دیناری تێ دەچێت بەمەبەستی پیشکەش کردنی ئامۆژگاریو ڕاوێژکاری تەکنیکیە لەگەل یارمەتیدانبو بشکینینو چاك کردنی داری قۆخو ئەو دارانەی زوگەورە دەبن ، لە گەل هەلبژاردنی جۆرێك لەودارانە بۆ ئەوەی پەرە بدرێت بە رواندنو پەروەردەکردنی لەوڵاتدا ٠ وە ئامانجێکی تری ئەو پرۆژەیە ئەوەیە کە بگەنە چاکترینو هەرزان ترین ڕێگا بۆ پەرەپێدانی دارستانەکانی وڵاتو ئەو سەرچاوە ئاوانەی دەتوانرێت ئەم کارانەی پێ ڕابەڕێندرێت ٠

ئەم پرۆژەیەی دەبێت لەماوەی پێنج ساڵدا جێ بەجێ بکرێت ١٣٨ پسپۆریان بۆ بەجێ گەیاندنی تەرخان کردوە کە شارەزایی خۆیان لەومەیدانەدا دەخەنەکار ئەمەو لەلایەن وەزارەتی کشتوکالوچاك کردنی کشتوکالەوە بەڕێز کامل محمودبەڕێوەبەری گشتیی دارستانەکان ڕێکەوتنەکەی مۆرکردوە وە لەلایەن پرۆگرامی پەرەپێدانەوە ئەوتنەرەکەی لەبەغدا ڕێکەوتنەکەی مۆرکردوە ٠

چەند پرۆژەیەك ئاودانی لە هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی کاری پارێزگای هەولێر لەهەندی لەناوچەکانی پارێزگاکەدا کەوتۆتە جێ بەجێ کردنی چەند پرۆژەیەك سەرجەمی ئەو پرۆژانە ٥٠٠ هەزار دیناریان تێدەچێت ، ئەو کارانە بریتین لە دروست کردنی قوتابخانەیەکی ناوەندیو لەناوچەرگەی پارێزگاکەدا لەگەل چەند کۆمەلەی خانویەکی نیشتەجێ بوندا بۆ فەرمانبەری دەولەت ، لەگەل تەواو کردنی سەرای تەق تەقو دوو مەلبەندی تەندروستیو شوێنی چاودێری پەککەوتەو منداڵە بێ کەسەکانو دوو قوتابخانەی ناوەندیو قوتابخانەیەکی سەرەتاییو مەلبەندێکی لاوان بەمەرجێك لەماوەی ١٢ مانگدا ئیشەکانیان تەواو بێت ٠

دوێنی لەهەولێر ئەوەیان ڕاگەیاندوە کە ٣٠٥ قوتابی کورو کچ لەخوێندنگای مامۆستایان وەرگیراون ئەوقوتابیانەی لەوخوێندنگایەدا وەرگیراون لەوانەن کە خوێندنی ئامادەییان تەواو کردوە ، ئەوەی شایانی باس کردنە خوێندنگای ناوبراو ساڵی پار ٤٢٣ قوتابی کورو کچی لێدەرچوبو لەهەمان کاتدا ٥١٩ قوتابیش دواساڵی خوێندنیانە لەوخوێندنگایەدا ئەوەی پێویستی وتنە ئەوەیە کەخوێندنی ئەو خوێندنگایە دووساڵەو دەرچوانی دەکرێن بەمامۆستای قوتابخانە سەرەتاییەکان ٠

لەلایەکی ترەوە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر قرتاوکردنو زیرابەکانی کوێەو مەخموری داوە بەقۆنتەرات ، جێ بەجێ کردنی ئەو پرۆژەیە ١٧٨ هەزار دیناری تێ دەچێت ، بەمەرجێك لەماوەی ٣٠٠ ڕۆژدا ئیشو کاری ئەو پرۆژەیە تەواو بێت ٠

گۆنگرەی جیهانی وڵاتانی خاوەن نەوت لەبەغدا

لەنیوان ١٥ـ١٨ی مانگی داهاتودا کۆنگرەی بەغدادی جیهان نیقابەی کرێکارانی وڵاتانی بەرهەمهێنەرو کارکەری نەوت دەگێرێت ٠

ئەم کۆنگرەیەش لەژێر دروشمی (لە پێناوی قول کردنەوەی خەباتی هاوبەشی کرێکارانی وڵاتانی بەرهەم هێنەرو کارکەری نەوت) دا دەگێرێتو نیقابەی گشتیی کرێکارانی نەوتو کانەکان کیمیاگەری لەوڵاتدا ئەم کۆنگرەیە ڕێك دەخات ، ئەویش وەك بەشێك لە

بروانە ل ٧

کورتەیەك لە ژیانی بەڕێزان وەزیری ئاودێری و دەوڵەت وڕۆشنبیری و هونەر

بەڕێز عبدالوهاب محمود

بەڕێز هاشم حسن

بەڕێز کریم شنتاف

● وەزیری ئاودێری

بەڕێز عبدالوهاب محمود عبدالله ساڵی ١٩٣٤ لە شاری موسل لە دایك بووەو خوێندنی ئامادەییشی هەر لەوێدا لە ساڵی ١٩٥٢ دا تەواو کردووە ٠

لە ساڵی ١٩٥٧ لە دانشگای قاهیرە بە ئەندازیاری مەدەنی دەرچووە ٠

لە ساڵی ١٩٥٨ دا وەکو ئەندازیارێك لە بەڕێوەبەریتی ئاودێری گشتی دامەزراوە ٠

لە ساڵی ١٩٧٣ دا کراوە بە بەڕێوەبەری گشتی دەزگای کشتوکالی خالس ٠

لە ١٢ـ١١ـ١٩٧٧ کرا بە وەزیری ئاودێری ٠

بەڕێز هاشم حسن

● وەزیری دەوڵەت

لە ساڵی ١٩٢٦ لە ئاکرێ سەر بە پارێزگای نەینەوا لە دایك بووە ٠

خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووەو ساڵێك لە قوتابخانەی سەرەتایی مامۆستایان بەسەر بردووە ٠٠ لە دواییدا بووە مامۆستاو لەو کارەدا چەند ساڵێك ماوە تابووە سەر بەرشتیکەری پەروەردەیی لە بەڕێوبەرێتی پەروەردەی پارێزگای نەینەوا ٠

لە ساڵی ١٩٥١ دا چۆتە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستانو گەلێ پایەی حزبی وەرگرتووە تا لە ساڵی ١٩٥٩دا لە کۆنگرەی پێنجەمی حزب کە لە بەغدا بەسترا بە ئەندامی لیژنەی مەرکەزی هەلبژێرا ٠

لە ساڵی ١٩٦٤ دا بووە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب ٠

لە ٢٦ـ٤ـ١٩٧٠ دا کراوە بە بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری کوردی ٠

لە ١٢ـ١٠ـ١٩٧٠ دا کراوە بە پارێزگاری دهۆك ٠

لە ١٢ـ٢ـ١٩٧٤ دا کراوە بە پارێزگاری بابل ٠

لە ٧ـ٤ـ١٩٧٤ دا کراوە بە وەزیری شارەوانیەکان ٠

لە ٢٤ـ٩ـ١٩٧٤ دا ئەندامی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بووە ٠

لە ٨ـ١٠ـ١٩٧٤ دا دانرا بە سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ٠

لە مایسی ١٩٧٦ دا هەلبژێرا بە سکرتێری لیژنەی مەرکەزی پارتی دیموکراتی کوردستان ٠

ئەندامی لیژنەی باڵای بەرەی پێشکەوتنخوازی نیشتمانیو نەتەوەییە ٠

جێگری سەرۆکی کۆمەلەی ڕۆشنبیری کوردیە ٠

سەرۆکی دەستەی ئیمتیازی ڕۆژنامەی عیراقە ٠

ئەندامی دەورەی دووەمی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیە ٠

لە ١٢ـ١١ـ١٩٧٧ دا بە وەزیری دەوڵەت دانراوە ٠

بەڕێز کریم محمود شنتاف

● وەزیری ڕۆشنبیریو هونەرمکان

بەڕێز کریم محمود شنتاف لە ساڵی ١٩٣٢ دا لە شاری ڕومادی سەر بە پارێزگای ئەنبار لە دایك بووە ٠

خوێندنی سەرەتاییو ئامادەیی لە بەغدا تەواوکردووەو لە ساڵی ١٩٥١ دا چۆتە کۆلێجی ئەدەبیات ٠ لە ساڵی ١٩٥٧دا بروانامەی بەکالۆریۆس لە زمانی عەرەبیەوە وەرگرتوە ٠

دوای شۆڕشی جواردەی ڕەمەزانی ساڵی ١٩٦٣ دا کراوە بە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (الجماهیر) ٠

لە دوای شۆڕشی هەڤدەی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ دا کراوە بە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (الثورة) ٠

لە دواییدا کراوە بە بەڕێوەبەری مەکتەبی ئاژانسی دەنگوباسی عیراق لە بەیروت ٠

لە ساڵی ١٩٧٠ دا کراوە بە باڵیۆزی عیراق لەمەنزەوێلاو لە ساڵی ١٩٧٣ دا کراوە بە باڵیۆزی عیراق لە ئۆگەندا ٠٠ لە دوایشدا لە ساڵی ١٩٧٥ دا کراوەبە باڵیۆزی عیراق لە ئەرجەنتین ٠

لە سەرەتای ساڵانی پەنجاکانەوە چوتە ریزی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەوە ٠

لە ڕۆژانی خەباتی سەلبی حزبدا گەلێ جار لەبەر خەباتیا ڕاویان ناوەو خراوەتە بەندیخانەوە ٠

لە زەمانی حوکمی قاسمی دیکتاتۆردا حوکمی هەتا هەتا دراوە ٠

ژنی هێناوە دوو منداڵی هەیە ٠

لە ١٢ـ١١ـ١٩٧٧ دا بە وەزیری ڕۆشنبیریو هونەرەکان دانرا ٠

ئەوەبوو ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی لە ١٥ـ١٠ـ١٩٧٧ دا یاسایەکی دەرکرد بۆ دامەزراندنی وەزارەتی ڕۆشنبیریو هونەرەکان ٠

ڕێکخراوی هاوکاری گەلانی ئەفریقا ستایشی دەوری عیراق ئەکات

وەفدی ڕێکخراوی هاوکاری گەلانی ئاسیاو ئەفریقا دووپاتی کردەوە کە هاوەمسەلەی فەلەستینی بە وەدەست هێنانەوەی مافە نەتەوەیەکانی گەلی عەرەبی فەلەستینو دابین کردنی چارەنووسی دەستی خۆی و لەسەر نیشتمانی داگیرکراونەبێت چارەسەر ناکرێ ٠

ئەمە لە کۆنفرانسەڕۆژنامەییەدا وترا کە وەفدی ڕێکخراوەکە ئێستا بەسەرۆکایەتی بەڕێز یوسف السباعی سەر لەوڵات ئەدات دوێنێ لە یانەی اعلام بەستیو بەڕێز عزیز شریف جێگری هەیئەتی سەرکردایەتی ڕێکخراوەکە سکرتێری گشتی ئەنجومەنی نیشتمانی ئاشتیو هاوکاری لە کۆماری عراقدا تێیدا ئامادەبوو ٠

بەڕێز سباعی بەناوی ڕێکخراوەکەوە تەقدیری زۆری خۆی دەربڕی بۆ ئەو تێکوشانە سەختەی کە عراق دژی ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو کۆنەپەرستی بە سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دەیکاتو بۆ خەباتی جوانەوەکانی ئازادیخوازی لەئاسیاو ئەفریقاو هەموو جیهانداو پشتگیری کردنی چالاکیەکانی ڕێکخراوەکە ٠

بەڕێز عزیز شریف ،گرنگی کۆنفرانسی شەشەمی ڕێکخراوەکەی دووپات کردەوەکە لە بەغدا دەگیرێ بۆ چارەسەر کردنی نەگوچەلەمەی خەباتی گەلانی ئاسیاو ئەفریقا وەکو بەشێکی پتەوی خەباتی گەلانی جیهان دژی ئیمپریالیزمی جیهانیو ڕەگەزپەرستیو هێزەکانی پاشگەزبوونەوە ٠

کاتی وەرگرتنی موچەی ئەم مانگە

وەزارەتی دارایی بریاری داوە کە موچەی مانگی تشرینی دووەم پێش سەری مانگ بدرێت ، ئەویش لەبەر نزیك بونەوەی جەژنی قوربانی پیرۆزە ٠٠ وەزارەتی ناوبراو بەم بۆنەیەوە بەیاننامەیەکی دەرکردوە لە بەیاننامەکەیدا ڕۆژی سێ شەممەی ڕێکەوتی ١٥ی ئەم مانگەی دیاری کردوە بۆئەوەی فەرمانبەرانو سەربازان لەبەغدا مۆچەی تێداوەرگرن ٠ وە چوار شەممەی ڕێکەوتی ١٦ی ئەم مانگە بۆ ئەوەو فەرمانبەرو موستەخدەمە مەدەنیانەی سەربە خەزێنەی مەرکەزین ٠ هەروەها بۆ سەربازانو کارگێڕانی قوتابخانە ناوەندیو ئامادەیەکانی پارێزگاکان ٠

بەیاننامەکە ڕۆژی پێنج شەممەی ڕێکەوتی ١٧ی ئەم مانگەی بۆ وەرگرتنی موچەی فەرمانبەرو موستەخدەمی دایینەرەکانو کارگێڕانی ئەوقوتابخانە سەرەتایانەی سەربە خەزینەی بەغداو خەزینەی پارێزگاکانی ترن بەیاننامەکە باسی ئەوەشی کردوە کە موچەی کرێکارە هەمیشەیەکان لەوکاتە دیاری کراوانەدا دەدرێن ٠

Institut kurde de Paris

گفتوگۆیەك

لە گەڵ شاعیرێکی ئافرەتی کورد

.. سامیە شاکردا

لەکاتی سەردانەکەما بۆهەولێر .. لە ئەنجومەنی یاسادانان ، یەکێتی ئافرەتان، یەکێتی نوسەران ئەم ناوەم ئەبیست .. لە بەیەکگەیشتنێکا لە بەڕێوە بەرایەتی رۆشنبیری جەماوەری توانیم بەڵێنی دانیشتنێکی لێ وەربگرم کەئەمدانیشتنەش لە بارەگای یەکێتی نوسەران لە هەولێر پێکهات .

کاتێك بەخوشکە سامیە شاکر گەیشتم .. کە شاعیرێکە لە ناو ئافرەتانی کوردا هەلکەوتوەو ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستانیشە وا هەستم کرد کە بەرامبەر نمونەی ئافرەتێکی بێ هاوتاو نیشکەر دانیشتوم و ئافرەتێکە سادەو لە خۆبوردوو جەربەزەو هەلگری بیرو باوەڕێکی پوختەو ڕێبەو پێکە .

لە سەرەتای دانیشتنەکەماندا چەند ژمارەیەك گۆڤاری ئەنجومەنی یاسادانانی پێشکەش کردم کە ئەم گۆڤارە گورج و گۆلیەکانی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی تێدابو .. بۆ ئەوەی وردتر ئاگاداری کارەکەبم .. کەوتمە خویندنەوەی گۆڤارەکەو تێ گەیشتم کە ئەمیش یەکێکە لەو ئەندامە چالاکانەی خزمەت ئەکەن و لە ئەنجومەنی ناوبراویشدان و نوسینێکیشیم دەربارەی نەخوێندەواری ئافرەتی کورد خوێندەوە ، ئەم نوسینەش بۆ بەرەنگاری ئەم مەسەلە کۆمەڵایەتیە گرنگەی لە ژیانی کۆمەڵی کوردە واریدا هەیە بە بۆچونکی پەسەند ئەژمێردرێ ، لە دوکۆڵەلە هۆنراوەی چاپکراوی خۆشی دو دیوانی پێشکەش کردم لەگەڵ ملوانکەیەکی مێخەکدا کە نیشانەی جوانی کچێتی کوردە .

نیتر کەوتە گێڕانەوەی سەرگوزەشتەی ژیانی خۆی ووتی :

خویندنم لە ئامۆژگای مامۆستایان « دار المعلمات » ساڵی ١٩٥٨ تەواوکرد ، بەڵام برینی ڕێگەی تەمەنم .. منالیم سەختبوم و بەهۆی ئەو ژیانەوە کە خێزانەکەمانی تێدابو .. لە منالیەوە دەستم داوەتە کار .. بەڵام سەرەتای ئیش کردنم خۆم لەگەڵ سیاسەت خەریك کرد .. هێشتا تەمەنم (١٠) ساڵان بو لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییدا توشی گرتن بوم .. بەشداری ئەو خۆ پیشاندانانەم کردوە کە داوای روخاندنی نوری سەعیدیان ئەکرد .. بەڵام لەو گرتنەمدا لەبەر ئەوەی تەمەنم بچوك بو بەرەڵایان کردم .

هەرچەندە هەڕەتی منالم زۆر وشك بو بەڵام بەختیاریەکیشم تیا بەدی ئەکرد .. هەمیشە خەریکی نوسین بوم .. بەکورتی بیرم نایەت کە وەك منالێکی ئاسایی ژیابم .. ئەمڕانیە وڵاتانی ئازادیخوازان و بەبەرژەوەو چاوم بڕیبوە ژیانی ئەو ئافرەتانەی کە هەمو جۆرە سەربەستیەکیان جنگ کەوتوە .

سەبارەت ئەو باسە سەرەکیانەی کە لە شیعرەکانیدان لێم پرسی کە چین ؟

وتی : رزگاری ئافرەت و کەمو کوڕیە کۆمەڵایەتی و رامیاریەکانن ..

من ئەندامێکی پارتی کۆمۆنیستی عیراقم .. بەش بەحالی خۆم ڕام وایە .. ئەگەر ئافرەت ئازاد نەکرێ ناتوانین بگەینە ئەو ئامانجەی مەبەستە شارستانیەتی وڵاتێك لە تەماشاکردنی ئافرەتدا دیارەو ئەم ئاسۆیەش لەوڵاتی ئێمەدا روناکە ئەگەر چی گیروگرفت و کۆسپ هەندی لە ئاراداهەن .

ـ واتە مەسەلەی رەوای ئافرەت دەستی بەسەر هۆنراوەکانتا گرتوە ..

ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو بیروباوەڕەی هەمە ..

هەروەها شانازی کردنم بە سۆشیالیستی و چونی وڵاتەکەمان بەرەو سۆشیالیزم هەر بونی ئەو بیرو باوەڕەیە کە هەمە .

ـ لە لایەن ئەدەبی کوردیەوە .. ئەبێ واقیعی ئافرەتی کورد چی بێ ؟

● واقعێکە جێی داخە .. چونکە ئەو ئافرەتانەی خۆیان لە بواری ئەدەب ئەدەن زۆر کەمن جا ئایا لە روی شیعرەوە بێت یان چیرۆك یاخود رۆژنامەگەری .

تێ روانینی چینایەتی و باری ئابوریش کاری خۆیان لە ئەدەبدا بۆ سەر ئافرەت هەیە .

چونکە ماوە نەئەدرا ... بەنایبەتی کەس و کار کە ئافرەت لە رۆژنامەکاندا ئیش بکەن .. لێرەدا ئەمەوی گەلێ کەس بهێنمەوە یاد وەك (حەپسە خانی نەقیب) کە یەکێکە لەو ئافرەتە تێکۆشەرانەی کە ڕێگەی کاری رۆشنبیری بۆ کردینەوە کە دوای ئەوە چەند ئەدیبێکی تری ئافرەتی وەك « هێرۆ گۆران » کچی شاعیری گەورە « عبدالله گۆران » ، خورشیدە بابانی شاعیری سلێمانی کە تائێستا دو دیوانی هۆنراوەی جوانی چاپ کراون ..

هەروەها کچە شاعیری نەخوێندەوار کە ناوی « خەدیجە مستەفایە » و لە ناوچەی کۆیەدا ناسراوە .

● ژیانی منالیم نژوار بو .. کەچی جوانترین سالانی تەمەنیشمە

● ئاواتم پەرەسەندنی بەرەی نیشتمانی یەو .. ئافرەتیشی لە گەل پیاودایەکسان بێت

ـ وێنەی ئافرەت لە ئەدەبی کوردیدا چۆن بوە ؟

● ئافرەت لە ئەدەبی کوردیدا لەگەڵ ئەو واقیعە دواکەوتووەی کە تێیدایە هیچ جیاوازیەکی نیە لێرەدا ئەبێ ئەوە بڵێم کە ئافرەتی کورد ئەگەر چی وەك ئافرەتی عەرەب لە چەرخەکانی رابوردودا .. بەهۆی دەسەڵاتدارێتی عوسمانێکان و دەربەگەوە دەردی سەری زۆر چەشتوە بەڵام شان بەشانی پیاو لە رۆژانی تەنگانەداو سەردەمی پاشایەتی گۆڕکراودا لەتێکوشان و رابەرین و خۆبیشاندا تاکو شۆڕشی تەموزی ١٩٥٨ رۆشتوەو ئەم شۆڕشەی تەموزی ١٩٥٨ لەهەمو بوارێکدا بۆ ئافرەت بەتایبەتی دوای دەرچونی یاسای ئەحوالی شەخسی پێشکەوتنخواز خاڵێکی گرنگ بو چونکە مافی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی پێ بەخشی و بوە هۆی رزگاری ئافرەت و بەرزکردنەوەی شوێنی لەناوکۆمەڵدا .. ئەوەتا ئەبینین چەند نوسینێکی تازەی ئافرەتمان هەیە .

پاش شۆڕشی ١٩٦٨ و دەرچونی بەیاننامەکەی ئاداری ١٩٧٠ چەند دەسکەوتێکی تر بۆ عیراق هاتنەدی .. ئەمانە لەگەڵ بڕیاری یاسای نۆتۆنۆمی و بەریابونی ئەنجومەنی یاسادانان لە کوردستاندا .. ئەمانە لەروی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و تەندروستیەوە کاریان کردۆتەسەر دۆخی ئافرەت و پایەیەکی باشی لە ئەدەبی کوردیدا پەیدا کرد .

هەروەها لەساڵانی شەستو حەفتاکاندا خەباتی ئافرەت و بەشداری کردنی رۆژانی تەنگ و چەلەمە و ئەوگۆرانکاریانەی کە لەوڵاندا

ـ هاله ـ بەدری ـ بروانە ـ ل ٧

لە پێناوی بوژانەوەی گۆرانی و مۆسیقای فۆلکلۆری کوردیدا

سەبارەت بە گۆرانی و مۆسیقای فۆلکلۆری کوردی ئاشکرا روونە کە هەر ئەوبەرهەمە نیە ئەمڕۆ لە ئاراداییەو بەر گوێمان ئەکەوێت ، بەڵکو بەرهەمێکی گەورەو شاراوەمان هەیە هێشتا بەنجەی هیچ هونەر مەندێکو خامەی هیچ نوسەرێك ڕێی لێ نەکەوتوە ، جا بۆ ئەوەی زانستیانەو شارەزایانە بچینە نێو ئەم باسەوە رووەمان کردە بارەگای« تیپی مۆسیقای سلێمانی »و چاومان بەسەرۆکی تیپەمامۆستا « فریدون سعید دار تاش » کەوتو ئەویش لەمبارەیەوە وتی :

گومان لەوەدانیە کە هەموو میللەتێك خاوەنی گۆرانی و مۆسیقایەکی رەسەنی تایبەتە بەخۆیەوە ، نەتەوەی کوردیش لەم روەوە بێ بەش نەبوە. ، چونکە زۆر بە ئاسانی بەرهەمی گۆرانی و مۆسیقای خۆی لەنەتەوەکانی تر جیا ئەکرێتەوە ئەویش بە هۆی ئەو شێوەو بۆ تەیەی هەیەتی ، هەروەها شێوەی دارشتنی لە گورج و گۆڵی و خێرایی و ئیقاعاتەکانی ، ئەمە جگە لەوەی لە واقیعی کۆمەڵەکەی خۆیەوە هەڵقوڵاوە .. هەروەها شیعرەکانیشی « فۆلکلۆر » ساکاریەکی لە گەڵدایە کە بوتە هۆی ئەوەی هەمیشە بەسەر زارەوە بێت ، بێگومان ئەگەر هەوڵ و تەقللا نەدرێت بۆ بوژانەوەو زیندو کردنەوەی ئەو بەرهەمانە ، بە سەدان گۆرانی و مۆسیقای فۆلکلۆریمان بەرەو لەناو چوون ئەڕۆن بۆیە پێویستە بە خێرایی لەم روەوە هەوڵ بدرێت ، وە بەلای ئێمەوە وا پەسەندە یەکەم هەنگاو لە هەموو ناوچەکانی کوردستانا بە تایبەت لە گوندە دوورەکاندا مەسحێك بکرێت ، ئەگەر بتوانرێت زیاتر سود لەو کەسانە وەر بگیرێت کە تەمەنیان زۆرە بە تایبەتی ئافرەتەکانیان چونکە کەم تر لە پیاوەکانیان تێکەڵاوی دەرو دراوسێ بوون ئەمەش زیاتر پارمەتی ئەوە ئەدات ئەو بەرهەمە فۆلکلۆرریە بە خاوێنی جنگ بکەوێت ، بێگومان ئەو ئەرکەش هەروا بەئاسانی ناکرێت بەڵکو پێویستی بە چەند مەرجێکی سەرەکی هەیە وەك :

١ ـ ئەو کەسانەی بەو ئەرکە گرنگە هەڵدەسن پێویستە بە شێوەیەکی زانستیانە شارەزای یەکی تەواویان لە مۆسیقادا هەبێت، چاکتر وایە ئەو شارەزایە لە گۆرانی و مۆسیقای کوردیدا بێت .

٢ ـ مەرجە لەکاتی دۆزینەوەی بەر هەمێکی فۆلکلۆریدا خێرا ئەو بەرهەمە تۆمار بکرێت وە چاکتروایە ئەو کەسەی ئەو گۆرانیە فۆلکلۆریە ئەڵێت کەسێکی بەساڵا چوبێت بۆ ئەوەی مێژووی ئەو گۆرانیەی لێ وەربگیرێت چونکە هەموو یەکێك لەو بەرهەمانە بەسەر هاتوو مێژوویەکی تایبەتی خۆی هەیە ، هەیانە لەکاتی شایی و زەماوەندا وتراوە ، هەشیانە بۆ کاتی شەڕ وتویانە ... هتد .

دوای ئەم هەنگاوە پێویستە ئەو هونەر مەندەی بەم ئەرکە هەڵساوە بە وردی گوێ لەو گۆرانیانە بگرێتەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستیانە نۆتەی ئەو گۆرانیانە بنوسرێتەوە تاوەکو بتوانرێت شێوە رەسەن و راستەقینەکەی خۆی بدۆزرێتەوە دیسان پێویستە لەشێوەی دارشتنا ، جۆری ئیقاع ، وەستان و داخستن ، جۆری مەقامەکەی ، مەیانەی دەنگەکان بەاوردی جۆری بکرێنەوە بۆ ئەوەی لەم ڕێگەوە بتوانرێت میزات و خاسیەتی گۆرانی و مۆسیقای فۆلکلوری کوردی بدۆزینەوە.

هەروەها پێویستە ئەو هونەرمەندانەی بەم ئەرکە گرنگە هەڵدەسن کە تارادەیەك شارەزایی لە مۆسیقای نەتەوەکانی دراوسێیان تەنانەت دوور تریش پەیدا بکەن بۆ ئەوەی بتوانرێت بەئاسانی ئەو ئاوازانەی کە تێکەڵاو بە گۆرانی و مۆسیقای کوردیمان بوون جیا بکرێنەوە.

هەروەها ئەرکێکی تر کە

فریا عبدالله

پ.هاوکاری ـ سلێمانی

بروانە ـ ل ٧

مەلبەندی چفاکی لدهوکی

لەبەرێ بازێرێ دەهوکێ خانیەکێن ئەدەر رقعەکا جوان یا پێڤە هەلاویستی یا لسەر تقیسی مەلبەندی چفاکی لدهوکێ . مەلبەت هەکو ژ دویرڤە چاڤێ تە ب ڤی مەلبەندی دکەڤیت . نە دویرە هزرو بیرەکا مەزن بو بکەی . زێدەبار وەکی ئەم زانین کارێ ڤی مەلبەندی گەلەکێ گرنگو مشەبە . هندێکەن تێهەلناهێن . مە سرەدانەك بو ڤی مەلبەندی کر دەرکەفت وەکی مەتەلا کوردی دبێژیت ناڤەکێ گرانو گوندەکێ وێران . لڤی زرەئاڤاهی تێ چوار فەرمانبەر پێت تێڤە خویشکا رێڤەبرگوت (مەلبەندێ مە پێنج تایە ١ ـ وەرزشێ بچویکا ٢ ـ دورینو کارێ مالێ ٣ ـ ڤەکولینێت چفاکی « اجتماعی » ٤ ـ خانیێ بچویکێت شیرخور ٥ ـ ئەمێلانا ئەخویندەواری) ئەرێ برادەرین ئەڤ کارە دێ جاوان بڤانە فەرمانبەرا ڤەمێت . کیەیێ بێ چەك دێ خولڤی بیشی دەت . بێ گومانە ئەنجامێ کارێ وان سەرنەکەڤتە نەشێن چو خزمەتا بو بازێرێ دهوکێ پێش کێش کەن . لە دویڤ ئاخڤتنا رێڤەبەرێ نەهە فەرمانبەرێت دی ژمەلبەندی دکێمن . یا پێدڤیە برادەرێت بەربرسیار بلەز چەند فەرمانبەرا بو دەست نیشانکەن ئان دەرێ مەلبەندی بکرن رقعاوان ب پەردەکا رەش پێچن . لسەر ڤێ دەردەسەر پێرا رێڤەبەرێ گوت ئاڤاهێی مەیێ هورگمیە زڤستانێ ئاڤا بارانێ هەمی تێتە ژورڤە ژ سەریانی ئەم پێ لەبەیا مەهندسی کو زبەغدا بهێت تاکو بدەنڤ ئێکدا چێکەت . خەلکینە ئەڤ ئاڤاهیە سالەکە هاتیە ئاڤاکرن پێ هولێەاتیەهە . با هەکە کەڤن بیت دێ جلهێت ئەری هەکە زڤستان ب نیڤی بو مەهندس بهێت ئان نەهێت قازانجاوی چیە .

دیسان خویشکا رێڤەبەر گوت پرویاگەندا مەلبەندی یاکزە ژنوی خەلك پێ بەرێ خودەنێ زێدەبار دەڤەرا گرێباسێ . براستی ئەڤ ئاخڤتنە یا دجهێ خودایە چمکی نوکە ژی گەلەك کەس پێت هەین لدهوکێ هێشتا ئاڤێ مەلبەندی گولێ نەبویە . تفێت هێرشەکا پرویاگەندێ بهێتەکرن خەلکێ بکارێ مەلبەندی هایدراکەن . لبەر هند ژی وەکی خویشکا گولیزار نائف بەرپرسیارا تایێ ڤەکولینێت چفاکی گوت (هەکو ئەم دچینە مالا بدرستی بەرسڤێت مە نادەن خو دویر تێخن ژ مە هەلبەت هوسا ئەم نەشێنین چو قازانجا بگەهینە خەلکێ) یا ژ هەمیا سەبرتر ئەوە نوکە خانیێ بچویکێت شیرخور « دار الحضانة » یێ بچویکا وەردگرێت . بەلێ هێشتا فەرمانبەر بودەستنیشان نەکرینە دیارە دێ ماسێ دئاڤێداکرن کارێت هوسا دێ نیە ئەگەر کو خەلك زمەلبەندی ڤەجنقیت کەس بەرێ خو نەدەتێ .

صدیق علي ئامیدی

عەدام حسین

دیموکراتیەت

سەرنجدانی هەموو لایەنەکانی ژیانە

بەپێی ئەم راستیە لە ئەنجومەنی نەخشەکێشان و دەولەت و حزب و بەرەی نیشتمانی موناقەشە دەکرێت لە بەر رۆشنایی دانان بە گرنگیەتی بەکارهێنانی دیموکراتی و کاری بەکۆمەڵ بۆ بنداویستیەکانی تەواوی لە بسپۆری و زانیاریدا . وە لەبەر ئەوەی مرۆڤ لەکاتی نەبونی چاودێری کردن و کاری بەکۆمەڵ هەڵئەسێ بەکاری تەنیایی ، کە ئەمەش بالی بێوە ئەنێ بۆ لادان هەتا لەکاتی دەرکردنی بریاری بەجێ . لەگەڵ ئەمەشدا تێکەیشتنی شۆڕشگێری بۆ مەسەلەی دیموکراتی دەور یاخود دەسەڵاتی رابەرێتی ناخاتە پشت گوێ بۆ ئەوەی شوێنی تایبەتی خۆی هەبێت لەکاتی پێویست بەو مەرجەی لەرێگای راستی و تەواوی چەسپاوی دیموکراتی و گیانی کاری بەکۆمەڵ دوورنەکەوێتەوە . پێویستە چارەسەرکردنی تایبەتی نەکەینە یاسایەکی گشتی و خۆمانی بێ بەبەستینەوە و بیکەینە بەدیلی بەکارهێنانی دیموکراتی و رێزلێنانی کاری بەکۆمەڵ ..

تەنیا حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دوور لەگەڵ و هێزی نیشتمانی شۆڕشی هەڵنەگیرساندووە ، کە ئەمە ئەڵێم بەو بەری باوەڕەوەیە نەك بۆ بزواندنی سۆزتان ..

هەرێەکێ لە ئێوە کە لێرە دانیشتون یا ئەو نیشتمانیەروەرانەی دووری ئەم کۆبوونەوەن لە هاووڵاتیانی گەلی عیراق و هێزەکانی نیشتمانی هەرکەسە بە گوێرەی خۆی و بیرکردنەوەی لە لاوازی رژێمی عارفی بەشداری تیایدا کردووە . بەڵام بەگوێرەی شی کردنەوەی تایبەتی و سوربونی تێکۆشەرانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست شوێن و کاتی دەست نیشان کرد بۆ لێدانی رژێمی عارفی و لە ١٧ـ٣٠ تەموزی ١٩٦٨ جلەوی حوکمی گرتەدەست .. واتە هەرێەکێك لە ئێوە بە شێوەیەکی راستەو خۆ یا ناراستەوخۆ بە شداری شۆڕشی کرد ، بۆیە هەرێەکێك لە ئێوە بەشداری خولقاندنی ئەم رژێمەی کردووە کە هەموومان لێرەدا موناقەشە لە سەر مەسەلەی پەرەپێدانی و چۆنیەتی خزمەت کردنی گەلەکەمانی پێدەکەین .

حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دەوری تایبەتی و رابەرێتی هەڵگیرساندنی شۆڕشی هەبوو بۆیە گەل و هەموو هێزە نیشتمانیەکان دانیان بە دەوری رابەرێتی ناوە ئایا ئەمە بەس نیە ؟ ئەم دەورە رابەرێتیە بەس نیە بۆ ئەوە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بەتەنیایی دەسەڵات نەگرێتە دەست ؟ بەڵێ ئەمە بەس نیە .

لە سەر ئەم راستیەو لەبەر چەند هۆیەکی تریش حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بەتەنیایی دەسەڵاتی نەگرتە دەستو پێویستە واش نەبێ چونکە هیچ بیانوێەکی مەوزوعی نیە بۆ ئەوەی بەتەنیایی حوکم بکات .

بەم پێوانەیەوە پێویستە لێهاتویی هەرێەکێکتان و دەوری هەرێەکێکتان لەکاری شۆڕشگێری یاکاری سیاسی یا لە بنیاتنانی دەولەت ببێتە بیانوێەك یا پەردەیەك بۆ ئەوەی لە شوێنیدا بە تەنیایی کاربکات و واز لەکاری بەکۆمەڵ و بەکار هێنانی دیموکراتی بهێنێت هەر چەندیش لێهاتو بێت و پەخشندە بێت بۆ شۆڕش و حزبو کۆمەڵ .. شۆڕش هەر هەڵنەگیرسا ئەگەر حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستیش پێی هەڵنەستایە ، چونکە گەل حزبی دەخولقاند کە رێکایەکی شۆڕشە ، بەڵام گەل زیانی زۆری لێ دەکەوت ئەگەر بێتو شۆڕش هەڵنەگیرسایا لەو کاتەداو بەو شێوەیەو بەو رێبازەی کە لە ١٧ـ٣٠ تەمموزەوە تا ئێستا پیایدا رۆیشتووە ، دوور نیە زیانەکەشی لە کیس چونی هەلەی مێژوویی بوایە کە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست زۆر بە لێهاتویی توانی دەست نیشانی بکات و توانای خۆی و توانای گەل بۆ سوود لێ وەرگرتنی بەکار بهێنێت .

ئایا حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست شۆڕشی هەڵنەگیرساند ئەگەر ئێمە رابەری نەباین و ئێوەش نەبان ؟ وەڵام : بەڵێ حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست شۆڕشی هەڵنەگیرساند هەتا ئەگەر ئێمەش رابەری نەباین ، بەڵام ئایا لەو رۆژەدا بەو شێوەو زیانە شۆڕش هەڵنەگیرساو رێبازەکەی ئێستاو رابوردوشی بەهەمان شێوەو ئەنجام دەبوو ؟

وەڵامەکەی : نەخێر بەڵام بۆمان بەس نیە گەلو حزبو لایەنەکانی بەرەی نیشتمانی دان بە دەوری رابەرێنیمان بنرێت ؟ بەڵێ ئەمە بۆئێمە بەسە ..

بەڵام نابێ ئەمە گرنگیەتی کاری بە کۆمەڵ و بەکارهێنانی دیموکراتی لابەرێت ، لەم راستیەدا باوەڕناکەین کە بەکارهێنانی دیموکراتی و کاری بە کۆمەڵ دەورمان یا ریز لینانی خەلك بۆمان کەم یا بچوك بکاتەوە ، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەورو ریزمان لە حزبو دەولەت و پەیوەندیمان لەگەڵ لایەنو هێزەکانی نیشتمانی لەکۆمەڵ زیاد دەکات . پێویستە هەردەم ئەو رێکایەی پێی گەیشتوینە شوێنمان لە یادنەکەین ، وە نابێ لەمەوقعی و ئێستاو رووخسارو هێزەکانی نادروست مەلە بکەین و ئەو پرۆگرام و شێوەیەی کە ئێمەی هێناوتە ئەو شوێنە لە یاد بکەین .. هەرێەکێ لە ئێمە ئەگەر لە چوارچێوەی رژێمی عارفی و قیەم و نەریتە بۆگەنەکەی بوایە لەم مەوقعەی ئێستایدا نەدەبوو ، راستە هەندێکتان یا زۆربەتان لە دایەرەکەی لە کرێکار یا لە مووچەخۆرو ئەفسەری بچووك لێهاتوترە ، بەڵام پێویستە بەردەوام هەولدانیان یا هەولدانی بەشی زۆریان کە ئێمەی گەیاندۆتە مەوقعی ئێستامان لە یاد نەکەین . نابێ مەوقعی بپارێزین ئەگەر بەردەوام یادو سەرپەرشتی ئەو پرۆگرامە نەکەین کە لە پێناو خەباتو شۆڕشمان کردووە ، وە بەردەوام سەرپەرشتی و خزمەتی گەل بکەین ، هەر کەسە بە گوێرەی مەوقعو لێترسراوێتی و دەسەڵاتی پێویستە قەت لە یادیان نەکەین ، چونکە ئەو شێوەو پرۆگرامەی ئێمەی گەیاندۆتە ئەو مەوقعە راسترین رێکایە پێویستە بەردەوام یادی بکەین وە لە پەیوەندیمان لەگەڵ هاوڵاتیان و هێزەکانی سیاسی و گشت مەفالانمان ...

ماویەتی

Jurde de Paris
Institut kurde de Paris

سەرنج وتێبینی

بیان بەردە فرکێ؟

مصطفی صالح کریم

لە ژمارە (٣٨٩)ی رۆژی ١٢-١٠-٩٧٧ لە رۆژنامەی (هاوکاری)دا ، چەند تێبینی‌یەکو هەندێ سەرنجی تایبەتیم پیشان‌دابوو ، دەربارەی کۆڕە ئەدەبی‌یەکانی وەرزی هاوینەی یەکێتی‌ی نوسەرانی کورد لقی سلیمانی، هەر خوێنەرێك جارێکی تریش بەوردی چاوی پیابخشێنێتەوە ، بۆی دەردەکەوێت کە مەبەسی من دوور بوە لە پلارو توانج ، هانەدەرو دروست‌کەربوە ، نەك روخێنەر ، بەلام مامۆستا (ئەحمەد سەلام) ئەندامی لیژنەی رۆشنبیری یەکێتی لە سلیمانی بە نارەوایی ئەو سەرنجانەی کردوە بە ، بەردەفرکێ لە ژمارە (٣٩٢)ی رۆژی ٣١-١٠-٩٧٧ی هەمان رۆژنامەدا ، جا بۆ ئەوەی موعادەلە جەبری‌یەکانی هەروا بە ناسانی بەسەرمانا نیپەڕ نەبێتو راستیش بەو جۆرە گۆڕەوشار ناکرێت ، ناوەختی وتارەکەی یەکالا دەکەمەوە ، تا هەمو خوێنەرانی بەرێز بزانن کامەیان لە سەر حەقین !

پێش هەمو شتێك مامۆستا (ئەحمەد سەلام) ناونیشانێکی سەیری بۆ سەرباسەکەی دارشتوە کە بەهیچ جۆرێك لە گەل ئەو سەرنجو تێبینی‌یە ئەدەبی‌یانەی مندا ناگونجێن ، چونکە من لەوەتی خۆمم ناسیوە ، تەنانەت لە دەوری منداڵیشما شەڕەگەڕەکو بەردە فرکێم نەکردوە ، چ جای (بەردە فرکانی !) کەی لەمەڕ ئەو ، هەرگیز نەقۆچەقانی‌و نە دارلاستیکم بە کار نەهێناوە ، لە هیچ نوسینێکیشا ئەو سنوری ئەدەبی دەر نەچووم ، بەلام دەڵێیت چی لەگەل ناوەژو کردنی وشەو یاری رستەکردنو چاو لە راستی نوقاندن لە پێناوی ئەوەی بیروراو سەرنج بوترێت « بەردە فرکانێ » و « حیسابی خەمل » .

مامۆستا ئەحمەد سەلام ناقاییلە لە وشەی (ئێوارە کۆڕەکان) کە من بە کارم هێناوە بەلای ئەوەوە ، وەرگێڕانێکی دەقاودەقی (الامسیات الادبیە)یە ، جارێ نازانم ئەم دەقاودەقەی لە کوێوە هێناوە چونکە (امسیاتی ئەدەبی) ئەگەر بکرێ بە کوردی ئەبێ بوترێت - ئێوارانی ئەدەبی - ، جا ئایا ئێوارە کۆڕەکان هیچ خزمایەتی‌یەکی هەیە لە گەل وشەعەرەبی‌یەکەدا ، ئەمە لە لایەك لە لایەکی تریشیەوە لە مامۆستا ئەحمەد ، دەپرسم ئاخۆ کورد نەیوتوە (ئێوارە وەختە) ؟ خۆ دەیتوانی بڵێ : وەختی ئێوارە ، یان ئەوتراوە (شەو چەرە) کە دەش توانرا بڵێین : چەرەی‌شەو ، ئیتر بۆ چی دەبێت « ئێوارە کۆڕ » داتاشراوبێتو چێژی زمانەکەمان پێی قاییل نەبێت هەر لە بەر ئەوەی وشەیەکی نە سواووزاراوەیەکی نوێ یە لە بەکارهێنانەدا .

دەربارەی کۆڕی (هەردی شیعرو قۆناغ) کە لەلایەن مامۆستا کاکەی فەللاحەوە پێشکەش‌کرا ، بۆ ئەوەی هیچ خوێنەرێك دەستخەڕۆی لێکدانەوەکەی مامۆستا ئەحمەد سەلام نەبێت کە بە مەنتیقی ئەکلیرکی‌یانە دەیەوێت ، وای لە خەلکی بکەیەنێ کە ئەو باشتر لەو مەسەلەیە دەزانێتو خۆی لە لیژنەی رۆشنبیری‌ـ دایەو بەڕیوەبەری کۆڕیش بوە ، من بەناحەق پەلپیان پێ دەگرمو دەڵێم : دەبوو وابایە نەدەبو بەم شیوە بوایە جا لەبەر ئەوانە ناچارم مەسەلەکە لە ئەلفەوە بگێڕمەوە .

پێش سازکردنی ئەو کۆڕە ، بە چەند رۆژێك نامەیەکی تایبەتیم لە دەستەی بەڕیوەبەرەوە بۆ هات ، داوایان لی‌کردبوم لە گەل ماموستا شەونمدا بەشداربم لە گفتوگۆو مۆناقەشەی باسەکەی مامۆستا کاکەی فەللاح ، ئێمە بەپێی ئەوەندەی شارەزای کۆڕو لێدوان بووین وابەتەـ مابووین پێش وەخت باسەکەمان بدرێتێ تاشتی لەسەر ئامادە بکەین ، بەلام باسەکەمان نەدرایە ، ئیتر من لەلای خۆمەوە ، وتم : رەنگە کەسانی تری بۆ دانرابێ ، گرنگ نی‌یە ، هەرچۆنێ بوو ، ئێمە وەك ئەو هەموو کەسانەی تر ئامادەی کۆڕەکە بووین ، کاکەی فەللاح باسێکی رۆمانسی نایابی پێشکەش کرد جگە لەخوێندنەوەیەکی بە سۆزی شیعرەکانی ئەحمەد هەردی ، دوای تەواوبوونی ، مامۆستا ئەحمەد سەلام کە بەڕیوەبەری کۆڕ بوو ، پەڕەی نوسراوی ئامادەکراوی دەرهێناو کەوتە دەزبرینی سەرنجی تایبەتی خۆی ، ئەمجا کەلێ‌بوەوە ، وتی : لەبەر ئەوەی بەداخەوە کاك شێرکۆ بێ‌کەس لێرە نەمایەوە گەڕایەوە شوێنی خۆی نەیتوانی بەشدار بێت ، بەلام ئەم چەند تێبینی‌یەشی داوە بەمن کە لێرەدا بیخوێنمەوە ... تا ئێرەش من‌و شەونم وادەزانین کەشتە کە ئاسایی‌یەو ئەم دوانە دەست نیشان کراون ، ئەمجا بەپێی لێکدانەوەی خۆمان وای بۆ دەچین کە ئیتر داوا لە دانیشتوان دەکەن کە گفتوگۆی هەیە ، یان ڕای تایبەتی هەیە با ئاگاداریان بکات .. بەلام کوتوپڕ دەنگی مامۆستا ئەحمەد سەلام ئەو بۆچوونانەی ئێمەی هەڵوەشاندەوە کە وتی : بەرێزان ، دەستەی بەڕیوەبەری یەکێتی بۆ لێدوان لە سەر ئەم باسەی ئیمرۆ مامۆستایان مصطفی صالح کریمو عەلی شەونمی دەست نیشان کردوە ، با بفەرموون بۆ ئێرە ،واتە بۆ لای خۆی . ئێمە کە دەستمان کرد بەلێدوان پێشەکی من ئەو گلەیی‌یەم کرد کە دەست نیشانیش کراوەو

● .. هیچ یەکێ لە ئەندامانی لیژنەی رۆشنبیری هەقی ئەوەی پێ نەدرابوو لەورۆژەدا بەرهەمی کەس بداتە دەستکە سی تر !!

● نابێت بەڕێوەبەری کۆڕ لە پێشا سەرنجەکانی خۆی دەربڕێ هەر لە بەر ئەوەی مایکرۆفۆنی لەبەر دەستایە ..

باسەکەشم نەدراوەتێ ، لە گەل ئەوەشا چەند سەرنجێکی سەرپێیم هەیە باسیان دەکەم ، بەرامبەر بەو گلەیی‌یەم کەس نەبوو ، وەلامم بدەیتەوە ، یان بڵێ : تۆ لە سەر حەقنیت ، هەمو یەکیك هەستی بەوە کرد کە کەمتەرخەمی یەك نوێنراوە لەو رووەوە .

لە دوای سێ مانگ بەبۆنەی تەواوبوونی وەرزی‌یەکەمەوە ، بیاچونەوەیەکم پێشکەش کرد لە هاوکاری)دا ، لەو هەندە سەرنجانەدا یەکێکیان مەسەلەی ئەوە بوو کە یەکێك دەست نیشان کرا ، دیارە ئەبێ بەرهەمەکەی بدرێتێ تا سەرنجەکانی فوولتر و وردتربن ، تەنیا ئەمراستی‌یە کە وەك رۆژ دیارەو ناشاررێتەوە مامۆستا ئەحمەد سەلامی جولاندەوە کەوتە بەهانە هێنانەوە ، بەلام لەبەر ئەوەی تا ئێستا نەبیسترا‌وە یەکێك بڵێن وەرە لەسەر باسی فلان‌کەس بدوێو باسەکەش نەبینێ ، مامۆستا ئەحمەد سەلام سەری گلۆلەکەی لێ ون بوەو بۆی هەڵناکرێتەوە ، خۆی خستۆتە گیژاوی راستی شاردنەوەوە ئەوەتا دەڵێت :

« هیچ یەکێ لە ئەندامانی لیژنەی رۆشنبیری هەقی ئەوەی پێ نەدرابوو لەو روژەدا بەرهەمی کەس بداتە دەست کەسی تر » .

با بڵێین ئەمەوایە ! ئەی خۆدەستەی بە ریوەبەر هەقی ئەوەی هەبوو ، ئەی ئیتر بۆ ئەوراستی‌یە ئەخاتە ژێر لێوەوە ، چاکتر وانەبوو بینوسیایە « ئێمە دەسەڵاتمان‌نەبوو ، بەلام دەبوایە دەستەی بەڕیوەبەر باسەکە تان‌بدانێ کە ئێوە دەست نیشان کراوبوون بۆ ئەو مەسەلەیە » ...

بەلام مامۆستا خۆی لە قەرەی ئەوە نادات‌و دەیەوێت وا لە خوێنەر بگەیەنێ کە ئەو هەبوو ، ئیتر کەسانی تری پێویست نەبوو ، ئەمانە لە خۆیانەوە شت دروست دەکەن ، کەی شتی وا هەبوو کە گوایا باس بدرێتە دەستیان ... !!

جا لێرەدا چەند پرسیاوێك بەرەو رووی مامۆستا ئەحمەد سەلام دەکرێنەوە

١ - ئایا مصطفی صالح کریمو ع.ع. شەونم بەنامەی تایبەتی دەستەی بەڕیوەبەری یەکێتی دەست نیشان کراوبون ، بۆ لێکۆلینەوەی ئەو باسەیان‌نە ؟

٢ - ئەگەر نابێت بەرهەمی کەس بدرێ بە کەسی‌تر ، کەواتە ئەو دەست نیشان کردنە بۆچی بوو ؟ ئەوانیش وەك هەموو خەلکەکەی تر دەهاتن‌و ئەگەر ، رایەکی تایبەتی‌یان ببوایە بە پرسی ئێوە ، وەك ئەوانی‌تر دەریان دەبڕی .

٣ - کە نابێ بەرهەمی کەس بدرێ بەکەس ، ئەی مامۆستا شێر کۆبێ کەس ئەو سەرنجانەی لە سەرچی پیشان دابوو ، کە بەرهەمەـ مەکەی نە دراوەتی ئەگەر دراویشیتی ، کێیە ئەو کەسەی بەرهەمەکەی لا بوەو داویەتیە ؟

٤ - کە نابێ ، بەرهەمی کەس بدرێ بەکەس ، ئەی مامۆستا ئایا ئەوانە هەر لە غەیبەوە شتیان نووسی ، یان بەرهەمەکانیان پێشەکی دە دراوە .

٥ - دوا پرسیارم ئەوەیە بۆ چی ئەگەر لە رووی گلەیی‌یەکی برایانەوە بڵێم « دەبو باسەکە بە ئێمە بدرایە » بە شێوەکی ئەنگ بدرێتە قەلەمو مامۆستا ئەحمەد سەلام تاوی قۆچەقانی‌مان لێ بدات .

جگە لەمانە ، ئەوەی من وتومە شتێك‌نی‌یە شاراوەـ بووبێ ، هەڵەیەك بوەکراوە ، برواش ناکەم دووبارە بێتەوە ، تا ئێوارەش مامۆستا ئەحمەد سەلام لە سەری هەڵ بداتێو دەیان ستوونی تریشی لە سەر بنووسێ کە سێك نی‌یە بڵێ « ئەمە راستە ، یەکێك دەست نیشان بکرێ بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمێك‌و بەرهەمەکەشی ئەدرێتێ » .

جا کێ بەر پرسیارە ؟ من ئەوەم دەست‌نیشان ئەکردبوو ، ئۆبالم ئەخستبوە ئەستۆی کەس ، کەسیش ئەی چرپاندوە بە گۆیما وەك

بروانە - ل ٢

فیرانی یا کورد دەمەو زینا « خانی » دا

هەندی مرۆڤ بەلبەن‌و کولیلکا ژ گولستانا - خانی - بچنیتو فەدورتین .. دورو مراری‌یا ژ دەریا بێ‌بنا هۆزانێت وی کۆمو خرفەکەت .. نە گولستان خەرت‌و سیس دبە ، نەژی دەریا حالی‌و فالا دبە .. چونکی - خانی - جووکا ئاف لێ چوویە ، چو جارا هشك‌و چك نابیت .. هەفرستا هەمیشە کراس کەسکە ، چو جارا تازی‌و رویس نابیت .. - خانی - شەیداو هناف سۆتی‌ێ مللەتێ کوردە .. سەرۆك‌و سەرگەفازێ هۆزانڤانێت نەتەوایەتی‌و وەلاتپەرستی‌یە .. کەس وەکی وی ب حاچو چەلیپا کوردی‌نە نەهاتی‌یە هلاویستن .. یان وەکی وی یکنیزمو کەلەمێت وەلاتی‌نە نەهاتی‌یە برینداروشلفەکرن .. هەر نیشان‌و سیفەتەکا بلندو بهادار ئەوی بو مللەتێ خۆ دانایە .. مللەتێ وی ژیهاتی‌و بەرکەتی‌یە .. گەرناس‌و چەلەنگە .. مەردو چاف‌فەکریە .. راست و بوەفایە .. ئەف نیشانە هەمی کت‌کتە مینا موورێ‌و تەمغێ بنافچانێت مللەتێ وی‌فەنە :

هەر مێرەکێ وان ببەذل حاتەم
هەر مێرەکێ وان برەزمی رۆستەم

یان :

جامێری‌و هێمەت‌و سەفاوەت
مێرینی‌و غیرەت‌و جەلادەت
ئەو خەتمە زبو قەبیلێ ئەکراد
وان دانە بشێر هێمەت‌و داد

مەمو زین/م.ب. رودنکو - ب : ٣٣-٤٣

میر - زین الدین - میرەکێ کوردە .. میرێ میرگەها بۆتانە .. وارگەهێ شینبون‌و کەسکبونا چێرۆکا مەمو زینێ .. ئەف میرە ژ ئیجاخو ئازبەتەکا هێژاو هەژی‌یە .. سەروەرێ شاهو مەلکانە .. مێرسەرو مێرخاس‌و چەپەرە .. رۆستەمێ زەمانێ خۆیە .. حاتەمێ دل فرەهو مەردێ‌یە :

جبار فەلەك ژوی حەزمرکار
مەسلول ژ سل سەیفی جەبار
زینا مەلکان‌و زین‌الدین بو
نافێ وی ئەمیر (زین‌الدین) بو
. . . . . .
موحتاجی سەخاوەتا وی حاتەم
مەغلوبی شوجاعەتا وی رۆستەم

مەمو زین/م.ب. رودنکو - ب : ٤٤

د جمەکی‌دا - خانی - نیشانێت لەوەندو بەرکەتی‌ێت - تاجدین -ی‌و باب‌و برایێت وی دەژمێریت .. باسی بنەماڵا وان دکەت ، کا چەوان بنەمالەکا بنکرەتی‌و ئاغایە ؛ مالدارو خانەدانە .. هەر مێرەکێ وان مەنبەری هزارایە .. عارفو چەکو دوو برایێت تاجدینی‌نە ، هەردەم دنیکا مەیدانا شەڕی‌دا وەکی دوو فێرس‌و گیڤرێت مەسەو سەرخۆش دخورن .. شێرێت رۆژا دەست‌کورێ‌و تەنگاڤی‌ێ‌نە.. هەرگیز کارێ وان سۆتن‌و پاتنا دلێ دوژمنایە :

(تاجدین) دگوتنێ جوانەك
گودەرزی زەمانە پەهلەوانەك
نەسل‌و نەسەب‌و حەسەب عەیان بو
سەر دەفتەرێ سەروەرێ گران بو
بابێ وی دگوتنێ (سکەندەر)
لکن عەرەبان دگو عضنفر
لەورا کو بشیر شوبهی شێر بو
رۆژا شەڕی ئەو هزار مێر بو
تاجدین دوو برا هەبون دقەلاش
مانەندی دوو شەهبازی جەماش
دائیم دلێ دوژمنان دسۆتن
یەك عارفو یەك چەکو دگوتن

مەمو زین/م.ب. رودنکو - ب : ٥٠

هەر واسی سیارێت کوردا سفکو پەهلەوانن .. سرت‌و چەسپانن .. دەست‌راست‌و ئارمانجخۆشن .. نێچیرفانێت بێ‌بەفل‌و هەفتانە .. فەزفرین خالی‌و دەست فالا ژ نێچیرێ جەم وانە تەنگە .. نە خوزی‌یا وان نەیرو دەهبێت بکەفنە بەر حنکا شیرو تیرێت وان :

چاپوك حەرەکات‌و نەوجوانان
وان فیرس‌و گوردو پەهلەوانان
درندە دراندبون بشیران
پەرندە پەراندبون بتیران

مەمو زین/م.ب. رودنکو - ب : ١١٧

مرۆڤێ کورد مینا - خانی - دیارو ئاشکاردکەت .. یێ راست‌و ئێك رویی‌یە .. هەفرێ‌و هۆگری‌و براینی هەر هەژی وی‌یە .. هەمی سەرومالێ خۆ ددەتە بایی درێکا هەڤالینی‌ێدا .. مینا (تاجدین)ی دەست برائێ (مەموی) مالا خۆ سۆتی‌و شەونانەی ژبەر ئەگەرا قورتالکرن‌و رزگارکرنا وی دەما کەتی‌یە تەنگاڤی‌و دەلیڤا تەنگەزاریێ :

گو رابە (ستی) کو من درەنگە
ئیرو مە دگەل قێ مالێ جەنگە
طفلێ خۆ خلاس‌کە دێ بچت مال
مال بو مزو ها ژ بو تە منداڵ
. . . . . .
خەل فەدکوژت ئاگر بئافێ
ئەز دێ فەکوژم بئاگر ئافێ

مەمو زین/م.ب. رودنکو - ب : ١٣١

پاشی - خانی - داستانەکا پڕ بهاو نرخدارا کوردی نیشا مە ددەت‌و ددانتە بەرچافان .. دەما دوو سەد زەڵامێت میری خۆ خرخۆش دکەن ، دا بەرهنگاری (مەمێ) بن .. مەم خەنجەرێ ژ کافلانی دکێشیت .. هەر سێ هەڤالێت وی - تاجدین‌و عارفو چەکو - دەهواری‌تێن ... لزەڵامێت میری دخورن‌و دنڕن : خۆ هشیارکەن ، هوین نە سەرخۆش‌و نەمەستن ! چانێت خۆ فەکەن ، هوین باش دزانن ئەم کی‌نە ؟! حەتا هوین بشێن مەمێ تەنگاڤ‌و بێ‌حال‌کەن ، سێ سەد ژ هەوە دێ ئێنە کوشتن قەزەلاندن :

رابونە مەمێ دوو سەد غضنفر
مەم رابو پیان ددەستی خەنجەر
تاجدین‌و چەکو دگەل برائی
رابون بتەعصبو تەبائی
گوتن گەلی جندیان قەوەستن
هون جملة نە سەرخۆش‌و نە مەستن
هون قەنج دزانن ئەم کوسانن ؟!
صاحب هونەرن دپەهلەوانن
پانسەد ژ وە حملەکەن بکەربان
نادەینە وە ئەوبەتا چو ضەربان
گەر چەوە ئەچەل بدەست مە ئینە
ئەمما وە گەلەل ژ دەست مە دینە
حەتا کو مەمێ بکەن گرفتار
سێ سەد ژوە دێ ببن بریندار

مەمو زین/م.ب. رودنکو - ب : ١٣٩

دیماهی‌ێ مینا مە گوتی ، هندی ئەم بو - خانی - بێژین‌و خۆش کەین .. پەسنان زێرا هەڵپسێرین .. ئەو هزار جارا وێقەترو زێدەترە .. کەس وەکی وی قەدرێ خۆ نزانیت گافا فەرموی :

طبعی - خانی - صەدەفا گەوهرو عیرفانە وەلێ
مەتن خوانەك نە بتن صاحبێ مەعنا چ بکەت ؟!

عبدالرحمن مزوری

پەیڤێن گران :

سەرگەفاز - سەرۆك سەرکێش
شلفەکرن - سەلخاندن
نازبەت - بنەماڵ ، ئیجاخ .
پاتن - سۆتن ، شەوتاندن

لومەیا خەلکی مەزنترە ژعەزابا گۆڕێ

فاروق ئامێدی

ئەقە دهێتە گوتن .. دەمێ ئێك خرابیا ، ئالوزیا ، لەنگیا دکەت ... خەلك دێ بەرینێو دەست هاڤێتە گلەیاو کازنداو نەکامیێ .. فلانی !... کارەکێ گەلەکێ هەڕمی کرییە ، یێ دی دێ بێت ... فلان !!... مروڤەکێ لەوتی‌و چەپەڵو چڤێلە ... کەس خو نێزیك نەکەت ... یێ دی دێ بێت چکریە ... چکریە ؟

- تە نەزانییە ؟!

- نەواللە ... من های ژێ نینە !

- هـ هـ ... هەر نەزانە چێترە ...

- ئێ چییە ؟ ... دا ئەز ژی بزانم !

- کورا هەر ژێ گەرە !.. بشتی ئێ هەمیێ .. کریارا کابرای بۆ گوت کو .. فلانە مروڤ یێ رابووی هۆ کری‌و هۆ .. هۆ ؟!..

- تەهەء ... خوزی من گولێ نەبیا ... کورا چاوا ؟ ...

- کورا بهێلەو تێکڤەنەدە .

- تو دزانی هەگەر ئەو مریا گەلەك چێتر بوو ! ..

- کورا ئەو ژی چوننە ! ... هەر خو یێ نائینیتەدەر ! هەیامەکی چون ... تا گەهشتینە سەر کانیێ لبنێ گوندی ... بەرێ خو ددەنێ ... کومەکا مروڤان لوتقە دراوستیاینەو هەمیا بەحس بەحسێ وی کابرایە ! ..

- تبندەرێ ... تبندەرێ ... ئەڤا ژی بەحسی وی‌یە !

- کورا دسەرهندێ‌را .. هەڤالێ منە ژێ !

- هەما هەر وەنەبێ ... هەڤالێ چێ !

- بخودێ ئەز دێ چمە نك لالا وان ...

- چێ چێ ؟!

- دێ چمە نك ...

- نك ؟

- ئەرێ ...

- پاشی دێ خەلك بەحسی تە ژی کەزو تو ژی دێ گونەهباربی !

- بلا ... دڤێ بچم .. بزانم ئەڤی چاوا هو کریە ؟ چێ ! وە توڤێ زەر بی ... دێ بێی باداره .. قودیکا خو ئینادەر .. بۆ خوو جکارەکێ تێ کەت ... بەرکێ دلەپی‌دا ڤەدلەرزیت ...

- ئەڤە تە خێرە ؟

- هەر ژێگەرە !

- ئێ چییە ؟ ... تو بو من نابێژی ؟

- راوستێ ... بێهنا خو بدەم ... ئەز ! ... ئەز ..! لگەل هندێ ژنا وی بزور کەفتو ... هەر ئێکی ژوان .. چایەك دانا بەرو چوو ... دەرکەفت .

- وەرە ... وەرە سەرێ من بگرە ... سەرێ من .. سەرێ من دزڤریت ... هەڤالێ وی بلند بۆ ... حشکە سەرێ وی گرتو .. دبەررا گوتێ .. چونینە ... مێرێ باش‌و قەنج بپیچیەکێ خراب نابیت ... هێشتا گەلەکا مای ... رێیا دویرە ... مێرێ زیرەك دڤێ خو لبەر بگریت ... تا سیار نەکەڤیت نابیتە سیار ...

کابرا پیچەك تەنا بو ... خو درێژکرەڤ سەر ئفینێن خوو ... جیروکا خو ... هەمی ... ژ سەری تا بنی بو هەڤالێ خو گوت .. هەڤالی گوتێ :

- ئەڤا تە کری ... نە کەیەڤە !... نە ئەوبیت ... نە ئەوبیت ..

- برا ئەڤە ... ژ دەستێ من دەرکەفت ... خو نە ئەزێ دینم ؟

- ئەرێ .. هەرێ .

- نەخێر ... کارێ من لفێرە نەما ... ئان دڤێ ژ مالا خو دەرنەکەڤم ... ئان دڤێ بار بکەمو ژ گوندی دەرکەڤم ..

- ژ مالا خو دەرنکەڤی ! ... خرابتر دێ لێ هێتو بۆ دێ پێ ئاخڤن ... ژ گوندی باربکەی ! .. ژیارو ژینا تەو خێزانا تە ... هەمی دێ تێك چیتو شەپرزەبیت .

- خودێ ؟ ... ئەز چ بکەم ؟ ... ئەڤە من چ کر ؟ .. تف لێ شولا من کری ؟! ... راستە هەکو دبێژن :

« لومەیا خەلکی ... مەزنترە ... ژ عەزابا گۆڕی »

لەسەر ڕێگا

عبدالقادر خلیل

ئاوڕێک دەدەمەوە لە ڕۆژانی ڕابوردو تاو تاو کەسانێکم دێنەوە یاد کە دەمێکە نەماوون بەڵام قسە خوشەکانیان هەمیشە لەیاددایەو هەرگیزاو هەرگیز لەیاد دەرناچن هاوڕێکەم هەڵوێستێکی کردو گوتی ئایا بیرت دێت ئالەم شوینەدا ئاشێک هەبو پیان دەگوت ئاشی گاوران • ڕاستتان دەوێت پرسیارەکەی هاوڕێکەم زۆر خوش بو گوتم بەڵی بیرمدێت نەک تەنها ئاشەکە بەڵکو (مام ئالتونە ئەفندی) یشم دێتەوە یاد کەریسی هەڵ دەخست وە لەگەڵ موتابچیەکاندا خاوەنی جۆرە بەهرەیەکی خویان بون • هاوڕێکەم گوتی ئالتونە ئەفندی قسەکانی خوش بو هیچت لەبیرماوە ؟ گوتم کاکە ئالتونە ئەفندی پیاوێکی قسە خوش بو بەبیرم دێت کە قوتابی بوین خومان ئامادە دەکردبۆ تاقی کردنەوەکانی سەری ساڵو بەدەم کۆشش کردنەوە وە دەرۆشتینە سەر ئاشەکەی گاوران کۆ دەبوینەوەو پرسیارمان لەیەکتر دەکرد ناوتاو مام ئالتون دەهاتە لامان هێندی پرسیاری لێ دەکردین کە پرسیارەکانی دەکرد خوی لێ بادەداین گوایە ئێمە توانای ئەوەمان نییە وەلامی بدینەوە مام ئالتون پیاوێکی کەلەگەتو لاوازبو زۆر جار چاکەتو پانتولی لەبەر دەکرد ڕەنگی جلەکانی سپی بون موی سەری سپی بو کاکۆلی هەبو ئیسکی سوکبو دەچوە دڵەوە • خۆی بەزانا دادەنا ئێمەش دەچوینە لای و پرسیاری سەیر سەیرمان لێ دەکرد لەکاتی دوایی بەهاراندا باڵندەی پەرەسێلکە زۆر دەبون لەسەر تەلی کارەباکان دەنیشتنەوە دەستیان دەکرد بەخوێندن رومان دەکردە ئالتونە ئەفەندی ودەمان گوت ئایا دەزانیت ئەو پەرەسێلکانە چی دەڵین • ئەویش سەرێکی بادەداو پرسیارەکەی بەشتێکی ئاسان دەزانیو دەیگوت بەڵی • ئەوە دەڵێت (اذ یلتقی الملتقیان) ئەی مانای چی ؟ بەخەیالی خوی ماناکەی بۆ دەگوتین کە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ماناکەداری نەدەکەوت • ئێمەش گوتمان بۆشل دەکرد بەلام لێمان ڕونبو زۆر دورە لە ماناکەی خۆیەوە مام ئالتون لەگەڵمانا دەکەوتە ڕۆیشتن کەس نەبو شان بدات لە شانی لەڕویشتندا بێهاوتابو خاوەنی قسەی خۆش و بەهرەوەربو خوا عافوی بکات پیاوێکی زۆر باش بو •

چیکەک ژدەریایا فولکلوری کوردی

★

من یاردیتو ل ئەیوانا ژووری سەردەپکا ••
دئینیت قامەتا نقێژا عەیشا ••
تە خالەکا ل گەردەنێ ، نیشانەکا لسەر مەمکا •

★

من یار دیتو لە ئەیوانا ژووری
دهەژینیت منداڵێ •• منداڵێ تبادکەت •
کۆشا شەملێ دووتادکەت •

★

تیتا زێری ل ئەنێ بەتلی
چەند وەلاتێ بەغدایێ هەمی پێ کری(٢)

★

من یار دیتو ل ئەیوانا ژووری ••
شەمالەك هەلبوو وەختێ هەنگووری
ئەز چ بکەم جانێ عەمرێ من بووری •

★

قەبرێ (محمد) ل مەدینێ ••
قەبرێ گولبارین ل مەکەهو مەدینێ ••
ئەزدێ وێ سۆرەتێ خوینم ئەوا لپال یاسینێ
ئەز دێ هنگی تەرکا دوو چاقێ ڕەشو بەژنا بلند دانم
من داهێلنە قەبرێ تەنگو تاری ••
بالگێ سەرێ من خۆش ببیت دەنگێ فێ تلقینێ •

لە پێناوی «پاشماوە»

دەکەوێتە سەرشانی ئەو هونەرمەندانە بریتی‌یە لە جیا کردنەوەی گۆرانی‌و مۆسیقای فۆلکلور لەگەڵ گۆرانی گەلیدا (الاغنیة الشعبیه) ئەوەی شایانی باسە تاشارستانیەتی بەرەو پێشەوە بڕوات ئەو هەوڵو تەقەللایە زیاتر ئالۆز دەبێت بۆیە داوا کارین لەو دەزگایانەی کە ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەرشانیان بە زووی بەیوەندی بکەن بەو هونەرمەندانەوە کە لەراستیدا ئەیانەوێ خزمەتی ئەتەوەکەیان بکەن بۆ ئەوەی پێکەوە هەوڵ بدەن ئەو ئامانجانە بهێننە ئاکام •

پرسیار : مامۆستا کەواتە لە نێوان گۆرانی‌و مۆسیقای فۆلکلوری‌و گۆرانی گەلیدا (الاغنیة الشعبیه) چەشنە جیاوازی‌یەک هەیە ؟

● گۆرانی‌و مۆسیقای فۆلکلۆر ئەو پەرهەیە کە نازانرێت خاوەنەکەی کێیە ، ئەمەش ئەوە ئاگەیەنێت کە بێخاوەن بوە • بۆ ئەوەی زیاتر ئاشکرا بێت هەندێ خاسیەتی گۆرانی‌و مۆسیقای فۆلکلۆری دەخەینە بێش چاو لەوانە :

یەکەم : بۆ ماوەیەکی زۆر نەمێنێتەوە وکۆمەڵێکی زۆر بە تایبەت چینی چەوساوەکان نەیلێنەوە •

دووەم : دەماو دەم گۆرانی فۆلکلۆری ئەروات‌و دێت •

سێیەم : چەند تسلوبی گۆرانی فۆلکلۆری هەیە کە لەشێوەی دارشتن‌و دانانو ئاوازەکەیدا لە یەکەوە نزیکن ، هەر چەندە لە گۆرانی بێژێکەوە بۆ یەکێکی تر وردە جیاوازیەک هەیە ، بەڵام لەڕووی دارشتنی سەرەکی‌یەوە یەک ئەگرتەوە •

بەڵام گۆرانی‌و مۆسیقای گەلی بریتی‌یە لەو بەرهەمەی کە لەلایەن هونەرمەندێکی دیاری کراوەوە ئاوازێکی بۆ دانەنێت کە شێوەو ئوسلوبەکەی لە فۆلکلۆرەوە وەری گرتوەو زۆر لێوەی نزیکە • ئەم بەرهەمەی کە ئێستا باسمان کرد زیاتر لە نێو چینی مام ناوەندا بڵاو ئەبێتەوە ئەمەش بۆ ماوەیەک ئەبێت ئیتر وردە وردە بەرەو کزی ئەڕوات بەپێچەوانەی گۆرانی‌و مۆسیقای فۆلکلۆرەوە کە هەمیشە زیندوە •

لە کۆتاییدا مامۆستا فەریدون دارتاش ووتی : ئێمە زۆرمان پێ خۆشە کە ئەو هونەر مەندانەی شارەزایان هەیەو ئەم باسە دەخوێنەوە ئەگەر تێبینی‌و پێشنیازێکیان هەیە وەیان ڕەخنەیەکیان لەم باسە هەیە بێ دەنگ نەبن بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر خزمەتی مۆسیقاو گۆرانی فۆلکلۆری کوردی بکەین •

سەروتار « پاشماوە »

لەهەردەزگایەکی دەوڵەت کۆمەڵو هەرناوچەیەکی نیشتماندا بێ ئیش‌بکا •

٥ ـ ئەوبڕیارە لەبڕوای تەواو بەیەکێتی نیشتمانو بەلایەنی پتەوکردن‌و قووڵکردنی یەکێتی چارەنووسی ڕۆڵەکانی گەلەوە هەنگاوی ناوەو بێگومان هەر هەڵوێستێکیش پێچەوانەی ئەوکارە نیشتمانی‌یەبێ نەك هەر لایەنێکی گومان لێکراوو دژ بە یەکێتی نیشتمانی ئەنوێنێ بەڵکو کەم‌دووربینی‌یەکیش ئەنوێنێ کەزیان بە بەرژەوەندو دوارۆژی قوتابیانی کوردمان ئەگەنێ •

تەقدیری سەرکردایەتی حزبو شۆڕش بۆمەسەلەی خوێندن لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا هێشتا هەر ڕەفزی سەرنجتەسکی ئەگاو لەسەرنجێکی سەرانسەریانەوە لەئێستاو لەدوارۆژدا ڕەفتار لەگەڵ مەسەلەی خوێندن ئەکات ، تاوەکو تێکڕای کاری پەروەردە لەوڵاتدا سەرکەوێ • ئەمەش لەتێکڕای ئەومەسەلە بنەڕەتیانەوە کەپێ‌یەوە بەندن • لەلایەکەوە باوەڕی خوێندن بەزمانی کوردی لەدەست نادەین‌و لەلایەکی تریشەوە بەجێهانێکی تەنگەبەرانەی ئەو باوەڕەش ناگەینە هۆیەك بۆ سەرهەڵدانی ئەنجامی نالەبار ، بەوەی کە زیان بەدوارۆژی قوتابیەکانمان بگەیەنێ‌و ڕێگەی پێشکەوتن‌و تەواوکردنی خوێندنی بەرزیان لەبەردەمدا دابخرێ • ئەورێبازە دروستەی کە سەرکردایەتی حزبو شۆڕش متمانەی کردۆتەسەر بۆچارەسەرکردنی ئەومەسەلەیە ، هاوسەنگی‌یەکی ڕاستو بەجێیە لەنێوان خوێندن بەزمانی کوردی‌و فێربوونی زمانی عەرەبیدا ، نەك هەر وەك ماددەیەك کە ئەخوێنرێ ، بەڵکو وەك ماددەیەکیش کە ماددەکانی تری پێ ئەخوێنرێ ، بۆئەوەی قوتابی بەچاکی بۆخوێندنی زانکۆیی دەست بدات‌و کاتێ دەریش ئەچێ‌و ئەبێتە ئەندامێکی بەکەلکی تێکڕای کۆمەڵی عیراق چالاکانە هاوبەشی لەکاروباری وڵاتدا بکا •

لەوپێودانگەوە سەرکردایەتی حزبو شۆڕش لەبارەی خوێندن لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا بەتەنگ ڕەخساندنی مافی ئارەزووی قوتابی‌یەوەو بووە ، ئەمەش مەسەلەیەکی جەوهەری‌یەو نەك تەنها لەبەرئەوەی بەلگەی دیموکراتی‌یانە نیشان‌ئەدا ، بەڵکو لەبەرئەوەی کە بەئاشکراو لەتێکەیشتنەوە باوەڕی یەکێتی نیشتمان‌و ساغی‌و دروستی سیاسەتی بەروەردەو خوێندن لەوڵات دەرئەبڕێ •

ئەم‌بڕیارە لەئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی وردەوە هاتووە ، وە بۆ ئەوەی سەرانسەرو خێرا بەجێهێنانی نەبێتە مایەی پەیداکردنی هەندێ ئالۆزی لەپۆلە کۆتایی‌یەکاندا ، سەرکردایەتی بەوەزارەتی پەروەردەی ڕاگەیاند کە ئیمسال ئەزموون‌دان بەزمانی عەرەبی بۆ قوتابیانی پۆلەکۆتایی‌یەکان دوابخرێ •

ئێمە داوا لەهەموو کاربەدەستانی دەزگاکانی پەروەردەو خوێندن‌و ڕۆڵەکانی گەل ئەکەین کە بەحەماسەت‌و بەپێی ئەخشەیەکی عەمەلی بۆبەجێهێنانی ئەوبڕیارە کار بکەن • وە پێویستە لەسەر دەزگاکانی وەزارەتی پەروەردە ئەخشەی عەمەلی ئاسان بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە بەشێوەیەك دابنێ کە مەبەسی نیشتمانی‌و عەمەلی ئەمێنێتەدی‌و دوارۆژی قوتابیانمان لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا زامن ئەکا ، تاوەکو هاوبەشی لەئەستۆگرتنی ئەرکی نیشتمانی‌و بیشەی‌یاندا بکەن بۆ بنیاتنانی عیراقێکی دیموکراتی پرشنگدار کە خۆشەویستی‌و یەکگرتنی چارەنووسی نێوان ڕۆڵەکانی یەك نیشتمان باڵی بەسەرا پەخش بکا •

فیداکاران « پاشماوە »

دەنگوباسی ڕۆیتەر ووتی‌ئێستا لەم بارەبەوە لێکۆڵینەوە دەکرێ‌و هەر باش ئەقینەوەکەکاربەدەستانی داگیرکردنی زایۆنی هەندێ هاووڵاتی‌عەرەبیان گرت‌و دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا •

بە گوێرەی هەواڵی ئەم ئاژانسە ، شوێنی هەردوو ئەقینەوەکە لە لایەن هێزەکانی‌دوژمنەوە ئەنراو ئەتەوەو هاتوچۆ کردنیان تێداقەدەغەکراوە •

لەسەرنج وتی‌بینی « پاشماوە »

مامۆستا ئەحمەد نوسیویەتی ، چونکە ئەو هاوڕێ‌یانەی من لەیەکێتی‌ی نوسەرانی‌کوردا ، ئەوانیش وەك خۆم وان قینیان لە چریە دەبێتەوە حەز لە وشەی ڕووبەڕوو دەکەن ، حەزیشم نەکرد وا کوتوپڕ کەسانی تریش تێوە بگلێنێ •

دەربارەی کۆڕی هەڵسوڕاندن ، من ئیستاش سوورم لە سەر ئەو ڕایەی خۆمو لێی ژیوان نابمەوە کە هەڵسورینەری کۆڕ ، سەری باسێك دەکاتەوە بۆ موناقەشە دوای دەربڕینی ڕای بەشدارەکان ئەویش ڕای خۆی دەردەبڕی ، بە لایەنگیری ڕایەك ، یان بەر پەرچی ڕایەك تا ••• د • لە هەندێ جاریشدا بەرتوەبەری کۆڕ ڕاو سەرنجەکانی خۆی دەخاتە دوای هەموان ، تەنانەت ئەو کۆڕانەی سلێمانیش مامۆستایان حەسیب قەرەداخی‌و ئەژی‌گۆران‌و محمد ڕشید فتاح‌و ڕوءف‌بێ‌گەردو ئەکرەم قەرەداخی کەبەڕیوەبەری‌کۆڕ دەبوون ئەم ئەریتەیان پەیڕەو دەکرد جگە لە مامۆستا ئەحمەد سەلام ئەبێت کە بواری کەسی ئەدا جارێ دەستی کرد بە خویندنەوەی سەرنجەکانی خۆی کە پێشەکی ئامادەی کردبوون (بێ گومان کەسیش ئاگای لەم کەین‌و بەینەنی‌یەکە دەڵێ ڕوخسەتم لە مامۆستا کاکەی فەلاح خواستبوو) کە لە ڕاستیدا دەبوایە ڕوخسەت لە دەستەی بەڕیوەبەر بخوازێ‌و بڵێ : منیش باسەکە دەخوینمەوەو چەند سەرنجێکی تایبەتی خۆمم هەیە دوای ئەو برادەرانەی کە ئێوە دەست نیشانتان کردبو ، منیش ڕاکانی خۆم ئەخەمە پێش چاو • یان هیچ ئەبوایە (أدبیاً) بە حوکمی ئەوەی لە لیژنەی ڕۆشنبیری‌ـ دایەو بەڕیوەبەری کۆڕ بوو ، سەردەفی کۆڕەکەی بە سەرنجەکانی خۆی دەست پێ ئەکردایە ، کەواتە لێرەشا من حەقم بوە کەو تومە ، ئەبێ هەڵسوڕینەری کۆڕ وابێ‌و ، وانەبێت •

حەز دەکەم مامۆستا ئەحمەد سەلام زیاتر ئەوەش بزانێت کە لە گەلێك کۆنگرەو کۆڕا بە پێی نیزامێکی تایبەتی خەڵك هەڵ دەستێ بۆ لێدوان • ئەگەر وانەبوایە گەلێك کۆڕ دەبوو بە ئاژاوەو پەشوکاندن •• بۆیە مەبەستم بو لەوەی‌کە ڕوونی بکەمەوە بەڕیوەبەری کۆڕ دەوری چی‌یەو کەسی سێ‌یەمیش چ دەورێکی هەیە کە ڕادەسپێررێت بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمێك لەکۆڕێکی فراوانداا •

مامۆستا ئەحمەد سەلام باسی (محضر) و (تخویل) و ئەم جۆرە شتانە دەکات ، وای دەباتە هۆشی خوێنەرانەوە کە ئەو (ملتزمە) بە بڕیارەکانی دەستەی بەڕیوەبەرەوەو بە هیچ جۆرێك لا نادات ، بەڵام من تەنیا یەك نمونەی لەو (التزامە) بەهێزە دەخەمە پێش چاو بۆ ئەوەی بزانرێت چەند ڕاگری بڕیارەکانی دەستەی بەڕیوەبەرە ••

« لە کۆڕێکدا ، هەندێ برادەر ، دەیان ویست لە سەر مایکروفونەکەوە قسە بکەن‌و ڕای خۆیان بڵێن ، مامۆستایان حەمە ڕەشید فتاح‌و کەریم شێخانی‌و ئەژی‌گۆران بەرودوا لەو بابەتەوە دوان ، وە دەریان ـ خست کە دەستەی بەڕیوەبەر بڕیاری داوە جگە لە خاوەن بەرهەم‌و ئەو کەسەی دەست نیشان کراوە بۆ ڕەخنەو هەلسەنگاندن ماوە نا درێت بە کەسی تر کە بێتە سەر مایکروفون ، هەر کەسێك هەر تێبینی‌یەکی هەیە لە سەر کاغەز بینووسێ‌و ئێمە ئەی خوینینەوەو خاوەن بەرهەمیش وەڵامی دەداتەوە• ئەمە بڕیارەـ ولێ‌ی لا نادەین ، لە کاتێکدا برادەرێك سوور بو لە سەر ئەوەی دەیەوێ قسە بکات‌و سەرۆکی‌یەکێتی دەڵێ : ئەمە بڕیارەو نای شکێنین لەو کاتەدا مامۆستا ئەحمەد سەلام ئەندامی لیژنەی ڕۆشنبیری‌و ملتزم بە بڕیارەکانی (محضر)ەوە ، بەدەنگی بەرز هاواری دەکرد (کاك کەریم خەڵکەکە قسەیان هەیە ، بۆ ڕێیان لێ دەگرن) هەمو ئەندامانی دەستەی بەریوەبەریش لە پاشا باسی ئەم التزامە پتەوەی مامۆستایان کرد •

مامۆستا ئەحمەد سەلام دوای (محضر)و (تخویل) ئەمجا ڕوو دەکاتە (ئینصاف !!)و دەڵێ : « ئەگەر کەمیکیش لا بکەینەوە بەلای (ئینصاف)دا وا تێدەگەم ئەو کۆڕەی کاکەی فەلاح ڕادەی پێزو گەرم‌وگوڕی‌و بە هێزی‌یان لە گەلی کۆڕی‌تر بە پێزترو گەرم‌وگوڕ ترو بەهێزتربوو » •

نازانم ، خوا ئەخواستە کەس بێ ئینصافی کردوە بڵێ : ئەو کۆڕە بێ پێزبوو ، یان لاوازو ساردو سڕ بوو ، نە نوسراوەو نەبیستراویشە ئیتر ئەم پێچە بەدەورەیە لە پای چی ؟ وە بۆ چی وای لە خەڵکی بکەینێ کە گوایا شتی‌وا وتراوە ، وە ئەمە چ پەیوەندی بە وڵامەکانیەوە هەیە ؟

چونکە من بەش بە حالی خۆم ، هەر لە کۆڕەکەشدا بایەخم بە باسەکەداو لایەنەگرنگە کانیم دەرخستو پیرۆزباییم لە کاکەی فەلاح کرد بۆ ئەو تەقەللا ئەدەبی‌یە ڕێك‌و پێکەی ، لەگەڵ ئەوانە ـ شا چەند سەرنجێکی تایبەتی خۆم هەبوو (بەئینصافیشەوە پیشانمدا) ، لە کەسی تریشم نەبیستوە بڵێ هەویری ئەو کۆڕە ئەوەندە بێ پێز بوو نانی لێ نەدەکرایەوە ، کەواتە ئەبێ ئێمەم تێ‌هەلکێشەی مامۆستا ئەحمەد سەلام ناوبنرێ چی ؟!

لە دوایی‌دا مامۆستا ئەحمەد سەلام ڕستەیەکی من دەردەهینێ‌و دەیکات بە کراسە خوێناوی‌یەکەی عوسمانو هانای پێ دەباتە ، بەر خەڵکی کە گوایا من قەدەغەی مایکروفۆنی لێ دەکەم ، مایکروفۆن مافی‌خۆیەتی ، ئەی خۆی ئەندام نی‌یە لە لیژنەی ڕۆشنبیری‌دا • لە پاشا دەریشی دەخات کە مافی کراوە بە منەوە نی‌یە ، ئەوەی هەر دوو جار مایکروفۆنیان داوەتێ ، ئەمانە هیچ پەیوەندی بە منەوە نی‌یە ، ئەوەی‌و وتومەو ئەی‌ئێمەوە ئەمەیە (نابێت بەڕیوەبەری کۆڕ لە پێشا سەرنجەکانی خۆی دەر ببڕێ هەر لەبەر ئەوەی مایکروفۆنی لەبەردەستایە) وە ئەوەی وتوشمە شتێکی ڕاستە چونکە هەر ئەونی‌یە خاوەن ڕاو هەر ئەویش نی‌یە کە دەبێ لەسەر ئەو بەرهەمە بدۆی ، مامۆستا ئەحمەد سەلام ناتوانێ وەڵامی ئەو ڕاستی‌یە بداتەوە پەنا دەباتە بەر موعادەلەی ماتماتیك کە ئەنجامی هیچ کامیشیانی بەڕاستی بو دەرنایەت ، مەگەر بچێتە دەورەی ماتماتێکی نوێوە ، هەرگیز لاریم لەوە نی‌یە مامۆستا ئەحمەد سەلام یان هەر مامۆستایەکی تر هەمو هەفتەیەك مایکروفۆنی بخرێتە بەر دەست ، گرنگ ئەوەیە کۆڕی ئەدەبی ڕێك‌وپێك بێشکەش بکرێت‌و ، وشەی کوردی ڕەنگین بدرێ بەگوێی ئەولاوە دڵسوزانەدا کە چوار مەشقی لەسەر زەوی‌یەکەدا دەنیشن من هەرگیز وەك مامۆستا بەرچاوتەنگ نیم زمارەی قسەکردنی سەر مایکروفۆن بژمێرم بەڵام وتومە نابێ « بەڕێوەبەری کۆڕ مایکروفۆن بە مولکی تایبەتی خۆی دابنێ ئەبێ چاوی لەم لاو لای خۆشیەوە بێت •

حکومەتی میسر « پاشماوە »

ئاژانسی دەنگوباسی یۆنایتدپرێس دوێنێ ئاشکرای‌کرد کەوا ئەمەریکا ئێستا هەوڵێکی تر ئەدات بۆ ئەوەی کۆنفرانسی سازاندنی جنێف هەڵنەوەشێتەوە •

عبدالحلیم خدام وەزیری دەرەوەی ڕژێمی سوریا ، خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر بەچوونی سادات بۆ فەلەستینی داگیرکراوو چاوکەوتن بە کاربەدەستە زایۆنیەکان لە (کنیست) بۆ قسەکردن لەبارەی سازاندنەوە دەربڕی ووتی پشتگیری لە دەستپێشخەریەکەی سەرۆك سادات دەکات •

لە لایەکی ترەوە زایۆنی دوژمن دیسانەوە دووپاتی کردەوە کەوا هەر فەلەستینیەك کە پەیوەندی بە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازەوە هەبێت نابێ لەکۆنفرانسی سازاندنی جنێفدا بەشداربێت ئەگەر بەسترا •

پێرێشەو ، هەندی لەکاربەدەستانی زایۆنی کە باسی ئەو پێشنیازەی سەرۆکی میسریان دەکرد کە دەڵێ پرۆفیسورێکی ئەمەریکی کە لە بنەچەدا فەلەستینیە ، نوێنەرایەتی فەلەستینیەکان لە کۆنفرانسی جنێفدا بکات ، ووتیان هەرکەسێك کە مەیلی بەلای ڕێکخراوی ڕزگارخوازی فەلەستینەوە هەبێت نابێ لەم کونفرانسەدا بەشداربێت •

سەرۆکی میسر کە ئامادەیی دەربڕیبوو بچێت بۆ فەلەستینی داگیرکراو تا لەوێ لەگەڵ کاربەدەستە زایۆنیەکاندا باسی سازاندنی چاوەڕوان کراو بکات ، بەوەفدێکی ئەمەریکایی ووتبو کە ئێستا سەر لەمیسر دەدات ، کەوا ئەو لەگەڵ یاسر عرفاتدا لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە پرۆفیسۆرێکی ئەمەریکی ، بەئەستۆل فەلەستینی ، نوێنەرایەتی فەلەستینیەکان بکات لەکۆنفرانسی جنێف ، وبەنجەی کێشا بۆ پێشنیارەکەی سەرۆکی میسر کە فەلەستینیەکان لە کۆنفرانسی جنێفدا لەلایەن ئەمەریکاییەکی بەئەستۆل فەلەستینیەوە نوێنەرایەتی بکرێن ووتی ئەم پێشنیارە پێشکەوتنێکی دیارە بەرەو بەستنی کۆنفرانسەکە •

نێرگز « پاشماوە »

خۆیان لە باوەش ناو ، ڕەگی خۆیان لە خاك دەرکێشاو ڕۆیشتن •

نێرگز لە بەردەم خۆیا وتی:

« ئانێستا کەس نیەو بەمەوسمی خۆم گۆرانی ئەڵێم •

ئەوەندە چریکاندی‌و گۆرانی ووت ، تانلو شەکەت بوو • کە وەستا ، بێدەنگیەکی کپ ئەو ناوەی هەراسان کرد بوو •• ئێستا باخچە کە باخچەنیە ، شوێنێکی کپو کەلاو بڕخەمە • چاوەکانی نێرگز پڕ بوون لە فرمێسك‌و بەڵالانەیەکەوە چرباندی :

« ئەی گوڵەکان بگەڕێنەوە ، ئەمەوێ لە نوستنما بتانخەمە ئامێزم •• ئێوەش ئەی پەپولەکان ئەی باڵندەکان ، ئەی درەختەکان بگەڕێنەوە ، من بەتەنیا هەڵناکەم • »

ئینجا وێنەی گەلێ پەپولەو گوڵو باڵندەو درەختی لە سەر خۆڵەکەدا ، کێشاو دەستی کردە گریان‌و هەنسکە هەنسك • لەو دەمەدا پەلە هەورێکی دڵنەواز بەوێدا تێپەڕی ووتی : کچۆلەکەی خۆم بۆ وا ئەگریت ؟ »

کچەکە سەر گورشتەکەی خۆی بۆ گێڕایەوە • پەلە هەورەکە گوێچکەی بۆ شل کردو لە پاشا بێ‌ی وت :

« بچۆ بۆ ڕوبارو فرمێسکت تێکەڵی ئاومکەی بکەو چاوە نوڕم بە • »

نێرگز چوە دەم ڕوبارکە ، زۆر گریاو زۆریش فرمێسکی هەڵڕشت ، تا تێکەڵی ئاوی ڕوبارەکە بوو ، پەلە هەورەکە خۆی خزاندە نێو ئاوەکە ، لە پاشا هاتە دەرو چوو بۆ لای ئەو خۆڵەی کە نێرگز وێنەی پەپولەو گوڵەکانی لە سەر نەخشاندبوو •• خۆی داتەکاند ، خۆڵەکە بوو بە باڵندەو گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ •• کە نێرگز ئەمەی بینی ، لەو ڕۆژەوە فرمێسکی کامەرانی لەدەم ڕوبارەکان هەڵئەڕێژێ ، هەورەکانیش ئەو فرمێسکە هەڵئەگرن‌و ئەیبەن بۆسەر خۆڵەکە ، تاکو هەمو سەر زەوی پڕ بێ لەگوڵو پەپولەو درەخت •

کونگرەیەکی « پاشماوە »

جێبەجێکردنی ئەوبڕیارەی لیژنەی بەربەرەکانی کۆمبرادۆرەکان دەری‌کردوە ، کە لەیەکێتی نیقابەی کرێکارانی ئەوبی وڵاتانو یەکێتی کرێکارانی ئەوتی وڵاتانی عەرەبو هەندێك لەرێکخراوە نیقابەکانی ئەم لاولای دنیا پێك هاتوە •

کۆنگرەکە لەچالاکی کۆمیتەیاکانی ئەوت ئەکۆڵینەوەو ئەو کارەی دەیکەنە سەر دۆخی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی وڵاتانی تازەگەشە کردوو بەرهەم هێنەرو کارکەری ئەوت •• لەگەڵ ئەو ئامانجانەدا کە ئیمپریالیزم لەژێر پەردەی ئەنگوچەلەمەی وزەدا حەشاری داون ، هەروەها گیروگرفتی هەرەس هێنانی ئابوریی وڵاتانی تازە گەشەکردو لەگەڵ وڵاتانی بەرهەم هێنەرو کارکەری ئەوتدا ئەویش بەهۆی ئەوەوە کە دەوڵەتە سەرمادارەکان نرخی کە لوبەلەکانی خۆیان گران‌کردوە هەروەها گەران بەدوای ڕێگایەك بۆ سیستەمێکی ئابوری یەکگرتوو لەنێوان وڵاتانی تازە گەشەکردوو بەرهەم هێنەرو کارکەری ئەوتدا •• هەروەها دەوری چینی کرێکاری لەمەیدانی ئەوتداوو دەوریان لە پەرەپیدانی بەرهەمو پێشکەوتنی وڵاتەکانیاندا ••

ڕەزیرانی « پاشماوە »

وازدەکات‌و دەیکاتە تەنها شتێکی شکلی • هەروەها ڕوونی‌کردەوە کەوا سەرچاوەی ئەم جۆرە داوایانە، ئەوەیە هەندێ دەوڵەت هەست بەوە دەکەن کەوا لە کۆنفرانسە بەرینەکاندا پشتگیری هەمو لایەکیان وەرنەگرتوە •

فۆلکلۆری ئەوروپا « پاشماوە »

ئەوەی کە ئەم جۆرە ئەدەبە لە ئەوروپا بەرەو پەرەسەندن ئەچێ ، ئەوەیە

ڕێ ڕەو

بیروباوەڕی خێرخواز بەدرێژایی مێژوو ئەنجامی شارەزایی پەیوەندیەکانی مرۆڤایەتی بووە لە چوارچێوەی یەك بوون وتاقی کردنەوەو لێکۆڵینەوەی دڵسۆزانەدا لەسەر ئەم بنەڕەتە . پەرەپێدانی مرۆڤایەتی بەلای خێرخوازی دالەڕێڕەوی خێرخوازیوە ڕۆیشتوە .

هاوڕێ صدام حسین

هونەرمەند عادل جلال :

هونەری تەشکیلی لە زانکۆی سلێمانیدا لەبەرەودایە ...

● چالاکی هونەری زانکۆی سلیمانی کەلێ بەشو شوێنی هونەری تایبەتی گرتۆتە ئەستۆی خۆیی و لە هەوڵی ئەوەدایە کە هەریەکەیان بەگوێرەی توانای خۆی خزمەتی هونەری گەلی کوردمان بکات .

لە سەردانێکی ڕۆژنامە نوسیدا بۆ مەلبەندی چالاکی هونەری زانکۆی سلیمانی چاومان کەوت بە هونەرمەند (کاك عادل جلال) لێ پرسراوی هونەری تەشکیلی لەو مەلبەندەداو دەربارەی بەشەکەی خۆیی و هەندێ شتی تر ئەم قسانەمان کرد .

● کاك عادل دەربارەی ئیشوکارەکانیان ووتی :

ـ بەشی ئێمە بەشێکی تایبەتیە بۆ فیر بوون و مەشق کردن لە هونەری تەشکیلیدا کە تایبەتیە بۆ قوتابیانی زانکۆی سلیمانی . ئەوەی شایانی باسە هەر قوتابیەك خۆی لە خویا مەوهوبەی وێنە کێشانی هەبێو حەز لە هونەری تەشکیلی بکات ئەوا ئێمە داخڵی ئەم بەشەی ئەکەین و بەو پەری توانای خۆمانەوە هەوڵی ئەوەی لەگەڵدا ئەدەین کە زیاتر فێری بکەین و بەرەو پێشی ببەین بەتازە ترین شێوە بەشێوەی لێکۆڵینەوەی ئاکادیمی و عەمەلی لەپێشانگاکانی ووڵاتو زانکۆکانی تردا نیشانیان ئەدەین و چاوەروانی باشتر ئەکەین .

● ئەی گیروگرفتان چیە ؟.

ـ هەموو لایەنەکانی هونەر گیروگرفتیان هەیە و ئێمەیش هەر بەشی خۆمان هەیە لەوانەیش :ـ

هۆڵی وێنەکامان نیە کە ئیشی تایبەتی خۆمانی تیا بکەین کەرەسەی تایبەتی هونەرەکەمان کەمە وەکو بۆیەی زەیتی و هەموو جۆرەکانی کاغەزو شتەکانی تریش بەڕاوە هونەریە چاپکراوەکان دیارنین و ئەگەر فێر ئەکرین و تائێستاش بەرهەمی باشمان هەیەو هەوڵمان بە فیرۆ نەچووە .

● دەربارەی بەرهەمەکانیان ئەڵێ .

ـ بۆ دەرخستنی بەرهەمەکانمان کە دەستکردی قوتابیانن پێشانگای تایبەتیان بۆ ئەکەینەوە لەم ڕوەوە هەتا ئێستا دوو پێشانگامان کردۆتەوەو سەرکەوتو بوون و گەلێ لێکولینەوەیان لەسەر کراوە بۆ زیاد کردنی ڕۆشنبیری و بیری قوتابیان ئەتوانم بڵێم هەرچەندە ئەم دوو پێشانگایە لە سەرەتادا بوون بەڵام بەرهەمی چساك و هاندەر بوون بۆ قوتابیانمان . هەروەها باشترین بەرهەمیان هەڵ ئەبژێرین و لە پێشانگاکانی ووڵاتو زانکۆکانی تردا نیشانیان ئەدەین و چاوەروانی باشتر ئەکەین .

● ئەی گیروگرفتان چیە ؟.

ـ هەموو لایەنەکانی هونەر گیروگرفتیان هەیەو ئێمەیش هەر بەشی خۆمان هەیەیە لەوانەیش :ـ

هۆڵی وێنەکامان نیە کە ئیشی تایبەتی خۆمانی تیا بکەین کەرەسەی تایبەتی هونەرەکەمان کەمە وەکو بۆیەی زەیتی و هەموو جۆرەکانی کاغەزو شتەکانی تریش بەڕاوە هونەریە چاپکراوەکان دیارنین و ئەگەر پشبن وان لە کتێبخانەکاندا لەکاتێکا ئەبوایە لە وێنەگاکاندا بوتایە ، مۆزەخانەیشمان نیە بۆ هەڵگرتنی هەموو بەرهەمەکانمان . خۆ هاندانی هونەرمەندان هەرینەو کەس ناڵێ کەرتان بەچەند !!

لێ پرسراوانیش هەر کەم تەرخەمنی و لامان لێ ناکەنەوەو هانمان نادەن هیچ نەبێ بە ئافەرین .

گیروگرفتی تریش زۆرە جارێ ئەمە بەسە ئەگەر نەمێنن .

● باشە کاك عادل ئەی بۆ پاشە ڕۆژی هونەرەکەتان ئەڵێن چی ؟.

ـ ئاشکرایە ئەگەر هەندێ گیروگرفتای سەرەکی هەیە کە هەندێکمان باس کردن نەمێنن و بتوانرێ لەناو ببرێن ئەوا هونەرمەندانمان لە هەوڵدان و چاوەروانی باشترین پاشەڕۆژین چونکە سەرەڕای هونەرمەندای دڵسۆزمان سوپاس بۆ خوا سروشتێکی وامان هەیە کەخۆی لەخۆیا هاندەرە بۆ پێك هێنانی پاشەڕۆژێکی ڕووناکی هونەری کوردیو هۆیە بۆ هەنگاوانان بەرەو هونەری گەلانی پێشکەوتو ـ هەر لەم ڕوەوە هەندێ شت هەیە ئەگەر بکرێن ئەوا پاشەڕۆژمان باشترو ڕوناکتر ئەبێت وەکو کردنەوەی قوتابخانەیەکی هونەرە جوانەکان لەم ناوچەیەداو ناردنی هونەرمەندانی شارەزا بۆ ووڵاتانی دەرەوە بۆ شارەزابونیان لەهونەری هاوچەرخو تازە بابەتەکان . هاندانی هونەر مەندانیش هەرشتێکی باشە بۆ زیادکردنی هەوڵو وخۆهیلاك کردنیان ـ ڕۆشنبیر کردنی جەماوەرو کۆمەڵ بە لایەنە چاکەکانی ئەم هونەرە هەرکاری تایبەتی خۆی هەیە بۆ سەر پاشەڕۆژ . وابزانم ئالو گور کردنی پێشانگای هونەرمەندان چی لەناو ووڵاتو دەرەوەیدا کارێکی گرنگە بۆ هێنوای پاشەڕۆژێکی پرشنگدارو ئەم ئەرکەیش ئەکەوێتە سەرشانی نەقابەی هونەرمەندانی ووڵات و واباشترە کەلایەکیش لەپاریزگاکان بکەنەوە نەوەك هەموو پێشانگاکان هەر لەبەغدا بێو بەس .

هەموو هیوایەکی من ئەوەیە کە پاشەڕۆژمان وەکو پاشەڕۆژی هونەری گەلەپێشکەوتوەکان وابێو ببێتە چرایەکی سەر ڕێگای هونەری ووڵاتە تازە پێگەیوەکان .

● سوپاس بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری کە ئەوەندە بەتەنگ هونەرو هونەرمەندانی کردەوەیە .

حمە سعید حمە کریم فرج

لە پیشە میللیەکانمان مەسینەو دەست شۆر

دیاردەکانی سەرمایەداری

● پێیان خۆشە ، گوایە تاوان کەمە !

کاربەدەستانی پۆلیس لە لەندەن بەوە دڵخۆشن گوایە ساڵی ڕابوردوو دزیو جەردەیی و کوشتار لە چاو ساڵی ـ ١٩٧٥ ـ دا کەمتر بۆتەوە .. چۆن ؟! . لە پایتەختی بریتانیا ژمارەی ڕووداوی کوشتنو بڕین ساڵی ـ ١٩٧٦ ـ گەیشتە نیو ملیۆن کەس . هەروەها ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە شەقامو شوێنە گشتیەکاندا بە ئاشکرا دزیان لێ کراوە لە چاو ساڵی پاردا ٥٠٪ بوو !! . بەڵام دەربارەی دزینو ڕفاندنی شتومەکی تر ئەوا (٦٠٫٠٠٠) ماڵ لە لەندەن بڕاون ! ، تەنانەت (٣٥٠٠) کەس لە پیاوانی پۆلیسیش دزییان لێ کراوە ، دەریش کەوتوە زۆربەی ئەوانەی ئەم تاوانانە ئەکەن لە تەمەنی (١٠) تا (١٦) ساڵیدان .

● چۆن لە نیویۆرك تێ ئەگەن !

ڕۆژنامەی (نیویۆرك تایمس) سەر ژمارەیەکی دەربارەی شاری نیویۆرك کردوە لە ئەنجامدا ٦٥٪ ی دانیشتوانی ئەمریکا ووتویانە نیویۆرك شارێکی هەژارەو پێداویستەکانی ژیان بردنە سەری تیا نیە ، وە ١٢٪ ی ووتویانە باشترین جێگایە بۆ کەسێك بە سەردان ڕێی تێبکەوێ ، وە ٥٪ یش ووتویانە جێگایەکی باشە بۆ ژیان بردنە سەر ، بەڵام ١٪ لە دانیشتوانی ئەمریکا ووتویانە کە باشترین جێگایە بۆ ژیان بردنە سەر !!

هەرجارەی نووسینێك

یەکدوو وورده تێبینی

یەکەم تێبینی : لەبیرمەندال بووم ، گوێگری کۆرێك بووم ، خوالێ خووشبو (شیت مستەفا)خاوەن گۆڤاری (ڕوناکی) لەوکۆڕەدا بوو ، ئەوسا لەو شارە (حاکم) بوو ، هەروامندالانە پرسیم (توخوا ئەو بریشکە چیە وا لەسەربەرگی ئەم گۆڤارەدا وێنە کێشراوە) ، ووتی :بریشکی هەتاوەو خەریکە لەکەل بێتەدەر . ووتم : ئەی هەتاوەکە خۆی کوانی ؟ ووتی : لەو دیو کە لەوەیەمێشتا بەرزف نەبوەتەوە .

ووتم : لەژمارەکانی داهاتوودا بەرز ئەبێتەوە ؟ لێرەدا قسەکەیان بڕیوەوەلامەکەشی تیاداچوو . بەڵێ ، کە گەورەبووم ،خۆم ناسیوە بۆم دەرکەوت کە (هەتاو) نیشانەی ئازادیە ، ئەوسا واتە پێش چل ساڵەو هەندێ ، ئەوسا بریشکێکی هەتاو ڕۆشنبیری کوردی گرتبووەوە ، لەوساوەتا ئەمڕۆ دەیەها گۆڤارو صەدەها نامیلکەمان دەرچووەوە زوربەی زۆریان لەسەر بەرگی گۆڤارو کتێبکدا ئەگەرچاروبار وێنەیەکی تەعبیریان بۆ ئازادی کردبێت هێشتاهەتاوەکەیان لەدەم کەلەوە بەرز نەکردوەتەوە ؟!

دووەم تێبینی : هەرڕۆژنامە یاگۆڤارێك بە پێی ڕۆژ یاهەفتە یا مانگ یاوەرز یا ساڵ دەرچیت ئەوا بە پێی تەعریفی ماتماتیکی نوێ (بۆ هەر ژمارەیەك هێمایەکی لەسەر دانەنرێت)واتە با بڵێین : بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٦٩ ،ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٧٠ ، ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٧٠ ،ژمارە (٤) ساڵی ١٩٧١ هتد ... زیاتر ڕوونی بکەینەوە لەهەر ساڵێکدا چەند ژمارەی لێ دەربچێت ئەواریری ژمارەکان ئێك ناچێت ، هەڵەیە بۆ هەر دانەژمارەیەکی دوو هێما یا زیاتری لەسەر بنووسین وەك بڵێین دیسانەوە بەیانی ژمارە (٢ و٣)ی ساڵی ١٩٧٠ئەمە گوایە لەبریتی ئەوەیە کە لە چاپخانە دواکەوتووە . گەلاوێژ دەسال دەرچوو جارێك ئەبێت هەموو جارەکانی تری ڕیزی ژمارەی نەپساند وە بۆ هەر جارێك (دانەیەك) ژمارەیەکی جیاوازی لەسەر دائەنا بەمەرۆڤ ئەبزانی لەو ماوەیەدا چەند ژمارەی لێ چاپکراوە ،هەروەها (هەتاو)و (بیری نوێ)و (هیوا) هەمان ڕیچکەیان گرتبوەبەر ، گۆڤارە عەرەبیەکانی بەغداش هەروەهان . بەڵام جار بەجارێك هەندێ بڵاوکراوەمان بەتایبەتی گۆڤاری ڕۆژی کوردستان بەهۆی دواکەوتنی لە چاپخانەدا ئەچێت دوو ژمارە لەسەر یەك دانەبەرگ ئەنووسیت ، جار بەجاریکیش دوو مانگی لەسەر ئەنووسیت یا هەر دەنگی لێوە ناکات ، بۆ نموونە :

ژمارە ٢٣ ، ٢٤ی ساڵی ١٩٧٥ی ئەو گۆڤارە . هەروەها ژمارە ٣٧ ، ٣٨ی نیسانو مایسی ساڵی ١٩٧٦ وەیان ژمارە ٤٧ و ٤٨ی تەمموزی ١٩٧٧ .

بەبیروڕای من ئەمەلەئایندەدا سەر لە بیبلیۆگرافیا نووسی گۆڤارەکانمان ئەشیوێنی هەروەها ژمارەی تەواوەتی گۆڤارەکەش لە خوێنەر ڕوون نابێتەوە جا ئەم وورده تێبینیە بۆ کاربەدەستانی ئەو گۆڤارە بەرێزەیە .

سێیەم تێبینی : بەڵێ مایەی شانازیە (هاوکاری) بێتەنیو هەفتەیی وەیالەئایندەدا دوور نیە بێتە ڕۆژانەش ، بریارێکی بەجێیەو هەنگاوێکی پیرۆزیشە هومێدەوارم هاوکاری لەم تاقی کردنەوەدا سەرکەوێ .

ـ نەوەی جیهان

دەنگو باسی جیهانی مناڵان

● بەشی نیگارکێشان لە ئەنجامی کۆماری عێراق خەریکی بەرهەم هێنانی فلیمێکی نوێی کارتۆنە لە سیناریۆی (عامر مزهر)و وێنەگرتنو دەرهێنانی (عبدالحسین عبدالواحد) .. ئەم فلیمەش حەوت دەقیقە ئەخایەنێ . هەروەها فلیمێکی تریش بەناوی (ماندوێتی ڕاوکەر) ، ئەم فلیمەش لە سیناریۆو دەرهێنانی صادق کەریمەو هەشت دەقیقە ئەخایەنێ .

● تیبی نواندی نەتەوەیی شانۆگەریەکی نوێ لە هۆڵی ـ خلد ـ پێشکەش بە منداڵان ئەکات ، ئەم شانۆگەریەش باسی ناکۆکی نێوان خێرو شەڕ ئەکات ، کە بەهنام میخائیل ئامادەی کردوە .

● **مۆزەخانەی منداڵان :**

بەڕێوەبەرایەتی مۆزەخانەی عێراقی ، لقێکی تایبەتی منداڵانی کردۆتەوە بەناوی (مۆزەخانەی منداڵ)ە وە کە بڕێتیە لە دوو هۆڵ ، لە یەکەما باشماوەی کۆن ، وەك یاری کۆنی منداڵان .. ئاشوریو بابلی تیا دانراوە ، سەرەڕای جۆرەها ئالەتی ئاوازو مۆسیقا . وە لە هۆڵی دەوەمیش‌دا چالاکی منداڵان لە نیگارکردن لە سەر کاغەزو قوڕو گەلێ شتی تر پێشان دراوە . هەمو منداڵێکیش هەمو ڕۆژێ ئەتوانێ بچێتە سەیری ئەم مۆزەخانەیە ، لە کاتژمێری نۆی بەیانیەوە تا یەکی پاش نیوەڕۆ .

○○○○○○○○○○○

ئایا ئەزانی

گەورەترین باڵندەکامەیە ؟

مناڵە ئازیزەکان : گەورەترین باڵندە لەجیهاندا « نەعامە »یە کە لەکیشوەری ئەفەریقادا ئەژی و درێژی دوو مەترو نیوەو بەرزی (٢٢) مەترەو قورسی ٩٥ کلیۆیە . (٤٠) هێلکە ئەکاتو هەر هێلکەیەکی یەك کیلۆو نیو قورسایەتیو لەبەر قورسیو گرانی خۆشی ناتوانی بفرێ . لەبەر ئەوە لەکاتی مەترسیدا ، ڕائەکاتو لە سەعاتێکدا توانای هەیە (٤٠) کیلۆمەتر ڕابکات !!

○○○○○○○○○○○

کوردستان عبدالله

هیڤی محمد

محمود کاوە الحفید

عائشة کاوە الحفید

هاوڕێو ئومێد عبد القادر علي مردان

چیرۆك

ئەرگز ... !

نووسینی : سلیم بڕکات
گۆڕینی : محمود زامدار

نێرگز ، کچێکی قژ سەوزە .. ڕۆژێ لە ئاواو سەیری خۆی کرد ووتی :

« پەککو .. من چەند کەژو جوانم ، من لە باڵندە جوانترم ، چاوەکانم وەکو کێڵگەی سوێسنەیە . »

لێرەو لەوێ ، وەکو پەپولە دەستی کرد بە هەڵبەزو دابەز .. لە پرێکا گوێی لە بزە خەنینەیەکی ناسك بوو ووتی : « کێ بوو وا بێ شەرمانە پێکەنی ؟ »

گوڵ سەری خۆی بەرز کردەوەو ووتی : « من بووم خانمەکەم . »

کیژەکە ڕوی گرژ کردو ووتی : « چۆن ئەبێ گوڵێکی هیچو پوچی وەکو تۆ ، گاڵتە بەمن بکات ؟! » .

گوڵ بەشەرمەزاری سەری خۆی دانەواندو کپ .. نێرگز خۆی شێرگیرتر کردو قیژاندی : « لەمەو لا نامەوێ گوڵ لەم هەوارەی مندا بمێنێ ئەبێ زوو بار بکەن ، دەنا سەری هەمویان هەڵئەکێشم . »

گوڵەکان زوو بەزوو بارگەیان تێك ناو داوایان لە مێشهەنگ کرد بیانبا بۆ شوێنێکی دوور .

سەر لە نوێ کچەکە وەکو تاوس کەوتە لەنجەو ئینجەو فینجە . ئەوەندەی پێنەچو ، بە پولەیەکی سەماکەر بەوێدا تێپەڕی . نێرگز زۆر دڵبەست بوو ، بانگی لە پەپولەکە کردو ووتی : « وەرە بۆ ئێرە » پەپولەکە لەسەر چلێك وەستاو ووتی : « چیت دەوی ئەی خانمە قژ سەوزەکەم ؟ »

نێرگز بە مۆنیەکەوە ووتی « کەس لە من جوانتر هەیە ؟ »

پەپولەکە ووتی : « بەڵێ خانمەکەم ، ئەم پەڕو باڵانەی من ، وەکو پەلکە زێڕینە وایە ، ڕەنگیشیان وەکو ڕەنگی ڕۆژو پاوانە . »

نێرگز پێیەکانی لە زەوی داو ووتی : « نامەوێ پەپولە لەم هەوارەی منا بمێنێ . »

نێرگز بڕیاری‌دا تەنیا خۆی گۆرانی بڵێو دەنگی خۆی تاکە دەنگی نێو ئەم هەوارە بێ . لەو ساتەدا چۆلەکەکانی سەر درەخت ئەیان چریکاند ، نێرگز قیژاندی « ئەی چۆلەکەکان بێ دەنگ بن ، ئەمەوێ گۆرانی بڵێم . »

بەڵام چۆلەکەکان هەر ئەیان چریکاند .

تورەییەکەی نێرگز بوو بە پەڵە هەورێکی ڕەشو ئینجا بە هەورە تریشقەیەك وکەوتە ناڵاندن : « باربکەن ، ئەی چۆلەکەکان زوو باربکەن، نامەوێ بەغەیری دەنگی خۆم گوێم لەهیچ دەنگێ بێ . »

چۆلەکەکان بەخۆیانو بێچوو لانەکانیان ، درەختەکانیان جێ هێشتو ڕۆشتن .

نێرگز بەفیزێکەوە سەیری دەورو بەری خۆی کردو کەوتە گۆرانی . کەچی دەنگێك گۆرانیەکەی لێ بڕی ، دەنگەکە دەنگی خشەخشی گەڵای درەخت بوو ، نێرگز ڕووی کردە گەڵاکانو قیژاندی : « بێدەنگ بن ئەی گەڵاکان ، ئێوە تەلی ئاوازەکەم لێ ئەبڕێنن . »

گەڵاکان ووتیان : « بمانبەخشە خانمەکە ، گوناه گوناهی ئێمەنیە ، گوناهی بایە . »

نێرگز قیژاندی : « بوەستە ئەی‌با ، بوەستە . »

بایەکە نەوەستا ، کچەکە ئاوڕی لە درەختەکان دایەوەو ووتی : « ئێوە هۆی ئەم دەنگە دەنگەن ، بۆیە ئەبێ بەپەلە ئەم هەوارە جێ بهێڵن . »

درەختەکان گەڵاکانی

بروانە ـ ل ٧

ئەم کاتەت باش

● خۆت بە خوێنەر بناسێنە .

ـ ناوم (ناظم علي محمود)مو لە شاری کەرکووك لە دایك بووم . هەر لە منالیشە وەکو شمشال ژەنێك خۆم‌ناسیوەو ئەم ئالەتەش نزیکترین هاوڕێم بووە ، ئێستاش قوتابی پۆلی پێنجەمی خوێندنگای هونەرە جوانەکانم لە بەغدا بەشی مۆسیقا .

● دەربارەی تاقی‌کردنەوەی هونەریت ئەڵێی چی ؟

ـ بەر لەوەی بێمە خوێندنگای هونەرە جوانەکان زۆر شت هەبوو نەم ئەزانی ، بەڵام بە هۆی تێکەڵیم لەگەڵ مامۆستا زاناکان زۆر شتی شاراوەم بۆ ڕوون بووەوە .

جا چالاکی خۆمو هاندانی مامۆستاکانم بەچاو کرانەوەیەکی هونەریم دەزانم . ئێستاش لەتیپە ناودارەکانی وڵات کار دەکەم وەکو تیپی (مۆسیقای موشحات) وئەم چەند ساڵەی خوێندن بە شێوەیەك ڕێگای بۆ ڕۆشن کردمەتەوە کە چاوەڕێی ئەنجامێکی سەرکەوتوو بۆ دوا ڕۆژم ئەکەم .

● دوا قسەت :

ـ ئەمەوێ دەربارەی فۆلکلۆری کوردیمان بڵێم تائێستا هیچ دراسەیەکی ئەم سامانە دەوڵەمەندە نەکراوەو لە زۆر کەلەپوری مۆسیقا دابڕاوین .

نزار خیلانی

Institut kurde de Paris

هاوکاری

٨ لاپەڕە

٢٥ فلسە

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

● پێنج شەممە ١٧ی تشرینی دووەم ژمارە ٣٩٧ ●

● الخميس ١٧ تشرين الثاني العدد ٣٩٧ ●

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
هەولێر، قەڵادێز، شەقلاوە، الجمهوریة،
بەغدا ص.پ ١٤١٥ تەلەفۆن ٢/٦٨٢١١

سەرنووسەر: محمد امین محمد

ڕێبازی ڕاست بەرەو ئازادکردنی لەمەنگاوێکی یەکیەتیانەی ڕاستەقینەوە دەست پێدەکات، هەر ئەمە خۆشی ئەوەیە کە شۆڕشەکەتان کاری بۆ دەکات وله پێناوی دانانی سنوورێك بۆ ئەو بۆ چوونە هەڵانەی کە مناوەرەی تەکتیکی ئاراستە بەرەو خۆبەدەستەوەدان دەبات •

سەرۆکی فەرماندە / حوسین البکر

دەنگدانەوەیەکی فراوانی بەیاننامە مێژوویەکەی سەرکردایەتی نەتەوەیی

گەلی عەرەب وهێزە پێشکەوتوخوازەکانی ناوەڕاستی توند بەرامبەر هەڵوێستی خۆبەدەستەوەدەرانەی سادات دەرئەبڕن

سەرۆکی فەرماندە نامەیەکی لەمەڵیك خالدەوە پێ ئەگات

دوێنێ نیوەڕۆ بەڕێز سەرۆك احمد حسن البكر نامەیەکی دەستنووسی لە خاوەن شکۆ خالید بن عبدالعزیز مەلیکی مەملەکەی عەرەبی سەعودی پێگەیشتووە •• نامەکە لەلایەن هشام ناظرومزیری نەخشەی سەعودی کەلە مەکتەبی ڕەسمی خۆی لە کۆشکی کۆماری لەسەعات یانزەونیوی نیوەڕۆ پێشوازی کردبوو درایە دەستی • لە چاوپێکەوتنەکەدا بەڕێز عدنان حسین ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وبەڕێزی نەخشەدانان ئامادەبوو •

بەڕێز صدام حسین پێشوازی وەفدی ڕێکخراوی بەرهەڵستی ڕەگەزپەرستی ئەکا

دوێنێ بەیانی بەڕێز صدام حسین لەمەکتەبی ڕەسمی خۆی لە ئەنجوومەنی نیشتمانیدا پێشوازی لەوەفدی ڕێکخراوی دەوڵەتان بۆبەرهەڵستی کردنی هەموو جۆرە ڕەگەزپەرستیەك کرد • وەفدەکە بریتیبوو لە بەڕێزان عبدالله شرف الدين سەرۆکی ڕێکخراوەکەو دوکتۆر انیس قاسم ئەمینداری گشتی ڕێکخراوەکە • لەچاوپێکەوتنەکەدا بەڕێز شبیب لازم ئەمینداری گشتی یەکێتی ماف شوناسانی عەرەب ئامادەبوو •

دەنگدانەوەیەکی فراوانی بەیاننامە مێژوییەکەی سەرکردایەتی نەتەوەیی

بێزاری وتووڕەیی جەماوەر دژی هەڵوێستی خۆبەدەستەدەرانەی سادات

تا ئێستا ئارەزایی بەردەوامە دژی داواکاری سەرۆکی ڕژێمی میسر انورسادات کە تیادا ئامادەبوونی خۆی نیشاندداوە بڕواتە کێنیستی زایۆنی بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ پیاوکوژی زایۆنی مناحیم بیگن لەبارەی سازاندنەوە •

ئەم هەڵوێستەی بەڕێزایی نیشتمانی عەرەبی لەلایەن ڕێکخراوە یەکێتیە جەماوەریەکان دەنگی داوەتەوە : ڕێکخراوی یەکێتیە عەرەبیەکان ئەم هەڵوێستە خاوەی سادات کە دامو دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ڕژێمی سازاندن چەپەلەیان بۆ لێدا بەلادانێکی گەورە ئەزمێرێتو هەرگیز لە مێژووی تێکۆشانی عەرەبدا نەبووەو ناپێ دەمکوتبێت بەرانبەری •• جەماوەری عەرەب لە هەموو نیشتمانی عەرەبیدا داواکردووە بەهەرجۆرەبێت هەولبدرێت بۆ سنووردانانان بۆ ئەم جۆرە لادانو خیانەتکارییە •

هەر بەدوای دەرچوونی بەیاننامە مێژووییەکەی سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستدا کۆڕو کۆمەڵو ڕێکخراوە میللیەکانی عیراقی شۆڕشو تێکۆڕای نیشتمانی عەرەب بروسکەی پشتگیریان بۆ سەرکردایەتی نەتەوەیی لێداوە بەرامبەر هەڵوێستی ڕاستەقینەو شۆڕشگێرانەی حزب لە ڕووی پیلانەکانی سازاندنو خۆبەدەستەوەداندا و ڕێکخراو هێزە نیشتمانیو نەتەوەییە پێشکەوتنخوازەکان پشتگیری ئەواویان بۆ هەڵوێستی حزبی سەرکردە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دەربڕیوە •

ئەمەو ڕێکخراوە میللیەکانی جەماوەر لە سەرانسەری نیشتمانی عەرەبا بەردەوامن لە

زایۆنی دوژمن خواروی لوبنان بۆردومان ئەکات

دوێنێ نیوەڕۆ زایۆنی دوژمن شاری نبطیەو گوندەکانی دەوروپشتی لە خواروی لوبنان توپ باران کردوەو لەمەشدا یارمەتی هێزە ڕاستڕەوە کۆنەپەرستەکانی داوە بۆ دەست درێژی کردنە سەر بنکەکانی هێزە نیشتمانیەکانی لوبنان •

بەیاننامە مێژوییەکەی سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست

- ئەو حوکمڕانانەی ئامادەن دەست بخەنە ناو دەستی دوژمن تەنیا نوێنەرایەتی بیروڕای خۆیان ئەکەن
- نابێ ئەو هەڵوێستە ببێتە مایەی ورەبەردان

سەرکردایەتی نەتەوایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دووپاتی کردەوەکەواکردارەکەی انورالسادات سەرۆکی میسر واتە دەرخستنی ئامادەیی چوون بۆ خاکی داگیرکراو بە لادانێکی پرمەترسی دەزانێ کەناشێ بازی بە سەردابدرێو قسەی لێ نەکرێ ئەمەش دەقی بەیاننامەکەیە :

بەیاننامەی سەرکردایەتی نەتەوایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لەبارەی دەرخستنی ئامادەیی چوون بوخاکی داگیرکراو لەلایەن انورالساداتی سەرۆکی میسرموە :

بەڕێز انور السادات سەرۆکی کۆماری میسری عەرەبی لە قسەیەکدا کە هەفتەی ڕابووردوو لەئەنجومەنی گەلی میسر کردی ئامادەیی دەربڕی کەبچێ بۆ خاکی داگیرکراوو لەوێ لەگەڵ سەرکردەکانی قسەوارەی زایۆنیدا بکەوێتە گفتوگۆ •

کۆرە دیبلوماسیەکان ودەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەر بەحکومەتی میسر ئەمەیان وانیشاندا کەوا بەلگەی ڕاستی ڕژێمی میسرە لەمەیدانی ڕۆیشتنی بەرەو چارە سازکردنی ئاشتیانەو هەوڵێکەبۆ ڕیسواکردنی لاساری زایۆنی دوژمن وڕاست نەکردنی لە چارەسازکردنی ئاشتیانەدا ئەك هەر ئەمە ، بەڵکو هەندێکیان مەسەلەکەیان وا نیشاندا ، کەگوایە دوژمنی خستوتە تێوەگلانێکەوە •

سەرکردایەتی نەتەوایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ، بەدەربڕینی هەست وویژدانی نەتەوەی عەرەب لە ڕێزگرتن لە تێکۆشانی دووڕودرێژی عەرەبەوە دژی زایۆنیزمی داگیرکەر ولەوەفاداریەوە بۆ دەیەها هەزار شەهیدی عەرەب کە لەپێناوی مافی عەرەب وخاکی عەرەبو کەرامەتی نەتەوەییدا لەو شەڕو بۆمباردمانەیەك لەدوای یەکەدا گلان کە دوژمن دژی نەتەوەی عەرەبو میسر ، کەبەشێکە لەو نەتەوەیە کردی دەری دەبڕی کەوا ئەم ڕەفتارەی سەرۆك سادات لادانێکی پڕ مەترسیە کە ئاکری بازی بەسەردا بدرێو قسەی لێ نەکرێ •

ئەم حوکمڕان یان ئەمو لەوانەیە بۆی هەبێ ئیجتیهاد لە بواری سیاسەتو دیبلۆماسیەتدا بکات بەڵام ئەم ئیجتیهاد کردنانە دەبێ پاش لێکۆڵینەوەو وردبوونەوە بخرێنە ڕوو و هەر بابەتە بەجیاو بەگوێرەی ئەمو بارودۆخەی کەلەئارادان ، بەڵام هیچ حوکمڕانێك بۆی نیە باز بە سەر ئەو سنوورانەدا بدا کە لەناخەوە پەیوەندیان بە مافو کەرامەتی نەتەوایەتیەوە هەیە بەتایبەتی لەمەسەلەی فەلەستینداً کەهیچ حوکمڕانێکی عەرەب بەتەنها مافو ئازادی دەست تێوەردانی نیە •

سەرکردایەتی نەتەوایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست زۆر سەری سوڕماوە لەوەی سەرۆکی دەوڵەتێکی عەرەب ماوە بەخۆی بدا کەئامادەیی چوون بۆخاکی داگیرکراوی عەرەبو لەوێ کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ داگیرکەری زەوت کەردا دەربڕی ئایا کام سەرکردایەتی لە مێژووی عەرەب یاخۆ مێژووی مروفایەتیدا ئەم ڕێبازەی گرتوەو ئەم جۆرە هەنگاوەی ناوە •

دامودەزگاو ڕاگەیاندنەکان کە سەر بەڕژێمەکانی سازاندنن خۆیان باسی توندوتیژی دوژمنو گوێ

بروانە ل ٧

کورتە هەواڵ

● **ئەلیاس سەرکیس**

دوێنێ ئەلیاس سەرکیسی سەرۆکی لوبنان لەگەڵ بالوێزی ئەمەریکا کۆبوونەوەو لەم کۆبوونەوەیەدا سلیم الحص ئامادەبوە بەڵام نەزانراوە لەم کۆبونەوەیەدا باسی چی کراوە •

● **مەلیك کارلوس**

دوێنێ مەلیك خوان کارلوسی مەلیکی ئسپانیا بەسەردانێکی ڕەسمی گەیشتۆتە بەلجیکاو بریاریشە لەماوەی ئەم سەردانەدا لەگەڵ مەلیك بۆدوان گفتوگو بکات •

● **شای ئیران**

ئەمڕۆ شای ئیران سەردانێکی ڕەسمی بۆ فەرەنسا دەست پێ ئەکاتو لەماوەی ئەم سەردانەدا لەگەڵ ڤالێری جیسکار دێستانی سەرۆکی فەرەنسا گفتوگو ئەکات •

● **تونس**

دوێنێ هانز دیتدیتش وەزیری دەرەوەی ئەلەمانیای ڕۆژئاوا چو بۆ تونسو بریاروایە لەگەڵ حبیب شطی وەزیری دەرەوەی ئەوێدا دەربارەی بەیوەندی دووقۆلیان گفتوگو بکات •

بیگن دڵخۆشە لەگەڵ سادات کۆببێتەوە

دوێنێ بەیانی ڕادیۆی دوژمن ڕایگەیاند کە مناحیم بیگن سەرۆك وەزیرانی زایۆنی دوژمن بە سەرۆکی میسری ڕاگەیاندووە کە بەردەوام حەز ئەکاو ئامادەیە لەگەڵیدا کۆببێتەوە •• ئەم ئارەزووەی بیگنیش لە دوای پێکهێنانی حکومەتی زایۆنی بە سەرۆکایەتی خۆی لەڕێگەی سەرۆکی ڕۆمانی نیکۆلای چاوچیسکۆو وەزیری دەرەوەی ئەمەریکی سایرۆس ڤانس بە سەرۆکی میسری گەیشتووە •

ئاژانسی دەنگوباسی یۆنایتد پرێس ڕاگەیاندووە کە کاربەدەستانی زایۆنی دوژمن لە دوێنێوە کەوتوونەتە خۆیان بۆڕێکخستنی پرۆگرامو پرۆتۆکۆلی سەردانەکەی سەرۆکی میسری انور سادات بۆ فەلەستینی داگیرکراودا • هەروەها ووتی ئەم کاربەدەستانە هیلاکن بە دانانی مەراسیمو دەستنیشان کردنی ئەو جێگایەی کە سادات تیا ئەمێنێتەوە •

ئاژانسەکە دەستی بۆ ئەوەکیشاوە کەزۆر لەوەنزیکە انور سادات لەهەفتەی داهاتووداو زیاتر لەڕۆژی هەینیدا سەردانەکەی دەستپێبکات •

کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان

ڕۆژی سێشەممەی داهاتوو کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەست ئەکات بەباسکردنی باری ناوچەی عەرەب بەگشتی ورۆژی پێنج شەممەی داهاتووش بەشێوەیەکی تایبەتی باسی مەسەلەی فەلەستین ئەکات • ئەم باسانەش بریتینو لە ڕاپۆرتی لیژنەی ٢٣ کە لە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هاتۆتە کایەوەو باسی ئەوە ئەکات کە چارەنووسی فەلەستینەکان بدرێتە دەست خۆیانەوە •

هەروەها سەرچاوەکە ڕایگەیاند کە سەرۆکی دائیرەی سیاسی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین بەرەو نەتەوە یەکگرتووەکان ئەکەوێتە ڕێ بۆ بەشداری کردن لەم گفتوگیانەدا •

نامەیەك بۆ سەرۆکی فەرماندە لەقەشەکابوچیەوە

سەرۆکی قەشەکانی قەیسری ڕۆمی کاثۆلیك لە فەلەستینی عەرەبی پیرۆزبایی لەسەرۆکی فەرماندە احمد حسن البکر ئەکات بەرامبەر بەرزکردنەوەی پایەو وشەی نەتەوەی عەرەب • ئاواتی بەدواڕۆژێکی نزیکو ڕوناك خواستوە بۆ سەرکەوتنی نەتەوەی عەرەب •

لە بروسکەکەیدا ئەڵێ ئێمەهەموومان لەم قوناغە ئالۆزو چارەنوسیە مێژوییەی نەتەوەی عەرەبدا دەروانینە عیراق •

هاوڕێ نعیم حداد : مەسەلەی فەلەستین مەسەلەیەکی هەرەگرەنگە لەتێکۆشانماندا

مۆسکۆ ١٦ی تشرینی دووەم ـ ئ٠ا٠د٠ع٠ •• هاوڕێ نعیم حداد ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی وقوتری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ستایشی پەیوەندی دووقۆلی عیراق وپەکێتی سۆڤیەت کردو ووتی پەیوەندیەکی دۆستانەو برایانەیە •• ئەمەش لەووتارێکیا هاتووە کە ئیمڕۆ گۆفاری ئاسیاو ئەفریقا بڵاوکردۆتەوە • حداد وتوویەووڵاتی عیراق بە ڕیزێکی گەورەوە سەیری هەڵوێستەکانی سۆڤیەتو پشتگیری ئەواوی بۆ جوولانەوەی ڕزگاریخوازی جیهانیو یارمەتی دانی میللەتانی ئاسیاوئەفریقاو ئەمریکای لاتینی ئەکات کە لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزمو ڕەگەزپەرستیوفاشیەتو زایۆنیەتدا ئەچەوسێنەوە •

هەروەها ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی حزب بێزاری خۆی دەربڕی بەرانبەر سیاسەتی ئیمپریالیزم کە پشتگیری زایۆنیزم ئەکاتو ••• ووتی زایۆنیەت ماوەیەکی دوورودێژە کە خەبات ئەکات بۆ جێبەجێکردنی نەخشەی داگیرکردنی فەلەستینو دامەزراندنی دەوڵەتێکی زایۆنی لەسەر ئەو خاکەدا •• هەروەها ووتی سیاسەتی زایۆنی بەو هەندە ناوەستێ کە هاونیشتمانە عەرەبەکان لەخاکی خۆیان دەربکات بەڵکو لەمە زیاتر ئەڕواو سیاسەتی ڕەگەزپەرەستی لەنێوان دانیشتووە عەرەبەکانی ئەم خاکانە بەکارئەهێنێت •

لەکۆتایی ووتارەکەیدا هاوڕێ نعیم حداد دووپاتی کردەوە کە مەسەلەی فەلەستین لەماوەی ئێستادا بە مەسەلەی مەرکەزی ئەزمێرێت بەنیسبەت خەباتی عەرەبو گرنگترین شتە لەخەباتی ڕزگاریخوازی گەلی عەرەبدا •

هەڵوێستێکی تری ناڕەوای ڕژێمی سوریا

ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو ڕژێمی سوریا بریارێکی دەرکردووە بەپێی ئەم بریارە سنووری لەگەڵ عیراق داخستووەو هەموو هاتووچونێکی ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی قەدەغەی کردووە کە لەعیراقەوە دێنە سووریاو بەپێچەوانەشەوە •

ئەمەش لەسەرچاوەیەکی ڕژێمی سووریا زانراوە کە بەئاژانسی ڕۆیتەری گەیاندوە ئەم کارەش کە لەلایەن ڕژێمی حوکمڕانی دیمەشقەوە کراوەدوای ئەوەبووە وەکو ئاژانسەکان ئەڵێن پارێزگاکانی سوریا لەبارودۆخێکی نائاسایدا ئەژین •

ڕژێمی سووریا بۆ ڕاجێ بەجێکردنی ئەم کارەی و داخستنی سنوورەکەی لەگەڵ عیراقدا زنجیرەیەکی کردەوەی یەك بە دوای یەکی

بروانە ل ٧

هاوولاتیەکانی میسر هەواڵی بریاردانی سادات بۆسەردان لەخاکی زەوتکراوو کۆبوونەوەی لەگەڵ کاربەدەستانی دوژمن لەڕۆژنامەکانی میسردا ئەخوێنێنەوە •

وێنە بە ڕادیۆی تایبەت بۆ « ئا٠د٠ع٠ »

Institut Kurde de Paris

هیندە سورەکان ومافی مرۆڤ لە ئەمریکا

ماوەیەک لەمەوبەر کومیتەی‌ئەرعی خەبات دژی رەگەز-بەرستی‌و فەرق‌و جیاوازی رەگەزی‌و توانددنەوەو ئیستعمارگەری کونفرانسیکی‌نیونەتەوەیی ریکخراوە غەیرە دەولەتیەکانی لە ژنیف لە کوشکی نەتەوەکان‌دا بینک هینا • بۆ هەوەل‌جار نوینەری هەموو سوورپیستە-کانی هەریمی ئەمریکا توانیان‌لە کۆرنیکی نیو نەتەوەیی‌دا بەشدار بن‌و ئەوەی لەدلیان‌دایە دەری ببڕن • نیزیکەی ٢٥٠ نوینەر لە سوورپیستە-کانی نارژانتین ، بولیڤیا ، کانادا ، شیلی ، پیرۆ ، کوستاریکاو ئەمریکای شیمالیەوە هاتبونە « ژنیف » ، تەنیا سوورپیستەکانی‌بەرازیل لە ئەمریکای خوارووە نەیانتوانیوە لەکونفرانس‌دا بەشدار بن • دەولەتی بەرازیل ریکای نەدابوو لە ولات وەدەر کەون • نوینەری نامازونیش ریگانەدرابوو بیتە کونفرانس •

سەدی ٧٠ی نوینەرەکانی سوورپیست لە ئەمریکای شمالیەوە هاتبوون • ئەوان پاسپورتی ئەمریکایان بە پولیسی سویسرا نیشان نەدا •• هیندی سەنەدو بەلگەی خۆیان بەدەستەوە بوو لەجیاتی پاسپورت بەکاریان دەهینا • پۆلیسی سویسرا هەر بەوسەنەدو بەلگانە وازی لێهینان‌و ریگای دان بچنە ژنیف •

لە پیاوی ١٠٣ ساڵەوە بگرە تا منداڵی شیرەخۆری دوومانگە لەنیو نوینەرانی سوورپیستدا دەبینران • ئەوان بە جل‌وبەرگی دەسمی‌و چاکەت‌و شاڵوار‌و کراوات‌و کراسی سپیەوە ئەهاتبوونە کونفرانس •• هەر ئەو جل‌وبەرگەیان لەبەردا بوو کە لەماڵ لەبەریان دەکرد • کلاوی جوان کە پەڕی هەڵوێان لەدەورە چەقاندبوو ، کۆتی سپۆرت ، باسک‌بەندی رەنگاورەنگ ، پایپ‌و سەبیلە بەدەستەوە ، تەنانەت دەمزل‌و دمبەگیشیان لەبیر نەکردبوو • لەپیش هەموان‌دا پیرەپیاوێکی ١٠٣ ساڵە بەناوی (دیفید) لەهۆزی (هۆپی) دەرویشت • چاکەتێکی لە کەوڵی گاکێوی کردبوە بەرۆ کلاوەکەی بە پەڕی هەڵۆ رازاندبۆوەو دەیگوت :

(من دڵم لەبەردە : خەمو پەژارەی نەتەوەکەم قورسایی خستۆتە سەر دڵم • بەڵام ئەوەندەش دەزانم لقەدارێک بەتەنیا زوو دەشکێ • ئەگەر چەند شوڵک پێکەوە بن باشتر خۆ رادەگرن • ئێمە وڵاتەکەمان لە سپی‌پیستەکان دەستینیەوە) •

سوورپیستەکان ساڵی ١٩٧٤ لە (ئیستیندینگ راک) ناوچەی داکوتای خوارووە پێشەکی ئەوکارەیان ئامادە کردبوو • لەو ساڵەدا ٩٧ هۆزی سوورپیست بریاریان دا کە شورای نیزنەتەوەیی پەیمانەکانی لەمەر سوور-پیستەکانی لەنیۆیۆرک پێک بینن‌و لە کۆڕی نەتەوە یەک‌گرتوەکان هەنگاو باوێژن‌و دەنگی سوورپیستە-کان بەدنیا رابگەیەنن •

نوینەری سوورپیستەکان لە کۆشکی نەتەوەکان لە ژنیف باسی وەزعی شپرزەو نالەباری سوورپیستەکانی لە ئەمریکای خوارووە دەکرد : لە بولیڤیا سوورپیستەکان لەشوین‌و جیگای خۆیان دەردەکەن ، تا موهاجیرەکانی رودیسیا لە شوێنی ئەوان نیشتەجێ بکەن • لە شیلی قات‌و قری‌و برسیەتی هۆزی (ماپوش)ی ئەوناندوە • لە سەردەمی حکومەتی ئەلیندی‌دا هیندی زەوی‌و زارییان درابۆیە ، نیستا تۆڵەی ئەوەیان لێدەکەنەوە • بیست میلیۆن سوورپیستی ئەمریکای خوارووە وەختیگەری‌و رەگەز-پەرستی مەرەشەیان لێدەکا •

لە ئەمریکای شیمالی ، لەمەوڵاتەی کە سەرکوماڕەکەی بۆ پێشیل‌کردنی مافی مرۆڤ لە یەکێتی سوویتی قوڕ دەپێوێ‌و دەهۆلی لایەنگری لە مافی مرۆڤ دەکوتێ مەسەلەی سوورپیستەکان بارێکی تری هەیە • ساڵی ١٩٦٠ تەمەنی نیوەنجی سوورپیستەکان لە ئەمریکا ٤٥ ساڵ بوە ، لەکاتێکا هەر لەمەوڵاتەو لەوسەردەمەدا تەمەنی نیوەنجی ئەمریکایی-یەکان ٧٠ ساڵ بوە •

(راسل مینز) لە هۆزی (سیوکس) کە یەکێک لە رابەرانی سیاسی جووڵانەوەی سوورپیستەکانە دەڵێ : ئێمە هەر داوای ئەوە دەکەین کە ئەمریکا رێز لەوپەیمانە بگرێ کە لەگەڵ سوورپیستەکان ئیمزا کراوە • بەگوێرەی پەیمانێک کە لەنێوان ئەمریکاو سوورپیستەکان‌دا ئیمزا کرابوو ، هێندێ زەوی‌وزاری وشکارۆ درابوو بە سوور-پیستەکان • بەڵام بۆ چارەرەشی شوێنەکەی ئەوان کانگای یورانیومی لێ‌دوزرایەوە •• سەدی ٩٠ی یورانیۆمی ئەمریکاو سەدی ٤٠ی نەوت لەم ناوچەیە بەرهەم دێ • پێش چەندسەدە ، دەمیلیۆن سوور-پیست لە ئەمریکای شیمالی دەژیان بەڵام ساڵی ١٨٥٠ لەو دەملیۆنە پتر لە ٢٥٠ هەزار کەس نەمابوون ••

« فلیلب دیر » لە هۆزی « کریك درناوکلا هۆما » یەکێك لە رابەرە تێکۆشەرو چالاکەکانی جووڵانەوەی سوور پێشەکانی ئەمریکا کە لەگەڵ دەستەی نوێنەرایەتی بوو دەیگوت : سوورپیستەکانی ئەمریکا داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن • دەیانەوێ وەك نەتەوەیەك بەرەسمی بناسرێن خۆیان گیروگرفتی خۆیان چارە بکەن • بەڵام دەوڵەتی ئەمریکا چونکە پێداویستی بە گەرەستەی خاو هەیە ، دەست لە وڵاتی سوورپیستەکان هەڵناگرێ •

« سیری سانچر » لە هۆزی « شەین » یەکی‌تر لە رابەرەکانی جووڵانەوە کە هەمیشە بزەی لەسەر لێوانە دەیگوت : سەدی ٩٠ی سوور پیستەکان لە ئەمریکا تواونەوە • ئەمرۆ بۆ ئەوکارە شێوەی تازەترو فێڵاوی‌تر دێن • ناوبراو بەدرێژی لەبارەی رەگەزپەرستی لە ئەمریکاو کویلەی‌و قاتی‌و برسیەتی‌و چەوساندنەوەی هێزی کارو ئەستێورکردنی ژنان‌و کوشتاری بەکۆمەڵی سوورپیستەکان قسەی کردو دەیگوت : (ژەنرال شریدانی) ئەمریکایی هەمیشە دەیگوت : تاکە سوورپیستی باش ئەوەکەسە بوە کە مردوە » • ژمارەی سوورپیستەکان لە ئەمریکا ئەمڕۆ دەگاتە ملیۆنێك • ئەوانە فەقیرترین کەسی خەڵکی ئەمریکان • سەدی ٩٠ی سوورپیستەکان لە ئەمریکا بێکارن •

تووشی ئارەق‌خواردنەوەو بەنگ‌کێشان بوون • هەژاری ، چارەرەشی ، برسیەتی‌و توندوتیژی بەسەر ناوچەی سوورپیستەکان‌دا حوکمڕەوایە • کاربەدەستە ئەمریکاییەکان بەرنامەی ئەستێور (عقیم) کردنی ژنە سوورپیستەکان بەرێوە دەبەن • ژنەکانیان کە زوربەیان نەخوێندەوارن هەرسەنەدو بەلگەیەکی لەبەر دەستیان دابنێن قامکی پێوە دەنێن • لەساڵی ١٩٦٥وە هەتادێ لەزەوو زوویان کەم دەبێتەوە • شێوەی فێربوونی سپیەکانیان بەسەر سوورپیستەکانی‌دا سەپاندوە •

پێویستە ئەوەش بیرخەینەوە کە جووڵانەوەی سوورپیستەکانی ئەمریکا لە ریکخراوی رەشەکان بەناوی « هیزی رەش » ئیلهامی وەرگرتوەو ساڵی ١٩٦٨دا دامەزراوە •

« راسل سنیز » رابەری جووڵانەوەدەڵێ : « ئێمە ساڵەهای بەبێ تەکنۆلۆژی ژیاوین • کۆمەڵی تەکنۆلۆژی خۆی لە کۆڵانێکی بێ‌بەستراودا حاسیە بوە • هەموو سەرچاوەکانی زەوی ئابووت دەکا • دەبێ شێوەیەکی تازەی ژیان فێر بن کە رێز لە ئاووهەواو زەوی بگرن • ئێمە سوورپیستەکان شارەزای سروشتین • دەتوانین نهێنیەکانی ئەمژیانە تازەیە بۆ گەلانی‌تر دەرخەین » •

« تالی شیف » پارێزەرێکی سوورپیست لە توێژی باسی مەسەلەی مزەگەلی لەوڵات‌دا پرسیاری کرد :

« بۆچی دەیانەوێ وڵاتی ئێمە داگیر بکەن ؟ لەبەرئەوەی وڵاتەکەمان گەورەیەو زەوی زۆرە ؟

لەبەرئەوەی کە ئەوان چیمەنی سەووز مێرگ‌و مێرغوزارو دەنگی رێژەوی ئاوو چەمیان پێ‌خۆشە ؟ یا لەبەرئەوەیە کە عاسمانی ساف‌و هەوای پاك‌و خشەی گەڵای دارەکانیان خۆش دەوێ ؟

نا ••• لەبەر ئەوانە لەبەر هیچیان نیە • ئەوان دەیانەوێ وڵاتەکەمان هەلدڕهەلدڕ کەن ، کەرەستەی خاوی ژێر زەویەکانمان بەتاڵان بەرن • هەموشت بفەوتێنن ، تا قازانجی پتریان دەست کەوێ • ئەوانە قسەی نوێنەری سوورپیستەکانی ئەمریکا بوون لەکۆشکی نەتەوەکان‌دا •

یەکی‌دیکە لە نوێنەرانی سوورپیستەکان گوتی : « ئامانجی سپیەکان تەنیا کانگای ژێرزەوی نیە • ئەوان دەیانەوێ داب‌وشوێنێکی‌تر بەسەر ئێمەدا بسەپێنن » •

شاعیرێکی لاوی سوورپیست گوتی « من لە مێرگ‌ومێر غوزارێك‌دا دەژێم کە بەئازادی شنە بای دێ • هیچ‌شتێك ناتوانێ شەبەقی رۆژ لە من بشارێتەوە ، مەگەر کارخانەکانی سپی‌پیستەکان •

بەم‌چەشنە بۆ هەوەلین‌جار هاواری سوورپیستەکان دەگاتە گوێچکەی گەلانی جیهان‌و کۆڕی نەتەوە یەکگرتوەکان ناچارە لەم‌مەسەلەیە بکۆڵێتەوە •

هەرچەندە جیمی کارتەر دەم لەمافی مرۆڤ وەردەدا ، بەڵام ئەڵهەر سوورپیستەکان بەلکو کەس بڕوای پێ‌ناکا •

راسل مینز لەوبارەوە دەڵێ : ماوەی دووسەدە دەوڵەتەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئێمە درۆیان کردوەو ئەوپەیمانانەیان لەژێر پێ ناوە کە خۆیان ئیمزایان کردوە • لەداهاتووش‌دا تا بۆیان بکرێ هەروا دەکەن ، مەگەر ئێمە تەواو بەهێز بین •

کونفرانسی نیوەنەتەوەیی ژنیف رۆژی ١٢ی تشرینی یەکەمی کە رۆژی ساڵی نیوەمسوورانی دۆزینەوەی ئەمریکایە بە رۆژی هاوپێوەندی لەگەڵ نەتەوە سوورپیستەکانی ئەمریکا دیاری کرد •

ئامادەکردنی : شیروان

لە ئەڵمانیای رۆژئاوا بازرگانی بە « ترسی » خەڵکەوە دەکەن

لەم رۆژانەدا بۆ هەر شارێکی ئەڵمانیا بچی، ئەبینی هەموو دەزگاکانی حکومەت وبینا گرنگەکان بەتەلی دڕکاوی وزنجیر دەورە دراون هەروەها خەڵك لایان سەیرنیە ئەگەر چاویان بە کەلەکە گوێنی لی هەڵچنراو بکەوێ کە چەکدارەکان خۆیان لەناویدا ئاماداوە ، یا لە ناکاوا ئۆتۆمبیلی زرەپۆش شەقامەکان ئەبڕێ ••

باش فراندن‌و کوشتنی سەرۆکی پێشەسازی ئەڵمانیا ، شلایەر ، ئەم کردەوانە تەنها میری‌و دەزگا میری‌یەکانی ئەگرتەوە ، بەڵکو بوو مەسەلەیەك هەموو ئەو ئەڵمانانەی گرتەوە ، کە هەست بە پێویستی پاراستنی خۆیان ئەکەن •• لەبەرئەوە ، تورج بازرگانی‌یەك بەرەوی سەند کە دام‌و دەزگای تایبەتی دەیبا بەرێوە ، ئەویش بازرگانی ئەرکی پاراستنی خەڵکو دەزگاو کومپانیاکانە بە گرێ‌یەکی زۆر •• گزفاری بەناوبانگی ئەڵمانیا « دیر شبیگل » دەڵی : پێش چەند مانگێك سەرمایەی ئەم دەزگایانە هەر نیوملیار مارك دەبو ، کەچی ئێستا بووە بە دوو ملیار مارك ، وهاتوتە کۆڕی بەربەرەکانێ لەگەڵ بەشەکانی تری بازرگانی لەوڵاتدا • سەیر ئەکەی ئێستا ٣٥٠ دەزگا بەرەسمی خۆی تومارکردوە بۆ ئەم چەشنە بازرگانیە •• ئەمە جگە لە سەد دەزگای‌تر کە بۆ خۆی ئیش دەکات وەهەموویان نزیکەی ٥٢ هەزار کەس بەکار دەهێنن •• لەبەر ئەوە ، تەمی ئیشی ئەم دەزگایانە ئارەوێتەوە هەمیشە زەنگی تەلەفونەکانیان لێ‌ئەداو هەر خەڵکە داوای پیاوی ئازاو جەڵد ئەکەن تاکو بیان پارێزێ ••

کرێی ئەو پاسەوانانە لەبەینی ٥٠ تا ١٥٠ مارکە « مارك = نزیکەی سەد فلسە » لەیەك سەعاتدا بەمەدا ئەتوانین بزانین ئەم دەزگایانە چ قازانجێکی بێ‌شوماریان دەست دەکەوێ ئەمە پاش

چوارهەم سەرۆکی رێکخراوی بادر ـ ماینهوف خۆی لەبەندیخانەی میونیخ ئەکوژێ ••

ئەنکید شوبرت ئافرەتی ٣٢ ساڵ تەمەنو یەکێك لەسەرۆکانی رێکخراوی بادر ـ ماینهوف بەهەڵواسراوی‌و خنکاوی لە پەنجەرەی زیندانە-کەیدا چەند رۆژێ لەمەوبەر دۆزرایەوە •• سیانەکەی‌تر (ئەندریس بادرو ژان کارلو ئافرەتی ناسراو گوردون ئەنسلین) لە بەندیخانەکەیان ماوەیەك لەمەوبەر ، گوترا کەخۆیان کوشتوە ، تائیستا راستی ئەمەش نەزانراوە !

لە هەندەران‌ەوە

★ **سەرۆکی بانقی مەرکەزی ئەمەریکا ، ئەوەی دووپات کردەوە کە ئابووری ئەمەریکا لەسالی ئایندەدا ، هیچ باشییەك بەخۆیەوە نابینێ ، هەروەها وتی رادەی گەشە کردنی ئابوری کەمتر ئەبێ وەرەنگە بێ کاری هەر وەکو خۆی بێ ئەگەر زیاتر نەبێ •• وە گوتی هاتنە خوارەوەی بەردەوامی نرخی دۆلار رەنگە ببێتە دروست کردنی تەنگو چەڵەمەیەکی جیهانی سەخت !**

★ جونەیهی نیستەرلینی رۆژی ٨ـ١١ نرخی زیادی کرد باش ئەو هەواڵەی کە دەوڵەتە بێ لایەنەکان لە بارەی مەسەلەی قوبرسەوە ، وەداوای لە هەر دوو بەرەی یونان‌و تورکەکان کرد کە بە ڕاوێژ کردن لە ناو خۆیاندا مەسەلەی قوبرس چارە سەر بکەن • بەڵام تورکیا دژی ئەم بریارە بوو •

★ **یەکێتی سۆڤیات پشتگیری خۆی بۆ پاراستنی یەکێتی لبنان دووپات کردەوە، لەو ووتو وێژەدا کە لە نیوان ولید جنبلاط سەرۆکی هێزە نیشتمانیەکان‌و سەر کردەکانی سۆڤیەتدا کراوە ••**

★ قسەکەرێکی رەسمی ئەمەریکا پێخۆ شحالی خۆی دەر بڕیوە لە بارەی ئەو ووتارانەی سەرۆکی میسرو سەرۆکی زایۆنی دوژمن بە یەکتریا هەڵ ئەدەن !

★ **شەمەندەفەرێك لە کۆریای خوارووە کە ٣٠ تەن کەرەسەی تەقینەوەی تیادا بو تەقیوە وەبۆتە هۆی کوشتنی ٥١ کەس وبریندار کردنی سەدانو ئازاردانی هەزاران •**

★ شای ئێران دەچێ بو ئەمەریکا پاش ووتو وێژ لەگەڵ سەرۆك کارتەر ئەڕوا بۆ فەرەنسە بە سەردانێکی رەسمی ••

★ **رادەی بێکاری لە ئەمەریکا بوو بە ٧٪وە لە ژاپۆن بوو بە یەك ملیونو ٥٠ هەزار کەس ••**

★ تا ئێستا مانگرتنی ٥٠ هەزار کرێکاری بە ندەرەکانی ئەمەریکا هەر بەردەوامە •

★ **هەروەها مانگرتنی فرۆکەوانەکانی ئیسپانیا بەردەوامەو تێکرا دۆخی ئیسپانیا مانگرتنی کرێکاران وخۆ دەرخستنی جەماوەر لە پێناوی داخوازیەکانیاندا باڵی کێشاوە بەسەر وولاتدا •**

★ ڕۆژنامەیەکی ئیرانی داوای زیاد کردنی نرخی نەوتی کرد لە لایەن دەوڵەتەکانی ئۆپیکەوە ، چونکە ئەمە مافێکی رەوای رەوای پاش ئاوسانی پارەو زیاد بوونی نرخی شتومەکی درستکراوی وولاتە سەرمایەدارەکانو نزم بوونەوەی نرخی دۆلار ••

★ وەفدێکی سەربازی سۆڤیتی سەری لە ئەردن‌دا •

★ **هەشت رێکخراوی پەریتانی خۆ دەرخستنێکی کەورەیان لە لەندەن رێکخست دژی جانەوەری رژێمی حکومەتی ئەفەریقای خوارو ••**

★ یەکێتی سۆڤیات لە سەر زمانی ئاژانسی نوفوستی هێرشی بردە سەر ئەو هەڕەشەو گوڕەشانەی ئەمەریکا دەیکا لە وڵاتانی ئۆپیك‌و داوای داگیر کردنی سوپاییان ئەکات ••

ئاژانسی ناو براو گوتی ئەمە هەمووی بۆ ئەوەی کۆنگرەی وەزیرانی ئوپیك لە (کاراکاس) هەنگاوی گرنگ نەهاوێژێ •

★ **پیلانێکی چەپەڵانە خرایە روو کە لە ئێوان ئەمەریکاو ئاتۆو رژێمی خواروو ئەفەریقا رێکخراوە دژی کۆماری میللی ئەنگۆلا ، کە بە هەر سێ لایان کوماری کۆریەی ئەبەز لەناو ببەن ••**

★ خاوەن تاکسی‌یەکانی پاریس مانیان گرتوە دژی ئەو باجە قورسانەی میری خستویەتیە سەر شانیان ••

Institut kurde de Paris

لێکۆڵینەوەی سیاسی

بەڵێنەکەی بلفۆر دژی‌خواستی گەلانی رۆژهەڵاتە ناوەراستە

چەند رۆژ لەمەوبەر «٦٠»ساڵ بەسەر « بەڵێنەکەی بلفور »دا تێپەڕی کە بەهۆی‌ئەو بەڵێنەوە دەوڵەتۆکەی زایۆنی دروستکراو لەلایەن‌دامو دەزگا کۆنەپەرستەکانەوە پێگەیەنرا ، حکوومەتی‌بەریتانیا پاش بڵاوکردنەوەی بەڵێنەکە زمانی « بلفور »وەکە ئەوسا وەزیری دەرەوەی بەریتانیابوو هەمو هەوڵ‌وتوانای خۆی خستە کار بۆ چەسباندنی‌و گەشەپێدانی ••

ئەوەبو لە «٦»ی تەموزی١٩٢١ بەیاننامەیەك لەلایەن « کۆمەڵی نەتەوەکان »وەبڵاوکرایەوە تیایدا بڕیار دراپوو گشت دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان لێپرسراون لەئاستی جێبەجێ‌کردنی‌بەڵێنەکەی « بلفور » داو پێویستە تەقەللایەکی فراوان‌بدەن بۆ وەدی‌هێنانی •• ئەمەیش لە رێگای هاندانی‌کۆچی جوولەکەکانی جیهان بۆفەلەستین‌و یارمەتیدانیان‌و سووك‌کردنی کاروباری هاتۆچۆیان •• لەئەنجامی‌ئەم سیاسەتەی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان رۆژ لە دوای‌رۆژ زەمارەی جوولەکەکان لە فەلەستیندا بەرەو زیادبوون‌دەچو کەلی عەرەبیش هەستیان بە مەترسی‌بەڵێنەکەی بلفۆرو مەسەلەی کۆچکردنی جوولەکەکان کردو کەوتنە بەرهەلستی کردنی ئەم رێبازە چەوتەو ئەوەبوو چەندجارێ راپۆرتیان دایە « کۆمەڵی نەتەوەکان »ولەناوەوەی فەلەستینیشدا بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەبەیدا بوو بۆ بەربەرەکانێی ئەم تەکان‌و هێرشە کوت‌وپڕیە •• تا لە ساڵی ١٩٤٨ دا حکوومەتی بریتانیاوەزعێکی ئابووری ئیداری‌و سیاسی وای خولقاند لەناوەوەی فەلەستیندا کە زایۆنی‌یەکان بتوانن سوودی‌لێ وەربگرن‌و ئەم هەلە لەدەست نەدەن •• لەورۆژەشەوە شۆڕشگێڕە فەلەستینی‌یەکان‌و هێزەرزگاری خوازەکانی گەلی عەرەب بەردەوامن لە بەربەرەکانێی دەوڵەتۆکەی زایۆنی کە بە زۆرە ملێی‌ئیمپریالیستەکان دروستکرا •

لە راستیدا ، هەرچەندگەلی عەرەب لە تێکۆشانی درێژخایەنیا تووشی چەندین‌نوشوستی گەورە بوو کە لە هەموویان دیارتر نوشوستی‌یەکەی حوزەیران بوو بەڵام مەسەلەی فەلەستین‌وبەرهەلستی کردنی هێزەکانی ئیمپریالیزم گەوهەری‌بیرکردنەوەی جەماوەری عەرەبو گشت هێزەپێشکەوتنخوازەکانی جیهانە دژی نەخشەو پلانەکانی‌داگیرکەران•• لەم قۆناخەشدا کە رۆژمە خۆبەدەستەوە دەرەعەرەبیەکان نیازی کۆتایی هێنانی تێکۆشانی جەماوەری‌شۆڕشگێڕیان هەیە ، بەتەواوی بەڵینەکەی بلفۆرەدێتە دی‌و بە گوێرەی ئارەزووی ئیمپریالیستەکان‌دەجەسپێت ، بەڵام ئەو رۆژمە خۆبەدەستەوەدەرانەودەوڵەتۆکەی دوژمنو بەکرێ‌گیراوەکان چاك دەزانن‌بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی عەرەب لە فەلەستینی‌داگیرکراودا هەرگیز راناوەستێ‌و رۆژ لەدوای رۆژقوڵترو بەتەوژمتر تەکان ئەدات بەرەو سەندنەوەی هەموخاکی داگیرکراو •

لەدەریای ئازارا

چیرۆك

عەبدوڵلا عەزیز خالد



گێڕایەوەو ووتی تینویەتی هانایەکی گەرمو بە هێزی بۆ هێنا ، بۆیە بە بڕتاو خۆی کرد بە مزگەوتی گەوردا ، بەر لەوەی بگاتە بەردەم مەرکانەی ئاوەکە وەدەمی ووشکی تینویەتی بێ تەڕکات ، دەنگی گریانو ژاوەژاوی لای مەرقەیی کاك ئەحمەدی شێخ سەرنجی بۆلای خۆی بڕاکێشا ، ئیتر نە ئاگای لە ئاو خۆاردنەوە ماو نەهەستیشی بە تینویەتی کرد ٠٠ هەر ئەوەندەی بۆ کرا رووەو خەلکەکە سەرەو ژور هەلکشێ بە نیازی ئەوەی بزانی چ باسەو چی قەوماوە ؟

هەر لە دورەوە هێزی ئەزنۆی شکابوو ، خۆشی لەمەنەئەگەیشت :

لە سۆزەوەیە یان لەبێ غیرەتی‌یەتی ؟!٠

لەبەر خۆیەوە پرسیارێکی ورد کردەوە :

ـ چی‌هەیە ؟ هیچ بوە ؟٠٠ تف لەبێ دەستەلاتی ، مردن لەم حالەتە خۆشترە ٠

لەگەل ئەوەی قاچی بێ توانای خەریکی مان‌گرتن بوو ، هەر چونێك بوو بە دوای خۆیدا بەکیشی کردو ئەیووت :

ـ خۆشی بێیان تالی هەر ئەبێت خۆمیان بگەیەنمێ ٠

لە لایەکی ترەوە هەرخۆی بورەهەنگی مێشکی وروژاوی هێمن ئەکردەوە :

ـ دنیا هەر وابوە ، کەس بەکەس‌نی‌یە ، لە ئاسەت بێ دەستەلاتیدا پشتی راستی چەماوەتەوە ٠

کابرای تینو لەسەر قسەکانی رۆیشت :

ـ ئەوەتا ئەو خەلکە دەنگیان بەکەسدا ناگات ، جگە لە قسنەکەی یاشیخ ، مەگەر خۆیان بێنە دەرەوەو بیکەنە هەلا تا دنیا بەسەر خۆیاندا دابارێنن ٠ هەرچۆنیك بوو لەگەل شی‌کردنەوەی کاکۆلەی تالە مووی باریکی مێشکی ماندویدا خۆی گەیاندە ناو خەلکەکە ٠

کابرای تینو ووتی :

خەلکی چی‌ببینم ؟

کۆمەلی ژنی رەشپۆش ، هەندێکیان بە سنگ‌و مەمکی رووتەوە قەفەسی قسنەکەی کاك ئەحمەدیان رانەوەشان ، یەکێکیان بەدەم گریانێکی بە کولەوە دەستەو دامەنی یەخەی شیخ ئەبوو :

ـ بیکە بە خاتری سەجدەی پشتاو پشتت ، کۆزم وردە ، فریام کەوە ، حەیا گرانە لە تەماع‌و دەست درێژی پیاو خراپان بمپارێزی ٠٠ بە پاکی خۆم لەگەل بکەیت ٠

دوایی بە دەنگیکی نزمەوە بە ئاسایی بە قەفەسی قسنەکەدا لەبچرپان نەبا لەسنگ گرێی لێ‌بێت :

ـ کاورنگی فەلەوم نەرزە !

٠٠ کابرای تینو ووتی :

لە تەنیشت ئەم نافرەتەوە رەشپۆشێکی تریان بە سۆزەوە ئەکروزایەوە :

ـ هاتوم بە دەنگمەوە بێتو دەست بە بالی تلفەکەمەوە بگری‌و بیپارێزی تا بێ بگات بەلکو سا لەسیبەریدا بحەوێمەوە ٠

هەرئەوژنە :

کەمێك بێ‌دەنگ بوو ، لەبەر خۆیەوە لێوەکانی ئەجولانەوە ، دوایی دەنگی بەرزکردەوە :

ـ هەر ئەو تولفە شك ئەبەم ٠٠ هەموو بەختەوەریەکی ئەم دنیایەم لە کوژانەوەی مۆمی ژیانی باوکیدا توایەوە٠ کابرای تینو ووتی :

دیمەنی کۆمەلە ژنە رەشپوشەکان بە خەستی‌و چرو پری بەیەکدا چو بون وتارماییەکی ئاوزاویان بە بەر لیلایی شەرمدا هێنا بوو ٠

ئەوانەی سەیریشیان ئەکرد هەر یەکەیان روباری هەستی خۆیان تێکەل بە دەریای توێژینەیەکی سەر بەخۆی خۆیان ئەکرد ٠

خەمبارەکان هەریەکەیان بۆ جەرگی خۆیان ئەگریان کەچی ژنە جەحیلە رەشپۆشە کەی دوایان بۆ خۆشی ئەگریا ، بۆ خۆشی ئەپارایەوە ، بۆ خۆشی ئەکروزایەوەو هەندێ جاریش لە تاو خۆی جەرگەکەی لە بیر ئەچوەوە کەچی لە گەل رەشپۆشەکانی ترا بەختیاری خۆی لە کردنەوەی قفلە داخراوەکەی هەفتەی رابوردودا بەدی ئەکرد ٠

هەر ئەو ژنە جەحیلە سەرنجی هەموو لایەکی بەلای خۆیدا راکێشابوو ، کەلێ جار لەگەل سۆزو لاوانەوەیەکی ناسك خەم‌و پەژارەی بە (با) ئەدا ٠ کابرای تینو ووتی ژنە جەحیلەکە لەم کاتەدا رووی کردە پیرێژنێکی کۆماوەی چاوکزی سەرکلۆ بەفزین کەلە سوچێکی بەناوە دانیشتبو پێی ووت :

ـ ئامۆژن ئیتر ئەمرۆ بەسە ٠٠ بابرۆینەوە درەنگە ، تولفەکەم لە بتشکەدایە ٠

ووشەی تولفەکە جەرگی پیرێژنی هەلتەکان‌و خورتەیەك دلی سەر کلۆ بەفرینی راتەکان ٠٠ هەموو ووشەی تولفێك باوکی تولفەکەی ئەهێنایەوە بەرچاو ٠

پیرێژن کاتی تەقیوی چاوی ووشك بوو بوو ، دلوپە نەئەباران ، لەبەرخۆیەوە نزای بەئاسماندا هەلئەداو گلەیی لەچارەنووسی رەشی خۆی ئەکردو ئەیووت :

ـ ئای بۆ ئەو رۆژەی جەرگەکەم وەك تولفەکەی ساوابوو ، ئای ئەو هیوا پیرۆزەی لەگیانمدا سەوز بوو بوو ٠

پیرێژنەکە درێژەی بەقسەکانی‌دا :

ـ ئێستاش تولفەکەی بەچاوی جارانی باوکی‌یەوە ئەماشا ئەکەم ٠

ئەم پیرێژنە بەسزمانە هەموو ساتێ لە نارامگای جەرگەکەیدا ئەژیاو ئەمردەوە، ژنە جەحیلەکەش لەدەریای بێ‌پایانی تولفەکەیدا ئەگەشایەوە ، رەشپۆشەکانیش هەریەکەیان لەدلی پچراوو نارامی خۆشەویستە لەدەست چوەکانیانا ئەژیان ، کابرای تینو ووتی :ـ

لەم دەمەدا کابرای زێوانی قسنەکە بەهەلوێستێکی ناسك‌و بەئەزاکەت رووی پال‌پێوەنانی بەرەشپۆشەکان‌و خەلکەکەوە نا‌و بۆ دل ئەرەنجاندیان ئەیووت :

ـ خەلکینە کاتی نوێژە ، خۆتان لێ‌راوی بێت ، برۆن کاتی نوێژە ٠

بەلای کابرای زێوانەوە هەمووشت لەناستی نوێژ کردنا شەرمەزارو مل‌کەچ ، کابرای زێوانی قسنەکە لەهێلانەی جەرگی رەشپۆشەکانەوە سەری هەل ئەئەداو لەبیلبیلەی بینایی ئەوانەوە شتی ئەئەخوێندەوە ، کەچی ئەو لێکدانەوەیانە خەلکەکەی ئەکەیاندە ئەو ئەنجامەی : لافاوی کینەو بێ‌بەزەیانەی مرۆڤی دلرەق سەرەوژور هەلدەکشێ ٠

رەشپۆشەکان چاوەروانی نزاو تکایان لەنوێژکەرەکان ئەکرد ، زێوانەکەش لە هێمنێ ئەواندا ئەتوایەوە ٠ کابرای تینو ووتی :

بەیەکاچونی رووداوە درکاویەکان رێچکەی هاتنە دەرەوەی بەرەشپۆشەکان بێ‌گرت چۆن هاتبون هەروا گەڕانەوە ، لەبریتی گیرابونی نزاو پارانەوەیان فەرامۆش هاتنێك شاخێکی پۆلایینی بەتەمی خەفەت دروست کرد ٠

ئەو دیمەنەکاریگەرە بەواق و رماویەوە لافاوی رەشپۆشەکان سەرەو خۆار رای‌مالی‌و ژەهراوێکی خەستیان بەگەروی نوساویدا کرد ، لەگەل هەنگاونانا بەمێشکی ماندوبون‌و ئازاردراوەوە لای دایە لای مەرکانەی ئاوەکە بەمەبەستی تەڕکردنی دەم‌و لێوی ووشکی‌و شکاندنی تینویەتی کە سەیری کرد مەرکانە ووشك‌و برنگ ، ئەوسا ئاوری بۆلای خەمبارەکان دایەوە بینی دورکەوتومەکان بەجێیان هێشتوە ٠

کابرای تینو بەدەم زەردەخەنەو بزیەکی دوای ماندوبون بە هەلەداوان شوێنیان کەوت‌و خێرا گەیشتەوە لایان‌و لەتەکیانا ملی رێی گرت تا لە دەریای ئازارەکانیانا بڕی ٠

کەبەهاردی

مەسعود پەرێشان

لە غوربەتی ئەو شەوەدا ،
چاو ئەسپێکەو دەحیلێنێ !
خەو ڕادەبڕێ‌و
ـــ دەرگا لە ڕووی خەوتن داخەن
ئەشەو لەگەل نیشتمانە نووسراوەکە
دادەنیشین ٠٠ دەخوێنەوە
نۆش ئەی چاوەبۆرەکە ٠٠ مەست ئەبیت‌و
لە کاتی ڕوون بوونەوەنا
خەوەکانت ، دەکەیت شەوچەرەو سەزە !!

× ×

لە زامە سەرکێشەکانا ٠٠ هیوا دەڕوێ
خەوی سادە بەمردنی شاعیرەوە هەلدەواسرێ
من دلنیام ،
پایزیش خۆی وزر خۆش دەوێ
بەلام دەشزانێ کاتی مردە
زستان دەڕوێ ٠٠٠
بەهار دەڕوێ‌و ٠٠٠
هاوین دەڕوێ !
لە خوی سادەی شاعیرا ،
چرا دادەگیرسێ‌و ، گول دەڕوێ !

× ×

کە بەهاردێ شوان لە قارەقاڕی مەڕدا
دەسکەڕنەی پووش ناکات‌و
دەزانێ گیای سەوز لە دەشتا ٠٠٠
سەر دەردێنێ !
ئیتر منیش کە بەهار دێ
لە روخساری منالانا
دەسکەڕنەی خەم ناگەم‌و
دەزانم کە زەردەخەنە ٠٠ لەڕووی گەشا دەجریوێنێ !!!

چیرۆکێکی کورت

زام‌و ژان‌و ئاگر

دەرگاکەی کردەوە ، بێ دەنگی تێری وروژا ، ووشەی گر ، لە گەرووی خوێن‌دا دەکوژایەوە ٠٠

« خوایە ، دەنگێ ، رەنگێ ، سێبەرێ ، بزەی چاوێك ٠٠٠ بۆ هاودەمی تەنیایی ئەمشەوەم » ،

دیوارەکان مۆڕەیان لێ‌دەکرد ، ئێك قورس ، سەپۆلە ، درندانە گەمارۆیان دەدا ٠٠ چرنۆکی خۆپاراستن ٠٠ گریانی کەڕ ، ئاگریان لە نامێزی بەرئەدا ٠٠ ئازاری کەڕەژانێکی یاخی ، کەلبەی لە ئاخی بیرەوەری گیردەکرد ٠

« خواوەندی سەرفرازی ، کورەی دەروون جۆش بدە ، راچەنینی برینەکان بخەرە بەختی تەنیا ییمەوە ، نامۆییم لەسێدارەبدە ، پرچی ناخی خوتناویم برنەوە ٠٠ »

سەری هەلبڕی ، بەپولەی نیگا بە سەر چیمەنی دیمەنەکەی بەرانبەری‌یەوە نشتەوە ٠

« دەبێ هەموو کەسێك ، ئێمە ئاسا شەیدای سروشت بێت ؟! » زیاتر لێی راما ٠

« سیرە ، دەڵێی یەکەمجارە دەیبینم ، چەند دل فرێنە ! باشە هاولفی تەنیاییم بوو ، تابۆی زەلامێك ، پاچەکەی دەستی ، دارە تێك رژاوەکان ، پەلە هەورە ئاسمانی دیمەنەکە ٠٠ مەلاشوی نەو دیوی هەستیان هەلدایەوە ٠٠

« خالە گیان ماندوو نەبی ٠

خوا خۆشت کات ٠٠

ئەوە بۆ ئەم دەوەنە گەشە دەپرێتەوە ؟ »

ئامێکی سارد ، نالەی ماندوێتی‌یەکی دوا براوی تەقاندەوە « کەس خالی ، مەسەلەی ئەم دەوەنە ـ گەشە ـ (بە تەوسەوە) درێژە ٠٠ چەند ماوەیەکە لێمان بوو ، بە شملی شەڕو نان بڕوای کردووین زێرە لە پالی دارە بەر دارەکانەوە شین دەبێت ، بەشی وانیش دەخوات ، جا بۆیە پەیتا پەیتا دەی بڕینەوە،

ـ باشە دەرەقەتیان دێن ؟

ئەگەر ئێمەش دەرەقەتیان نەیەین ٠٠ رۆلەکانمان فێری بڕینەوەیان کردووە ٠ » ٠

سێبەری زەردە خەنەیەك ، دلی ئاوارەی باوەشێن کرد

« بەدوعا

بەدوعا » ٠

ئازای گیانی باوێشکی تەمەلی دەدا ، ملی لار بووەوە ٠٠ کاتێ هەستا ، هەزاران هاواری تینوو لە مێشکیا دەنگیان دەدایەوە ، تیزابی نەسرەوتنیان دەڕژانە زامەکانەوە ٠

حمە کریم عارف

پاشماوەی ژمارەی پێشو

سەرنج وتێ‌بینی یان بەردە فرکێ؟

بەلام ڕوون‌و ئاشکرایە کە مامۆستا ئەحمەد سەلام باش بۆی دەرکەوتوە لە هەلسوراندنی ئەو کۆرەدا چۆن بە پێچەوانەی هەموو بەڕێوەبەرەکانی ترەوە بوو ، بۆیە بەنای بردۆتە بەر مەسەلەی ماتماتیك‌و پاکانە دەکات‌و دەلی : خەلکینە ! لە بن دەستی مالی خۆمانەوە ، ئەندامی لیژنەی رۆشنبیریشم !! تەنیا دوو جار مایکروفۆنیان داومەتی ، کە چی بە سەر شەش پارێزگادا مصطفی صالح دێتەوەو بە قەدەرو لە خەلکی زیاتر ئەویش دوو جار مایکروفۆنی ئەدرێتێ ٠

ئایا ئەمانە ئەوە ناگەیەنی لە قسەکانیا کە دەلێ : « دیارە هەمو دەزانن کە مامۆستا بە حوکمی کاروباری وەزیفی بە سەدان کیلومەتر لە سلێمانی‌یەوە دوور ، هەر مەگەر سەردانەو سەردان بیبەرژێتە سەر ئەوەی لە کۆرەکانی یەکێتی نوسەراندا ئامادە بێت ، کە چی باوەر بکەن هەر لە ماوەی یەك دوو سەر دانا بە قەدەر مۆ لە خەلکی تریش زیاتر مایکروفۆنی کەوتە دەست » ٠

جا با بۆ ئێوەی بەرێزی روون بکەمەوە کە مامۆستا ئەحمەد سەلام چەند ئەمینە لە هەلبژاردنی وشەکانیاو چۆن بە موو لەحەق لا نادات ٠

وەرزی‌یەکەمی رۆشنبیری نوسەرانی سلێمانی لە حوزەیرانەوە دەستی پێ کرد تا ئاوەراستی ئەیلول ، من نەك سەردانە و سەردان وەك مامۆستا وتویەتی ، بەڵکو سەرومڕ حوزەیران‌و تەموزو ئاب لە سلێمانی بووم ، وە لە هەمو کۆرەکانیشا ئامادەبووم مەگەر لە سەفەر بوویم و پێم نەکرابێ بچم ، جا ئایا ماوەی سێ مانگ‌و مانگی چوار کۆڕ دەبێ پێی بوترێت « هەر لە ماوەی یەك دوو سەردانا » ، ئایا ئەمە رەوای حەقە ؟ ئایا ئەم خەلکە هەمووی نوستوون‌و بێ خەبەرن‌و نازانن کە مامۆستا لە هاوینا پشووی هەیەو سەربەستە لە هەر شوینێ بێ ٠

ئەمانە باوا بە زەقی بوەستن بەرامبەر بە « سەردانەو سەردان »ەکەی مامۆستا با بێمە سەر « لە خەلکی زیاتریش مایکروفۆنی کەوتە دەست » ٠

وە هەر بۆ زاخاوی مێشك منیش ئەم موعادەلەیە بەرەو ڕووی خوێنەرە بەرێزەکان دەکەمەوە ، با هەر کەسە ویژدانی خۆی بکات بە « حکەم »و بریاری خۆی بدات مصطفی صالح کریم + ٢٠ سال ژیانی ئەدەبی + عارەق رشتن‌و شەو نخونی لە پێناوی گەشە پێ کردنی یەکێتی نوسەرانی کوردا + ٤ سال سکرتێرتیی دەستەی بەڕیوەبەری سلێمانی + ئەندام لە یەکێتی‌دا ٠

ئایا ئەگەر ئەمانە هەمووی « مساوی » بن بە دوو جار جوونە سەر مایکروفون لە بارەگای‌یەکێتی‌دا ئەبێ مامۆستا ئەحمەد سەلام بە زۆری‌دابنێ‌و بڵێ « لە خەلکیش زیاتر » گوایا بە حیسابی خۆی « ئیبتیکار »ی کردوە لە جیهانی ماتماتیك‌دا ٠

با ئەوەش بزانریت لە ماوەی چوار ساڵدا واتە لە ٧٤ تا ٧٧ من ئەو دوو جارە چۆن مایکروفونم خراوەتە بەر دەست کە بە لای مامۆستاوە زۆرەو ناڕەوایەو چۆن دەبێ لە ٤٠٠ کیلومەترەوە من بێم‌و مایکروفون لەو ولە کەسانی ترداگیر بکەم ، تەنانەت لە نوسینە کە شیا ئەوە هەست پێ دەکرێت کە هەر گیز رەوا نی‌یە ئەوەی لە « شار » نەبوو مایکروفونی بدرێتە دەست ، کاری راست بێ ئەوەشیان قەی ناکا با باسی دوو جارەکە بکەم :

یەکەمیان ـ وەك باسم کرد بە پێی نامەی تایبەتی دەستەی بەڕیوەبەر ئامادە بوم لە بەردەم مایکروفون‌دا بۆ لێ دوان لە سەر باسەکەی مامۆستا کاکەی فەللاح ٠

دوەمیشیان ـ مامۆستا حەمە رەشید فتاح ئەندامی دەستەی بەڕیوەبەر پەیوەندی پێوە کردم دەربارەی بەشداربونم لە کۆڕیکی جیرۆکدا واتە خۆم بەزۆر تێ‌هەلنەقورتاندوەو تامەزرۆش نەبووم‌و پە ناشم نە بردۆتە بەر کەس بۆ ئەوەی بخرێتە کۆڕەوە !!

مامۆستا ئەحمد سەلام بە وشەکانی من دەلی : « نظرة فوقية » ، خۆشی لە هەموو کەس باشتر دەزانێ کە مزو « نظرة فوقية » زۆر لێکەوە دوورین ، جگە لەوە نازانم « فوقانی » یەکەی من کامەیە تا ئەو وای لێك بداتەوە ٠

ئاشکرایە تەنانەت ئەو وشانەشی لەرووی « فوقانی » یەکەیەوە یەتی کە دەیلێ ، ئەگەر بروا ناکەن سەیری ئەم رستەیەی بکەن :

« چۆن مامۆستا مصطفی لە سەرو زوربەی زۆری دەستەی بەریوەبەری یەکێتی و لیژنەی رۆشنبیری‌دا توانی لە یەکەمین پرۆگرامی ئەدەبی بۆ سەر تەلەفزیۆن هاوبەشی بکات » ٠

تکایە باش سەرنج بدەنە ئەم دو وشەیەی : « چۆن » و « توانی » جا بۆ ئەوەی مامۆستا نەیکات بە مەراق با لە مامۆستایان ئەژی‌گۆزان‌و رۆوف بی‌گەردو کەریم شێخانی‌و حەمە رەشید فتاح‌و کاکەی فەللاح‌و کەریم زەنەو ئەکرەم قەرەداخی‌و حەسیب قەرەداخی بپرسێ با وەلامی « چۆن »ەکەی بدەنەوە ٠

ئەمە بو ، ئەو سەرنجانەی من کە لە رۆژنامەی هاوکاری‌دا دلسۆزانە خستبومە بەر دەست برایانی دەستەی بەریوەبەری یەکێتی نوسەرانی‌کورد لەسلێمانی ، بە نیازی پێش خستنی کۆڕەکانی وەرزی دوەم ، کەچی مامۆستا ئەحمەد سەلام کردی بە ، بەردەفرکێ ، ئێستاش دوای روون‌کردنەوەی ئەم راستی‌یانە خەلکی بۆیان دەر دەکەوێت کە نەمالم شووشەبەندە نەبەردە « فرکانیشم » کردوە ٠

مصطفی صالح کریم

رەمادی : ٤ـ١١ـ١٩٧٧

ژ فولکلوری کوردی

شێرو رویڤی

باب‌و باپیرا گەلە چیروك‌و سەرهاتی وێن بۆ مە هێلاین داکۆ سوودێ زێ‌بگرین ، یان چەند قەسێن پەتی ، شرین‌و جوان ، وێ نافاوا گوتن‌و چیروك‌و سترانا گوتین ، بڤێ ئێکێ وێ پاراستێن داکو دەست بۆ دەستی فەگێرن‌و بژێن دا وندا نەبن ، وبێنە خودان‌کرن ، چونکە خودان کرنا فولکلوری ٠٠ خودان کرن‌و کەدخودا کرنا زمانی‌یە ، لێ گەلۆ بسیارەکە من دڤێ ئەز بکەم ، یاکو دەمشکێ من دە ژمێر وەرە ٠٠ پوچی گەلە سەرهاتی‌و چیروك ، گەلەك موزان ، هاتنە گوتن و ئەهاندن‌و چێکرن بجانەوەرا‌بان سەردەڤێوا ، نەخاسمە گەلە چیروکێن هەین سەردەڤێ شێرو رویڤی‌وگورگا ، ڤێ جارێ ئەمێ کورتە چیروکەك زوا بەلاف کین ئەوزی چیروکا شێرو رویڤی‌یە ٠

سپێدەکی روژێن بهارێ ، تاڤێ دابو مێرگا ، شێرەکی خوە کەلەفاشکری و دخەو چوبۆ ، دەما تاڤێ لێدا سەر خوەڤە هات ، زك لێ فالایە وبرسی یە ، رابی بەری‌خوە دامێرگێ ، چاڤێ وی بگا رەشەکی کەت بلەز بەزی‌یێ بەنچەك لێدا لێخست‌و چەرگ‌و مێلاك دەرهێنان رخوارن ٠٠ هند خوار تاتێربی ٠٠ شێری گەلەك خوار ٠٠ هند خوار ژگوشتێ گایێ رەش ٠٠ شێر حەمەربی ٠٠ خیرەت نەکر کەلەخێ خوە راکێشە ربیەرەخەکادی ، هەر بەر کەلەخێ رەشەگای رەخوە درێژکرو دخەو چۆ ٠٠ چاڤێ رویڤی یەکێ لێ‌بی دەما شێری ئەڤ کارەکری ٠٠ بلەز بەزی سەر کەلەخێ گایێ رەش تێر نەرمە گوشت خوار ، پاشی ژما گای دەرینا‌و باش دەست‌و پێن شێری گرێدان‌و ئیشك دان‌و خۆ هافێتە بن شکێرەکا بەرا کۆ ئەو شێری ببینەو شێر وی نەبینە ٠ شێر مانفستی ، تا تاڤ گەهشتێ چاڤێن خوە ڤەکرن، ڤێیا رابت ٠٠ لێ دیت ئەو حالێ ئەو تێدا ٠٠ هندی ڤێیا دەست‌و پێن خوە دەرینەیان ژهێ ببزدینە ٠٠ لێ نکاری ٠٠ وی دەمی روڤی ژ شکێرێ هاتە خوارێ و نیزیکی شێری بی‌و گوت :

ئەی پادشاهێ جانەوەرو ودارستانێ ٠٠ دەرا بەسەر خوە ٠٠ روژێ هاتی نیڤا ئەسمانی ٠٠ تو ئەڤ پالەوانە ٠٠ زبەر ڤێ کنفکێ نەشێ رابی ٠٠ گەلکی شەرمو فهیتە بۆتە ٠٠

دلێ شێری تەنگ بی ٠٠٠ بی‌نرەنرا وی ٠٠ دەما دیتی رویڤی یاریا پێ‌دکە وپێ دکەنە ، بەرێ خوە ژرویڤی وەرگێرا ٠٠ دا رویڤی نەبینە ٠٠ رویڤی رابی سەرخوە چو ملا مێرگێ ٠

روژادی ٠٠ شەڤێ دافێن خوە کشیان‌و روژ هات دیاربۆ ٠٠ رویڤی ژگری هاتە خوارێ ٠ ٠هەر وەکی نە رویڤی‌یێ دوهی ٠٠ سلاڤ کر شێری‌و دەستێن خوە سەر مەڤدو دانان ٠٠ وگوت :

ئەرێ ئەڤ‌کی بێ‌بابی ئەڤ لەزنێ مە جانەوەراکریە ٠٠؟

بەری زهێ ٠٠ زهەڤەروت‌و بزداند ـ دەست‌وپێن شێری بەردان‌و رزگارکرن‌و ڤەکرن ٠٠ دەما شێر رابی سەرخوە ، ئێك راست بەزی‌و چو ٠٠ بۆخۆ دگوت :ـ

جهێ من لڤرنەما دڤێ لفر نەمینم ٠٠ وبچم ژوی‌جهێ رویڤی ٠٠ هز ٠٠ بە بکەنە ٠٠

نفیسینا : خالد حسین

Institut Kurde de Paris

لە بروسکەیەکدا بۆ سەرۆکی فەرماندەو بەڕێز صدام حسین

زانایانی ئایینیە کان پشتگیری بەیاننامە مێژوییەکەی سەرکردایەتی نەتەوەیی ئەکەن

زانایانی ئایینی نجف ، لەکۆبونەوەیەکدا کە لەبارەگای کۆمەڵی ڕێنمایی ئایینی نجف‌ی پیرۆزدا گیرا ، بروسکەیەکیان ناڕاستەی سەرۆك احمد حسن‌البکرو هاوڕێ صدام حسین کرد • تیایدا پێخۆشحالی‌خۆیان‌و باوەڕی جەماوەریان دەربڕێ بەرامبەر ئەوسەرکردایەتیە ئازاو بەهێزە بە ناوەرۆکی ئەو بەیان نامەمێژوییەی کە سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعسی‌سۆشیالیستی عەرەب پێرێ ئیواری بڵاوی‌کردەوە •

هەروەها بڕوای پتەوی‌خۆیان پێشان‌داوە بەرامبەر پاك کردنەوەی هەموو زەوی‌داگیرکراوی عەرەب‌و رزگارکردنی

پیرۆزبایی لە سەرۆکی فەرماندە بەبۆنەی جەژنی قوربانی پیرۆزەوە

بەبۆنەی جەژنی قوربانەوە بەڕێز قازیی بەغدا بروسکەیەکی جەژنە پیرۆزەی‌بۆ سەرۆك احمد حسن البکر ناردوە •

ئەمەش تەواوی بروسکەکەیە ••

بەناوی خوای گەورەومیهرەبانەوە

موهیب احمد حسن البکر سەرەك کۆماری عیراقی بەڕێز

مایەی خۆش بەختیمە کە جوانترین‌و خاوینترین پیرۆزباییتان بەبۆنەی نزیك‌بۆنەوەی جەژنی قوربانی ساڵ ١٣٩٧ کۆچی‌یەوە پێشکەش‌بکەین • لە خوا دەپارێینەوە کە پارێزگاریتان کات‌و بەچاوی‌رەحمەتی ئاگادارتان بێت‌و بۆ سەرفرازی ئەتەوەی عەرەبمان‌وهەمیشە راویستاوتان کات لەژێر سەرکردایەتیتانداخواسلتی نەتەوەکەمان بێنیتەدی ، هەر ئەو چاکترین گەورەو باشترین سەرمرازکەرە •

عبدالقادر ابراهیم علی
قازیی یەکەمی بەغدا

میوانداری کۆشکی کۆماری

بەڕێز حمزە عباس حسین پارێزگای بانقی مەرکەزی کوێت بەبۆنەی سەردانەکەیەوە بۆ وڵات ، دوێنی بەیانی لە کۆشکی کۆماری ئامادەبوو ، ناوی خۆی لە دەفتەری میواندارىدا تۆمار کردوە •

هەروەها بەڕێز حسین حیاوی العماش بالوێزی کۆماری عێراق لە کۆماری یوگوسلافیای سۆشیالیستی ، بەبۆنەی هاتنەوەیە بۆ بەغداد ناوی خۆی لەدەفتەری میواندارىدا تۆمار کردوە •

هەروەها بەڕێزان سعدی عیاش عریم وەکیلی وەزارەتی ناوخۆ بۆ کاروباری کارگێڕایەتی گشتی‌و دکتۆر علاء الدین داود بەرێوەبەری پاراستنی دانەویلەی گشتی بەبۆنەی ڕۆیشتنیان بۆ دەرەوەی وڵات ناوی خۆیان لە دەفتەری میواندارىدا تۆمار کردوە •

بەڕێز دکتۆر خاشع عیادة عەمیدی کۆلێژی پەوەردە لەزانکۆی بەغداد بەبۆنەی گەڕانەوەیەوە لەدەرەوەی وڵات جۆنە کۆشکی کۆماری ناوی خۆی لە دەفتەری میواندارىدا تۆمار کردوە •

ڕۆژی یەکەمی شەممەی داهاتوو جەژنی قوربانی پیرۆزە

بەڕێز عبدالقادر ابراهیم‌علی قازیی یەکەمی بەغدا ئەم بەیاننامەیەی لای خوارەوەی‌دەرکردوە

بەناوی خوای‌گەورەومیهرەبانەوە

بەرێکەی شەرعی ئەوەدەرکەوتوە کە سەرەتای مانگی « ذی الحجه » ساڵی ١٣٩٧ی‌کۆچی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١١ـ١١ـ١٩٧٧ی کردوە •لەسەر ئەو بناغەیە یەکەمین ڕۆژی جەژنی قوربانی پیرۆزئەکەوێتە ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی ٢٠ـ١١ـ١٩٧٧ەوە •

خۆم بەبەختیار ئەزانم کەئەم هەلە دەست لە ئەدەم‌و چاکترین‌و جوانترین‌بیرۆزبایی لە برایانی مسولمان بکەم‌و داوا لە یەزدانی بەرزبکەم کە حاجیکانی ماڵی خوا سەرکەوتوکات بۆ ئەوەی‌بەخۆشی حەجەکەیان بکەن‌و بگەڕێنەو بۆ وڵاتەکانیان بۆکەسوکاریان‌و حوا ئەم جەژنە بۆ هەمو مرۆڤایەتی‌بکاتە خۆش‌گوزەرانی •

عبدالقادر ابراهیم علی
قازیی یەکەمی بەغدا

دهۆك لەبەردەم ئاوەدانیەکی فراواندا

کەرتی سۆشیالیستی سەربە پارێزگای دهۆك لە هەوڵو تەقەللایەکی بێشوماردایە ،لەپێناوی هێنانەدی چاکترین‌و باشترین باری پێشکەوتن بۆهاونیشتمانیەکان‌و سەرکەوتن بەسەر ئەو بارە دواکەوتنانەی‌بەهۆی یاخی بوە بەکۆی گیراوەکەوە دوچاری‌بووبون • کە بۆ هەتاهەتای لەبەهاری ١٩٧٥دا لەناوبران •

بروانە ل ٧

پشوی (هاوکاری)

خوێنەرانی بەڕێزی (هاوکاری) ئاگادار ئەکەین کە هەفتەی داهاتو تێکڕا ، ڕۆژنامەکەمان بەبۆنەی پشوی جەژنەوە دەرناچێت‌و هەفتەی دوای جەژنی بێرۆزیش هەموو ڕۆژانی دووشەممەو پێنج‌شەممە ئەکەوێتەوە دەرچون •

بەم بۆنەیەشەوە پیرۆزبای گەرم لە هەموو لایەك ئەکەین‌و هەموو ساڵو لەسای پێشکەوتن‌و دەسکەوتەی زیاتر لەعیراقی یەکێتی‌و برایەتی‌و ئۆتۆنۆمی کوردستاندا بەخۆشی بۆمان بێتەوە •

« هاوکاری »

لە دوانێکی بەڕێز طه یاسین ڕەمەزاندا :

بەم زوانە یاسای وەزارەتی خانەسازی وئاوەدانی دەرئەچێت

بەڕێز طه یاسین ڕەمەزان‌ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌وەزیری کاروخانەسازی ئەوەی ڕاگەیاندوەکە بەم زوانە یاسەیەکی نوێی وەزارەتەکەدەردەچێت ، بەئامانجی یەك خستن‌و ڕێکخستنێکی کاروبارلە نێوان دەزگاکانی وەزارەتەکەدا وە بەناوی‌وەزارەتی خانەسازی‌و ئاوەدان کردنەوەوە • دوێنی‌لە گفتوگویەکیدا لەگەل ئاژانسی دەنگو باسی‌عیراقیدا وتویەتی •

دەرچونی ئەم یاسایە هەنگاوێکی ڕابەرو پێشکەوتوانە پێك دەهێنی لە ڕێبازی ئەوەدا کە دەزگاکانی کەرتی سۆشیالیستی بتوانی لە مەیانی ئاوەدان کردنەوەو پەرەپیداندا دەوری تەواوی خۆی ببینێ بە جۆرێکی ئەوتۆ کە لەگەل خواستەکانی شۆڕشی ١٧ ی تەمموزدا ڕێك کەوێتو بەدەنگەوە چونێکی بریارەکانی هەشتەم کۆنگرەی قوتریی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی بێت ، بەڕێز ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەوەشی دەست نیشان کردوە کە ڕوکەشو ناوەڕۆکی ئەم یاسا نوێیە پشتگیریەکی گیانی دیموکراتیە تیەتە ئەویش لە ڕێگای دامەزراندنی ئەنجومەنی خانەسازی‌و ئاوەدان کردنەوەوە بەسەرۆکایەتی وەزیر خۆی‌و ئەندامێتی وەکیلی وەزارەت سەرۆکی دەزگاکان‌و بەریوەبەرە گشتی‌یەکان‌و سەرۆکی کۆمپانیاکان‌و نوێنەرانی ئەخشە کێشان‌و کرێکاران‌و هەندێ پسپۆرانی دەرەوە ، هەروەها پشتگیری کردنی واقیعی کرێکاران‌و نوێنەرانی تر لە ئەنجومەنی بەریوەبەرێتی دەزگاو هەینەتە ڕاوێژپێکراوەکانی تردا • هەروەها ئەوەشی ڕون کردۆتەوە کە چاکەیەکی تری ئەم یاسا نوێیە ئەویە کە پلەی دوو وەکیل وەزارەتی داهێناوە جۆری کار کردنیان دیاری دەکات بە جۆرێك یارمەتی بەدوادا چونو سەربەرشتی‌و هەروەها پەرەپیدانی کاروباری دایەرەی ئەخشەکێشان‌و بەدوادا چونی داهێنانی‌و دایەری ئەخشە کێشان‌و پەرەپیدانی دەستی کرێکاران لە هەمو لایەکی وەزارەتەکەدا ••

تایە عبدالکریم چاوی‌بەسکرتیری گشتی ڕێکخراوی وڵاتانی خاوەن نەوت ئەکەوی

دوێنێ بەڕێز تایە عبدالکریم‌ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری‌نەوت پێشوازی بەڕێز علی جیدەی سکرتێری گشتی‌ڕێکخراوی وڵاتانی نەوت دەرهێنەری‌کرد •

لەم چاوپێ کەوتنەدا باسی‌ئەو لایەنانەکرا کە پەیوەندی بە کۆنگرەی وزاری داهاتوی

بروانە ل ٧

لێپرسراوانی دەزگا ڕۆشنبیری‌یەکوردیەکان دەربارەی بەعەرەبی خوێندن چەند دەرسێکی قوتابخانەکانی ناوچەی کوردستان ئەدوێن

بۆ ئەوەی بیروڕای‌ڕۆشنبیرانی کورد ، سەبارەت بە خوێندنی چەند دەرسێکی‌قوتابخانە سەرەتاییەکانی ناوچەی کوردستان ، بزانین ،چاومان بەچەند ڕۆشنبیری کورد کەوت ، تاکوو بیروڕای‌خۆیان دەربڕن ، لە پێشدا مامۆستا عبدالله شالی‌بەریوەبەری گشتی خوێندنی کوردی وتی :

لەڕابۆرتی سیاسی هەشتەمین کۆنگرەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستیدا هاتوە کە پەیڕەوی کردنی پەیاننامەی آدارو جێبەجێ کردنی هەمو بەندەکانی ئیلتیزامێکی بیروباوەڕو سیاسی نەگۆڕاوە بەرامبەر گەلی کوردو هەمو گەلی عیراق ، وە نابێت بەهیچ جۆرو شێوەیەك دەستکاری ئەوشتە بکرێت‌و لەسنوری ئەو ئیلتیزامەوە دەرچێت جا بەشێوەیەکی نەزەری بێ یا عەملی •• هەروەك حزب سەرکردەی شۆڕشەو بەرپرسیاری بەڕۆوەندی‌و یەکێتی‌ی وڵات‌و مافی عەرەب‌و کوردە •

لەبەر ڕۆشنایی ئەم بیروباوەڕانەدا لایەنگیری هەمو ئەو هەنگاوانە دەکەم کە سەرکردایەتی شۆڕش دەیان نێت کە لەبارەیاندا هەیە پلەی ڕۆشنبیری‌و پەروەردەیی وڵات بەرەو پێش بەرێت لەگەل ئەوانیشدا ناوچەی ئۆتۆنۆمی ، من گومانم لەوەدایە کە ئەو نارەحەتیانەی ئێستا قوتابیان لەخوێندی هەندێ لەو دەرسانەدا بەدیان دەکات کە بەزمانی عەرەبی دەخوێنرێت بەرەبەرە نامێنێت‌و دەتوانێت دوای خوێندن‌و کۆشش کردن‌و هاوکاری کردن لەگەل هەیئاتی پەروەردەدا بەسەریاندا زالبێت‌و دەبنە هاونیشتمانی‌یەکی چاك بۆ خزمەتی نیشتمان‌و بڵندکردنەوەی ناوونیشانی •

هەروەها چاومان بە کاك عبدالاله موسی ـ بەڕێوەبەری ئیستکەی کوردی کەوت بەم جۆرەی خوارەوە وەڵامی دایەوە :ـ

● ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەری کردووە سەبارەت بە خوێندنی دەرسەکان بەعەرەبی شان‌بە شانی زمانی کوردی لەپێناوی تەواوکردنی پێداویستیەکانی قوتابیانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا لەکاتێك خوێندنی قۆناغی ئامادەیی تەواو دەکەن •

زۆر پێویستیشە هاونیشتمانی عێراقی ئاگاداری هەمو جۆرە زانستەکانی ژیان‌و مێژووی نەتەوە بێت لەبەر ئەوەی چارەنووسێکی هاوبەش هەیەو یەك مێژووش لە ئارادایە بەیوەندی یەکەوە بەڕابوردووەوە لەدوا ڕۆژیش‌د. هەربەردەوام دەبێت ، بۆیە بڕیارەکە دوای لێکۆڵینەوەی زانستیانەی پێداویستی قوتابی هاتووەتەکایەوە تاتاسۆی پاشەڕۆژی لەبەردەمدا بکرێتەوە •

دوای ئەوە چاومان بە کاك محمد جهاد حسن ـ سەرۆکی مرزیعەکانی نیزگەی کوردی کەوت ، بەم جۆرەی خوارەوە بیروڕای خۆی سەبارەت بە بڕیارەکە دەربڕی :

● ئێمە کە لە عێراقیدا دەژین پێویستە کوردی‌و عەرەبی بزانین ، وەك ئاشکراشە کە میللەتی کورد موسڵمانن‌و دینی ئیسلامی بە عەرەبی‌یە ، جا پێویستە ئێمەی کورد ئەم زمانە ـ واتە زمانی عەرەبی ـ بزانین بە گشتی‌و بەڕێژەی قوتابیەکانەوە بەتایبەتی ، ئەو قوتابیانەی کە لە پاشە ڕۆژدا دەچنە زانکۆ تاوەکوو هیچ گیروگرفتێك لەڕێی خوێندنیاندا نەبینن ، لەگەل ئەمەشدا زمانی کوردی لەگەل زمانی عەرەبیدا بخوێنرێت ، چونکە هەردوو میللەتی کوردو عەرەب لە وڵاتێکدا دەژین‌و پێویستە لەیەك تری تێبگەن • پێویستیشە دەرسەکانی زمانی عەرەبی وەك دەرسەکانی زمانی پێگانە نەبێت ـ بۆ وێنە دەرسی ئنگلیزی ـ ، شتێکی ئاشکراشە کە زمانی کوردی ئێستا لە قوتابخانە ناوەندی‌یە عەربیەکان‌دا دەخوێنرێت • من لەو باوەڕەدام جێبەجێ‌کردنی ئەم بڕیارە سوودی قوتابیانی تێدایە •

کۆبونەوەی لیژنەی بەرە لە هەولێر

لیژنەی بەرەی نیشتمانی‌ی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز لە پاریزگای هەولێر لەوکۆبونەوەیەدا کە‌ڕۆژی لیژنەی بەرەی نیشتمانی‌ی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز لە پاریزگای هەولێر لەوکۆبونەوەیەدا کە‌ڕۆژی سێشەممەی ڕابوردوکردویەتی باسی ئەنجامی ئەوبریارەی ئەنجومەنی شۆڕش‌کراوە لەبارەی ئەوەوە کە لە قوتابخانەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا هەندی لەدەرسەکان بەعەرەبی بخوێندرێت •

هەروەها لیژنەکە لە کۆبونەوەکەیدا کە هاوڕێ علی حسین صالح ئەمینداری ئەهێنی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لقی هەولێر سەرۆکایەتی کردوە لە دۆخی ئیستای عەرەبیان کۆلیوەتەوە بۆ کردنی‌جەماوەر بۆ بەرەنگاربونەوە بەرگرتنی ئەونەخشە خۆبەدەستەوە دەریانە‌ی دوویەوێت بزوتنەوەی شۆڕشی عەرەبی بێ‌لێدرێت‌و مەسەلەی فەلەستینی بێ پاکۆکرێت • هەروەها لیژنەکە لەکۆبونەوەکەیدا لە هۆی بەتین‌کردنی کاری بەرەیان کۆلیوەتەوە • ئا•د•ع

خانەنشینەکان بەر لە جەژن موچەیان دەدرێتی

وەکزانراوە خانەنشینەکان بەر لەجەژنی قوربانی پیرۆز موچەکانیان وەردەگرن • لەو بارەیەوە وەزارەتی دارایی لە ڕۆژی سێشەممەوە تاوەکو ڕۆژی یەك شەممەیدا هاتوی بۆ وەرگرتنی موچە تەرخان کردوە • ئەم پێش‌خستنی‌کاتی موچەدانەش بەهۆی نزیك بونەوەی جەژنی قوربانەوەیە •

لە ٩ مانگدا بانقی عەقاری ٧٥ ملیون دیناری بەقەرزداوە

لە چەند مانگی ڕابوردودا بانقی عەقاری قەرزدانی خۆی زیاتر کردوە ئەویش بەهۆی بزوتنەوەی ئاوەدانی لەوڵاتداو دوای بریارەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە لەکانونی دووەمەی ڕابوردودا دەری کردبو بە زیادکردنی تەرزی عەقاری بەجۆرێك ٥ هەزار دینار بە فەرمانبەران بدرێت‌و ٤ هەزاریش بە

بروانە ل ٧

لەگەل بەشدارانی کۆڕی ڕاگەیاندنی جیهانی لەبەغدا

ساجدە احمدو زادوق ئادەم‌ئامادەیان کردوە

بەڕێز (ئورتوگرول‌ئوزکوك) ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی « کۆماری تورکیا »داو ، مامۆستای پەیمانگای زانستە کۆمەڵایەتی‌وبەڕێوەبەرییەکان لە دانشگای صاجتدا ، لە سەرەتاداخۆشحالی خۆی دەربڕی بە بەشداربوونی لە سێیەم‌گفتوگۆی جیهانی دەربارەی ڕاگەیاندن کە لە بەغدادا گیراوە •

ئەوەشی دووپات کردەوە کە ئەم گفتوگۆیە بایەخێکی زۆری هەیە‌و ، ئاواتی سەرکەوتنی بۆ خواست لە پێناوی چەسپاندنی مەسەلەی ئاڵوگۆڕکردنی ڕاگەیاندن لە نێوان وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا • پەنجەشی بۆ ئەوە درێژکرد کە ئەم کارە ئەرکو پێویستیەکی زۆر ئەخاتە سەرشانی پسپۆڕان لە کۆرەکانی ڕاگەیاندندا •

پاشانا وتی :

بەوپێیەی کە ئەندامی لیژنەی ئاڵوگۆڕکردنی هەواڵو کاروبارەکانی ڕاگەیاندنی نێوان وڵاتانم ، ئەڵێم لە لیژنەکەماندا لە کاروباری هەواڵکۆلینەوە ، لە هەردوو دیوی ناوەوەو دەرەوەشی وردبوونیەوە ، بەڵام زیاتر لیژنەکەمان بایەخی بە لایەنی یەکەمی ئەم مەسەلەیەداوە •

ئینجا، داوای یکخستنی‌کرد لە نێوان ئامرازە باوەکانی ڕاگەیاندن‌و ئامرازو ڕێگا نوێکاندا ، جگە لە ڕێکخستن لە نێوان لایەنەکانی ڕاگەیاندندا کە کارێکی گەورە ئەکاتە سەر مەسەلەی بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕاگەیاندن لەناو جەماوەراندا

بروانە ل ٧

لەپێناوی چەسپاندن وپوختەکردنی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان وپوچەڵکردنی نەخشە ئیمپریالیەکان دژی یەکێتی خەباتگێڕانەی هاوبەشی عەرەب وکوردا

• عبدالستار طاهر شریف •

ئەوکەسەی سەیری بارو دۆخی ئێستای کوردستان بکات بە ئاشکرایی ئەوەی دێتە پێش‌چاو کە جەماوەری بەرینی گەلی کورد ، بە کریکارو جوتیارو کاسبکارو ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕەوە ، ڕوویان کردۆتە شۆڕشی مەزنی حەفدەی تەمووز کە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بەرپای کرد و سەرکردایەتی‌کرد ، بە ئایینان باش دانان‌نان بە مافە نەتەوەییە ڕەواکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان لە ناو کۆماری عراقدا ، ئەو جەماوەرەی کە بە هەموو نواناکانیەوە تێکۆشا لە پێناوی لە ناوبردنی باری ستەمی نەتەوایەتی‌و چینایەتی‌و هەمو شێوەکانی جیاوازکاری کە لەلایەن ئەو حکومەنە کونەپەرستو شۆڤێنیانەوە دژی بەکار ئەهێنرا کە بەر لە شۆڕشی ١٧ـ٣٠ تەمووزی ١٩٦٨ هاتنە سەرکار ، هەر ئەو جەماوەرە خۆشی ئێستا بە ئیمانێکی پتەوترو قایمترەوە لە پێناوی چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی وپوختەتر کردنی‌و داکۆکی کردن لە شۆڕشەکەی ، شۆڕشی مەزنی حەفدەی تەمووز ودەسکەوتە پێشکەوتنخوازەکانیدا تێدەکۆشێ ، بەباوە ڕێکی ئەوتۆوە کە نە خواستو ویستی شەخسی‌و نەتەماعکاریەکانی ئیمپریالیست وکونەپەرستەکان ، دوژمنانی هەردوو گەلی عەرەب‌و کورد ، دەتوانن جێلەقی بکەن •

چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد پاش بەیاننامەی یانزەی ئازاری ٩٧٠ کۆتایی کارەساتێك بوو کە جارێکی‌تر ڕوونادانەوە ، پاش ئەوەی کوتایی هێنا بە چەوساندنەوەی گەلی کوردو بێبەش‌کردنی لە مافە نەتەوەییە ڕەواکانی ، وەهنا هەتا ئەو هەوڵو تەقەللا ئیمپریالیستی وزایۆنیستی‌و کونەپەرستیە چەپەلانەی بنەبڕ کرد کە هەوڵیان دەدا کۆمەڵانی خەڵکی کورد بۆ مەبەستی خۆیان بەکار بێنن ، بگرە ڕێگاشی لەم هێزانە بڕی تا ئیتر جارێکی‌تر نەتوانن جەماوەری کورد هەڵخەڵەتێنن‌و کون‌و کەلەبەر بدۆزنەوە بۆ خۆخزاندنە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵانی زەحمەتکێشی کوردەوە ، جگە لەوەی کە بەیاننامەکە کۆژمێکی بەهێزی دایە پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێڕانی کورد بۆ تێکۆشانی سەخت‌و شێتگرانە دژی بیروڕای گۆشەگیری‌ی نەتەوەیی ، سەرەڕای تێکۆشانیان لە پێناوی دا چەسپاندن‌و پوختەترکردنی مافەنەتەوەییە پێشکەوتنخوازەکانیاندا • چونکە بەیاننامەی پانزەی ئازارو خستنەکاری ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان یەکیەتی خەباتگێڕانەی ناوکۆییان لە نێوان هەردوو گەلی عەرەب و کوردماندا زیاتر بە هێزکردو مەسەلەی گەلی کوردمان ومافە نەتەوەییەکانیان بە مەسەلەی دیموکراتیەت‌و جێبەجێ‌کردنی سوشیالیزمەوە بەستا لە پێناوی لەناوبردنی هەموو شێوەکانی چەوساندنەوە و ستەمکاریدا •

شۆڕش لە مەیدانی دەسکەوت دان‌و کرداری بەکەلکدا بۆ هەموو ڕۆلەکانی گەلی عراق بەگشتی و هەموو ڕۆلەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەتایبەتی درێغی نەکردوە ، ئەمەش لەپێناوی لابردنی ئەو دواکەوتوویی‌یەدا کە ناوچەکە سەبارەت بەو بارو دۆخە نا ئاساییەی کە بەر لە بەیانی یانزەی ئازاری ١٩٧٠ نوشی بوو بوو • ئێمە ئێستا لە بواری باس‌کردنی ئەو کردارو دەسکەوتە زۆرانەدانین کە بۆ ڕۆلەکانی ناوچەکە هاتوونەتەدی ، چونکە ژمارەیەکی زۆر پرۆژەی کشتوکاڵو پیشەسازی گەورەو پرۆژەی تری ئاوەدان کردنەوەو ڕۆشنبیری لە نەخشەی پێنج ساڵەی یەکەمدا جێ بەجێ کراون‌و نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوەیی ساڵانی ٩٧٦ـ٩٨٠ دەیەها پرۆژەی تێدایە کە ئێستا لە نەواو بوونداین ، بەمەش شۆڕش باری بێ بەشی‌و دەسخەڕۆیی لە سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی لادەبات کە دووچاری گەلێ دواکەوتوویی‌و چەوساندنەوە بوو بوو •

کاتێك کە شۆڕش هاتۆتە سەر ووتنەوەی هەندێ لە وانەکانی قوتابخانە سەرەتاییەکان ، بگرە ئامادەییەکانیش ، بە زمانی عەرەبی شان‌و بەشانی زمانی کوردی بۆئەوەی قوتابیە کوردەکان بتوانن سەرەڕای زمانی زگماکی خۆیان ، زمانی کوردی ، فێری زمانی عەرەبیش‌ببن‌و وێڕی‌بکەن ، دیارە بەمە سەوری‌ی لەسەر بەرژەوەندی ڕۆلەکانی ڕەچاوکردوە ئەم هەنگاوە ، وەکو هەنگاوێکی پەروەردەکاری ، هەنگاوێکی ڕاست‌و بەجێیە بەڵام پیویستی بە جێبەجێ کردنێکی ساخ‌و لێکۆڵراوەیە لە لایەن دەزگاکانی فێرکردن‌و پەروەردکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمیەوە ، پێویستی بەبەجی هینانێکی پلە بەپلە هەیە ڕۆژنامەی بەرێزی « الثوره »ی ژمارە (٢٨٤٨)ی ڕۆژی دەی ئەم مانگە بەنجەی بۆکێشاوە ئەم بڕیارە باش دیراسەکردنێکی ورد درا وبۆ ئەوەی بەجێ‌هێنانی بە شێوەیەکی سەرانسەری‌و بەپەلە نەبێتە هۆی هەندێ چرژاندن لەو پۆلانەدا کە لە دواساڵی خوێندندان ، سەرکردایەتی بە وەزارەتی پەروەردەی ڕاگەیاند کە ئەمساڵ مەسەلەی تاقی‌کردنەوە بەعەرەبی بۆ ئەو قوتابیانەی کە لەدوا ساڵی قوناغی خویندندان دوابخرێ •

ناپاکان و ئەوانەی بە دوای هەلدا دەگەڕێن هەولیان دا دەروونی پاکی قوتابیان بەلای خراپەدا بەکاربهێنن‌و بەرەو هەڵەکاری و گومان‌بردن بە باوەڕی شۆڕش‌و سەرکردایەتیە سیاسیەکەی بەرامبەر بەمافە

بروانە ل ٧

Institut Kurde de Paris

مەڵبەندی رابەرانی ئافرەتی لادێ

● سەرۆکایەتی ناوچەی کشتوکاڵی سلێمانی گەلێ لەڵبەندی کردۆتەوە بۆ ڕێنمایی کردنی ئافرەتی لادێ بە مەبەستی شارەزاکردنی ئافرەتان لە بابەتەکانی ژیانی ڕۆژانەی سەردەمدا وەکو رستن و چنین و درومان و چێشت لێنان و کاروباری کێڵگە کشتوکاڵیەکان و ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی و گەلێ بابەتی بەکەڵکتر ـ بۆ شارەزابوون لە ئیشوکاری ئەم مەڵبەندانە سەرمانەدا لە مەڵبەندی ١٧ ـ تموز لە دێی شانەدەری سەربە ناحیەی شارەزورو ئەم گفتوگۆیەمان کرد لە گەڵ مرشدەکانی ئەو مەڵبەندەدا ٠

● لەسەرەتای چاوپێکەوتنەکەدا خوشکە نەسرین فتاح کریم لێپرسراوی مەڵبەندەکە دەربارەی چالاکی مەڵبەندەکەیان ووتی ٠

× هەر لە سەرەتای دامەزراندنی مەڵبەندەکەمانەوە ـ بەردەوام لە پەیوەندیان لەگەڵ ئافرەتانی دێکەدا بۆ هاوبەشی کردنی چالاکیەکانمان کە سودی باشی هەیە بۆیان و ئەبێتە هۆی گۆرینی باری گوزەرانیان لە هەموو ڕویەکەوە ـ ئاشکرایە کە گۆرینی باری گوزەرانی ئافرەتانی لادێکان یەکێکە لە هۆکانی پێشکەوتنی کۆمەڵ ـ ئیتر لەسەر شانی هەموو ئافرەتێکی دڵسۆز بە نیشتمانیشە کە هاوبەشی هێنانەدی هۆکانی پێشکەوتنی کۆمەڵ بکات ، هەمووش ئەزانین کە پێش کەوتنی کۆمەڵ لەهەر ڕویەکەوە پێت باری گوزەرانی ئافرەتی تیا ئەگۆڕی و هاندەرە بۆ هێنانی ئافرەت بۆ ڕیزی ئیش کردن و بەرهەم هێنان ٠ ئیمەیش هەر بەنیازی هێنانەدی ئەم مەبەستە هەندێ چالاکیمان ئامادەکردووە بە گوێرەی توانای خومان هەوڵێ جێبەجێ کردنیان ئەدەین ٠ لەوانەیش ٠

بەشێکی تایبەتیان کردۆتەوە بۆ فێرکردنی چنین و رستن و درومان کە مرشدەیەك سەربەرشتیان ئەکات و فێری جۆرەهاشتی بە کەڵکیان ئەکات ٠٠ هەروەها بەشێك بۆ فێرکردنی چێشت لێنان بە تازەترین شێوە کە لە زۆر روەوە کەڵکی لێ وەرئەگرن ، وەبەشێکیش بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری و بەشێك بۆ فێرکردنی کاروباری کێڵگەکانی دەورو پشتی دێکە کە هەندێ سەوزەوات و میوەی تیا ئەکرێت ٠

ئەوەی شایانی باسە هاوبەشانی چالاکیەکانمان ٧٠٪ی قازانجی بەرهەمەکانمان وەرئەگرن ـ وەکو قازانجی بەرهەمی چنین و رستن و دورومان و مریشك بەخێو کردن و کێڵگەو کشتوکاڵی ـ هەروەها بە بەرهەمەکانمان هاوبەشی پێشانگاکانی سەرۆکایەتی کشتوکاڵی ئەکەین ٠

● دوای ئەوە خوشکە نەسرین دەربارەی هەندێ گیروگرفت کە هاتۆتە ڕێگایان ووتی :

× لەسەرەتاوە گەلێ گیروگرفتمان هاتە ڕێگا بە تایبەتی کە ئافرەتانی دێ کە بەژۆریش هاوبەشی چالاکیەکانیان نەئەکرد ـ هەتا دوای هەوڵێکی زۆرو سەردانی بەردەواممان بۆ ماڵەکان توانیمان هەندێکیان ڕازی بکەین ، خۆ ناشوکرێ ئەبێ بیاوەکانیش هەر هێشتا لە بیرو ڕای کۆندا ئەژین و باوەڕیان نیە بەوەی کە ئافرەتیش وەکو ئەوان ئەکەر ڕێنمایی بکرێت ئەتوانی هاوبەشی ژیانو کاروبارەکانی بکات و ئەم ڕووەوە ڕۆشنبیریان یەکجار کەمە ، بەهەر حال ئەم گیروگرفتە ڕزگاربووین ، بەڵام لە مەڵبەندەکەماندا هەندێ گیروگرفتمان هەیە کە چاوەڕوانی دەستی لێ نازانین ئاکەی چاوەڕوانی لێپرسراوان بین و ئەبێ کەی لایەکی ڕەحمەتان لێ بکەنەوە ٠

● دوای ئەوە خوشکە شیرین ئەحمەد لێپرسراوی فیرکردنی کاروباری کێڵگەو ئەهێشتنی نەخوێندەواری ووتی ٠

× هەمووان ئەزانین کە ئافرەت نیوەی کۆمەڵەو دایکی نیوەکەی تریەتی ـ جاکەوابێ وابزانم هەرکەسە بەگوێرەی توانای خۆی لەسەرشانی پێویستە هەوڵ بدات بۆ پێش خستنی ئافرەت و فێرکردنی چێشت لێنان بە تازەترین شێوە کە لە زۆر روەوە کەڵکی لێ وەرئەگرن ، وەبەشێکیش بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری و بەشێك بۆ فێرکردنی کاروباری کێڵگەکانی دەورو پشتی دێکە کە هەندێ سەوزەوات و میوەی تیا ئەکرێت ٠

ئەوەی شایانی باسە هاوبەشانی چالاکیەکانمان ٧٠٪ی قازانجی بەرهەمەکانمان وەرئەگرن ـ وەکو قازانجی بەرهەمی چنین و رستن و دورومان و مریشك بەخێو کردن و کێڵگەو کشتوکاڵی ـ هەروەها بە بەرهەمەکانمان هاوبەشی پێشانگاکانی سەرۆکایەتی کشتوکاڵی ئەکەین ٠

● دوای ئەوە خوشکە نەسرین دەربارەی هەندێ گیروگرفت کە هاتۆتە ڕێگایان ووتی :

× لەسەرەتاوە گەلێ گیروگرفتمان هاتە ڕێگا بە تایبەتی کە ئافرەتانی دێ کە بەژۆریش هاوبەشی چالاکیەکانیان نەئەکرد ـ هەتا دوای هەوڵێکی زۆرو سەردانی بەردەواممان بۆ ماڵەکان توانیمان هەندێکیان ڕازی بکەین ، خۆ ناشوکرێ ئەبێ بیاوەکانیش هەر هێشتا لە بیرو ڕای کۆندا ئەژین و باوەڕیان نیە بەوەی کە ئافرەتیش وەکو ئەوان ئەکەر ڕێنمایی بکرێت ئەتوانی هاوبەشی ژیانو کاروبارەکانی بکات و ئەم ڕووەوە ڕۆشنبیریان یەکجار کەمە ، بەهەر حال ئەم گیروگرفتە ڕزگاربووین ، بەڵام لە مەڵبەندەکەماندا هەندێ گیروگرفتمان هەیە کە چاوەڕوانی دەستی لێ

گۆرینی باری گوزەرانی ئافرەتی لادی یەکێکە لە هۆکانی پێشکەوتنی کۆمەڵ ٠

بەراستی زۆر هەنگاوێکی پیروزە ، لەلایەن هەر دەزگایەکەوە ، کە پەیوەندی هەیە بە حەلکەوە ، ڕوو بکاتەوە ئەو خەلکە خۆی تاکو چارەسەری هەموو کەموو کووریەکانی بکەن و یارمەتی بدەن بۆ دانانی ڕێوشوێن بۆ پێشخستنی لەهەموو ڕوویەکەوە ٠٠

لە پەرئەوە پەربوە پەرایەتی بەشی کوردی ڕادیوی بەغدا ، کە گرنگترین هۆی ڕاگەیاندنە بە نسبەت کوردی عیراقەوە ، وهەموو ڕۆژێ بۆ ماوەی ١٨ سەعات لە ملیونێك کەس بۆی هەیە گوێ لێبگرێ ، هەنگاوێکی گەلێك بەجێ و ڕاستی هاویشتوە کە دارای ڕاوێژکردنی کردوە لەگەڵ ڕۆشنبیرانی کورد ، هیوامان وایە هەموو دەزگاکانی تر سوود لەم تاقی کردنەوەیە ببینن ٠٠

× × ×

بەم بۆنە بەجێ بەشەوە ، منیش وەکو یەکێ لەم خەلکە ، با بیروڕای خۆم دەربڕم ٠

ڕادیوی کوردی بەغدا ، سەرچاوەیەکی زۆر گرنگە بە نسبەت هەموو میللەتی کوردەوە بۆ زانینی بارو دۆخی جیهانو ژیانی ڕابوردوو ئێستای ، ئەهەموو ڕوویەکەوە هەروەها یەکێکە لەو هۆیە هاوچەرخە بەکارانەی کە دەستی داوەتە بالی کورد لەناو گوندو شاخەکاندا وڕایان دەکێشێ بەرەو ژیانی نوتابی ئافرەتمان هەیەو لە بیرکردنیان بەردەوامین ٠ لەروی فیرکردنی کاروباری کێڵگەی سەوزەوات و میوەیشەوە ـ هەر لەناو کێڵگەکەماندا کە لەدێ کەوەنزیکەو دوو دۆنمە لەگەڵ ئیشوکاردا فێری تازەترین شێوەی چاندن و هێنانە بەرهەمیان ئەکەین بۆ هێنانەدی باشترین بەرهەم کە وولاتان بیات بەرەو سۆشیالیستی و دیمکراتی ٠

● لە کۆتاییدا خوشکە محبوبە محمد معروف لێپرسراوی بەشی چنین و رستن و درومان دەربارەی ئیشو کارەکانیان لەم ڕووەوە ووتی ٠

× هەروەکو خوشکە شیرین ووتی گورینی باری ژیانی ئافرەتان ئەرکی سەرشانی هەموو دڵسۆزانی ئەم نیشتمانەیەو ئافرەتانی کوردیش کەلێ دواکەوتو بەچێماوون لە کاروانی پێش کەوتن و گەیاندیان بە کاروان وانە سەرشانی ئێمەو هەموو دڵسۆزانی تریش ـ جا ئێمەیش لە هەموو ڕویەکەوە قۆلی هەوڵمان لێهەڵ کردوەو بەتەمای دوارۆژێکی ڕوناك و باشین بۆ ئافرەتانی لادێکانمان ٠ من وەکو لێپرسراوێکی بەشی چنین و رستن و درومان هەول ئەدەم ئافرەتان فێری تازەترین شێوەو بابەتەکانی ئەم سەردەمە بکەم و ڕۆریانم فێرکردوە کە ئێستا لە ماڵەکانی خۆیاندا درومانی خویان ئەکەن و فەرشی خۆمالێ ئەچنین بۆ خۆیان و بەهەمەکانی ئێمەیش وەکو خوشکە نەسرین ووتی لە ٧٠٪ی بۆ ئەوانە هەندێ ناڕەواییمان هەیە لە کەلوپەلدا ئەگەر بۆمان تەواو بکەن ئەوا ئەتوانین باشترین بەرهەمو زۆرترین سود بگەیەنین بە ئافرەتانی دێکەو پاشە ڕۆژیش ئاوێنەی هەموو تێکۆشانێکە ٠

حمە سەعید حمە کەریم

●

ئافرەت وئەرکی ڕاستەقینەی لەنەخشەی گەشەپێداندا

گولانە بەرزنجی

ئافرەت بەهیچ جۆرێ لە ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانە جیاناکرێتەوە ٠ ئەویش بەشداری ژیان لەگەڵ لێپرسراوە بەرامبەر هەمووجۆرە لێپرسینەوەیەك لە ژیاندا ٠

جگەلەوەی ئەویش مرۆڤە ،هەروەك چۆن ئەرکی لەسەرشانە ئاواش مافی خۆیەتی ، کاریگەرەو کاریشی ئەکاتە سەر هەموو ڕۆلێکی کۆڕان لەگشت لایەنێکەوە ٠

ڕوانینێکی فراوانی پرۆژەیی ئافرەتی عێراق لەسەرەتای سەدەی بیستەوەتاوەکو ئێستا ، وێنەیەکی ڕون و دیاری ئەوناخۆشیانەمان پیشان ئەدات ، کە کۆمەڵگای عیراقی پێوەی تلاوەتەوە ، جا ئایا لەبواری ئابوریدابێت یان لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕوشنبیریدا بووبێت ٠

کە ئەویش لەوتەنگ وچەڵەمانە نێیەڕناکات وڵانە تازە پێگەیشتوەکان پێوەی ئەناڵێن ٠

ئافرەتی ئەم وڵاتانە ،بەشێوەیەکی سەیر تەماشا ئەکران ، لەباری دواکەوتوی و بیروباوەڕی کۆنەپەرستانەوە ئەبینران ، کە کۆمەڵیان لەنیوەی خۆیان بێبەش ئەکرد ٠ ڕێگایان لەبەردەم ئافرەتدا ئەگرت ناوەکو نەتوانن شان بەشانی پیاو بەشداری بنیاتنان و بنچینەدانانی ژیانی نوێ بکەن ، کە یەکێکە لەو ئاواتانەی وڵاتانی جیهانی سێهەم خەویان پێوەئەبینی ، پاش ئەوەی لە ژێردەستەیی و کوێللەیی سەردەمەکانی ئیمبریالیزم ڕزگاریان بوو ٠ ئەگەر بەولایەنانەدا بڕوانین کە ئافرەتان بەشداری تیانەکەن ، بەتایبەتی ئەودەورە گرنگەی لەبەشداربوون و بنیاتنانی کۆمەڵگای سۆشیالیستدا ئەبینین ٠

ئافرەتی عێراق شان بەشانی بیاو ، لەهەموو قوناغێکی سیاسیدا بەشداری کردوە ،هەرچەندە گەلێ کۆسپی هاتوەتە لەوروەوە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشداری هەموو شۆڕشێکی کردوە ،بەشداری گەلێ خۆبیشاندانی جەماوەرانەی کردوە ٠

بروانە ل ٧

لەبارەی کۆبونەوەکەی بەشی کوردی ڕادیۆی بەغداوە

چەرخی بیستە بویە بایەخ دان بەم هۆ ڕاگەیاندنە سیاسی یە ڕۆشنبیریە ، پیویستی یەکی ژیانی و ڕۆژ پیرۆزە ٠٠

لەگەڵ گرنگی ئەم مەسەلەیە کە باسمان کرد هەموومان ئەزانین کە خەلك ڕازی نیە لە ڕادیوی کوردی بەغداو هەموو ئاوانیان ئەوەیە بتوانی ئەکان بداتە خۆی و خۆی ڕزگار بکات لەم جەقینەی کە تیی کەوتوە ٠٠

بەپێی بۆچوونی من وا بزانم ئەوەی خەلك لە ڕادیوی بەغدای ئەوێ ئەمانەیە :

یەکەم : پێشخستنی بابەتەکانی بەشێوەیەك کە پەیوەندیەکی زیندووی هەبێ لەگەڵ ژیانی میللەتی کوردا ، وە بتوانی وەکو دەزگایەکی ڕاگەیاندن ، تازەترین دەسکەوتی زانیاری و ڕۆشنبیری و هوونەری و ئەدەبی عەرەبی و هەموو جیهان پێشکەش گوێگرەکان بکات ٠٠

دیارە بۆ هێنانەدی ئەم کارە ئەبێ بەرێوەبەرانی بەشی کوردی ڕادیوی بەغدا بەهێزترین پەیوەندیان لەگەڵ هەموو ڕۆشنبیریانی میللەتی کورددا هەبێ ، وە بەهەموو شێوەیەك هەوڵ بدەن بۆ هاوکاری کردن و هاوبەش کردن لەم چالاکیە بیرۆزەدا دیارە ، دەزگای ئاوبیراو هەستی بەمە کردوە بۆیە ئەم کۆبونەوانە ڕێك ئەخات ٠

دووهەم : بەشێکی زۆر لە بابەتەکانی ڕادیوی بەغدا گۆرانی و چیرۆکی ئەمسیلی ڕادیوو بابەتی ڕابواردن وهونەرە ٠٠ ئەم چەشنە بابەتانە کە زۆر بەئاسانی دەچنە دڵو دەروونی خەلکەوە ، دەبی زۆر بەوردی هەڵ ببژێرێن ، بیر لەوە بکرێتەوە کە هەر گۆرانیەك یا هەر ماددەیەکی هونەری ئەبێ ئاوەڕۆکێکی بە پێزو ٠ پێشکەوتن خوازی هەبی ، وڕادەیەکی هەبی لە ڕووی هوونەزوە کە زەوقی خەلك بەرزبکاتەوە بۆ ئەمەش دەزگا پێویستی هەیە کە پشت ببەستی بە هوونەرمەندو ئەدیبانی کورد ٠

لەبیرمانە کە هوونەرمەندێکی لێهاتوی وەکو زەفیق جالاك لە وەختی خۆیدا چۆن دەیتوانی خەلك لە دەوری ڕادیوی بەغدا کۆبکاتەوە یا گۆرانیە

أ٠ غ٠

بروانە ل ٧

صدام حسین

دیموکراتیەت سەرنجدانی هەموو لایەنەکانی ژیانە

برایان هەریەکێ لە ئێمە ئەگەر دوورنیت لە بەکارهێنانی دیموکراتی ئەوکاتە ئێوەو خۆمان ئەدۆزینین ، چونکە ئەگەر گەلو حزب لێتان ڕازی نەبێت ناتوانین بتانپارێزین هەرچەندە بەیوەندیمان لە گەڵتانا بەهێزبێت ، لەوکاتەی ئێمە لە دەرەوەی ئێرادەی گەلو سەرکردەکەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دەتان پارێزین ناتوانین خۆمانو مەوقعی مەبدەئیو کارتێکردن لە حزبو شۆڕش وەبەیوەندیمان لەگەڵ جەماوەر بپارێزین ٠٠ چونکە ئێمە بەتەنگەوەین بۆتان ، بۆیە کاتی توندیتان لەگەڵدا بەکار دێنین و ئەتانخەینە بەر حسابی مەوزوعی و مەبدەئی بۆ ئەوەی گرنگیەتی بەکار هێنانو قولکردنی کاری بەکۆمەڵتان لە بەردەم ڕووناك بکەینەوە لە جوارچیوەی بەکارهێنانی دیموکراتی، ئەمانەوێ پرۆگرام بپارێزین لەوکاتەی کە ئەمانەوێ هەموو تان بپارێزین ، بێویستە هەر یەکێ لە ئێوە بە لێڕازی بونی شەخسی دوور لە جوارچیوەی ئەو بەرنامەیەی دەستمان بۆ ڕاکێشاوە لە خۆ بایی نەبێت ، چونکە ڕازی بون ئەگەر لە جوارچیوەی بیروباوەڕ نەبێت ، ناتوانێ هاوسەنگ و بەردەوامی لە قۆناغی داهاتودا بپارێزێن ٠٠ پێویستە هەموومان لە گاتی کارکردنمان بیری ئەوە بکەینەوە کە هاواری زوڵم نزیکترە لە دەرگای ئاسمان بەحساباتی هەموو بیروباوەرو قیەمدا لەمەش بیروباوەڕو قیەمی حزبو شۆڕش ٠٠

هێزی هدف کە بەرەوروی ناهەقو لادان دەوەستێت دەبێتە هێزێکی کاریگەر ، کاتێ کە زوڵم لێکراو بە توانای خۆی نەتوانێ بەرێك و پێکی دەربیرێ ، خەلکانی تر بەرێگای تر دەتوانن دەربیرن و ڕێگای ڕاستی دەگرێتەبەر ، ئینجا یا لە لایەن زوڵم لێکراوەکە باخود کەسانی تردا ٠٠ تکامان ئەوەیە کە لە سکاڵای هاوڵاتیان وەرس نەبن چونکە ئەگەر بێت و هاوڵانی هیچ کەسێ نەدۆزێتەوە خەفەتی بۆ هەڵرێژێ بەدوای ڕێگای تردا دەگەڕێ بۆ ڕزگاربونی لەو حالەتەی کە تیایەتی لەمانە ڕزگاربونی لە سەرجاوەی زوڵم وەئەم هەستەش بەبێ نیەتێکی خراپ هەندێ هاوڵاتیان دەخاتە کاری دژ بە شۆڕش ٠٠ داخوازیەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ برا وەزیرەکان بە کردنەوەی دەرگایان و گوێگرتنیان لە سکاڵای هاوڵاتیان تاکو ئێستا بە شێوەی بۆ ڕاستی قسەکەمان ٠٠ هەندێ زانیاریمان لەبەردەستایە کەوا هەندێ لە وەزیرەکان سکرتێرەکانیان جاویان بە موچەخۆرەکانی وەزارەت یا ئەوهاوڵاتیانەی سکاڵایان هەیە دەکەوێت ، وە هەندێکی تریشیان لەم بوارەدا بەهیچ کارێکی گرنگو جدی هەڵناستن ، هەروەها بەنسبەت لێپرسراوانی تری دەوڵەت ٠٠ ڕاستە کەوا چارەسەرکردنی حالەتەکانی تاکایەتی ناتوانێ شوێنی یاسای ناوەندی بگرێتەوە بۆ گۆڕینی کۆمەڵ بەشێوەیەکی شۆڕشگێری و بۆ پێشەوەی بەرێت ، بەڵام چارەسەرکردنی حالەتەکانی تاکایەتی یا هەندێکیان سەرەڕای بەردەوام بونی هەوڵدان بۆ گۆڕینی کۆمەڵ لە ڕێگای یاسای ناوەندی گشتی و تەواو مەسەلەیەکە ناتوانین نە ئێستاو نە لە داهاتودا وازی لێ بهێنین ٠٠

ئەمە مەسەلەیەکی نەفسی و سیاسی و کاری گرنگە هەموو کەسێك لە ئێمە بێویستی بێ هەیە بۆ بینینی لایەنێکی بزووتنەوەی کۆمەڵ لەمیان ئەو سکاڵایانەی ئەخرێتە بەردەمی بۆ ئەوەی بزانێ چی جێبەجێ کردووە وەچیش چاوەڕانی جێبەجێ کردنە لە ڕێگای ئەو بیروباوەڕو سیاسەتەی کەبێی بەستراوە ٠٠

برایان چاوتان بەو هاوڵاتیانەی کە دێنە دایەرەکەتان و موچەخۆرەکانی دایەرەش بکەوێت و لە گەلیانا تێکەڵاوبن بەگوێرەی بەیرەوو شێوازی تێکەڵاوی دروست ، دەبینن کە چۆن سودێکی زۆریان لێ وەردەگرن ، چونکە مەسەلەی دیموکراتی و بەکارهێنانی دەسەلات مەسەلەیەکی قوتابخانەیی نیە وەك بەیەوەندی مامۆستاو قوتابی نیە بەرێگای کۆندا کە مامۆستا دێت دەرس دەڵێنەوەو قوتابیش لەبەری دەکاتو لەپاشا مامۆستا دەچێتە دەرەوە ، مەسەلە دیموکراتی و بەکارهێنانی دەسەلات بێویستی بەتێکەڵاو بون لەگەڵ کەلدا هەیە لەوکاتەی کە خەلکی تر فێری دەرس دەکەیت ئەوخەلکانەی لە تۆ نزمترن لە لێپرسراویدا دەرسی زۆرت فێردەکەن لەمیان ئەو ڕایانەی ئەیخەنەڕوو بەبێی تاقی کردنەوەو هوشیاری و ڕۆشنبیریان ٠٠ هەموو بەرپرسیارین لە پاراستنی ئەو بەرەوبێش چونە هوشیاریەی کۆڕی بەرهەمهێنانی ناوەندی و کۆڕەکانی لقی هێنایانە کایەوە ٠ وەئەم هوشیاریە بەرەبێبەدین و قولی بکەین ، وەبێویستە ئەوکارەو گیانە دیموکراتیە کە هێنراوەتە کایەوە نەیانکەینە شێوازێکی ڕووخساری هەروەکوو هەندێ کەس کە کارنامە ئامادە دەکات و خەڵك دەهێنێ بۆ لێکۆڵینەوە لە جوارچێوەی ئەم کارنامەیە بۆ ئەوەی لە پاشا تەزکیەی بکەن ، بەڵکو بێویستە لە ناخۆشی خەلکانی وەزیفی و کۆمەڵایەتی گشتی بگەین لەمیان داوایان بۆ لێکۆڵینەوەی مەسەلەی بەرهەمهێنان وەئاگادار بوون لە لە بیرو ڕایان و ئەو شتەی کە بەڕاستی ئادەنێشێ بۆ بەرەبێدانی دامو دەزگای دەوڵەت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باشتر هەڵسێ بەئەرکەکانی و تێکەڵاوی لەگەڵ ئەم ڕایانەداو لێکۆڵینەوەی ئەو کەلەبەرانەی کەلە دایەرەو کاری کارگەرەکاندا بەدی دەکرێت ، هەڵی بتەوو بنەڕەتی بۆ دابنێ ٠٠ بێویستە ئەوە باش بزانین کە دیموکراتیەت لەلایەن هەموو کەسێکا بەشێوەیەکی دروست بەکار ناهێنرێت بەڵام هەر وەکوو وتمان زیانی هەر لە گەلدا دەبێ ، جاری وا هەندێ لایەن لە شێوازوگیانی دیموکراتیەت دەچنە دەرەوە بەڵام دەبێ بەنەختێ زیانیش ڕازی بین لە کاتی بێویست لە کاتی بەرەوروو بونی ڕێباز بەم جۆرە گیروگرفتە بێویستە لە ڕێگای ڕاستەکەرتینەوە چونکی ئەو گیروگرفتەی کە دەبێتە کۆسپ لە بەردەم ڕێگای بە کردنەوەی گرێیەکەی حەل دەکرێت بەك بەهەڵگەرانەوە لە ڕێگای ڕاست ٠٠ جیاوازی هەیە لە نێوان ئەو بریارەی کە لە سەرەوە دێت و لە نێوان ئەو بریارەی بەشێکی لێی و بەشداری تیا دەکەی و ڕای خۆت دەرئەبڕی لە شێوەو دەرکردنی لە گەڵ باراستنی ئەو مەوقع و دەسەلات و جۆری دەرکردنی لە کاتی بێویست ، هەریەکێك لە ئێوە توانای بەکارهێنانی دیموکراتی هەیە لە هەمان کاتدا دەتوانی دەوری ڕابەرێتی و ڕێنوینی بێویست بپارێزی ئەگەر وەزیر بێ یاخود وەزیفەیەکی تری هەبێت ٠٠٠ بێویستە لە هیچ کەسێ قەبوڵ نەکەین کە خۆی لە حزبو شۆڕشو گەل بەرزتر دابنێیت چونکە هەموویان لە لەهەوزازاین و ئەمەش لە دەورمان کەم ناکاتەوە بەڵکو بەبێچەوانەوە دەورو کارمان بەرزتر و قوڵتر دەبێت بێویستە هەردەم یادی ڕابوردو بکەین و سەیری خەلك بکەین و بەوفا بین بۆ بیرو باوەڕو سیاسەتمان ٠٠

ئەوشوێنەی کە شۆڕشو بەرەگرتویەتی و هەندێکیش لە ئێمە لە شوێنی ناسك و زیندو لە شۆڕشو دەوڵەتدا پێمان نەبەخشراوە بەڵکو وەرگیراوە ٠ ئەمە بخەنە یادی خەلك بەبێ لەخۆبایی بوون و بەیوەندیان لەگەڵ خەڵکا بەیوەندیەکی فەرمانبەرێتی باڵا نەبێت ، لە یادتان بێت کە جوارچیوەی دروستی بەیوەندی ڕابەرێتی و تێکەڵاوبون بێت ٠

تەواو

Institut Kurde de Paris

خۆشکاندن دشعرا خانی دا

رشید فندی

ل هافینا بوری و لسەر بەرپەرێت روژنامە (العراق) من گوتارەك ژخانەدانا راشاند و کرە دیاری ، ل سەر (خانی)ێ نەمر ، هیڤی و داخازا من نەوبوو ، شیلیاتی و بەرزەبین و تاویاتی ژ شعرو ژیانا (خانی) بێتە هلگرتن و مالین و پاژکرن ٠٠ و لسەر وان بیرو باوەرا من ل رۆژنامە خوشتڤی (هاوکاری) گوتارەك ل بن ناف و نیشانێت نافبری ، بەلاڤ کر ٠٠ لایەکێ گرنگ و زێدە دیار و ناشکەرا ژ شعرێت خانی هاتە دەست نیشان کرن کو لایێ خۆشکاندن و بچویکیا نەفسا وی یە ٠٠

لێ ل هژمارا (٣٨٩ – ١٢–١٠–١٩٧٧) ژ (هاوکاری) مزو گەلەك برادەرێت خاندەفان چاف بـ گوتارەکی کەفت ل بن هەمان ناف و نیشانا ، برایەکێ دلسوژو خوشتڤی کو نافێ وی (حجی جعفر) ە ، دارشتبوو ، چەند گۆتنەك کەرەم کرن و چەند رێزەکێت رەخنێ دروست کرن، پتر بەرزەبین و شیلیاتی لێخستەکارو کریارێت (خانی) ٠٠ هەر چەندە گەلەك برادەرا گۆتە من رەخناوی یا بێ مزو بهاوبەرمو پێتڤی نقیسینێ ناکەت ژبەر خەلەتیێت ئاشکەرا ، لێ بروحا براینیێ دلێ پاقژێ رەخنەگرتنێ ، من داخازا رۆهن کرنا راستی و دروستیێ کر ٠٠

١ – برادەرێ خۆشتڤی رەخنێ بەری هەمیا ل پەیڤا (شعر) دگریت ، و بێژیت تڤیا هاتبا گوتن (خۆشکاندن د شعرێت یان شعرێن خانی‌دا) ، برایێ خوشتڤی تشتێ من دڤێت ئەز بێژم ، کو ئەفرو شعرو ڤەهاندنا شعرێ یا بوویە پێشکەفتن و پێشڤەچوون و شارستانیەتەکا ڤێ دنیایێ ، شعرا ئەفرو یا بەرەڤانی و بەرگرێ ژمافێت کۆمەل و مللەتا دکەت ، ژمافێت تەخەو چینا دکەت ، و هەر دەم شعرا هەر شاعرەکی بشکلەکێ گشتی تێتە وەرگرتن (وحدة متکاملة) ، ئەڤی ئەگەر ئەم بێژین (شعرا جزیری یا بهێزە) یان (شعرا خانی یاکویرو دویروپر مەعنایە) رامانا مە شعرا وان بشکلەکێ گشتی و پێکڤەیە ، وقەت رامان ژێ (قصیدە)یەك نینە ، ئەگەر وەسا با وەکی تۆ بو چووی دابێژین (خۆشکاندن د شعرەکا خانی‌دا) ، فی کات و دەمی (شعرەك) یەعنی (قصیدە)یەك ، و ئەز بێژم تۆ چاك دزانی فەرق چەندە ل مابەینا (شعرا خانی) یان (شعرەکاخانی) ٠٠ هەر وەسا لسەر بەرپەرێت روژنامەو گوڤارا دێ هندەك ناڤو نیشانا بینین وەکی (شعرا کوردی‌یا هاوچەرخ) یان (شیعری کوردی کۆن) و ئەڤە مەعنا هەمی شعرێت وی دەمی ددەت ، چونکی هەمی دزانن شعرا هاوچەرخ شعرەکا بتنێ نینەو شعرا کەڤن ژی بترە ژ (قصیدە)یەکێ ٠٠ ئەڤە ژی نەتشتەکی سەیرو عەجێبە بەلکو تەماشای نقیسینێت ئەزمانا بکە دەمێ بعرەبی دبێژن (الحماسە فی شعر عنترة) یان الخمریات فی شعر ابی نواس) و کەس بخەلەتی لقەلەمی نادەت ٠٠ ئەڤجا مەبەستو رامان ژگۆتنا (شعر) هەمی ڤەهاندنو جێ‌کرنو کریارا وی یا شعری دگریت ، ودەمێ من ئەو ناڤ و نیشان دانایێ من دزانی کو من (زیاتر ژ شیعرەکێ یا کریە نموونە بۆ بابەتێ خۆ) هەر وەکی تە گۆتی ب و دگەل هندێ ژی جو خەلەتی نینە ئەگەر بێژین (شعرێن خانی یان شعرێت وی !)

٢ – دەربارا مالکا ژێری

ئەز پیلەوەرم نە گەوهەریمە
خود رستەمە ئەز نە پەروریمە
بەری هەمی تشتا برایێ
شرین من دڤێت ئەز بێژمو

هەمی شارەزایێت شعرا کلاسیکی دبێژن « چی کەسێ ئەزمانێ فارسی چاك نەزانیت ، ئەشێت (مەم وزین) خانی چاك تێ‌بگەهیت » ، ئەڤێ گۆتنێ ژی ئەگەرێت خۆ یێت دیارو ناشکەرا یێت هەین کو بەهرەکا مشەو زێدە ژ پەیڤێت خانی فارسیەکا ساخلەمو پاقژن ٠ ئەڤجا خەتا یێت وی سەیدای‌نە ، ئەوێ ل پشکا کوردی لزانکۆیا بەغدا (مەمو زین)ێ بوی طەرزی راڤەدکەت ئەوێ تەزمەرا شاندی ، ونابیت ئەم هەمی گۆتنا چاف نقاندنێکی وەرگرین ، چونکی هەر وەکی شکسبیری گوتی « نەشەرتە هەر تشتەکێ بطەیسیت ، زێربیت » ٠٠

برایێ خۆشتڤی ، هەر کەسکێ باس شرۆڤەکرنا تەبو وی مالکا شعرێ فە خوینیت دێ زانیت « تە گەلەك سوود ژرێزمانا کوردی وەرنەگرتیە ٠ (پیلەوەر) ٠٠ بـ چ طەرزو رەنگا بارەیە یان بارێ هیرە ؟؟

جارێ کوردا چوجارا نەگوتی‌یە بارەی (پیل) بەلکو خانی بخۆ دبێژتێ (پوول) ٠٠

گەر عیلم تەواو بدەی بەپوولەك
بفروشی
تۆ حیکمەتێ بەسۆلەك(١)
ئەڤ پوول ئەگەر چی‌یێ بەهانە
یەکرووەنو
صاف ویێ یەهانە(٢)

ئەگەر مەخسەد وراما ژێ بارەبانە ، دابێژیت (ئەز پیلم) یان (ئەز پیلەکم) و نەدگۆت (ئەزپیلەوەرم) ، چونکی یا دیارە کو (پیلەوەر) ناڤی بکەری‌یە (اسم فاعل)ە ئەوە یێ کریارەکی دکەت وەکی (سزاوەر) (بەختەوەر) (سەروەر) ٠٠ هتد ٠٠ و پشتی ئەز گەلەك ل فەرهەنگێت فارسی گەڕیایم ، بفەرموو ، کا چ دبێژن دەربارا (پیلەوەر)٠٠ فەرهەنگا طلائی بە ١٧٦ دبێژیت : (پیلەوەر = عطار ، طبیب) ٠

فەرهەنگا عەمید کۆ مەزنترین فەرهەنگا ئەزمانێ فارسی‌یە دبێژیت : (پیلەوەر = ابریشم فروش ، کسێك پیلە میخردو ابریشم میریسد، خردە فروش‌هم میگویند ٠٠ بە ٣٥٣) ٠٠

ئەڤجا بۆ مە دیار دبیت کو (پیلەوەر) بئەزمانێ فارسی دوو مەعنایێت بەر فرەم دگریت ، یان دختورە وەکی من گۆتی ، یان ئەو کەسە یێ ئافرمیشی دفرۆشیتو درێسیتو عەتارێ دکەت ، و هەر دوو مەعنا ددیار وخویانە ، نیحتمالا هەر دووان یا هەی ، ئەڤجا یان خانی خو بدختورێ مللەتێ خو دزانیت ، ئێشو ئازارێت وی تیمار ودەرمان دکەت ، یان ژی خۆ دکەتە ئەو کەسێ دافێت ئافرمیشی لێك ددەتو درێسیت کو (شعرا ڤەدهینیت) ٠٠ من مەعنا بەراهیێ یادەست نیشان کری لدویف زانینا خۆ ، ومەعنا دووێ ژی گەلەك نێزیك و ماقولو بەر ئاقلە ٠٠ ئەمما مەسەلا ، پاریێ هیرو بچوویك ، قەتو قەت وەنینە وپیلەوەر یێ گومان بەیڤەکا فارسی‌یە ، ئەگەر وە نەبیت دێ مەعنا وێ یژمە ژ فەرهەنگەکا کوردی بینە دەرێ ٠٠٠

– لێ ئەگەر ئارمانج ئەو بیت ، هندە کەسی (خانی) وەکی خۆ ڕاڤەیکەن ، وی دەمی بسانا‌هی‌یە (دختۆر یان ئافرمیش چێکەر ببیتە بارەیەکێ هیر بقەولی ددەست چینا هەژارا دا !!) ، ئەگەر گەلو چەوا شول‌کەر دێ بیتە جما سەعەت چێکەر دێ‌بیتە سەعەت ، چەوا پیلەوەر دێ‌بیتە (پوول) کو بارەیە !

٣ – هەر وەسا برایێ دەلال دەربارا ووتا (گەوهەری) ، من دڤێت بزانین کو (گەوهەری) ژی دیسان نافێ یکەری‌یە ، ئەو کەسە یێ‌کەو هەرا دفروشیت یان شولێ وان دکەت ، ئەڤجا دبێژنێ (گەوهەری) وبەعرەبی (جوهری یان جوهرچی) وقەت مەعنا وێ نەئەوە یا تە گۆتی « ئەز ئەگەوهەریمە یەعنی ئەز زێروزیڤ نینم » ٠ برا دوی دەمی دا ، خانی دابێژیت ئەز نە گەوهەرم و نەدگۆت ئەگەوهەریمە ، چونکی (گەوهەر) بەرو مەعدەنێت گران بهانە ، ومالکا شعرێ وی دەمی تڤیا ببایە :–

ئەز پیلم (یان پیلەکم) نە گەوهەرم

ویا دیارە چەند جودایی یا هەی ل مابەینا :
ئەز پیلم نە گەوهەرم
و
ئەز پیلەوەرم نە گەوهەریمە

یا ئەو (ی) ل دویمیاهیا (گەوهەری) کیفە چوو !!

بۆ چەسپاندنا فان راستیا بنێرە فەرهەنگا طلائی (گەوهەری = بائع الجواهر بە ٥١٧) و فەرهەنگا عەمید (گەوهەری = جواهرفروش بە ١٠٠١) وهەر وەسا « گەوهەر = سنگ گرانبها از قبیل مروارید ، الماس ، یاقوت) یەعنی (بەرێت گران بها وەکی مراری‌و ئەلماس‌و یاقوتا) (عەمید بە ١٠٠١) ، هەر وەسا فەرهەنگا کوردی (ئەستێرە گەشە) ، (گەوهەر = درە ، حجر کریم ، جوهرە بە ٦٢٩) ٠

و ئەز داخو کەسەرا دخۆم ، ئەگەر ئەڤ مالکا دیارو خویاو ناشکەرا بوی رەنگێ خوارو کەچ و دویر مەعنا (هندەکا) شرۆڤەکربیت ٠٠

٤ – ئەمما مەسەلا چینایەتی و تەخایەتیێ دشعرا خانی‌دا ، برایێ بەرکەفتی ئەو مەسەلەیەکا دویر ودرێژە ، و دڤێت ئەم زولمو تەعدا کاریێ ل خانیێ مەزن نەکەین د گۆڕو قەبرێت وی‌دا ، وگوهە نە دەینە گۆت گوتك و چیڤا نوکا ، و نابیت هەر ئێك ل دویف هزرو بیرێت خو بیروباوەرێت (خانی) ژێك فەکەتو ژبەرێك ببەت ٠٠ یا تێتە زانین ئەوە ، کو (خانی) پەهلەوانێ شعرا نەتەوایەتی‌یە ل ناڤ کوردان ، جەرگ سووتی‌و هناڤ کوژریێ مللەتێ کوردبوو ، بیرو باوەرێت وی یێت قەومی ژ چاڤێ ڕۆژێ دیارو ڕوهن و ئاشکرا ترن ، ومن نەڤێت ئەز پتر ل سەر فی بابەتی بچم !!

٥ – مەسەلا (خود رستە) ، برا ئەز بێژم نابیت ئەم گونەهباریا بکەیفو دلێت خۆ ل سەر خەلکی بەلاڤ کەین ٠٠ من دگوتارا خودا یا گوتی (زانایەکێ خودرستەیە ، بێژی بەروەردەکرن و خودان کرن‌و چاڤ دان یێ ل سەر گوپکێت زانینێ دزڤریتو دلەیزیت – هاوکاری ژمارە ٣٨٣)

ئێجا چما و بچ ئەگەر و سەبەب تو دڤەرموی (ئەز

بروانە ل ٧

دەی گری

دبیتە سترانی

دلێ من مەشکا گریێیە
کوڤانێت دکێن
هەر شلقەکێ ئاوازەکە
سترانێت دزێن
لێ بەکروکێت ئەڤرو نەڤێن
حەیرانێت عەشق و ئەڤینێ
بکەهینم مەهو زینێ
لمێ ئالان
ڕوهن بکەم زیندانا تاری
لزینا جوان
دەرمان بکەم ،
کەزەبا کوڤانا خاری
کوڤەندەکێ بو گریدەم
ژچەند ڕیسو خاسێت
فیواری
ژچەند برسی‌یا
ژچەند کوشتی‌یا
ژچەند ئاخا لێ‌هشك بووی گی‌یا
گیا ٠٠٠ گیا

× × ×

بەکروکا نەڤێن ٠٠ نەڤێن
وەلێ نەشێن
گریامن ٠٠٠ ڕیبارەکە
بەکروکا د خەندڤینیت
گریا من لای لایەکە
چار لاندکا دڤەلەڤینیت
ئەوکی یە– دێ راوەستینیت ٠٠ ؟!

× × ×

گریا من ٠٠٠
ئاوازەکە
داخازەکە
زێمارەکە
ڕێبارەکە
قیژێنا قامچی یا ڕەشە
ڕەنگێ بنەفشوکا گەشە
برینەکە
ڤەژینەکە
روندکەو گرنژینەکە
خەمێت جەرگێ بریندارن
ژانێت برینا دژوارن
ئاخینەکا کەفنە ٠٠ کەفنە
زەردەخەنێت پاشەرۆژا
سەر بلندو ئەڤندارن
٠٠٠٠٠٠٠ گریا من

× × ×

گریا من
دەنگێ خانێ لسەب زێرینە
مینا هەوارکری دایێ ٠٠
هەواره ئاڤا مە خوینە
شیرێت کەلا مەتێینینە
لەزکە یادێ بلەزینە
هیڤی یەکێ ژ عەورا بکە
بارانەکێ ببارینن
شیرۆ شەڤرا ڤەجە مینن
هەلامەتێ تێهنا دژوار
زبەر چاڤێت جانە مەرگا
برەڤینن ٠٠٠ برەڤینن

× × ×

مؤید طیب

شیعرو فەلسەفە

فوناد میسری

کردویەتی بەکوردی

بەشی شەشەم

« سیر فلیپ سیدنی »ی سەردەمی ووریابوونەوە ، لەو کتێبەیدا کە بە ناوی « لە پێناوی بەرگری‌کردن‌و لێ بوردن لە شیعر »دا بلاوی کردەوە ئەڵێت : مەفهومی شیعر لەوەبەو لاوەکە لاسایی کردنەوەیەکی بە کەلکەو مەبەستی پیشکەش کردنی وێنەیەکی قسەکەرە بۆ "فێرکردن‌و خۆشی‌یە شتێکی‌تر نی‌یە ٠٠ بەو جۆرە شیعر لە سەدەی ووریابوونەوەدا بووە ئامانج‌و بەمەبەستی کار کردنەسەر جەماوەر ئەوورا ٠

« سیدنی » شیعر بە هۆریەك دانەنی بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی ئەخلاقی‌و بەروەردەیی ، شاعیریش لای ئەو ، کەسێکە هەوڵی خولقاندنی جیهانێکی باشتر ئەدات لەوەی کە تیایا ئەژی ٠٠ لێرەدا ، ناو براو زۆر لە – ئەرستۆ – نزیك ئەبێتەوە ، بەتایبەتی کە بەرگری‌ی لە شیعر ئەکات‌و ئەڵێت :– شیعر پایەیەکی بڵندتری هەیە لە فەلسەفەو مێژوو ٠٠ – چونکە ئەو حەقیقەتە گشتی‌یە پێش‌کەش ئەکات کە مەبەستی فەلسەفەیە ، بەڵام بە شێوەیەکی هەست پێ کراوو زیندوو ٠٠ شیعر حەقیقەتە تایبەتی‌یە کات بە خەیال ئەگۆڕێ بە حەقیقەتی گشتی‌و بەشێوەیەکی مەفهووم چاکەو خۆشی‌ی پێشکەشی مرۆڤی ئاسایی ئەکات بە کورتی لای – فلیپ سیدنی – شیعر بۆ مەبەستی دیاری‌کراو ئەوترێت ٠ واتە هەرگیز بەبێ مەبەست نی‌یە ٠٠٠ » ٠

جگە لەوەی جەندین بیروورای دیکەش لەو کتێبەدا – کە بە چاکترین کتێبی کە لە پووری ئینگلیزی‌ی ئەژمێردرێ – نوسراوە تیایا بەرگری یەکی مەزن لە شیعر ئەکات لەو رووەوە کە بانگ دەرە بۆ رەووشت‌و نرخ‌و مەبەستی تایبەتی‌ی هەیە ، ئەمە هەمووی لە کاتێکدا هەندێ کەس پەیدا بوون بەربەرەکانی‌یان ئەکردو ئەیان ووت : شیعر شتێکی بێ سوودو بێ‌مەبەستە ، بە تایبەتی لە کتێبەکەی جۆنسۆن دا کە بە ناوی قوتابخانەی بەکارهێنانی نابەجێ‌یەوە بڵاوبووەوەو تیایا هێرشێکی ناڕەواو دوور لە ڕێبازی زانستی‌یانە ئەکاتە سەر شیعرو بە جەشنێك لێ‌ی ئەدوێ گوایە « پەیژەیەکە بۆ گەیشتن بە وڵاتی شەیتان » ٠

ئەم نووسەرە لای وایە شیعر « مرۆڤ ئەکاتە مۆسیقا ژەن‌و دوای ئەوەیش بۆ یاری کردن‌و ئینجا بۆ ڕابواردن‌و دوای ئەوە بۆ نووستن‌و لەوێشەوە بۆ تاوان‌و لە تاوانەوە بۆ مردن‌و دوا جاریش ئەی گەیەنێتە شەیتان » ٠

لە سەدەی حەفدەهەم‌داو دوا بە دوای سەدەی وریا بوونەوە ، فەلسەفەی یۆنانی جارێکی‌تر بووژایەوەو سەرلەنوێ تیوری لاسایی‌کردنەوەی – ئەرستۆ – هاتەوە ناو ناوان‌و بەئەواوی‌ش دەستی گرت بە سەر ڕێبازی کلاسی‌دا ، ئەمەو ڕێبازەی شیعر کتومت بە سنعاتێك دانەنێت‌و لای وایە بیناکی شعر بریتی‌یە لە چەند قالبێکی هونەری ٠٠ جا هەر چەندە دانیان بەو راستی‌یەدا ئەنا کە شیعر مەبەستی ئەخلاقی‌ی هەیە ، بەڵام بروایش‌یان وابوو کە مەبەستەکە ، چەسپاوو ئەگۆرە بنچینە گشتی‌یەکانی بۆ هەموو کات‌و شوێنێك ئەگونجێ ، تا حال گەیشتە ئەوەی ئەو ڕێبازە بووە ئەدەبێکی کۆنە پارێزی ناوەرۆك مردوو ، چونکە بە هیچ کلۆجێ بروای بە گۆڕان‌و بزووتن نەبوو ، ئەمە جگە لەوەی داوای جێ گیربون‌و راوەستانی ئەکرد ، تەنانەت رژێمە کۆمەلایەتی‌یە جۆر بە جۆرەکانیش لای ئەوانە شتێکی چەسپاون‌و گۆڕان‌یان بۆنی‌یە ٠ بە کورتی‌ی بەپێی بۆ چوونی ئەوانە ، لە توانادانی‌یە لەوە باشتر بهێنرێتە کایەوە ٠٠ ئەمە هەمووی لە کاتێکا ناچار ئەبوون توخنی ناتەواوی‌یەکانی ئەکەوتن بە مەبەستی بینەکردن‌و دەست بیا هێنانی ٠٠ کلاسیزم ، مەفهوومی شیعری گۆڕی بە چەند بنکەیەکی چەسپاوی نەگۆڕ ، بە رادەیەك ئەدەبی کرد بە چەند تێکستێکی بێ‌گیان ٠

دیارترین خەوشی کلاسیزم ئەوەیە کە (٠٠ چەند تەعریف‌و بۆ چوونێکی مردووی بۆ ئەدەب داناو بەزۆرە ملێ سەپانی بە سەری‌دا بە شێوەیەك نەتوانرێ هەرگیز لێ‌ی لابدرێ !! بەو جۆرە شیعر بووە چەند بڕگەیەکی تەسکی نەگۆڕو ، وێنە وشێوازەکانیشی بوونە چەند شتێکی سەپێنراو وچەسپاو کەماوەی فراوان بوون‌و گۆڕانی تیا نەبێت ٠٠ جا ئەگەر ئەم قالبانە بەپێوەکران ئەوا بەرهەمەکە ، ئەبێتە شیعر ، دەنا هیچ فری بە سەر شیعرە وە نابێ) کلاسی‌یەکان ، بە دەستی ئەنقەست ئەو بیروڕایانەیان پشت گوێ ئەخست ، کەڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بێویستمان پێیان ئەبێ ، واتە ئەمەو بیروڕایانەی کە ئەڵێن : (٠٠٠ بیروڕای هونەری‌ی هەرگیز بەفەرمانێك ناتوانرێ بڕیاری لە سەر بدرێت ٠٠ بەڵکو پێویستە لەڕەوتی بەرهەم هێنان‌دا ولە دوای ئاوێتە کردنی بە جمو جوڵی سەر بەستانەو هێنانەوەی بەلگەو ، لە ڕێگەی ووتوو ئێژی جۆر بە جۆرەوە گەشەی پێ بدرێت ودروست ببێت ٠ کەوا بوو هونەری نوێ لە تێورەکان نایەتە دەرەوە ، بەلکو لە خودی کارە هونەری‌یەکانەوە سەر هەڵ ئەدەن ، بو نموونە :– – ئەرستۆ – لە نوسینەکانی‌دا ، ئەی توانیوە پێش – هومیروس – و – هسیود – و – ئەسخیلوس – و – سوفوکلیس – بکەوێت ، بە پێچەوانەوە بنچینە تیۆری‌یەکانی ئیستاتیکای لە کتێبەکانی ئەوانەوە ، وەرگرتووە) ٠

دانانی ئەم قالبە ووشك‌و رەقەو سوور بوون لە سەر ئەو شێوە پەرستی‌یە ، بووە هۆی وەرس بوونی ئەوروپایەکان ، بەرادەیەك ئەم وەرس بوونە گوڕدرا بە باری دوژمنایەتی کردنی ئەو ڕێبازەدا ، تاوای لێ هات :

(ووردە ووردە هەستیان بە خەوش‌و ناتەواوی‌یەکانی کلاسیزم کرد ، بەتایبەتی‌ی کە تێ‌گەیشتن تا چ رادەیەك سنوور بۆ سەربەستی‌ی هونەرمەند دانەنێ‌و بە چ شێوەیەك کۆت‌و زنجیر ئەخاتە گەردنیەوە ، دیارە ئەمەیش کارێکی ئەوتۆی کرد زیاتر تامە زرۆی سەر بەستی‌ی ببن‌و جلە وبۆ دەروون شل بکەن وهەوڵ بدەن لەو قالبە دروست‌کراوو سەپێنراوانە دەر بازیان ببێت) ٠

دوا بە دوای هەرەس هێنانی کلاسیزم ، رومانسیزم ، وەك قوتابخانەیەکی نوێ پێك هات‌و ئەمیش خۆی لە خۆی‌دا ڕێبازێکی شۆڕشگێرانە بوو ، وەدواجاریش بووە بنچینەو بناغەی گشت ڕێبازەتازەکان ٠

(٠٠٠ هەر چەندە رۆمانسیزم ستایشێکی زۆری سەدەکانی ناوەراستی کرد ، بەڵام جەوهەرەکەی بزووتنەوەیەکی بۆ رژوایانە بوو ، بۆیە لەو سایەوە تا ئێستایش تۆری هەموو ئەو مەسەلانەی لای ئێمە مەسەلەی هونەرین لیە ناو ئەو ڕێبازەدا بەدی ئەکرێن ٠٠٠) ٠

ئەگەر چی رۆمانسیزم سیمای خەیاڵاوی‌ی بە ئاشکرا پێوە دیار بوو ، بەڵام لە هەمان کاتیش‌دا ڕێ خۆش کەرو یارمەتی دەری هاتنەکایەی ڕێبازی ریالیزمە ٠ جەوهەری رۆمانسیزم ، بزووتنەوەیەکی نارەزایی ئایدیالیزمی‌یە وپشت بە تاقی‌کردنەوەی تاکە کەسی ئەبەستێ :

(٠٠٠ رۆمانسیزم لە سەرەتاوە بزووتنەوەی نارەزایی وورده بۆرژوازی‌ی بوو ، بەرامبەر کلاسیزمی پیاو ماقوولان ، نارەزایی بوو بەرامبەر بنکە وشێوازە کۆنەکان ، نارەزایی بوو بەرامبەر شێوەی ئوروستوکراتی‌ی‌و ئەو ناوەرۆکانەی لە مەسەلە کۆمەلایەتی‌یەکان هەڵئەهات ٠٠ نووسەرانی رۆمانتیکی بروایان‌وا بوو کە هیچ بابەتێکی نایاب نی‌یە لەم جیهانەدا بۆیە لەتوانادا هەموشتێك بکرێتە بابەتی هونەر ٠٠)

بەو جۆرە رۆمانسیزم لەقەفەزە زێرینەکەی کلاسیزم دەربازی بوو ، وەپاش ئەوەی گولزاری ڕەنگاو ڕەنگی کلاسیزمی بەجێ هێشت ، ڕووی کردە سروشت‌و جیهانی‌یان‌و بەرین ، بە مەبەستی چارە سەر کردنی بابەتی ئەو تۆکە لەوەوبەر قەدەغە کرا بوون ٠٠ رۆمانسیزم تاقی کردنەوەی جیهانی ناوەوەی تاکە کەسی کردە مەسەلەی سەرەکی‌ی ، چونکە تاکە کەسی لە دونیای سەرمایەداری‌دا (بەتەنها بەرەنگاری کۆمەڵ ئەبێت‌و مرۆڤێکی نامۆیە لە کۆمەلێکی نامۆداو من رو بە ڕووی – من نا – یەکی ئێجگار گەورە ئەبێتەوە ٠٠ ئەمانەیش بوونە هۆی بەهێز کردنی خودی مرۆڤ‌و بوژاندنەوەی ، بەڵام لە هەمان‌کاتیش‌دا وون بوون‌و تێ‌رامانی لەگەڵ خۆی هێنایە ناو ناوانەوە ٠٠) ٠

سەرەنجامی ئەم کارەیش ئەو سیمابابەتی‌یەی کە بنچینەی کلاسیزم بوو ، لەسەر دەستی رۆمانسیزم‌دا گۆڕدرایە تاکە کەسی ، ئەمەیش لە بەر ئەوەی زۆربەی شیعرەکان‌یان لە ناوەرۆك‌یان‌دا خودی شاعیریان دەر ئەبری‌ی :

(هەموو شیعرێکی چاك بریتی‌یە لە کشانێکی لەسەر خۆو لە خۆوەی بە هێزترین هەست‌و ئەستی مرۆڤ ٠٠) ٠

رۆمانسیزم بووە هۆیەکی کاریگەر بۆ زیندوو بوونەوەی لیریکیزم‌و بووژاندنەوەی ئەو جۆرە شیعرەی‌کاتی خۆی – ئەرستۆ – هیچ بایەخێکی نەئەدایە ، سەبارەت بەوەی پاشماوەی هۆشی تاکە کەسە ! بەڵام ئەدەبی ئەوروپایی بە تەواوی‌ی گرنگی پێ‌داو نرخ وسەنگێکی تایبەتی‌ی دایە ٠٠

(گومانی تێدا نی‌یە کە ، رۆمانسی‌یەکان دوافەلسەفەیان بۆ لیریکیزم‌دانا ، بە تایبەتی‌ی کە لەبازنەی لاسایی‌کردنەوە هێنایانە دەرەوەو ، ووتیان لیریکیزم ، ویژدانی تاکە کەسی شاعیر دەرئەبڕێ ، بە شێوەیەك ئەتوانین بڵێین ، هەموو ڕێبازە ئەدەبی‌یەکانی دوای رۆمانسیزم ، ئەیان توانی جەوهەری ئەو فەلسەفەیە بگۆڕن ، بۆیە لیریکیزم لەو کاتەوە تا ئێستا هەر شیعری ویژدانی‌یە وبەس ٠

Institut kurde de Paris

لەسەر ڕێگا

ئەم چرپە چرپە شتێکی ناشیرینە

عبدالقادر خلیل

دانیشتنەکە ساکاربو شوێنەکەیش چایخانەیەک بو لە ناوو جەرگەی شاردا کۆمەڵی‌لاوان هەریەکە دوانو سیان دانیشتبون سەرگەرمی خۆ ئامادەکردن بون بۆ تاقی‌کردنەوەو کۆشش کردن ئێمەش هێندێ لەو کەسانەی کە تاوتاو لووت دەژەنینە سیاسەت دانیشتبوین سەرگەرمی گفتوگۆ کردنین لە کاروباری جیهانی هەر یەکە بە پێی بیروبڕوای خۆی شێتەلی کاروباری جیهانی دەکات یا بە کورتی بڵێن هەر یەکە بە رای خۆی سەبارەت ئالۆزیەکانی جیهانی ئەدواینو ڕێگەو شوێنمان بۆ دادەنا ٠

کەسیش نی‌یە بە گوێمان بکات چ راست بین یا چەوت ٠ لە مێزەکەی ئەنشتانەوە سێ چوارێک دانیشتبون لەوە دەچو گفتوگۆکەی ئێمە سەرنجی ڕاکێشابن کە سەرنجی ئەواوم لێدان یەک دووانێکیانم لێ ناسینەوە هەر لە دوورەوە سڵاووم لێ کردنو بە پێکەنینەوە سەرم بۆ لەقاندن کە دێمە لایان ٠ بەڵێ تاوتاو ئەگەر بە بەرزی قسەیەکیان بکردایە گوێم لێ دەبو بەڵام ئەگەر چرپەیان بکردایە ئەوا گوێمان لێ نەدەبو ٠ ڕێزێ چا هاتو دیسانەوە جگرەکێشان دووکەڵ پەنگی خۆزادەوە لە سەر مێزەکەمان لە زێرەوە سەرنجێکم لە کۆڕەکەیاندا کە ڕوانیم پرچە پرچ دەستی پێ کردوە داخۆکاممان کەوتوینە پەر نەشتەری تیژی زمانی بەد ٠ بەڵێ نەشتەر کەوتۆتە برینو کوول نابێت ٠ ووشەی ناشیرین وەکو بەڕوو هەڵ دەتوقێت لە ژێر زبانیانا بەڵێ جۆرە کەسانێک هەن ئەمە پیشەیانە نولفەتیان گرتوە بە نەشتەر لێ دان جا نەشتەری تیژی زمانو زمانی بەد گەلێک لە نوکی خەنجەری دەبان زهراوی تره ٠ کۆڕیان گەرمە چاک گوێم بۆ شل کردون دەیڵێنو دەیڵێنەوە زۆرم پێ شەرمە ووشە ناشیرینەکانی ئەوان بخەمە سەر بەرەی نوسینەکەم وە خوێندەواری بەرێزی بێ‌دڵگیر بکەم ٠

بەڵام تەنها ئەوەندە دەڵێم بابینەوە سەر واتە جوانەکەی کە دەڵێت (دەرزی‌یەک بکە بە خۆتا ئینجا شوژنێک بکەبە خەڵکیدا) خۆزگە ئەوکەسانەی شێتەڵ‌کردنی خەڵکیان کردوە بە ویردی سەر زبانی خۆیان تۆزێک زۆر نا ! ئەم خووە بێ‌فەڕەیان واز لێ دەهێناو بە چاکە ناوی خەڵکیان دەبرد ٠ برا ئەو کەسەی کە شوناسیت لە گەڵیدا نی‌یە جارێک دوور بە دوور خۆ تی لێ نزیک بکەرەوە ڕەنگە مرۆڤێکی باش بێت وە ئەوەبهێنیت لە زمانی بەدی تۆ رزگاری ببێت خۆ پێشنیان راستیان گوتوە (تفەنگ بە تاری کیەوە مەنێ) ئەم چرپە چرپە شتێکی ناشیرینی پێ کەلکەڵە راستیشدا تابڵێت خوویەکی بەدو ناهەموازە ٠ هەمو ڕەووشتێکو بڕوایەکی چاک دژی چرپەیە ٠ ئەگەر شتێکت هەیە برامبەر بە کەسێک بچۆزە لایەوەو راستەو وخۆ چ سەرزەنشتێکت هەیە لێی بکە زۆر شتێکی بەچێیە مرۆڤ راستەو وخۆ ئەگەر جۆرە گلەییکی ببێت لە کەسێکی تر لێی بکات ڕەنگە زۆری ئەو گلەییانە لە جێی خویدا نەبێتو راست نەبێت جا جرچە جرچو لێی دوانی پشت مله لە بەهای مرۆڤ کەم دەکاتەوە ٠

خۆم پێ نەگیرا چومە ناوو کۆزەکە هەمو لە بەرم هەڵسانو خۆش هاتنێکی گەرمو گوریان لێی کردم ٠ ڕووم کردە ئەو هاوڕێ‌یەی چاک شوناسیم هەبو لە گەلیدا ، گوتم گوێم لێی بو چاک ٠

دانیشتوانی مێزەکەی ئێمەتان دابوە بەر نەشتەر ڕەنگە کەستان لێ نەبزارد ٠ لەوەڵامدا گوتیان نا باسی تۆمان نەکردوە لە دڵی خۆمدا گوتم ئەگەر هەر یەکێک لە دانیشتوانی مێزە کەمان بهاتایە بە هامان جۆر دەیان گوت ئێمە باسی تۆمان نەکردوە ٠ ئەمە بە یەکێک لە دەردی کۆمەڵەکەمان لەبەر بێ کاری هەر خرێکی نە شتەر لێی‌دانی بێ ڕەوان ٠

خوشکاندن د شعرا «پاشماوە»

دبێژم کو کاکە رشید واتا خود ڕستە نەزانیە) ٠٠ پاشی تە تەلیسما فێ پەیڤێ فەکرو تەگۆت « یەعنی من بخۆ خۆ یێ گەهاندیە فێ بلا بەرزوبلند ، ئەز ب حێلا ملێت خۆ یێ گەیشتیە گوپکا عیلمو فەلسەفێ » ، ئەڤجا هویر ل پەیڤێت منو خۆ بنێرە ، منوتە هەر وەکێ ئێک‌نە گۆتی‌یە ؟ و تەنانەت تە بەیڤا (گوپکا) وەکی من بکار نەئینا یە ؟ و لدویماهیێ برای قەدرگران ، نە نهۆیە ئەز مەعنا (خودڕستە) دزانم ، بەلکو گەلەك ژ مێزەیە ، هەر دەما من ئەزمانێ فارسی دخاند ولناف (فارسیا) دگەڕیام و هەتا نهو ٠٠

هیڤیا مە خزمەتا ئەدەبێ کوردی‌یە ٠٠٠

١ ، ٢ : بە ٣٧ ژ (مەمو زین) چاپخانەی هەولێر ١٩٦٨ز

هەر دەسا بە ٦٢ و٦٤ ژ (مەمو زین)ێ چاپا استامبولێ ١٩٦٨ ز ٠

لە ٩ مانگدا « پاشماوە »

هاووڵاتیانی تر ٠ بەرێز خاتو هەنا رشید بەریوەبەری تەسلیف لەبانقی عەقاری ئەوەی ڕاگەیاندوە کە لە هەمو بانقەکانی عەقاری وڵاتدا لەم ساڵدا تاوەکو مانگی ئەیلولی ڕابوردو ژمارەی معامەلەی قەرز گەیشتۆتە ٢٢ هەزارو ٣٣٦ معامەلەی قەرز وەرگرتنو ئەوبارانەی بەو کەسانە دراوە گەیشتۆتە ٧٥ ملیونو ٧٣٤ هەزارو ٣٥٣ دینار ٠

لە لایەکی‌ترەوە بەریوەبەری لقەکانی بانق دەسەڵاتی ئەوەیان دراوەتی کە پەیرەوی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بکەن بەوەی هەر لەلقەکانی بانقەوە معامەلەی قەرزدان جێ‌بەجێ‌بکەن ٠

لە پێناوی چەسپاندن «پاشماوە»

ئەتەوایەتیەکانی گەلی کوردمان ڕایان کێشن ئەمیش بە هاندانیان بۆ یاخی‌بوون لەم بڕیارە ، نەك بۆ بەرژەوەندی قوتابیە کوردەکان بەڵکو بە مەبەستی زیان پێ‌گەیاندنیان یاخو (بۆ هەندێ مەبەستی تایبەتی) ٠

بەجێ‌هێنانی سەرانسەری‌و بە پەلەی وتنەوەی زمانی کوردی لە قوتابخانە سەرەتاییەکانەوە هەتا پلەیی ئامادەیی ، ساڵی ٩٧٠ ، شوێنەوارێکی خراپی ئەو تۆی بەجی هێشت کە تائێستا قوتابیەکانمان لێی رزگار نەبوونە ، ئەوەکارەی کە بریتی‌بوو لە بەجێ هێنانی ئەم تاقیکردنەوەیە لە ساڵێك یا دوو ساڵدا بێ ئەوەی بنویستیە پەروەردەییەکانی خوێندن بە زمانی کوردی ، وەکو ئامادەکردنی مامۆستا بۆ هەموو پلەکانی خوێندنو ئامادەکردنی کتێبی پەروەردەیی کە بە زمانی کوردی نروسرابن نەك دەق لە عەرەبیەوە وەرگیرابن ، سەرەڕای تێکدانی زمانی کوردی لە زۆربەی ئەو کتێبە وەرگیرراوانەدا سەبارەت بەوەی تاقمەکەی بارزانی ئەو کاتە دەستیان بەسەر باری ناوچەکەدا گرتبوو وبیروزاو و کادرەکانی خۆیان بەسەر دەژگاکانی فێرکردندا دەسەپان ، بێ‌ئەوەی ئەوکادرانە لە سادەترین بنەڕەتی زمان وفێرکردن وبەروەردەکردن سەریان دەرچێ ٠ لێرەدا ، بنویستە لەو هەڵانە کە بەئەنقەست کران کەلك وەربگیرێ‌و جارێکی‌تر لە جێ‌بەجێ‌کردنی ئەم بڕیارە تازەیەدا گیرۆدەی نەبینەوە ، هەروەکو سەروتاری ڕۆژنامەی بەرێز « الثورە » بەنجەی بۆکێشاوە ٠

لێرەدا دەبێ ئەوە دووبات بکەینەوە کە بەروەردەکردنو فێرکردن لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا دەبێ بە شێوەیەکی دیموکراتی‌و سوشیالیستانە ئاراستەبکرێ ، و تیۆری بە بەجێ هێنانەوە ببەسترێ‌و بیروڕای کۆنەپەرستانەو شۆڤێنیانە لە بەرنامەکانی خوێندنا بەبەست بکرێ‌و کاربکرێ بۆ زیندوکردنەوەی وێژەو مێژوو ، و هونەری کورد زیندوو بکرێتەوەو بەکەڵەبووری مرۆڤانەی گەلانی‌تر بەتایبەتی کەڵەبووری شارستانیانەی گەلی عەرەب دەوڵەمەندبکرێ ، بایەخ بەوتنەوەی زمانی عەرەبی ، شان‌بەشانی زمانی کوردی ، لەهەموو قوناغەکانی خوێندندا بدرێ‌و زمانی کوردی لە هەموو ناوچەکانی تری عیراقدا بووترێتەوە ٠

لەگەڵ بەشدارانی « پاشماوە »

بە شێوەیەکی لەیەکچوو ، ئەگەر نەڵێین وەکو یەك ٠

پاشان وتی : لە جیهاندا ئاشتی‌و ئاسوودەیی بەسەر گەلاندا ناکێشێت ئەگەر بێتو هەواڵو شتەکانی‌تری ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی دۆستانە ئاڵۆز کۆڕ نەکرێت ٠

لە کۆتایی دوانەکەشیدا بۆ هاوکاری وتی : ئەگەر هەموو بەراستی ئاشتی خوازین ئەوا زۆر بنویستە ئاگامان لە ڕۆشنبیریی یەکتر هەبێتو ڕۆشنبیریی گەلانی یەك لەناو ئەوی تردا بڵاوببێتەوە ٠

د٠ تایبۆ فارێس :

کۆڕەکە هێڵە سەرەکیەکانی ڕاگەیاندنی پێشکەوتنخوازانەی دیاری‌کرد ٠

(د٠ تایبۆ فارێس) مامۆستای یاریدەدەر لە دانشگای تامپێری فەنلەندی دووپاتی کردەوە کە کۆڕی سیهەمی ڕاگەیاندنی جیهان کە لە بەغدا بەسترا ٠٠ بە شێوەیەکی گشتی شێوەیەکی پێشکەوتنخوازانەی نواندو بەجۆرێکی جوان ڕێکخرابوو ٠٠

هەروەها ووتی ٠٠ عیراق یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە هەمیشە دەست پێشخەری ئەکات لە سازکردنی ئەم جۆرە کۆڕانەدا ٠٠ دیسان کۆڕەکە گەلێ پێشاوە پێشکەوتنخوازەکانی جیهان کۆکردبوو وبتاوەکانیشیان گەلێ حەقیقەتی تازەیان خستەروو ٠

فارێس ووتی ٠٠ کۆڕەکە گرنگیەتی تایبەتی هەبوو ٠٠ گرنگیەکەش لەوەدا بوو کە ئەم کۆڕە دەستیشانی هێڵە سەرەکیەکانی ڕاگەیاندنی پێشکەوتنخوازانەی‌کرد بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەی بەرانبەر دژی جموجوڵی کۆڵۆنیالیزم ئیمپریالیزم ٠

ئینجا د٠ فارێس باسی زمانو زمانی یەکگرتووی فەنلەندا کردوو ووتی : بەنجا ساڵ لەمەوبەر دەوڵەتەکەمان کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی سویدو ڕووسیای قەیسەری٠٠ لە دواییدا سەربەخۆیمان وەرگرت ٠ بەڵام باش ئەوە تووشی گیروگرفتێکی گەورە بووین دەربارەی زمان‌و چۆنیەتی ئەو زمانەی کە پێی ئەنووسین ٠٠ چونکە زمانەکەمان لە چوار شێوە پێکهاتبوو وبەر لەوەش هەموو خوێندنو نووسینمان بەزمانی سویدی‌بوو ٠٠ زمانەکەمان هیچی بێ نەئەنووسراو بێجگە لە ئەدەبی فۆلکلۆر هیچ شتێکی تر بە زمانەکەمان نەبوو ٠٠ ئێستاش دەمێکە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی خۆمان هەیەو بووە بەزمانی ڕەسمی دەوڵەتەکەمان ٠

دهوك لە بەردەم « پاشماوە »

نەخشەیەکی جوانو ڕێك‌و پێك بۆ نیشتەجێ کردنو دڵنیایی کردنی تەندروستی مام ناوەندی بەرهەم هێنەرە کشتوکالیەکان ، بەستنی مەلبەندەکانی بەرهەم هێنان بە مەلبەندەکانی فرۆشتنەوە ٠ هەروەها گەیاندنی باشترین ڕاگوزاری بەهۆی ئەو ڕێگا سەرکیانەوە کەکراونەتەوە ٠

لە باری دڵنیاکردنی خەڵکی گوندەکان لەڕوی دانیشتنەوە خەریکی دروست کردنی ٢١ دێ‌ی‌نوێن ٠ کە ٢٠ ملیونو ٣٨٧ هەزار دیناری تێ‌نەچێ ٠ کە بریتیە لە شەش هەزار ٤٥٥ خانوو ، بەهەموو جۆرە بێداویستیەکەوە ٠ وەك گەیاندنی ئاوو کارەباو قوتابخانەو مەلبەندی تەندروستی‌و بازاری میللی‌و هەرەوەزیە کشتوکالیەکانی ناوخۆو تایبەتیەکان ٠

هەروەها لەلایەکی ترەوە خەریکی کارکردنی بۆ قیرتاو کردنی ١٣ ڕێگای سەرەکی کە درێژیەکانی ٦٤٥ کیلۆمەترەیە و ٤٥ ملیونو ٢٣٠ هەزار دیناریشی تێ‌نەچێ ، کە بەهۆی ئەم ڕێگایانەوە ناوچە شاخاوییەکان بەمەلبەندی شارو قەزاو ناحیەکانەوە ببەسترێ ٠ ئەم ڕێگایانە دەورێکی کاریگەر ئەبینین بۆ هێنانەدی باشترین و چاکترین کاروباری بازارکێشی بەرهەمەکانی کشتوکاڵ ، بۆ ئەوەی بازرگاکانی ناوەندو خوارو ئەو بەرهەمانەیان بگاتێ ، وا چاوەڕان ئەکرێ ، ئەم ڕێگاو بانانە لەسەرەتای ساڵی تازەدا تەواوبن ٠

نافرەتونەرکی « پاشماوە »

چالاکیەکانی ئافرەت تەنها لە بواری سیاسیدا نەماوەتەوە ، بەڵکو زانیاریشی‌داوە ، کەلێ لایەنی ڕوشنبیری‌و بیری لەبەردەمدا کراوەتەوە ٠ لەمڕوانەوە توانای ئافرەتی عیراق گەشەی کردوە ، بوە بەداهێنەرو ، لەزۆر باس‌و بابەت کۆڵاونەتەوە کە کێشەی شۆڕش‌و مرۆڤایەتی تیا دەرکەوتوە ٠ هەر لەم بوارانەوە ناوی گەلێ نوسەرو ئەدیب‌و هونەرمەندو شاعیر دەرەوشانەوە ٠

توانیان کە جێگای تایبەتی خۆیان بگرن . کە لەگەڵ توانا و لێهاتوی‌و داهێنراوەکانیدا ئەگونجی ، لەروی شارستانی‌و مرۆڤایەتیەوە ٠ لەروی ئابوریەوە ، ئەوکۆڕانە خێرایەی ئێستا ولات بیایدا تێ‌ئەپەڕێت لەبواری بەرەپێشدانی خێراو لەئاوبردنی ئەوبارانەی کە ماونەتەوەو بونەتە هۆی دواکەوتن ٠ بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی سوشیالیستی بتەوو پێشکەوتنخواز ٠ هێنانەدی ئاوات‌و ئامانجەکانی وڵاتدا لەوروانەوە ، بنویستی بەکۆبونەوەو بەشداری کردنی

هەموو جۆرە هێزێکی مادی‌و بەشەری هەیە لەهەردوو ڕەگەزەکە ٠ لەم‌بوچونەوە ئافرەت بەشداری کاریگەرانەی کردوە لەروی بنیاتنانی بەرهەمەوە ، کە لە هەموو بەشەکانی بەرهەم هێنانداا کاری کردوە ، هەروەها ئافرەتی عیراق بەشداری کەرتەکانی کشتوکاڵی کردوە ، بەشێوەیەکی فراوان لەبەرهەم هێنانی کشتوکالیدا ، بەشداری پیاوی کردوە لە زۆربەی کارەکانیدا ٠

زۆرجار بەتەنها لەلایەنەکانی بەرهەمهێنانداا خەریك‌بوە ، جگە لەوەش سەربەرشتی پەروەردەکردنی خێزانەکەشی لەئەستۆدابوە ٠

ئەم باسە خێرایە ، پێشکەوتنی ئافرەتی هاوچەرخ ئەسەتێنێ ئەعێراقدا ٠ کە چەند دەورێکی کاریگەرو ئایینەتیای هەیە لە خەبات‌و تێکۆشاندا لەگشت ڕویەکی ژیانەوە ٠ بۆهێنانەدی ئامانجەکانی بەرەپێدانی ئابوری‌و پێشکەوتنی شارستانی‌و مرۆڤایەتی ٠

کەواتە ڕزگاربونی ئافرەت لەهەموو ئەوکۆسپانەی باری دواکەوتوی دابوی بەسەریا ، سەرەتایەکی ڕاستە بۆپێگەیاندنی وەچەیەکی نوێ‌و بەتوانا لەبەردەم ئەرك‌و پێداویستەکانی نەتەوەیی‌و نیشتمانیدا ٠

لەبەرئەوەی ڕزگارکردنی ئافرەت لەپاشماوەی ئەو ڕوانینە دەرەبەگایەتی‌و بورجوازیانەی ماونەتەوە ، یەکێکە لەئەرکە نیشتمانیەکان ٠ کەواتە بنویستە تێ‌کۆشین لە پێناویدا بەهەموو بڕواو توانایەکەوە ٠

لە بارەی کوبونەوەکەی « پاشماوە »

خۆشەکانی شەمال صائب‌و عومەر ڕەزاو حەسەن زیرەك ٠٠ هتد چۆن خەڵك ڕادەکێشن ٠

شەشەم : ئەرکی سەروکی بەش کردی ڕادیوی بەغدا پێشخستنی بەرنامە تایبەتی‌یەکانی ڕادیویە ، بەشێوەیەك کە لەگەڵ ڕادەی جوتیاران‌و زوربەی گوێگران بگونجی وە بەقەدەر توانا ، ئامادە کردنی بدرێتە دەست بسیوەرە کوردەکان ورۆشنبیرە ناصراوەکان نەك بتوانە‌ی ، تایبەتی ،و نازانیاری لەم ڕووەوە بکەوێتە کار ٠٠

دوا وتارمان ئەوەیە ئەبێ بزانین باش ئەم کۆبونەوانە خەڵك چاوەڕوانە بزانن تا چ ڕادەیەك توانیوتانە ئاواتە بەجێیە کانیان بهێنێتەدی ٠٠ هەروها دووپاتی ئەگەینەوە :

بەردەوام بوون لەسەر ئەم ڕێرەوە ، ڕێرەوی پشك بەستن بەخەڵك گۆڕ شڵکردن بۆ دەنگی میللەت‌و ڕوشنبیران ، چاکترین وڕاستترین ڕیگایە بۆ پێشکەوتن‌و سەرکەوتن ٠٠

هیچ گومانیش نیە ئەوەی لەسەر ڕێگای ڕاست بڕوا هەر ئەکاتە ئامانج ٠٠

تایە عبدالکریم « پاشماوە »

ڕێکخراوەکەوە هەیە ، کە لە ٢٠ی کانونی یەکەمی داهاتودا لە کاراکسی پایتەختی فەنزویلیە ئەگیرێ ٠

بەڕێز دکتۆر عونی شاکر بەڕێوەبەری گشتی دائیرەی بەیوەندی‌و ئیستشاری دەرەوەو بارێزگای عێراق لە ڕێکخراوی ئۆپیکدا لەم جارێ‌کەوتنەدا ئامادەبوو ٠

بەڕێز جیدە سەر لە چەند وڵاتێکی تری ئەندام ئەدات بۆ ڕێکخستن‌و ئامادەبوون لە کۆنگرەی ناوبراودا ٠

بەزدەوامی « پاشماوە »

جێ‌بەجێ‌کردووە وەکو قەدەغەکردنی هاتنەناوەو جوونە دەرەوەی هاونیشتمانیە سووری‌و عەرەبەکان لەنێوان عیراق‌و سووریاو گرتنی زمارەیەکی زۆر لەهاونیشتمانیە عیراقیەکان ٠

ئەم دەنگوباسانە وا ڕائەگەیەنن دەزگاکانی ڕژێمی سووریا دەستیان‌کردووە بەگرتنی هاونیشتمانی وولاتەکەیان‌و ڕاونانی هێزەنیشتمانیەکان‌و جەماوەری سووریا ٠

هەروەها دەسەڵاتدارێتی ئەم ڕژێمە نیچە قەدەغەکردنی هاتوچۆ بەسەرژمارەیەك لە بارێزگاکان سەبارەت‌دووەو هەموو هاتوچۆکردنێك بە بێ ڕوخسەتی ئەو ڕژێمە قەدەغەی کردووە ٠

وەرزی ڕۆشنبیری جەماوەر لەسلێمانی

● بەرێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەر لەسلیمانی پرۆگرامی وەرزی خۆی دانا بۆپێك هێنانی چەند کۆڕێکی ئەدەبی‌و ڕۆشنبیری بۆ نوسەرو ڕۆشنبیرو هونەرمەندەکانی سلیمانی ٠

● لەم ڕووەوە بەرێز کاك محمد ئەمین بەرێوەبەری ڕۆشنبیری جەماوەر لەسلیمانی وتی ٠

★ وەکو ئەرکێکی سەرشانمان بەپێویستمان زانی لەم ماوەیەدا توانای تایبەتی خۆمان بخەینەکار بۆ خزمەت کردنو گەشەکردنی ئەدەبی کوردیمان ٠ لەم ئێڕوانینەوە وامان بڕیاردواوە لەسەرەتای مانگی داهاتودا بەگوێرەی کاتو ماوەو توانا چەند کۆڕێکی ئەدەبی‌و ڕۆشنبیری پێك بهێنین بۆ ڕۆشنبیرو نوسەرو هونەرمەندانی سلیمانی‌و بۆ ئەم مەبەستەیش بانگەوازێکمان بڵاوکردۆتەوە بۆ هەموو نوسەرو هونەرمەندو ڕۆشنبیران کە هەریەکەیان لەبابەتی شارەزایی خۆی بابەتێکمان بۆ ئامادەبکات تاکو کۆڕی بۆ پێکبهێنین بەنیازی لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی بەرهەمی نوسەرو هونەرمەندانان‌و دەرکەوتنی رادەی پێشکەوتنی ئەدەب لەهەموو ڕووەکانیەوە ٠

پ٠ هاوکاری لە سلیمانی

بەیانامە مێژوویەکەی « پاشماوە »

نەگرتن لە بڕیارەکانی دەزگاکانی دەوڵەتان‌و سەرپێچی کردن لە هەموو جۆرەکانی سازاندن ئەکەن کەبڕە لەمەترسیترین خۆبە دەستەوەدان لەلایەن ڕژێمە عەرەبیەکاندا ٠٠ هۆی یەکەم‌و هەرەگرنگ لەمەدا ئەو خۆبەدەستەوەدانە یەك بەدوای یەکەیەکە ڕژێمە عەرەبەکان پێشکەشی زایۆنی دوژمن‌و جەنابی ئیمپریالیزمەکانی ئەکەن ٠٠ ئەم هەڵوێستانەکە ئەو ئامادەبوونە بێ سنوورە پیشان ئەدەن بۆ مل‌کەچی قۆناغ بەدوای قۆناغ‌و هەنگاو بەدوای هەنگاو بۆ پێ لەسەر داگرتنی دوژمن‌و ئیمپریالیزمی ئەمەریکی‌یە ٠٠ ئەوەی سەرۆکی میسری انور سادات لە هەفتەی ڕابردوودا بڵاوی کردەوە بەرەو لێژاینکی پڕلە مەترسیەکی قوولە لەم سیاسەتە هەڵەیەدا کەدەسکەوتەکانی شەڕی بیرۆزی تشرینی لە ناوبردو هەڵوێستی عەرەب لەیەك ترازان‌و لاوازی کرد ٠

ئەوانەی ئەو سیاسەتە بەسیاسەتی حەکیمانەو زانایی‌و خاوبوونەوە لەقەڵەم ئەدەن ٠٠ ئەمانە خۆیان‌و جەماوەری عەرەب هەڵئەخەڵەتێنن چونکە جەماوەر زۆر باش ئەزانێت کە ئەم سیاسەتانە هیچ جۆرە قازانجێك بەنەتەوەی عەرەب نابەخشن‌و خاوەنەکانیان توانای ئەوەیان نیە جەماوەر ئیقناع بکەن کەئەم سیاسەتەیان راستەیاخود دواثامانجی ئەم میللەتە ئەهێنێتەکایەوە ٠

سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە ئەنجامی بەردەوام بوونی ئەم سیاسەتانە دەرئەخات‌و داوانەکات کە بەشێوەیەکی قوول‌و دلسۆزو کامڵ چاوێکی بیابخشێنرێت‌و ڕێگایەکی وا بگرێتەبەر کە بەهیچ شێوەیەك دەست لە مافە ڕەواکانی عەرەب بەرنەدات‌و بەهەموو توانایەکی ڕاستەقینەی عەرەب بە سوپاو ئابووری‌و سیاسی‌یەوە ڕووبەڕووی دوژمن بوەستن ـ تەنیا بەمە ئەتوانین دوژمن مل کەچ بکەین ٠٠ هەروەها سەرکردایەتی نەتەوەیی مەترسیی قسەکانی انور سادات دەرئەخات ئەگەر هاتوو بەجێ‌هێنرا ـ ئەگەر هاتوو ئەمە هاتە کایەوە ئەبێتە مایەی بەسەرهاتێکی نەتەوەیی ڕاستەقینە ٠ جەماوەری عەرەب‌و هەموو هێزە خێرخوازەکانی بەرپرسیارن بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوە سەرنەگرێت ٠

ئەو ڕاگەیاندنەی سەرۆك انور السادات ڕای‌گەیاند ، تەنها هەڵوێستی شەخسی‌ی خۆی ئەگەیەنێ‌و بەو ڕەفتارەی هەر تەمسیلی خۆی ئەکا ٠ وە نەتەوەی عەرەب ناتوانێ بەو ڕەفتارەو بە هیچ ئەنجامێکیش کە لە ئەنجامی ئەو ڕەفتارەوە دێتەکایەوە ، ڕازی‌بێ ٠

لە کاتی بەجێهێنانی ئەو هەنگاوەدا بنویستە ئەتەوەی عەرەب بەڕەنگاری بوەستێت‌و ڕەفزی هەموو پەیمانێك‌و داشکانێك بکا کە لە ئەنجامی ئەو ڕەفتارەوە سەرهەڵدەات ـ ئەتەوە مافی مێژوویی خۆی بەرامبەر بە ڕەفزکردنی هەر ڕەفتارێك هەیە کە حوکمڕانان لەسەر ئۆبالی تایبەتی خۆیان بەنای ئەبەنە بەرو لە ڕەفتارەکەیاندا ویژدان‌و مافو ئابڕوی گەلی تیا ئانوێنن ٠

حوکمڕان کاتێ ئەتوانێ ڕەفتار بکا کە نوێنەری ویژدان‌و مافو ئابڕوی گەلەکەی بێت ، وە هەرکاتێ ڕەفتاری بەرەو ڕێبازێکی پێچەوانە ئاراستە بکا تەنها لە ئەستۆی خۆیدا ئەبێت ٠ مێژووی (کۆن‌و نوێ)ی ئەتەوەی عەرەب‌و مێژووی مرۆڤایەتیش پڕە لەو بەڵگانەی کە ئەو ڕاستی‌یە ئەسەلمێنن ٠

ئەتەوەی عەرەب کە خاکی زەوتکراوەو دەها هەزار لە ڕۆڵەکانی لەسەر دەستی زایۆنی‌یە زەوتکەرەکان سەر بڕاون ، ناتوانێ ئەو سیاسەتانە قبوڵبکا کە بەرامبەر زایۆنی دوژمن‌و بەرامبەر داگیرکردنی زایۆنی بۆ خاکی عەرەب ڕەفتار ئەکرێن ـ ئەو حوکمڕانانەی ئەو جۆرە سیاسەتە بەرامبەر خاکی عەرەب ڕەفتار ئەکەن ـ لەواقیعدا تەنها تەمیلی خۆیان‌و دەستەیەکی بچووك لە دەست‌و پێوەندەکانیان ئەکەن کە حەقی نوێنەری‌کردنی نەتەوەو دەست تێوەردانی مەسەلە بنچینەیی‌یەکانی نەتەوەیان نی‌یە ٠

جەماوەرانی عەرەب‌و هەموو هێزە خەباتکەرەکانی عەرەب لە هەموو شوێنێك بانگ‌کراون بۆ ئەوەی نارەزایی بەرامبەر بەو ڕاگەیاندنەی (سادات) دەربڕن‌و بە هەموو هۆو ڕێ‌و شوێنێکەوە بۆ سەرنەگرتنی کاریەکەن ٠ هەروەها بانگ‌کراون بۆ ئەوەی بەردەوام بە هەموو هێزو بڕواوە لە پێناو سەندنەوەی مافە زەوتکراوەکانیان‌و ئابڕوی لەدەست چوویاندا تێ‌بکۆشن ٠

ئابێ ئەو هەڵوێستانە ببنە مایەی وزەبەردان ، بەڵکو هۆیەکی بەهێزو هاندانێکی توندبن بۆ تێکۆشان بردنە سەر تاوەکو نەتەوە چارەنووسی خۆی لەدەست خۆیدا بێت‌و بە دەربڕینێکی ڕەسەن‌و ڕاستەقینانە خواستی خۆی دەربڕێ ٠

سەرکەوتن بۆ نەتەوەی عەرەب لە تێکۆشانی نەبەزانەیدا بۆ هێنانەدی ئامانجە ڕەواکانیان ٠

سەرکردایەتی نەتەوەیی
حزبی بەعسی عەرەبی
سۆشیالیست
١٥ـ١١ـ١٩٧٧

Institut Kurde de Paris

سینەمای سیاسی

..لەپێناوی بزوتنەوەی رزگاری خوازی و پێشکەوتندایە

لەم ووتارە کورتەدا ئامەوێت باسی مێژووی دەستپێکردن و پەرەسەندنی سینەمای سیاسی بکەم ، چونکە ئەوە پێویستی‌ی بە لێکۆڵینەوەیەکی چڕو پڕوچەندین لاپەڕەیە ٠

سینەما گرنگترین هونەری سەردەمەو بێ هیچ سێو دوویەکیش مەترسی‌ترین لە نێوان چالاکی‌یە هونەریەکانی تردا و کارتێکردنی تایبەتی‌ی خۆی هەیە ٠٠ بۆیە شوێنی کارتێکەرو بڕونیەری خۆی لە نێوان ئەرکە جۆربەجۆرەکانیەوە هەڵدەهێنێت ٠٠ جگە لەوەی مەیانێکی بەپێتی بیرورا و بەروەردەکردنێکی ستاتیکی و ئایدۆلۆژی‌یەو بەشێوەیەکی گشتیش ئامرازێکی فێرکردنە٠

بەڵام بە چەشنێك بتوانرێت چۆن بەکار دەهێنرێت و چۆن نەخشەی بۆ دەکێشرێت ئەویش لە ڕوانگەی بینینێکی پێشکەوتووانەی ئامانجدارەوە هەر لەبەر ئەمەشە دەبینین شوێنێکی تایبەتی‌ی بۆ خۆی گرتووە ٠ بۆیە دەبینین فلیمی سینەما وەك چەکێکی کاریگەر وایە بە دەستی پێشکەوتنخوازەکانەوەیە ئەوانەی دەیانەوێت هونەرێکی سینەمایی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز پێکبهێنن ٠

لێرەوە دەڵێم سینەما دەتوانێت شان بە شانی ئەم سەردەمە هەنگاو بهاوێژێتو لە گەڵیدا بێتو لە گەڵ بزوتنەوەی ڕاپەڕیندا بێت لە لایەنی سیاسی‌و تەکنەلۆژی‌و کۆمەڵایەتی‌یەوە ، ئەشتوانێ شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هیواو ئامانجەکاد جەساوەر دەربڕێتو لایەنێکی گرنگی ڕۆشنبیری‌و هۆشیاریان بۆ بەدی‌بهێنێتو بڵاوبکاتەوە ٠٠

سینەما بە هۆی تیوری‌یەکی سیاسی‌یەوە دەتوانێت واقیع لێکبداتەوەو ڕاستی‌یەکانی ئەم واقیعە تێبگات لە تەك بەیوەندی‌یەکانی‌دا ٠ ئەم تێڕوانینە کە هەموو ڕاستی‌و بەیوەندی‌یەکان دەگرێتەوە هیچ شتێك بە دەستی ناخات ٠ تێڕوانینی سیاسی ، ی هۆشیارانە نەبێت ، ئەو تێڕوانینە تەنیا شتێکە دەتوانێت ٠ سینەماچی ، لەوە ڕزگاربکات نەکەوێتە گێژاوی تێڕوانینی بڕنەکەر سەبارەت بەشتەکان٠٠ هەموو چالاکی‌یە مرۆ ئایەتی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان بەرهەمی واقیعێکی سیاسی‌ی تایبەتین ئەنجامەکانی لە ئابووری‌و خووڕەوشتو نەریت‌و خۆشەویستی‌و سێکس‌و تاواندا ڕەنگ دەدەنەوە ٠٠

بێ‌گومان کاتێك واقیعمان لە گەڵ ئامانجەکانماندا دەخەینە پێش چاوو ئەو هەنگاوانەی دەمانەوێت بیهاوێژین وێنە دەکێشین‌و ئەوەی دەمانەوێت پێی‌ی هەستین ٠٠ ئەم کارەسان بەوەوە ناوەستێت کە هەر هۆشیارکردنەوەی جەماوەرێت لە بێناوی ئەوەی لە گەڵ بزووتنەوەی پەرەسەندندا شان‌بەشان هەنگاو بنێتو واقیع تێبگاتو شان بە شانی ڕێڕەوو کاروانی شۆڕش بەڕێوە بێت بەڵکوو لە هەمان کاتدا دەستوەشاندنێکی بەزەبرانەیە لە دوژمنەکانمان لە دەرەوەش‌دا ٠

دوژمنانیش شێوازی جۆراوجۆری خۆیان هەیە بۆ ئەوەی دەستی خۆیانان لێ‌بوەشێنن‌و درۆو دەلەسەو بڕوباگەندەی دژایەتی‌و مەبەستدار بڵاو بکەنەوە ٠

وێنەش بۆ ئەوە زۆرە ٠٠ بۆیە دەبینین زایۆنیزمی ڕەگەزپەرست هێرشێکی درندانەی نالەباری گرتووەتە بەر لە سینەماداو ، بە هەموو شێوازو ڕێگەو فێڵێکی هونەری‌یەوە دەیەوێت وێنەیەکی قەڵەکەی‌ی پێچەوانەمان بخاتە پێش چاوی خەڵکەوە ٠٠

لە یەکێك لە فایمەکانی‌دا کە ناوی (مەسەلەی دریفۆس)ەو ٠ جۆرج میلیس ، دەری‌هێناوە هەوڵ دەدات بیانوو بدۆزێتەوە بۆ دامەزراندنی نیشتمانێکی نەتەوەیی بۆ جووەکان ، لەفلیمەکەدا چەوساندنەوەو ئاوارەیی جووەکان پێشان‌دەدات ، زایۆنیزم لە گرنگی سینەما گەیشتووە بۆ وەدەستخستنی بەزەیی ئەورووپیەکان کاتێك وەك هۆیەك بەکاری هێنا بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی ٠ هەروەها بڵاوکردنەوەی بیری زایۆنیستی لە هەمان ڕێگەوە ٠٠ یان پێشان‌دانی هەندێك لەو فلیمانەی وێنەی گرتوون یان دەستی کەوتوون ٠٠ کە لە بیابانێکی جۆڵو هۆڵدا گیراون ٠٠ بە هۆیانەوە دەیەوێت نیشانەکانی پەرەسەندنو شارستانیەتمان بشێوێنێت ٠٠ هەروەها شتی تری لەم جۆرە هەروەها سەدان فلیمی تری وا کە ناوەرۆکی سیاسی‌یان گرتۆتە خۆیان‌و تێڕوانین‌و بۆچوونی زایۆنیەکان پیشان دەدەن ٠

بۆیە پێویستە سینەماچی‌یەکانمان زۆر ووریاو هۆشیار بن‌و ئاگایان لە بزووتنەوەی سینەمای جیهان بێتو لە بەرهەمەکانیاندا ووردترین لایەنەکانی ڕێڕەوە شۆڕشگێڕی‌یەکەمان بخەنە پێش چاو ٠

فؤاد حسین احمد
ئامادەی کردووە

ڕێڕەو

هیچی تیانیە سەرکردە حوکمڕانبێ ، بەڵام ، هەموو حوکم ڕانیك سەرکردە نیە ، سەرکردایەتی مەرجی هەیە ، هەروەها هەڵی ناڕەواش هەیە کەماوە ئەدا بەمەندێکەس خۆیان بکەیەننە حوکمڕانی ، بەڵام مرۆڤ بیەوێ ببێ بە سەرکردە ، بۆ ئەمە مەرجی زۆر گرانی هەیە ، لەبەر ئەوە ئێمە سورین لەسەر ڕازی کردنتان بەلایەنی ڕەواییەوە ، واتە بەلایەنێکدا لەگەڵ بزوتنەوەی شۆڕشدا بەرەو پێشەوەو بەپێی ئامانجە ئاشکراکانی بگونجێ ٠

هاوڕی صدام حسین

گەورەترین بازاڕی فرۆشتنی تابلۆ

دوو هەفتە لەمەوبەر پێشەنگای دووهەمی هونەری دوەلی هاوچەرخ ، لە کۆشکی گەورەی پایتەختی فەرەنسادا کرایەوە ٠ ئەم پێشەنگایەی کە لە ڕەنگی نابێتەوە ، یە گەورەترین بازاڕی جیهانی دائەنرێ بۆ فرۆشتنی تابلۆی هونەری ٠

پێشەنگاکە ماوەیەکی باشی لە بەردەم تەماشاکەرانیدا ڕەخساند بو بینینی بازاڕی تابلۆو نەخش‌و هەڵکەندنی جیهانی ٠ ئەم پێشەنگایە ١٤ دەولەت وپتر لە ١٠٠ هونەرمەندی نیوریك بەشداریان تیا کردوە ٠ لەوانە هونەرمەندی بەناوبانگ ٠ مالبوروە ، یە کە بە تەنها بەشێکی تایبەتی بۆ خۆی لەم پێشەنگایەدا تەرخان کردبوو ٠ پێشانگای ئەم ساڵ چەندان کۆڕی هونەری تیا ڕایەوە ٠

خێزان

لێوی ئافرەت بۆچگەرە نیە !!

لەپاش جەنگی دووەمی جیهان کەگەلی نەتەوەی برسی هاتەوە سەرخۆ ، جگە لەوەی‌کە بتوانێ نانێکی کولەمەرگی پەیدا بکا بۆ خۆی‌و منالی‌ئیتر بیری لە هیچی کە نە ئەکردەوە ، هیچی کە بەخەیالیا نەئەهات ٠ لەکاتیکا کە ئەو کۆمەڵانەی لە جەنگەوەدوور بوون زوربەی کەوتبوە خەیالی بارە کۆکردنەوەوکاسبی کردن لەسەر حیسابی لێ قەومانی نەتەوە هەژارەکۆست کەوتوەکان ٠

ئنجا کەئەم چینە پەیدا بوو خەریکی فیز لیدان بوون ، لە تیرو پڕیدا کەوتنە خواردنەوە وقومار کردن‌و رابواردن ٠ لەو بەینەشا ئافرەتی ئەو چینە کە تێروپڕبوو لە هەمولایەکەوە ئنجا دەستی دایە بەزمی جگەرەکیشان دوا بە دوای ئەوەش خواردنەوە ٠

زور بەداخەوە ئیستا کە ئەبینین ئافرەتی ئەم چەرخە تازە خەریکە لاسایی ئافرەتی ئەو چەرخە ئەکاتەوە کە ٤٠ ساڵی بەسەردا تیپەریوە٠

ئافرەتی کوردستانی ئیمە کە لەم چەرخەدا هیشتا نەگەیشتۆتە کەمترین دەسکیری‌و دەسەڵاتی خۆی ، پاش ئەوەی ئافرەتی جیهان لەم مەسەلەیە گەیشت‌و زانی کە ئافرەتی بەفیز باوی ئەماوە قاچ لەسەر قاچ حەسانەوەی ئافرەتی بێکاری جاران نەماوە ، ئیستا ڕۆژی هاوکاری ئافرەتە لەتەك پیاودا ڕۆژگاری کاروبار زیادو کەمی‌نیە بۆ جگەرە نان بەلای لیویەوە ٠

گەلێ کەس وانەزانێ ئەمەی ئەیلیم لەبەر بیر تەسکی خۆمەو لەمەسەلەکە نەگەیشتوم چون وا ئەزانم جگەرە بۆ لێوی ئافرەت نەکراوە ئیستاش ئەلیم نەخیر بۆ لیوی ئافرەت نەکراوە ٠

ئەوەی لە فیلما ئەبینین ئەوە نموونەی ئافرەتی گشتی نیە بەڵکو ئەو نموونەی لەهەزارا یەکێکە کە ئەو ڕولە ئەبینێ بۆ ماوەیەك‌و ئیتربەس خۆشی کاسبیەکەی ئەوەیە ئەو جگەرەیە بنێ بەلای لێویەوە بچێتە ڕێزی ئەکتەرە ناودارەکان ٠

ئەگەر ئافرەت وابزانێ لەرێی شارستانیەتیەوەیە ئەو ڕەفتارە وابزانم زور بەهەڵە چوەو جێی شانازی نیە ، ـ زور بەداخەوە ، چونکە سەدەها ئافرەتی زانا و بلیمەتی جیهان جگەرە کێش نەبوون ٠

ئیتر بۆ ئەو هەناسە پاکەی خوت ناخۆش ئەکەیت

بۆ ئەو لێوە جوانەی خۆت شەیدای جگەرە ئەکەیت

بۆ لاوی خۆت بە کۆخەی بەردەوام ئەکوژیت

بۆ دەستوپەنجەی ناسکت زەردو پیر ئەکەویت

مرواری دانت ڕەش ئەکەیت

کێ بەتۆی ووت ئەگەر جگەرە نەکێشێت ناگەیتە شارستانیەت‌و دواکەوتوو ئەبیت ٠

بەداخەوە تەسکی بیرو باوەڕمان ڕێی ڕاستیشمان لێ چەوت ئەکات ٠

مرواری

لە پیشەمیللی‌یەکانمان ـ مەنجەل ـ

دایکایەتی گیانەوەر

دایکێتی لەناو گیاندارانداو ئاژەڵستا شێوازی دڵسۆزانەی بێوەدیارە ٠٠ دایکێتی هەستێنە کە لەگەڵ پەیدابونی زەویدا دروستبوە، جوڵانەوەو هەڵسوکەوتی گیاندارەکان ، ئەو لایەنە ئاسانەمان بەوردی ئەخەنە پێش‌چاو ، کە کاتێکا ئەبینی چۆن دایکان بەخێرایی ئەڕۆن‌و دێن‌و دڵسۆزیەوە ئارامی ژان ئەگرنە بوندا بەوبەری باوەش‌و بەبێ ئەو مناڵە هەست بە خۆشۆ ژیانی ئەم سەرزەمینە ناکەن ٠٠ دایکان سەرزەمینە ناکەن ٠ دایکان وەك مناڵیان ئەبێت ئاواش بەکتریان خۆش ئەوێ‌و خۆشەویستی ئەکەن ، هەست بەسۆزی دەرون ئەکەن ٠

شێر لەباڵ ئەرەشێردا دایکێکی مەزنە ، هەمیشە ئەچێتە ڕاوشکار بۆ موشەکردن‌و ئەرەشێرەکەی لای بێچوەکانی دائەنێ بۆ ئەوەی لە هێرشی دەوروبشت بیان پارێزێ ، کە هەمیشە ئامادەن بۆ ئەوەی پەلاماری بێچوە شیری تر بدەن و شێرەکانیان لەناوبەرن ٠

فیلیش بەچکەکەی خۆی خۆش ئەوێ بەدرێژایی سێ‌ساڵ ئەیبات بۆ گەڕان‌و هەڵی ئەبەرێنێ ٠ هەر چەندە کێشی ئەو بەچکە فیلە ١٠٠ گرام زیاترە ٠ لە کاتێکا فیلێکیش منالی ئەبێت هەموو فیلە مێکان لە دەوری کۆئەبنەوە ٠ هەروەکو مامان ئاگاداری ئەکەن ٠

زورافەش هەروا ملی درێژ ئەکا ، بۆ ئەوەی لەگەڵ مناڵە کەیدا یاری بکا کە تەمەنی پێنج ڕۆژە ٠

بە بەختیاری‌و خۆشی‌و بێ ئازار ئەژی ٠ ئەوەتا لەباخچەی فانسین نزیك پاریس شەش وەچە زرافەی بەختیار ئەژین ٠ مەیمونیش بێچوەکانی ئەگرێتە باوەش ، ساڵە ٠ بە هیچ جۆرێ ٠

ئەم جوتە خوشکە زۆر بەختیار کە پێکەوە ئەژین ٠٠ بەڵام هەندێ جار لەسەر هەندێ شتی بچکۆلەی ناومال لە یەکتری زویرئەبن ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دافنی‌و دیبورا خێرا دەست ئەکەنە ملی یەکترو ئاشت ئەبنەوە بۆ ئەوەی بە جوانی‌و ڕێك‌و پێکی ئاهەنگی شەویان بەڕێ کەن ٠٠٠

لە دەرەوەی سنوور

گۆرانی

● ئەو جوتە خوشکەی گۆرانی بێژن‌و لە هەموو هۆڵەندا و ئەڵمانیاو شارەکانی باشوردا ناسراون ، ناویان دافنی‌و دیبورا بەسکێ لە دایك بوون ٠ ئەم ساڵ لە هۆڵی « ئەلکازار » ی پاریس بروانامەی خێرایان پێشکەش‌کرد ، جوتە خوشك لە هەموو شتێکا لەیەك ئەچن، تەنانەت دایکیان لە یەکیان جیاناکاتەوە ٠ تەمەنیان ١٨ ساڵە ٠ بە هیچ جۆرێ ٠

سینەما

ئەکتەری ئینگلیزی بەناوبانگ گلیندا جاکسون گەیشتە وڵاتە یەکگرتوەکان ، بۆ ئەوەی دەوری پاڵەوانێتی لە « بانکەوازی ناومال » دا ببینی ، بەهاوبەشی کردنی کومیدی والترماتیو ٠

ئەم فلیمە یەکەم فلیمی ئەمریکیە کە گلیندا دەوری تیا بینیوە ٠ کە پێش ئەم فلیمە دوو نوسکاری وەرگرتوە لە فلیمی « هەناسەیەکی بەڕادە » لەگەڵ جورج سیگالی کۆمیدی‌و فلیمی « ئافرەتە عاشقەکان » لەگەڵ هونەرمەند نولیفرریدا ٠

تەلەفزیۆن لەناسکیمودا !!

○○○○○○○○○○

لەسەر ژمارەیەکدا لەگەڵ دانیشتوانی شاری ئیجلۆلیك لەناسکیمو کەدەبارەی تەلەفزیۆن کراوە ، دەرکەوتوە کە دانیشتوانی ئەو شارە سارده بەهیچ جۆرێك حەز لەتەلەفزیۆن ناکەنە لەترسیی ئەوەی نەك ئەوبەرنامانە کار بکاتە سەرچۆنیەتی ژیانیان‌و ببێتە هۆی گۆڕینی خوو ڕەوشتی ژیانیان ٠

لەمەش سەرسوڕێنەرتر ئەوەیە دانیشتوانی ئەم شارە کۆمەڵێکیان هەڵبژاردووە بۆ شکاندنی شاشەی تەلەفزیۆن لەهەرج لایەك ببینن ٠

لەرجارەی نوسینێك

دەربارەی وەرگێڕان

● هەموومان بایەخی وەرگێڕان دەزانین کەچ ڕۆڵێك لە دەوڵەمەندکردنی سامانی نەدەبی‌و ڕۆشنبیری‌دا دەگێڕێ ، جگە لەوەی کە هۆیەکی کاریگەری نزیك کردنەوەی شارستانیەتیەکانی ئەم جیهانەشە ٠

ئەمڕۆ ئەدەبی هەر نەتەوەیەك پێویستی بە تاقی‌کردنەوەو ئەزمۆنی ئەدەبیاتی نەتەوەی ترە ، وەرگێڕانیش وەکو دیاردەیەکی شارستانی دەورێکی باڵا لە گواستنەوەی ئەم تاقی‌کردنەوانەدا دەبینێت ، تەنانەت کە دەڵێن جیهان بچووك بۆتەوە مانای ئەوە نی‌یە کە ئەم جیهانە مەزنەی جاری‌جاران ئیستاکە وێك هاتۆتەوەو بچووك بۆتەوە ! نەخێر شارستانیەتەکان لێك نزیك بوونەتەوە کە لەمەش‌دا وەرگێڕان وەکو هۆیەکی کاریگەر دەوری خۆی دیوە ٠

● بەداخەوە تا ئیستا ئەم لایەنە گرینگە لەلای ئیمەدا فەرامۆش کراوە ، کە ئەمەش دەڵێم مەبەستم لەوە نی‌یە کە هیچ هەوڵێك نەدراوە ، بەڵام من وای دەبینم کە وەرگێڕان مەسئووولیەتێکی کۆمەڵایەتی‌یە پێش ئەوەی کە مەسئووولیەتێکی هونەری بێت بۆیە ئەو هەوڵانەی کەم تاکورت درابێت لە وەرگێڕانی ئەدەبیاتی بیگانە بۆ سەر زمانەکەمان لەتەقەڵایی تاکە کەس دەرنەچووە ! کە ئەویش بەپێی بیرکردنەوەی خۆی‌و لەروانگەی خۆیەوە بابەتەکانی هەڵبژاردوە ، کە لەوانەیە گەلێکیان (جالەبەر کاڵو کرچی وەرگێڕانەکەی بێ یاخود هەر هۆیەکی‌تر) زەرەیان لە قازانج پتر بووە ! لەبەر ئەوە ئەمڕۆکە دەزگا کوردیەکان لەم ڕووەوە ئەرکێکی یەکجار گەورەیان دەکەوێتە ئەستۆ ٠ ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی دیکەشەوە جێگەی داخە ئەوانەی زمانەکانی بیگانە دەزانن لە هەندێکیانەوە بترازێ ئەوانی‌تر ، بەتایبەتی دکتۆرەکانمان تاکو ئیستا ئەوەندەمان لێ نەدیون کە بیگێڕینەوە !

نەژاد عزیز سورمێ

طبعت بمطبعة دار العراق للطبع والنشر

Institut Kurde de Paris